# دیوان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (١٠) ئاداری ٢٠٢٢ زایینی - نەورۆزی ٢٧٢٢ کوردی

خاوەن ئیمتیاز
مەسعودی مەلا هەمزە

سەرپەرشتیاری گشتی
بێکەس حەمە قادر

سەرنووسەر
سمکۆ عەبدولکەریم

ئەگەر ڕاپەرین تا ئەم ساتەوەختەش، نەیتوانی بێت لە ئاست سەرجەم هیوا و ئاوەتەکانمان و داخوازییەکانی خەڵکدا بیت، ئەوە دەتوانین هەرهیچ نەبێ بایەخی ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ ی کوردستان لەوەدا بەرجەستە بکەین کە پڕ مەترسیترین نەخشەی دوژمنانی پووچەڵکردەوە.
ئەو نەخشەیەی لە کاولکردنی گوندەکان و ئەنفال و کیمیابارنکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە دەستی پیکرد و دیاریش نەبوو بەچی کۆتایی دەهات.
ڕاپەڕین ئەگەر تائیستەش لەبەردەم کۆمەڵێک پرسیاردا بێت بەڵام وەڵامێکی باشی ئەوەی داوەتەوە کاتیک سەدام لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی:
"ئێمە کە خویناوی بین، ڕاستەوخۆ دەست دەکەین بەسەربڕینی هەرکەسێک کە خیانەت لەم وڵاتە بکات، یان لەم بیروباوەڕە گشتیانەی کە مافی گەلە، خۆی پێ بحەسینیتەوە، یان لە دڵسۆزیی بۆ ئەم خاک و ئاسمان و هەوا و خەڵکەکەی و ئاو و زەوییەکەی دەرچێ، یان یارمەتی بیگانە بدات دژ بە بەرژەوەندی وڵات و کەسوکارەکەی.
بەڵێ، هەر شتێکمان بۆ بدۆزرێتەوە کە ئەم هەنگاوەی نابێت (بێ بەزەییانە سەری دەپەڕێنین) بە ئاشکراش ئەوە کردەوەی باپیرانمان بووە لە سەرەتای ئیسلامدا، وەکوو چۆن خالیدی کوڕی وەلید لەنێوان جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا (الردة) سەری (٣٠) هەزار کەسی لە کۆمەڵگەی بچووکی دوورگەی عەرەبی پەڕاند.
گەورەیی ڕاپەڕین لێرەوە دەردەکەوێ کە چۆن هەموو ئەو ڕێڕەوەی گۆڕی کە سەدامییەکان دەیانویست جارێکی دی نەخشەی ئەو وڵاتە دروستکراوەی دەستی ئینگلیز، بە خوێن و لاشەی ئێمە ئەستورتر بکەن.
بەڵێ، دڵنیام هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ، بەهەر هۆکارێکەوە بێت، بەڕاستیان بێ، یان نا، خۆزگە بە سەردەمی سەدام و حوکمی سەدام دەخوازن، نەیانتوانیوە ئەو پیاوە بناسن، ناشیانەوێ بیناسن، ئەوان هەرگیز ئەو چەند پەڕەیان نەخوێندۆتەوە، ئەوانە تەنیا دەیانەوێ ئەوچەند بستەی بەرپێی خۆیان ببینن، کە هەندێ جار ناشیانەوێ ئەو بستەش ببینن، ئەگەرنا چۆن نەیانتوانی لەوە تێبگەن سەدام ئامادەبوو سەری هەمووومان بپەڕێنێ، بە بیانووی ئەوەی گەورەیی نیشتمان دەپارێزێ.
با گەورەیی ئەو نیشتمانەش بە کەلەسەری ئێمە هەڵچنرابێ.

**سەرنووسەر**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام

دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
چاپخانە: هێڤی

# لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە:**


١. ئینگلیزەکان، چۆن باسی برایم ئاغای دزەیی دەکەن؟ / محەمەد گۆران ........ ل٤
٢. برایم بایز ئاغای دزەیی لە زاری (هاوار ئاغای دزەیی) کوڕیەوە / دیوان ........ ل٩
٣. برایماغا (برایمی بایزی) / هۆمەری دزەیی ........ ل١٢
٤. لەیادی دوو خزمەتگوزاری کورددا (برایماغای بایزاغای دزەیی و مشیراغای کوڕی)/ کەریم شارەزا ........ ل١٥
٥. ئیبراهیم بایز حەوێز ئاغای دزەیی / ڕەهێل تەڵعەت مشیر ئیبراهیم ئاغا دزەیی ........ ل١٨
٦. ڕۆڵی ئیبراهیم بایز ئاغای دزەیی لە بەرەنگاربونەوەی (تەعریب) / حاکم هیوا دزەیی ........ ل٢٠
٧. برایم ئاغای بایز ئاغای دزەیی .. حوکمڕانێکی نەتەوەیی و بەویژدانی... / نازم دڵبەند ........ ل٢٢
٨. دەستنووسی مەلا خالید مورتکەیی (حاجی بایزی حەوێزی حەسەن ئاغای) ........ ل٢٤


*** مێژوویی:**


١. لەمێژوودا.. نەورۆز لەنێوان ئەفسانە و ڕووداوە مێژووییەکاندا / ستار محمد ئەمین ........ ل٢٦
٢. نەورۆز لەنێوان پیرەمێرد و برایم ئەحمەد دا / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل٣٠
٣. کتێبی داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان / د.ئەحمەد حەمەدئەمین ........ ل٣٨
٤. نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر / عاسم حەیدەری ........ ل٤١
٥. نەورۆزی ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر / د. ئیسماعیل شوکر ........ ل٤٣


*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**


١. لە (سەمای بەفری ئێواران)دا .. جەلال بەرزنجی دەرکەوت / بۆتان جەلال ........ ل٤٦
٢. مەولەوی و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی / حەمەکەریم هەورامی ........ ل٤٩
٣. جیاوازی نێوان ڕۆمانی مۆنۆلۆگی و ڕۆمانی پۆلیفۆنی لەڕوانگەی باختینەوە / د.نەجم ئەڵوەنی ........ ل٥٣
٤. سیمۆلۆژی ئاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوەی دڵشاد کاوانی دا / هاوکار جمیل ........ ل٥٥
٥. گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا / ڕۆستەم خامۆش ........ ل٥٩


*** دەق: (چیرۆک – شیعر)**


١. چۆن بووم بە هاووڵاتی دنیایەکی تر / ئەدیب نادر ........ ل٦٢
٢. ترس و مەی / ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی ........ ل٦٨
٣. ڕوونیی هەمـوو شـتێک / سەباح ڕەنجدەر ........ ل٧٠


*** ڕۆشنبیریی گشتی:**


١. ئەدەبیاتی میلیی و کلاسیکی کوردی / سورەیا بەدرخان – و/ نەجاتی عەبدوڵڵا........ ل٧٦
٢. ڕۆڵی کەرامات لەپیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفیدا / سەعید مەولوود نادر ........ ل٨٠
٣. ڕەشبینیی لە دیدی شۆپنهاوەری فەیلەسوف / سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ........ ل٩٠


*** دیدار:**


١- دیدار (دکتۆرە عەتیە) / دیداری محەمەد گۆران ........ ل٩٤


*** هونەریی:**


١. دراما تۆرگ / هیوا سعاد ........ ل١٠٤
٢. عەلی کەریم: یەکەم کاری شانۆ لەکەرکوک ساڵی ١٩٥٧ بووە / ڕەوەست نەوزاد ........ ل١٠٦


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١. خوێندنەوەییک بۆ کتێبی (ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟) / موحەممەد گەلاڵەیی ........ ل١١٢
٢. کتێبی (دیوێکی تری جەواهیری) / سەدیق سەعید ڕواندزی ........ ل١٢٠
٣. تەها حوسێن لەوپەڕی نائومێدییەوە بۆ پێشەنگی ئومێدخوازان / سەنگەر زراری ........ ل١٢٢


*** لەبری بیرەوەری:**



١. شەو لەکێوان (بەشی ٤ ) / د. ئەرسەلان بایز ........ ل١٢٦
٢. *** وێستگەی دیوان:**
١. (١) پرسیار ........ ل١٣٤
٢. چۆن دەستم پێکرد؟ / حەسەن عالی باوەکر ........ ل١٣٦
٣. گوڵەڕۆن / فەرهاد جەمیل ........ ل١٣٧
٤.گازینۆ عەنتەر .. یەکێک لە سیمبولەکانی شاری هەولێر / عەلی عەنتەر........ ل١٣٨
٥. بۆ (پەرێشان)..؟ / مەسعوود پەرێشان ........ ل١٤٠


*** باخچەی دیوان:**


١. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ........ ل١٤٢


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١- راپەڕین و بزاڤی ڕۆشنبیریی ........ ل١٤٤



# دۆسیە

# برایم ئاغای دزەیی

## ١٩٢٠ – ؟

ئەو بەدرێژایی ٣٧ ساڵ
درووستکەری مەخموور و سەرۆکی
ڕاستەقینەی هۆزی گەورەی دزەیی
بوو، دیپلۆماتێکی لێهاتوو بوو،
خەڵکەکەی خۆی خۆش دەویست،
بۆیە ئەوانیش خۆشیان دەویست.



**(گۆڕینی دەشتی قەرەچوغ لەبیابانێکی وشکەوە بۆ دەشتێکی داچاندراو و ئاوەدان، بۆ دەسپێشخەری ئەو دەگەڕێتەوە)**

# ئینگلیزەکان، چۆن باسی برایم ئاغای دزەیی دەکەن؟

**ئامادەکردنی: محەمەد گۆران**

مەخموور و کەندێناوە بۆ کشتوکاڵ بەکارنەدەهات و تەنیا وەکوو لەوەڕگاییەکی بەپیت ناسرابوون و بەکاردەهاتن، بەڵام پاش ٢٥ ساڵ بایز ئاغا بیری لەوە کردەوە، هەوڵبدات ئەم گێلگە نوێیە بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنێت. پاش ئەوەی شوێنی ژیانیان گواستەوە بۆ مەخموور، تەنیا ساڵێک ژیا، بەڵام ئەم ساڵە بەس بوو بۆ بایز و برایمی کوڕی کە دڵنیا ببنەوە لەوەی زەوییەکیان دۆزیوەتەوە کە زۆر لەو زەوییە ماندووانەی قوشتەپە بەپیت ترە. ئەم بارودۆخە لەبارە بووە هۆی ئەوەی دەستبەجێ سەرنجی ئەوانی دیکەش ڕابکێشێت و لەماوەی چەند ساڵەکی کەمدا نزیکەی ١٠٠ گوند چوونە مەخموور و ٥٠ گوندیش چوونە کەندێناوە. لەو ٣٧٦ گوندەی لەقەزای هەولێرن ٢٠٠ گوندییان سەر بەدزەیین و ٨٥ گوندیان سەر بەهۆزە کوردییەکانی دیکەن و ئەوەی دیکەش عەرەبن. هەروەها برایم بایز ٧٠٠ هێزی سوارە و ٢٥٠٠ هێزی پیادەی هەبوو.

هێندەی نەخایاند، نوێنەرانی سوڵتان عەبدولحەمید کە هەموو زەوییەکانی ناوچەکەیان کڕیبوو، کەمێک چاوەڕوان بوون تاکوو لەبەپیتی زەوییەکە و جێگیربوونی جوتیارەکان دڵنیابوونەوە و پاشان بەهێمنانە ڕایانگەیاند کە ئەم زەوییانە موڵکی حکومەتن و تەنیا دەبێت بەچەند مەرجێکی دیاریکراو کشتوکاڵی تێدا بکرێت. براهیم ئاغا بەتوندی ناڕەزایی دەربڕی و بەشێوەییەکی ئابرووبەرانە یەک لەدوای یەک ئەو مودیرانەی دەردەکرد کە وەکوو چاودێری سامانی حکومەت دەنێردرانە ناوچەکە. بۆیە لەئەنجامدا سەرباز لەدژی نێردرا و پاش چەند شەڕێکی پچڕپچڕ برایم ئاغا و هەموو ئاغاکانی دیکەی دزەیی هەڵهاتن، پاشان حکومەت لێیان خۆشبوو و ڕێگایان پێدرا کە بگەڕێنەوە سەر زەوییەکانیان. (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا، ٢٠٨-٢٠٩).

ئەم هۆزە (دزەیی) بەردەوام لەنێوان خۆیاندا شەڕیان کردووە. هەموو ئاغاکان ٢٠ تا ٣٠ سوارەی چەکداری ناوخۆییان هەبووە، ئەم سوارانە ئەگەر بەشێوەییەکی ئاسایی سەرقاڵی شەڕی نێوان هۆزەکان نەبووبێتن، کاروان و ڕێبوارەکانیان ڕووت کردۆتەوە. ساڵی ڕابردوو لەیەکێک لەشەڕەکانی نێوان هۆزەکاندا ١٥ پیاو کە ٤ ئاغاشیان لەناودا بووە کە دووانیان کوڕی برایماغان، کوژراون. ئەحمەدپاشا و حاجی پیردواد چەندینجار دووپاتیان کردۆتەوە کە نایانەوێت هیچ پەیوەندییەکیان بەشێخ مەحموودەوە هەبێت کە بەهیچ جۆرێک لەخۆیان بەباڵاتری نازانن. پێدەچێت برایماغاش هەمان بۆچوونی هەبێت، بەڵام سەربارى ئەوەی کە کەسێکی فێڵبازە،

پێگە جوگرافییەکەی وەکوو خاڵێکی دوورەدەست لەناوچەی عەرەبیدا، وای لێکردووە خۆی لەشێخ مەحموود نزیک بکاتەوە. برایماغا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەگەر نەخرێتە ناو کوردستانەوە، زیانی زۆری بەردەکەوێت.

برایم بایز ئاغا، پیاوێکی بەتەمەنی زۆر سەرنجڕاکێش و بەخشندەیە. بەشێوەیێکی گشتی وەکوو باشترین سەرۆک هۆز دەستنیشان کراوە کە زانیاری بەسوودی پێیە و ئارەزووەکی زۆری بۆ هەموو بابەتە کشتوکاڵییەکان هەیە. زۆرترین ڕێز و خۆشەویستی لەنێوان هەموو دزەییەکاندا هەیە و ئەگەر هەژارییەکەی ڕێگر نەبێت لەبەردەمیدا، دەتوانێت دەسەڵاتێکی کاریگەری هەبێت.

لەشەڕی نێوان هۆزەکاندا زۆر چالاک بووە و ژمارەیێکی زۆر خزمەتکاری چەکداری هەبووە کە هەر ئەمەش بووەتە هۆی هەژارییەکەی، هەرچەندە چۆتە تەمەنەوە و تارادەیەک گوێی گرانە، بەڵام مێشکێکی زۆر چالاکی هەیە. (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا، ٢١١-٢١٢).

حاکمی سیاسی بریتانیا لە هەولێر ( دابلیو ئاڕ هێی) لە کتێبەکەیدا دوو ساڵ لە کوردستان بەمشێوەیە ڕوودا و یادەوەرییەکانی لەگەڵ برایم ئاغای دزەیی دەگێڕێتەوە:

سەردانی (ئیبراهیم ئاغا) سەرۆکی دزەییەکانی مەخموور دەکەین. برایماغای پیرە دێتە دەرەوە و بەدەنگێکی بڵند پێشوازیمان لێدەکا و دەڵێ:


«بەخێرهاتی» وەڵامی ئێمەش ئەوەیە «سەلامەتبی» دواتر پرسیار دەربارەی تەندرووستی خۆی و کەسوکاری دەستپێدەکا. لەهەمانکاتدا فەرمان بەخزمەتکاران دەدا ڕایەخ و بالیفان بینن، دواتر بەرەو ژووری سەرەکی میوانان دەمانبا. ژوورەکە چۆڵ و پاکە، پەڵە و خەوشێکی تێدانییە. لەکاتێکدا کە ئێمە لەچاوەڕوانیدابین ئەو جگەرەمان پێشکەش دەکا.

ئیبراهیم ئاغا زۆر نارازی دەبێت، ئەگەر بڵێین دەڕۆین، بەڵام ئەگەر بەڵێنی ئەوەی پێبدەین کە بۆ شێوی ئێوارێ دەمێنینەوە، ئەوکات ڕازی دەبێ خواردنێکی سووکمان بۆ بێنێ. لای برایماغا لەگەنجێک یان دوو گەنجت زیاتر نەدەبینی، کە خزمی خۆی بوون، لەمەودایێکی دوور و بەڕێزەوە ڕاوەستابوون، چاودێری ئێمەیان دەکرد و جگەرەی نەرمیان پێشکەش دەکردین،



بەر لەوەی ئێمە لەجگەرەکانمان ببینەوە، ئەوان جگەرەی تازەتریان ئامادەکردبوو، دوای ئەوەی لەدەمی خۆیان دایاندەگیرساند ئینجا دەیاندایە ئێمە. ئەمە جگە لەچەند خزمەتکارێک کە خەریکی ئامادەکردنی قاوە بوون.

ئیبراهیم ئاغا لەگەڵ ئێمەدا نان ناخوا چونکە ئەو پێشتر نانی خواردووە. لەدوای نیوەڕۆ لەدیوەخان دادەنیشین و باس لەو کاروبارانە دەکەین کە پەیوەندی پێمانەوە هەیە. ئەمەش ناچارمان دەکا کە ژمارەیەکی زۆر جگەرە بکێشین، پیاڵە چا بخۆینەوە لەگەڵ چەند فنجانە قاوەکیش، ئیدی دەبێ سەرخەوەک بشکێنین، دواتر بەناو گوندیدا بگەڕێین، پێش ئەوەی خۆر زەرد داگەڕێ. ئێمە ڕێی گەڕانەوەمان گرتۆتەبەر، هەرکە مەلا بانگیدا ئیبراهیم ئاغا دەستنوێژ دەگرێ و لەنزیک ئێمەوە بەرماڵ بۆ نوێژ ڕادەخا، هەرکە لەنوێژکردن بووەوە (شیو) نانی ئێوارێ دێ، لەسەر سینییێکی گەورە دانراوە کە تیرەکەی پێنج پێ دەبێ، لەسەر تەختێکی نەوی دادەنرێ و هەموو لەدەوریدا، ئیبراهیم ئاغاش لەگەڵماندا، یان هەر میوانێکی گرنگی دیکە، کۆدەبینەوە. لەکاتی نانخواردن ڕەنگە ئیبراهیم ئاغا کام پارچە گۆشتی چەورە هەڵبگرێ و لەسەر ئەو نانەی دانێ کە لەبەردەمی ئێمەدایە. دواتر کە شەو درەنگ دادێ، ئیبراهیم ئاغا پیرێکی زیرەک و دونیا دیدەیە، هەرزوو بەجێمان دێڵێ،




**"برایماغا بەر لە مردنی، داوای لە هەموو خانەوادەکەی کردبوو، کە دەبێ لە خزمەت مندا بن و بمپارێزن، وەک ئەوەی من سەرۆک عەشیرەتیان بم"**



> **هەشت شەوەکەم لای برایماغا بەسەر برد، ئەودەم کوڕی حەڤدەمی ببوو، تاقە کوڕەکەی کە لە ژیاندا بوو (مشیراغا) لەوێ بوو**


> **برایماغا زۆر لەخەمی بەرژەوەندی برادەرەکانی و جوتیارەکانی دابوو**

تاکوو ڕاکشێین و بەیانی زوو هەڵسین. (ئاڕ. هێی، (٢٠١٦)، ٥٣-٥٩).

برایماغا پیاوێکە کە حەفتاساڵی تەواو کردووە، بەڵام بەهۆی ڕەشکردنەوەی سەروریشی کەم تەمەنتر دەردەکەوێ. ئەو پیاوێکی باڵا مامناوەندییە و پەرچەمێکی بەرزی هەیە و دووچاوی ڕەشی بەبریقە و لوتێکی بەرزی هەیە. ساڵانی پڕ لەخەم و ماندوبوون لۆچیان بەسەر دەموچاوییەوە جێهێشتووە، کە بەژیانە پڕ لەمەینەتییەکەیدا ڕابردوون، چونکە لەئەنجامی کوشتار و ماندووبوون، ئیدی تەمەنی تێپەڕیوە، بەڵام کەسایێتی قاڵبووە وەکوو ئەو زێڕەی تازە لەئاگر دەرکرابێ. لەبەر ئەوەی کەسایەتییێکی زیرەکی هەبوو، خزم و کەس و دەستوپێوەندەکانی خەریکبوو بیپەرستن. ئەو بەسۆزێکی گەرمەوە و بەدڵنیا کردنەوەیان ڕووبەڕووی هەستی ئەوان دەبۆوە. ئەمەش شتێکە بەدەگمەن لای کوردێک دەیدۆزییەوە. ئەو پیرە پیاوەکی لێزان و زیرەک و دیپلۆماسی و قسەکەرێکی نایاب بوو، قەریحەیێکی ڕوونی هەبوو. ئەو لەناوەخۆدا دروستکەری مێژوو بوو، چونکە بەدرێژایی ٣٨ ساڵ و لەسەردەمی باوکیدا سەرکردایێتی دەستەک لەکوردەکانی کرد لەڕێگای چیای قەرەچوغەوە و مەخمووری دامەزراند. لەوێ دوای چەندین ساڵ، شەڕی عەرەبە شەمەرەکان و دواتریش تورکەکان، لەدروستکردنی قەوارەیێک بۆخۆی سەرکەوتووبوو. زۆرکەسی دیکە دوای ئەوان هاتن، بەڵام گۆڕینی دەشتی قەرەچوغ لەبیابانێکی وشکەوە بۆ دەشتێکی داچاندراو و ئاوەدان، بۆ دەسپێشخەری ئەو دەگەڕێتەوە.

بەڕاستی برایماغا، بێ ڕکابەر، سەرۆکی دزەییانە، هەموو تاکێکی ئەو عەشیرەتەش، تەنها خزمە نزیکەکانی نەبێ، دان بەو دەسەڵاتەیدا دەنێن. ئەو لەگەڵ براکانی نزیکەی ٣٠ گوندیان هەیە، لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکەکەی دیکە بەسەرۆکی خۆیانی دادەنێن. ئەو لەگەڵ خزمەکانی دیکەی بەناوی بنەماڵەی (بایز) لەناو دزەییان ناسراون کە بەناوی باوکی کراوە. (ئاڕ. هێی، (٢٠١٦)، ١٦٢-١٦٣).

لەسەرەتاکانی شوبات سەردانی گوندی (لهێبان)م کرد کە لەکەندێناوە بۆ یەکەمجار چاوم بە (خورشیداغا)ی برای برایماغای گەورە کەوت. لەڕواڵەتیدا تا ڕادەیێک بەبرایماغا دەچوو، هەمان باڵای ئەوی هەبوو، لەگەڵ خەندەیێکی لەهی ئەو




سیحراویتر، بەڵام ڕووکاری بەگشتی لاوازتر و باریکتربوو. ڕیشێکی سپی هەبوو درێژیەکەی مامناوەندی، ڕەتی دەکردەوە بۆیاخی بکاتەوە، ئەو لەبرایەکەی تووڕە و توندتر بوو. سیاسییەکەیان برایماغا بوو، بەڵام جەنگاوەرەکە خورشیداغا بوو، هەمیشە لەمەیداندا سەرکردایێتی لقی بایزی دەکرد وەکوو چۆن بەئازایێتی و لاملی ناسرابوو، بەرامبەر دوژمنەکانی نەرم نەبوو، ئەو پیاوێکی بەهێزە و بەلای توندوتیژیدایە، لەکاتێکدا برایماغا بەلای دیپلۆماسیەتیدا دەشکاندەوە. ئەو دڵسۆز و وەفاداربوو بۆ برایەکەی، ئەوان پێکەوە باشترین کەس بوون بۆ سەرکردایێتی عەشیرەتەکە.

خورشیداغا ئەقڵی و بیرکردنەوەی لاوازبوو، چونکە هەر بیرۆکەیێکی بۆ بهاتبا ئیدی پەیوەست دەبوو پێیەوە، جا ئەگەر ڕاست بووایە، یان هەڵە. ڕقی ئەویش بەرانبەر هەردوو دوژمنەکەی خانەوادەکەی، ئەحمەدپاشا و حاجی پیرداود ڕقێک بوو کە لاچوونی نەبوو. ئەو قسە کەم دەکا و لەسەر قسەی خۆی سوورە، کە یەکەمجار بینیم وام بەخەیاڵدا هات کە ناکرێ لەگەڵ برایەکەی بەراورد بکرێ، چونکە برایماغا لەو ڕێکوپێکترە.

لە لهێبانەوە چووم بۆ مەخموور و شەوەکەم لای برایماغا بەسەر برد، ئەودەم کوڕی حەڤدەمی



ببوو، تاقە کوڕەکەی کە لەژیاندا بوو، مەبەستم (مشیراغا)یە، لەوێبوو. لەبەردەممدا وەکوو سوارچاکێک کە پڕ لەتەڕوبڕی ژیان بێ وەستا، پێڵاو و شەرواڵی سوارچاکییەکی فشوفۆڵی لەبەردابوو، لەگەڵ چاکەتێکی بریقەدار، ڕیشوی جەمەدانییەکەی بەسەر نێوچەوانیدا هاتۆتە خوارێ. تەمەنی بیست ساڵ دەبێ و درێژیشی نزیک شەش پێ دەبێ، ئەو ڕیشوێکی کورت و زووری هەبوو لەگەڵ دەنگێکی بەرز. گەنجێک کە بەخۆڕسک دەست بڵاوبوو و هەر بەوەش ناوبانگی دەرکردبوو. (ئاڕ. هێی، (٢٠١٦)، ٢٢٥-٢٢٦).

لەو دوو مانگەدا، نزیکەی هەموو ڕۆژێیک برایماغام لەمەخموور دەدیت. لەسەردانەکانمدا بەزۆری (نەقیب ویلمیسۆنم) لەگەڵ خۆم دەبرد کە بەرپرسی پزیشکی مەدەنی بوو لەهەولێر. ئەو سەرۆکە پیرە لەسەرەتاکانی نیساندا دوای گەڕانەوە لەگەشتێک کە پێکەوە چووینە بەغدا، نەخۆش کەوت. هەوکردنێکم لەسییەکاندا دیتەوە، لەگەڵ ئەوەی چی لەتوانا دابوو کرا بۆ پاراستنی ژیانی، هەندێ کات چاک دەبۆوە و هەندێ کاتی دیکەش نەخۆشییەکەی سەری هەڵدەدایەوە. ڕۆژی پازدەی حوزەیران کە باری تەندرووستی زۆرخراپ بوو، چوومە سەردانی. ئەودەمای لەدیوەخان نەبوو، بەڵکوو لەبەشی تایبەتی خۆی بوو. بەشەو لەچادرێکی ناوحەوش و ماڵەکەی و بەڕۆژیش لەژوورێکی بچووکی پڕ لەخشڵی گرانبەها و نەخش و نیگاری جوان. هەرچەند جاری بچووباما سەردانی، دەستە لاوازەکانی درێژ دەکرد و دەستەکانمی توند دەگرت و چاوە گەرمەکانی لەڕووە لاوازەکەیدا بەقووڵدا چووبوون.

ئەگەر بیتوانیبا دانیشێ، دادەنیشت و پێشوازی لێدەکردم، لەوەشدا خورشیداغا، یان یەکێ لەخزمەکانی یارمەتیان دەدا. هەرچی ئەمن بووم، لەتەک ئەوەوە لەسەر سەرینێک دادەنیشتم، ئەگەر بێزاربوومایە، یان لەدانیشتنەکەم نائارامیێک دەرکەوتایە، قسەی دەبڕیم و بەخەندەیێکی شیرینی سەر ڕووخساری دەیگوت: «ئیسراحەت، ئیسراحەت» ئەگەر هەموو شتێ لەبیریش بکەم، ئەوا هەرگیز بینینەکانی ئەو پیرەمێردە خۆشەویستە لەبیرناکەم کە خۆشەویستییێکی قووڵم بۆی هەیە. وا پێدەچوو کە حەزبکا دەستم بگوشێ قسەم لەگەڵدا بکا. من وادەزانم کە پێیوابوو ئەگەر کەسێک هەبێ ڕزگاری بکا، ئەوە منم. بۆیە سووربوو لەسەر ئەوەی بەگوێرەی توانا سەردانی بکەم، ئەگەر هەفتەیێکیش زیاتر تێپەڕیبا ئەوا گلەیی لەدیار نەبوونم دەکرد.

ئەمجارەیان، مەبەستم ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانە، ئەو پیاوە زۆر بێهێز ببوو، زۆر بەگران دەیتوانی قسە بکا. کاتێ گەیشتمە لای فەرمانی ئامادەکردنی چا و قاوەی کرد بۆ من و دواتر فەرمانی بەوانەی ژوورەوەدا بچنە دەرەوە. دوای ئەوەی ماوەیێک دەستی گرتم، گوتی: «ڕەنگە چەند ڕۆژێکی کەمی دیکە بژیم، بەڵام دەزانم ئەم دونیایە جێدێڵم. خورشیداغای برام لەجێی من دادەنیشێ، یەک تکاشم لەتۆ هەیە: لەگەڵیدا نەرمونیان بیت وەکوو چۆن لەگەڵ مندا وابووی، ئەو گرنگییەی بەمنت دەدا بەویش بدەی، چاکەی گەورەی لەگەڵدا بکەی، زیاتر لەوەی لەگەڵ مندا کردت. من زۆر شەیدای ژیانم، ئەگەر نەمردم شتێکی مەزن دەکەم و پێشکەشی تۆی دەکەم کە هەموو دونیا پێی سەرسووڕماو بێ» وادیاربوو بەر لەوەی وەڵامی بدەمەوە، خەریکبوو لەهۆش خۆی دەچوو، بۆیە خەم بەسەرمدا زاڵ بوو، لەژوورەکە چوومە دەرەوە.

ئەو شەوە زۆر پەرێشان بوو، دەنگی گریانی زۆر، لەماڵەکەدا بەرز دەبۆوە. بەیانییەکەی نەیدەتوانی قسە بکات، بەڵام کە چووم بۆ بینینی ناسیمیەوە. کارەکە هەر چۆنێک بێ، هێشتا کۆتایی نەهاتبوو. ئەو بەردەوام لەگەڵ ژیاندا لەململانێدا بوو، زۆرجار سەردانیم دەکرد، هەندێجار ئەوەندە بەهێزبوو کە دەیتوانی لەکێشە عەشایرییەکان و باری سیاسی بکۆڵێتەوە، بەڵام هەمیشە دەستی دەگرتم و بۆ ماوەیێکی درێژ بەدوو چاوی پڕ پرسیار کە بۆ ژیان دەبریسکانەوە سەیری دەکردم.

برایماغا زۆر لەخەمی بەرژەوەندی برادەرەکانی و جوتیارەکانی دابوو. تکای لێ دەکردم کە قەبڵاندنی بەروبوومی فڵان، یان فیسارە کەس کەم بکەمەوە کە زێدەڕۆیی تێدا کراوە، یان پۆستێک کە بەتاڵ بووایە، تەکلیفی دەکرد یەکێ لەناسیاوانی دامەزرێنم، چونکە ئەگەرچی زۆر هەژاریش بێ، بەڵام دڵسۆز و دەستپاکە. نەمدەتوانی ئەو تکایانەی ڕەتکەمەوە، چونکە پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، شتێکی داوا نەدەکرد ئەگەر لەتوانام دانەبووایە. خورشیدئاغا بەدرێژایی ماوەی نەخۆشی براکەی، لەمەخموور مایەوە، کە لەوێ بوومایە بەئەرکی

**«برایماغا کەسێکی فێڵبازە، پێگە جوگرافییەکەی وای لێکردووە خۆی لە شێخ مەحموود نزیک بکاتەوە»**



میوانداری هەڵدەستا، پیرەپیاوە داماوەکەش لەجاران خەمبار و ڕەشبینتر بوو، لەگەڵ ئەوەی کە دەگەیشتمە ئەوێ، بەخەندەوە پێشوازی لێ دەکردم. ئەو دڵنیابوو کە سەردانەکەی بەغدامان، هۆی نەخۆشی برایەکەی بوو. ئەو برایماغای زۆر خۆشدەویست و زۆربەی کات چاوەدێری دەکرد و نوێژی دەکرد تا خوا شیفای بدات. دواتر تایێکی گەرمی گرت و لەتەنیشت براکەی لەناو جێدا کەوت، وادەرکەوت، نەخۆشییەکەی ئەو توندتربێ. (ئاڕ. هێی، (٢٠١٦)، ٢٦٣-٢٦٥).

برایماغا لە ٤ی ئابدا گیانی سپارد. نەخۆشییەکەی درێژەی کێشا و چەندینجار هاتە گیانەڵا، بۆیە مردنەکەی ئارامییێک بوو بۆی، بەمردنیشی کەسایەتییێکی مێژوویی ڕۆیشت، چونکە ئەو بەدرێژایی ٣٧ ساڵ، دروستکەری مەخموور و سەرۆکی ڕاستەقینەی هۆزی گەورەی دزەیی بوو. دیپلۆماتێکی لێهاتوو بوو، بەڕاستی خەڵکەکەی خۆی خۆشدەویست بۆیە ئەوانیش خۆشیاندەویست. ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار لەهەولێر بەپلیکانەی سەربانەکەمدا سەرکەوت، کە لەسەربان دانیشتبووم، هەستم بەڕێزێکی زۆر کرد بەرانبەری، خێراش، ئەو ڕێزگرتنە بۆ لایەنگیرییێکی تایبەتی گۆڕا، پێموایە ئەویش هەمان سۆزی بەرامبەر بەمن هەبوو.

لە ٦ی ئابدا، بەیانییەکەی لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندی ڕۆیشتین تا لەپرسەکەی ئامادەبم، کە گەیشتینە مەخموور بەیداغێکی ڕەشم بینی لەسەر ماڵی ئەو کۆچکردووە هەڵدرابوو، لەبەر دەرگا لەلایەن خورشیداغا و کۆمەڵێ لەخزمەکانی پێشوازیم لێکرا. بەرەو دیوەخان دەستی گرتم و لەوێ هەمووان دانیشتین و بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بووین، فاتیحا خوێندرا، دواتر لەگەڵ ئەحمەدە فەندی خەم و پەژارەی خۆمان دەربڕی و خورشید ئاغاش هەر دەیگوت: «ئەوەی خوابکا گەڕاوەی بۆ نییە» دواتر خواردنەکی ئاسایی پێشکەشکرا، هەرکە ڕێز و حورمەتی خۆم بۆ خستنەڕوو، ئیدی یەک ئەرکی فەرمیم مابوو بیکەم، ئەویش ئەوەبوو کە دەبووایە جێگرەوەیێک بۆ برایماغا دانێم. ئاماژەم بەخزمەکانیدا کە ئەوان بڕیار لەسەر کێ بدەن، ئەو دادەنێم، لەوەتەی کۆچیشی کردبوو، ئەوان ماوەییێکی زۆریان لەو مەسەلەیە بەسەربردبوو.

لەڕێگای ئەحمەدە فەندییەوە ئەوان بڕیاری خۆیان پێگوتم: بەوەی بڕیاریان داوە خورشید ئاغا

“

بە ڕاستی بڕایماغا، بێ ڕکابەر، سەرۆکی دزەییانە، هەموو تاکێکی ئەو عەشیرەتەش، تەنیا خزمە نزیکەکانی نەبێ، دان بەو دەسەڵاتەیدا دەنێن

”

**برایماغا ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر نەخرێتە ناو کوردستانەوە، زیانی زۆری بەردەکەوێت**

سەرۆکی ئەو عەشیرەتە بێ و لەمەخمووریش نیشتەجێ بێ، ئەمە لەکاتێکدا (مشیر ئاغا) هێشتا تەمەنی بایی ئەوەندە نەبوو کە بۆ ئەو ئەرکە گرنگە بگونجێ، هەم خەریکی کاروبارەکانی ماڵی باوکی بێت و هەم لەکاتی شەڕیشدا سەرۆکایەتی عەشیرەتەکە بکات. تێبینی ئەوەم کرد مشیر ئاغا کە لەتەنیشت خورشید ئاغاوە دانیشتووە، واتا پلەی ئەم یەکسەر دوای ئەو دێت، لەکاتێکدا خزمەکانی دیکەی هەموویان لەخوارتر دانیشتبوون، یان بەپێوە وەستابوون، لەمەوە گەیشتمە ئەو دەرەئەنجامەی کە وەک میراتگری، خورشید ئاغا هەڵبژێردراوە.

وتارێکمدا و بەفەرمی بڕیاری ئەوەمدا کە خورشید ئاغا ببێتە جێنشینی براکەی، ئەحمەد ئەفەندی ئەو عابایەی خستە سەرشانی خورشید ئاغا کە بۆ ئەو بۆنەیە هێنابوومان. سەرۆکی نوێم دڵنیاکردەوە کە تا ئەو لایەنگیر و دڵسۆزی من بێ، منیش بەهەمان چاوی دڵسۆزییەوە سەیری دەکەم و بەهەمان ئەو مامەڵە پڕ لەخۆشەویستییەی کە براکەی هەیبوو، مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم. ئەوەم پێشتر نەدەزانی، بەڵکوو لەزاری خورشید ئاغا خۆیەوە زانیم کە برایم ئاغا بەرلەمردنی، برایەکەی بەمن سپاردبوو، داوای لەهەموو خانەوادەکەی کردبوو، کە دەبێ لەخزمەت مندا بن و بمپارێزن، وەکوو ئەوەی من سەرۆک عەشیرەتیان بم. (ئاڕ. هێی، (٢٠١٦)، ٢٧١-٢٧٣).

**سەرچاوە:**


١- دابلیو. ئاڕ. هێی، حاکمی سیاسی هەولێر لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا، پەرتووکی (دوو ساڵ لەکوردستان)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)، ساڵی (٢٠١٦).

٢- پەرتوکی (کورد لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤) وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە بۆ کوردی (بروسکە عەبدول و پاسار شێرکۆ)، بەرگی دووەم.



# برایم بایز ئاغای دزەیی

# لە زاری (هاوار ئاغای دزەیی) کوڕیەوە

ئامادەکردنی: دیوان

ئەو شەوەی حاکمی سیاسی ئینگلیز (دابلیو ئاڕ هێی) لەماڵی برایم بایزاغای دزەیی میوان دەبێ، هەر ئەو شەوە یەکێ لەژنەکانی برایم ئاغا منداڵی دەبێ و ناوی لێ دەنێن (هاوار)

هاوار ئاغای دزەیی کە دەکاتە کوڕی (برایم ئاغای دزەیی) دەڵێ: لەکتێبی (دووساڵ لەکوردستان) باس لەوە دەکات کە من لەشەوی ١٤ لەسەر ١٥ی شوباتی ١٩١٩ لەدایکبوومە، ئەو شەوەشی کە لەدایکبوومە، کاپتن های لەلای باوکم لەمەخموور میوان بووە. کاپتن های، نووسیوێتی: کاتژمێر دەونیوی شەوبوو، هاتن خەبەریان دایە برایم ئاغا و گوتیان کوڕێکت بووە. های دەشڵێ: بەیانی لەسەر نانخواردن بووین کە گوتیان دایکی ناوی لەمنداڵەکە ناوە (هاوار)

مام هاوار دەڵێ: دوای ئەوە بەماوەییکی کەم باوکم لەمانگی ٥ی ١٩١٩ کۆچی دوای کردووە، ئەوکاتە من تەمەنم تەنیا سێ مانگ بووە، دواتر لەلای (مشیرئاغا)ی برا گەورەم، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ژیاوم، مام هاوار دەڵێ: ساڵی ١٩٢٧ لەسەردەمی مشیرئاغادا یەکەمین قوتابخانە لەمەخموور دامەزرا و یەکەمین مامۆستاش لەشاری هەولێر گواسترایەوە مەخموور، ناوی (شوکری) بوو، سەرەتا لەبەر خاتری من قوتابخانە لەمەخموور دامەزراوە، قوتابخانەکە لەتەنیشت مزگەوتی گەورەی ئێستای مەخموور بوو، بۆ ماوەی دووساڵ مشیراغا لەسەر حیسابی خۆی قوتابخانەی بەڕێوە بردووە و دوای ئەوە حکومەت خۆی سەرپەرشتی خوێندنگەکەی کردووە. مام هاوار سەبارەت بەچوونە قوتابخانە و ئاستی خوێندەواری و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن، دەڵێ: «سەرەتایم تەواو کردووە، هەرچەندە ناوەندیم تەواو نەکردووە، بەڵام زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی بەباشی فێربووم.

عەشیرەتی دزەیی ناوەکەی لەچییەوە هاتووە و (برایم بایز دزەیی) چۆن بووەتە ئاغا؟ لەوەڵامی ئەمەدا (مام هاوار) گوتی: دزەیی لەئێران لەگوندی (دزێ) ڕا هاتوون، دوو بەرەباب بوونە و لەڕۆژی جەژن بەشەڕ هاتوون و لەیەکدییان داوە، سەرئەنجام دووبرا لەبراکانی دیکە جیا



**هاوار ئاغای دزەیی**



دەبنەوە و دێنە عێراق، شەوەکەی بەفر دەبێت و لە (زینێ شێخی) بوونە، دواتر دێنە قوشتەپە و دەوروبەری، لەبەر ئەوەی پیاوی زۆریان لەگەڵدا بووە و زەبر بەدەستیش بوونە، بوونەتە ئاغا لەو ناوچەیە.


تاکو ئێستە کە لەبارەی بنەچە و ناوی مەخموور، زۆر بۆچوونی جیاواز هەیە، (هاوار ئاغای دزەیی) سەبارەت بەمێژوو و ناوی مەخمووریش دەڵێ: مەخموور پێشتر شێوەیێکی ڕەنگاوڕەنگی هەبووە و هەمووی سەوزایی و کژوگیا بووە، چونکە دەشتێکی پانوبەرین بووە، بۆیە تایبەت لەبەهاراندا زۆرجوان خۆی نیشانداوە، لەبەرئەوە، ناویان لێناوە مەخموور، مام هاوار دزەیی، مێژووی مەخموور بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: مەخموور لەسەردەمێکی زۆرکۆن هەبووە، لەسەردەمی ئاشوورییەکان دروستبووە، ئەوکاتە سنوورەکەی لەلای حوسێنی غازی دەستپێکردووە، تا گەیشتۆتە نزیک سوڵتان عەبدوڵلا، شارێکی گەورە و فراوان بووە، لەدوای نەمانی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری و تەفروتوناکردنی لەلایەن میدییەکانەوە، مەخموور و زۆر شوێنی دیکەی وەکوو (شەرگات) دەکەونە بەر شاڵاوی تاڵانکردن، ناوچەکە لەڕووی ئاوەدانی کوێر دەکرێتەوە، هەربۆیە وەکوو مام هاوار دەڵێ: بۆ ماوەییێکی زۆر مەخموور ئاوەدانی لێ نەبووە، تا ئەو کاتەی باوکم (برایماغا) هاتووە و دەشتی مەخمووری ئاوەدان کردۆتەوە.

## بابم نۆزدە ژنی هێناوە، حەسارێکی گەورەمان هەبوو، هەموو لەوێ بوون

مەبەست لەئاوەدانی نەبوونی سیمای شارستانی ناوچەکەیە، ئەگینا بەدرێژایی مێژوو، مەخموور کەم تا زۆر ڕەوەند و خەڵکی دەوارنشینی بەبەردەوامی تێدا ژیاوە.

باوکم لەباپیرم تورە دەبێت و قوشتەپە بەجێدێڵێ، بەخۆیشی ئاغای دزەییان بووە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی هاتۆتە خوارێ و چۆتە دیبەگەی، پێیان گوتووە دەچیتە کوێ؟ ئەویش گوتوویەتی مەخموور. خەڵکەکە ئامۆژگاریان کردووە کە لەبەر عەرەبان نەچێتە ئەوێ، ئەویش گوتوویەتی دەچم هاوڕێیەتیان دەکەم.

برایم ئاغا لەدەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ دەچێتە مەخموور، لەتەمەنی ١٨تا٢٠ ساڵی بووە، چەند ڕۆژێک لەگەڵیان ماوەتەوە و زانیوێتی کامەیان قسە بەدەست و گەورەکانیانە، مەجالێکی وەرگرتووە و هاتۆتە هەولێر، چەند دیارییەکی بۆ کڕیون و گەڕاوەتەوە ناویان، دیارییەکانی پێداون و سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.



ئینجا باوکم پێی گوتوونە ئێوە بۆچی ئەو چەند سەت ماڵە لەژێر ڕەشماڵ دانیشتوون و خانوو بۆ خۆتان دروست ناکەن؟ ئەو کاتەش ئاوی مەخموور هێندە زۆربووە، شەڵتەی کای بردووە.

پێشنیاری بۆ کردوون کە خانوو درووست بکەن و لەبەر ئاوەکەش کشتوکاڵ بکەن. بەو شێوەیە ئاوەکەیان ڕاکێشاوەتە قەلای مەخموور کە بەقەڵاتی (برایم ئاغا) مەشهوورە و بەناوی باوکم کراوە. دەستدەکەن بەخانوو دروستکردن، بەڵام باوکم لەژێرەوە کرمانجەکانی ئەو دەوروبەرە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوانیش بێن لەو شوێنە خانوو دروست بکەن.

لەدوای دروستکردنی مەخموور باوکم ١٥ ساڵ لەگەڵیاندا ژیاوە، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەژێرەوە کوردەکانی تێگەیاندووە کە بێن لەناو مەخموور و گردەکانی دەوروبەر خانوو دروستبکەن، کوردەکان چەکداریش بوونە، بۆیە ئەو کاتەی کە باوکم زانی کورد لەعەرەب زیاترە لەناو مەخموور و دەوروبەری، یەکسەر دوامۆڵەتی دانێ کە دەبێ عەرەب لەماوەی ٢٤ کاتژمێر مەخموور جێبێڵن، ئەگەرنا کوردەکان بەسەریاندا دەدەن، هەرچەند عەرەب داوا لەباوکم دەکەن بەرگرییان لێبکات و نەهێڵێ کورد پەلاماریان بدەن، باوکم دەڵێ ئەوە لەدەسەڵاتی مندا نییە و ئەگەر نەڕۆن دەتانکوژن.

بەوجۆرە باوکم شەوێک هەموو گەورەکانی عەرەب کۆدەکاتەوە و پێیاندەڵێ: (ئەم مەملەکەتە، کوردستانە) لەو ڕۆژەوە هەرچی عەرەب هەبوونە، لەمەخموور دەری پەڕاندوونەتە ئەوبەری زێ. وەک (هاوار ئاغای دزەیی) ئاماژەی پێدەکا لەوبەری زێش عەرەبە دەوارنشینەکان لەترسی برایم ئاغا نەیانوێراوە بەئیسراحەت دانیشن، بۆیە هەموو ساڵ جوانترین کچی خۆیان بۆ برایم ئاغا ناردووە و پێشکەشیان کردووە.

> **ئێستاش هەموو سەرکردایەتی کورد هەندی باوکمیان پێناکرێت کە هەموو کەس دەزانێ برایم ئاغا بە ٢٤ کاتژمێر هەموو عەرەبی ئەو ناوەی دەرکردووە بۆ ئەوبەری زێ**

ئێستاش هەموو سەرکردایەتی کورد هەندی باوکمیان پێناکرێت کە هەموو کەس دەزانێ برایم ئاغا بە ٢٤ کاتژمێر هەموو عەرەبی ئەو ناوەی دەرکردووە بۆ ئەوبەری زێ، عەرەب کە چووبوونە ئەوبەری زێ هێشتا دەترسان کە باوکم لەوێش دەریان بکات، بۆیە کچی جوانیان دەدایە باوکم تاکوو لێگەڕێ لەوێ بژین. باوکم سێ ژنی عەرەبی هەبووە، یەک لەوان دایکی منە کە کچی سەرۆک عەشیرەتی (تەی) بووە، دایکی کاکم مشیر ئەویش عەرەبە و ئەوەی دیکەش منداڵی نەبووە. (هاواراغای دزەیی وەهای گوت).



> **“ یەکەمین مامۆستاش لەشاری هەولێر گواسترایەوە مەخموور، ناوی (شوکری) بوو ”**

مام هاوار خۆی لەدایکێکی عەرەب بووە و دەڵێ: «بابم ١٩ ژنی هێناوە و حەسارێکی گەورەمان هەبوو، هەمووی لەوێ بوون». سەبارەت بەوەی کە بەپێی شەریعەتی ئیسلام، پیاو نابێ لەیەک کاتدا لەچوار ژن زیاتری هەبێ، ئایا برایم ئاغا ئەمەی چۆن کردووە و چۆنی بۆ لوایە، لەیەککاتدا ئەو هەموو ژنەی هەبێ؟ هاواراغای دزەیی گوتی: مەلایەکان بۆیان جائیز کردووە، باوکم بەبێ مەلاکان نانی نەخواردووە، بابم بەشەو نوێژی کردووە کە بەیانی ڕۆژ هەڵاتووە ئینجا سەلامی داوەتەوە، زۆر بەدین بووە، دیارە مەلایەکان بۆیان کردووە.

برایم ئاغای دزەیی، کورە گەورەی بایزاغا بووە و چوار برای دیکەشی بەناوەکانی (خورشید ئاغا، ئەحمەدی حاجی بایز، ڕەحمانی حاجی بایز، حەمەدەمین بایز) هەبووە. برایماغا لەو ژنانەشی کە هێناویەتی جگە لەهاواراغا، کوڕی دیکەشی هەبووە، لەوانە، موشیر ئاغا و حەبیب ئاغا، بەڵام ئەوان زووتر کۆچی دواییان کردووە.

**سەرچاوە:**

١- بەختیار محەمەد، (ڕۆژنامەی دەنگی مەخموور)، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠٨

٢- محەمەد گۆران، (گۆڤاری سڤیل)، ژمارە (١١٥)، ساڵی ٢٠١٢



# برایماغا (برایمی بایزی)



هۆمەری دزەیی

کاپتن هێی لە لاپەڕە ١٦٤ی کتێبی (سنتان فی کردستان) دەربارەی ڕێبەرە ناودارەکانی دزەیی دەنووسێ: لە پێش هەموان برایماغا دێ. ئەمەیان پیاوێکی حەفتا ساڵییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەروڕیشی ڕەش دەکاتەوە لە تەمەنی خۆی گەنجتر دیارە. بەژنی مامناوەنجی بوو و نیوچەوانێکی بەرز، دوو چاوی ڕەشی پرشنگ ئاوێژ و لووتێک کەوا یەکسەر سەرنجی ڕادەکێشایت. لە ئەدگارەکانی ڕووی ڕادیار بوو کە ئەم پیاوە لە ژیانی پڕ لە ڕووداویدا گەلێک کێشەو گرفت و خەفەتی تووش بووینە.

پاش تەمەنێکی پڕ لە شەڕوشۆڕ و بەگژیەکداچوونی توندوتیژ، برایماغا ئێستا وا گەیشتووەتە تەمەنی پیریی، بەڵام بەخوو و ڕەوشت، ئەخلاقێکی وەک زێڕی تیزاب. خزمەکانی و ڕەعیەتەکانی برایماغا دەیانپەرست چونکە ئەوپیاوە کەسایەتییەکی وەهای هەبوو کە یەکسەر سەرنجی بۆ خۆی ڕادەکێشا. لە پاداشت، ئەویش زۆر بە گەرمی چاکەی دەدانەوە و دەبووە خەمخۆریان کە ئەم ڕەوشتەش زۆر کەمە لای کورد.

برایماغا پیرێکی زیرەک بوو، بە زگماک دیپلۆمات بوو، لە هونەری قسەکردن و دواندنی خەڵک کەس نەیدەگەیشتێ، لەهەمان کاتدا قسەخۆش و نوکتەچیش بوو. برایماغا لە ناوچەکەی خۆیان شتی وای کرد کە بوون بە مێژوو. لە ماوەی ٣٨ ساڵ پێشتر، لە سەردەمی بابی، هەڵستا کۆمەڵێک کوردی بەگەڵ خۆیدا، لەچیای قەرەچوغ پەڕاندنیەوە و شارۆچکەی مەخموری دروست کرد، لە پاش چەندین ساڵ لە شەڕوشۆڕ لە پێشاندا لە دژی عەشیرەتی شەمەری عەرەب، دواتر لە دژی تورکەکان، توانی خۆی بە تەواوی سەقامگیر بکات و خۆی دابمەزرێنێ. پاش ئەوە خەڵکی دیکەش تەبای ئەو ڕوویان لە مەخمور کرد. جا ئەم دەسپێشخەرییە لە برایماغاوە بوو کە دەشتی قەراج ئاوەدان کرا و چاندرا. دوابەدوای ئەوە تووشی چەند شەڕێکی دی بوو لەگەڵ سەرۆکە دزەییەکانی دیکەی ناحەزی، کە کوڕە گەورەکەی تێدا لە دەستدا.

تەنیا کوڕێ کە مایبوو، مشیر ئاغا بوو، گەنجێکی بیست ساڵیی بێباکی دەست بڵاوبوو، هێشتا نەگەیشتبووە ئەو تەمەنەی، ژیان بەجددی وەرگرێ.

دەگێڕنەوە کە گۆیا برایماغا خۆیشی لە تەمەنی لاوییدا ئەویش سەرەڕۆ و بێباک و گوێمەدێ و حەزی لە ژنانیش بووە. بۆیە ئومێد دەکرێ کە دوور نییە مشیری کوڕیشی بەم شێوەیە بڕسکێ.

بەڕاستی برایماغا سەرۆکی هەرە گرینگی تەواوی عەشیرەتەکەی بوو و هەندێ خزمانی نزیکی خۆی لە بەرەبابەکانی دیکەی ناحەزی نەبێ، ئەوانی دی هەرهەموویان دەسەڵاتی ئەویان قەبووڵ بوو. بەخۆی و برایێکی نزیکەی ٣٠ گوندیان هەبوو، بەڵام زۆرێک لە ئاغای گوندەکانی دیش هەر ئەویان بە سەرۆکی خۆیان دادەنا.

لەناو دزەییان برایماغا و خزمەکانی بە بەرەی بایز ناویان دەرکردبوو کە لە ناوی بابیەوە هاتووە. جا لێرەدا بەڕاستی مایەی سەرسوڕمان و سەرنجکێشانە کە خۆی و ئەم خزمانەی چەند قۆز بوون، من دەتوانم حەوت هەشتێکیان دابنێم کە هەم لە ڕووی شۆخ و شەنگییەوە

**هەندێ خزمانی نزیکی خۆی لە بەرەبابەکانی دیکەی ناحەزی نەبێ، ئەوانی دی هەرهەموویان دەسەڵاتی ئەویان قەبووڵ بوو**



هەم بە ڕەوشت و ئەخلاقیانەوە لە ئەندازە بەدەر بەرزوباڵاتر بوون لە هەر پیاوێکی دیکە کە بتوانی لەناو بەرەبابەکانی ناحەزیان لە عەشیرەتی دزەیی دەستت کەوێ، مەگەر لەوانەیە تەنیا خدری کوڕە گەورەی ئەحمەد پاشای لێ دەربێنی.

بریتانییەکانی هەولێریش کە فوئاد حەمەخورشید تێبینییەکانیانی لە دوو توێی کتێبێکدا تەرجومەی عەرەبی کردووە لە لاپەڕە ٥٧دا دەربارەی بریماغا دەڵێن:

کەسایەتییەکانی ئەم خێڵە:

١. ئیبراهیم بایز ئاغا پیاوێکی بەتەمەنە، قۆزە، ئەخلاق و ڕەوشتێکی پیاوانەی هەیە. ڕۆشەنبیرییەکی باشی هەیە کە دەتوانێ پێی ببێ بە باشترین سەرەک خێڵ. زانیارییەکی چاکی لە کاروباری کشتوکاڵدا هەیە. خەڵکەکە بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر خۆشیان دەوێ. خەڵکی دیش هەموو ڕێزی لێ دەگرن. دەیتوانی سەرۆکایەتیی ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتەکەی خۆی بکات، بەڵام هەوڵی ئاغاکانی دیکە ڕێیان لێ گرت. کەسایەتییەکی کاریگەر و چالاکیشە لە شەڕی ناوخۆی عەشیرەتان.

بریماغا کە لە دەیەی دواییەکانی سەدەی نۆزدە و تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٢٠ میری هەرە ناودار و دەسەڵاتداری ناوچەی دزەییاتی بووە، قەڵایەکی سەختی بۆ خۆی لە دەرەوەی مەخمور دروست کردبوو و شاری مەخموریشی کردبوو بە پایتەختی خۆی.

ئەو مەملەکەتەی کە قەرەنی ئاغای باپیرە هەرە گەورەی ٣٠٠ ساڵ پێشتر بونیادی نابوو، ئەم گەیاندییە سەرێ. ڕەفتاری بریماغاش لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکانی کە چاویان بڕیبووە دەشتی قەراج و کەندێناوە، هەمان ڕەفتاری قەرەنی ئاغا بووە، کە هەم بە خۆشی و ژن لێ خواستن و هەم بە ترساندن ئەو عەرەبانەشی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و ئەوانیش چ بە ڕاستییان بووبێ، چ لە ترسان، ڕێزێکی زۆر زۆر و تایبەتییان لێ گرتووە. بریماغا لەکۆی ١٩ ژن کە هێنابوونی چواریان لە بنەماڵە دەسەڵات بەدەستەکانی ئەو عەشیرەتە عەرەبانە بوون. جا بەپێی چەندین دۆکومێنت دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە گەورەیە چەندین ناوچەی ئەم دەشتەی هەولێری لە چاو تێبڕینی عەشایری عەرەب و عەرەباندن پاراستووە.

کەسایەتیی کورد پەروەری ناسراوی کورد، عەونی یوسف (یادی بەخێر) بۆ خۆمی گێڕایەوە کە یوسف ئەفەندیی باوکی لە سەردەمی دەسەڵاتی بریماغا قازیی هەولێر بووەو دۆستێکی نزیکی ئەویش بووە.

جا کاک عەونی لە زاری باوکی بۆی گێڕامەوە کە جارێکیان بریماغا ئاگادار دەکرێت هەندێ



دروستکردنی هونەرمەند فەیسەڵ عوسمان



**“ تا برایم ئاغا مابوو یەک عەرەبی نیشتەجێ بۆ دەرمانیش لەو دەشتی قەراجە نەمابوو ”**

عەشایری عەرەبی ئەوناوە واخەریکی گوند دروستکردن و جووتکردن و کشتوکاڵن و بەردەوام حوشتر و پەزیان لە دەشتی قەراج دەلەوەڕێنن و هەوڵ دەدەن بەخشکەیی خۆیان لە قەراج نیشتەجێ بکەن.

برایماغا هەست بە خەتەری ئەم دیاردەیە دەکات و ڕۆژێکیان بەدوای سەرۆکی ئەو عەشیرەتانەدا دەنێرێ بێن بۆ قەڵاکەی. بۆ بەیانی سەر لەزوو یەکسەر بەبێ گیربوون ئەو سەرۆکانە دەگەنە دەیوەخانەکەی برایماغا لە قەڵای مەخمور. ئەویش لە ماڵەوە نانی بەیانیی خۆی دەخوات و وردە وردە بەرەو دیوەخان هەڵدەکشێ. کە دەگاتە لای میوانەکان ئەوانە هەموویان یەکسەر لەبەری هەڵدەستن، بەڵام ئەو لەجیاتی ماندوو نەبوون لێ کردنیان و بەخێرهاتن کردنیان، بە عەرەبی لێیان دەپرسێ: (منو بیکم الکلب الکبیر؟) بە کوردی واتا (کامەتان سەگە گەورەکەتانە؟) ئیتر کە ڕیشسپییەکەیان بەجواب دێت و دەڵێ: (توئمر مولانا) واتا (ئەمر دەکەیت گەورەم) برایماغا پێیان ڕادەگەیەنێ کە هەتا بەیانی یەک حوشترەوانی عەرەب، یەک جوتیاری عەرەب، یەک شوان و مەڕ و ماڵاتی عەرەب لەو دەشتی قەراجە بەدی بکرێ، خاک و خۆڵیان دەخاتە ناو توورەکەوە. ئاغا قسەی خۆی کرد ئینجا لەگەڵیان دانیشت و نەشیهێشت بڕۆن، نانێکی باشی نیوەڕۆی لەگەڵا خواردن و بەوپەڕی ڕێزیشەوە بەڕێی کردن.

هەرواشی لێ هات کە خۆی ویستبووی. تا برایم ئاغا مابوو یەک عەرەبی نیشتەجێ بۆ دەرمانیش لەو دەشتی قەراجە نەمابوو. لەپاش کۆچی دوایی ئەو میرە گەورەیە لە ساڵی ١٩٢٠ و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، هەر یەک ساڵ دواتر، وردە وردە گوندی عەرەبان لێرەولەوێ لە دەشتەکەی قەراجی قوت دەبوونەوە. چەند جوانە قسەی پێشینانی کورد: (حەیفە جێی شێران، ڕێوی لێ بکەن گێران!) قەڵاکەی برایماغاش تا چەند ساڵێک لەمەوبەر تەنیا شوێنی چەند دیوارێکی بەسەر یەکدا تەپیوی مابوو. ئێستاش هەر گردەکەی کە قەڵاکەی لەسەر بونیاد نرابوو ماوە و سەنگەری پێشمەرگەی لێیە بۆ بەرهەڵستیکردنی عەرەب لەگەڵ شوورەیێکی نزم. سەیرە بەزمی زەمانە: لە سەردەمی برایماغا یەک عەرەب دەیتوانی بەو ناوانەدا ڕەت ببێ!؟

**لەم ساڵانەی دواییدا جارێکیان بۆ کڕینی دوومەڵان چووم بۆ مەخمور و لەناو شار لە کوڕێژگەیەکم پرسی: ڕۆڵە کامە ڕێ دەمبا بۆ قەڵای برایماغا؟ ئەمە وەرامی بوو: (برایماغا کێیە!) پرسیارێک لە وەزارەتی پەروەردە: نەنگ نییە منداڵەکانمان ئاگایان لەو مێژووەی میللەتی خۆیان نەبێ؟**

لەم ساڵانەی دواییدا جارێکیان بۆ کڕینی دوومەڵان چووم بۆ مەخمور و لەناو شار لە کوڕێژگەیەکم پرسی: ڕۆڵە کامە ڕێ دەمبا بۆ قەڵای برایماغا؟ ئەمە وەرامی بوو: (برایماغا کێیە!)

پرسیارێک لە وەزارەتی پەروەردە: نەنگ نییە منداڵەکانمان ئاگایان لەو مێژووەی میللەتی خۆیان نەبێ؟

برایماغا ساڵی ١٩٢٠ واتا یەک ساڵ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کۆچی دوایی کرد.

لەسەر مردنی برایماغا، کاپتن هێی لە لاپەڕە ٢٧٨ کتێبی ناوبراویدا ئەمەی نووسیوە:

ڕۆژی چواری مانگی ئاب مرد. لەمێژبوو نەخۆش بوو، زۆرجار دەگەیشتە سەر ڕۆخی قەبری کە بۆیە ڕەنگە نەمانەکەی حەسانەوەیێک بێ بۆی. لەگەڵ چوونی ئەو، کەسایەتییەکی مێژوویی، دروستکەری مەخمور و بۆماوەی سی و حەوت ساڵ سەرۆکی هەرە باڵای عەشیرەتی گەورەی دزەیی ڕۆیشت. پیاوێکی دیپلۆماتی زیرەک بوو، پیاوێک بوو کە بەڕاستی میللەتی خۆی خۆشدەویست و خۆشەویستی میللەتی خۆی بوو.



## لە یادی دوو خزمەتگوزاری کورددا

# برایماغای بایزاغای دزەیی و مشیراغای کوڕی

کەریم شارەزا

کوردستان لەسەردەمی حوکمی عوسمانلیدا تاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمین، دەستی حکومەتی ناوەندیی نەگەیشتووەتێ، بەڵام لە دەوروبەری ئەو مێژووەوە میرنشینەکانی کوردی وەک سۆران و بابان و بۆتان، ئەستێرەی دەسەڵات و حوکمڕانییان بەیەکجاری ئاوابوو، بۆ یەکەم جار پۆلیسی سوارە (هەیتە) و جندرمە لە شار و گوند و دێهاتەکانی کوردستاندا پەیدابوون و کەوتنە ڕووتاندنەوەی خەڵکە هەژار و بێ نەوایەکە.

تا وای لێ هات میللەت بەجارێ لەبەر سەرانە و باجانەی زۆروزەوەند لەژیانی خۆی وەڕەس بێت و ناو ناوە سەرۆکی هۆزێک لەهۆزەکانی کورد لە حکومەت عاسێ ببێت و باج و خەراج نەدات.

یەکێک لەو سەرۆکانە برایماغای بایزاغای حەوێزاغای دزەیی بوو، لەدەشتی هەولێر لە موڵکیە لەسەر گردی گوندی باقرتە قەڵایەکی قایمی دروست کرد و لە ساڵی ١٨٨٣دا خۆی تێدا قایم کرد و لە حکومەتی عوسمانلی عاسێ بوو.

حکومەتی ویلایەتی موسڵ چەندجار جندرمە و زەبتییەکی زۆری ناردە سەر و پەلاماری قەڵاکەیان دا، برایماغاش بەرگرییەکی چاکی لەخۆی کرد و چەکدارەکانی ئازایەتییەکی باشیان نواند، بەڵام لەدواییدا کە زانی تا سەر ناتوانێ لەڕووی هێزەکانی حکومەت بوەستێ، بۆیە شەو لە ناوێک بۆی دەرچوو و لە پردێ لە زێی بچووک پەڕییەوەو چووە ناو هۆزی شێخ بزێنی و تا ماوەیەک لەوێ مایەوە، ئنجا لەگەڵ حکومەتی والی موسڵدا مەسلەتی کردو گەڕایەوەو چوو لە دەشتی قەراج لەشوێنی کۆنە مەخموور قەڵایەکی سەختی دروست کردو لەناوی دانیشت و لەگەڵ سەرۆک و سەرداری هەموو بەرەبابەکانی دزەییان ڕێککەوت و هەموویان لەسەر ئەوە سووڕ بوون کە جندرمەی حکومەت بۆ باج و سەرانە وەرگرتن نایەنە ناویان و برایماغا وەکیلیان بێت، ساڵانە چەند باجیان دەکەوێتە سەر لە شاری موسڵ بیدات بە خەزینەی ویلایەت.

ئنجا برایماغا یاداشتێکی دوورو درێژیدا بە حکومەتی والی موسڵ و ئەو داخوازییانەی خەڵکەکەی تێدا نووسی، کە والی ئەوەی دیت زۆر پەست بوو، گوتی: (ئەم داخوازییانە، داواکردنی جۆرە سەربەخۆییەکی ئەو ناوچانەیە کە ئەوەمان کرد، شوێن و ناوچەی تریش هەمان شت داوا دەکەن و جڵەوی کاروباری دەوڵەتمان لە دەست دەچێ!) بۆیە داخوازییەکانی ڕەت کردەوەو هێزێکی زۆری ناردە سەر برایماغا و هاوپەیمانەکانی و ئەوانیش لە هەموو لایەک بەرگرییان لەخۆیان کرد و لە گوندی (عارەب کەند) شەڕێکی خوێناوییان لەدژی ئەو هێزەی حکومەت کرد، گەلێک جندرمە و هەیتە کوژران.

> **لەدەشتی هەولێر لە موڵکیە لەسەر گردی گوندی باقرتە قەڵایەکی قایمی دروست کرد و لە ساڵی ١٨٨٣دا خۆی تێدا قایم کرد و لە حکومەتی عوسمانلی عاسێ بوو**




کە حکومەتی ویلایەتی موسڵ بەو بەرگرییەی زانی، کەوتە پیلان دانانەوە، هەستا ئەفسەرێکی پایەبەرزی بەناوی (حیلمی بەگ) کردە حاکمی مەخموور، ئەویش نامەی بۆ برایماغا و ئاغاکانی دیکە نارد و قورئانێکی ئاوزێڕیشی پێشکەش کردن و داوای لێ کردن بێن بۆ مەخموور بۆ وەرگرتنی فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید بە لێبووردنیان لەو یاخی بوونەی کە کردوویانە.

ئەوانیش لەسەر شەرەفی قورئانەکە چوونە مەخموور و چاویان بە حاکمی عەسکەری (حیلمی بەگ) کەوت و ئەویش ڕێزێکی زۆری لێنان و میوانداریيەکی باشی کردن تاکو شەو داهات. ئنجا لەپڕ زەبتیەکانی حکومەت دەوریان دان و برایماغا و خورشید ئاغای برای و ئەحمەد پاشای حوسێن ئاغا و حاجی پیرداود ئاغا و حاجی نادر ئاغاو قەرەنی ئاغا و حاجی فارس ئاغا یان گرت و هەر بەو شەوە بەرەو کەرکووک ڕەوانەکران و لەوێ خرانە بەندیخانەوە.

پاش ماوەیەک ئەحمەد پاشا لە زیندان ڕای کرد و چووە سلێمانی لای شێخ سەعیدی حەفید و ئەویش فەرمانی لێ بوردنی بۆ لە حکومەتی عوسمانلی وەرگرت، برایماغا و هاوپەیمانەکانی دیکەیشی پاش سێ ساڵ بەندکردن بەردران و گەڕانەوە ناوچەی دزەییایەتی.

لەدوای بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و پەلامارداني کوردستانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشوور لەلایەن سوپای ڕووسیای قەیسەرییەوە، بەناوی غەزا و پارێزگاریی کردن لە وڵاتی کوردی موسڵمان، برایماغا و حەبیب ئاغای کوڕە گەورەی و خزمەکانی شەڕێکی باشیان کردو، کە دەگەڕێنەوە مەخموور حکومەتی ویلایەتی موسڵ هەموو دەشتی قەراج دەخاتە ژێر دەستەڵاتی برایماغا، ئەویش لە عەشیرەتەکانی عەرەبی پاک دەکاتەوە هەتا سەر زێی دیجلە، کە جەنگ کۆتایی دێت و ئینگلیزەکان دەگەنە مەخموور ئەوانیش ڕێز لە برایم ئاغا و دەستەڵاتە عەشایرییەکەی دەگرن تاکو ئەو پیاوە بە جەرگەی کورد لە ساڵی ١٩٢٠دا کۆچی دوایی دەکات و مشیر ئاغای کوڕی لەجێی دادەنیشێ، بەڵام کاپتن ئارهێی باسی ئەوە دەکات کە خورشید ئاغا دەبێتە جێنشین و دەبێتە

> لەساڵی ١٩٢٢دا قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانی بۆ یەکەم جار لە مەخموور کردۆتەوەو هەموو پێداویستییەکانی خوێندنی بۆ دابین کردووە




وێنە دەقەکەی زاری کرمانجی



مشیر اغای دزەیی



سەرداری نەک هەر بەرەبابی خۆی بەڵکو لەلای هەموو دزەییان بەچاوی براگەورە و سەردار سەیریان دەکرد، کە ئەوساکە لاوێکی بیست و یەک سالەی زیرەک و هوشیار و چاوکراوە دەبێ، ئەو زاتە لە ساڵی ١٩٠٠ لەدایک بووەو لە تەمەنی حەوت ساڵی دا لە حوجرەی مزگەوت لەبەر خوێندن دانراوەو لە دواییدا لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتییەوە بۆوەتە خوێندەوارو ڕۆشنبیرێکی تێگەیشتوو، لەدوای کۆچی دوایی باوکی هەر لەو ساڵەی ١٩٢٠دا لەسەردەمی ئینگلیزەکان دەکرێت بە حاکمی ئیداری مەخموورو قەراج و ئەویش گەلێک کارو فرمانی پڕ سوود بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانی مەخموور و کەندیناوەو دەشتی شەمامک ئەنجام دەدات وەکو ئەمانەی خوارەوە:

١) لەساڵی ١٩٢٢دا قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانی بۆ یەکەم جار لە مەخموور کردۆتەوەو هەموو پێداویستییەکانی خوێندنی بۆ دابین کردووە.

٢) زۆربەی ئەو باجانەی کە لە کاتی خۆیدا دەستەڵاتدارە عوسمانلییەکان بەسەر جوتیاراندا سەپاندبوویان سووک کران.

٣) پڕۆژەی ڕێگەی گەلی بازارگەی نێو چیای قەرەچۆخی ئەنجامدا تاکو ئۆتۆمۆبیل بەو ڕێیەدا بێتە مەخموور و دەشتی قەراج.

٤) هەرچەندە ئینگلیزەکان کردبوویان بە حاکمی مەخموور و قەراج، کەچی لە ئاست کێشەی نەتەوەیی کورد، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو، بەردەوام داوای لێ دەکردن کە بەو چاوە سەیری کورد بکەن کە نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مافی چارەنووسی خۆی هەیەو، دەبێ هەژاری و نەخوێندەواری لەناودا قەلاچۆ بکرێت.

کاتێک کە ئینگلیزەکان ئەو هەڵوێستە نەتەوەییەیان لە موشیر ئاغا بینی لە ساڵی ١٩٢٣دا لە فرمانی حاکمەتییان لاداو ئەویش کەوتە سەر جێبەجێ کردنی کاروباری کشتوکاڵ و خزمەتکردنی زانست و پێشخستنی ڕۆشنبیریی، لەو سەردەمەوە کە حاکمی ئیداری بووە یاداشتێکی لەبارەی ڕزگارکردنی کۆمەڵی کوردەواری لە نەزانین دابوو بە ئینگلیزەکان کەچی ئەوە بڵاونەکرایەوە تاکو سەید حوسێن حوزنی موکریانی لەساڵی ١٩٢٨دا لە گۆڤاری زاری کرمانجی بڵاوی کردەوەو ئەمە بەشێکییەتی بە ڕێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردی پێشکەشی دەکەین:

ڕزگاری لە نەزانین (قسەی ڕاست)

(مەعاریف واسیتەیە بۆ تەرەقی، هەم بۆ سەعادەت، ئێمە کە لەم بەهرەیە بێ بەرین، هاوارمان بەهیچ لایەک ڕاناگات و ئێتر ئیزمیحلال و مەحوو بوونەوەشمان ئینکار ناکرێ و هەر لەم ڕووەوە هەموو ڕۆژێ بە تریشقەی هەورێکی بەڵای ناگەهانی پەرش و بڵاو بوینەتەوە..) ئینجا دوای ئەمە دەڵێت: (ئەو قەرارە شەفیقانەی (عوسبەتولئومەم) کە بۆمان درابوو، بەبێ ئیتفاقی کە ئەسبابی جەهالەتە، مەیدانی هیچ نەوعە تەتبیق و تەرویجاتێکی نەدا..) لە کۆتایشدا بەناوی (کوڕی برایماغ ئای ڕەئیسی عەشیرەتی دزەیی، مشیر ئاغا) ئیمزای کردووەو.

مشیراغا دزەیی خزمەتگوزاری کورد، لە تەمەنی ٤٥ ساڵی دا بە گەنجی لە ١٩٤٥دا کۆچی دوایی کردو لاپەڕەی ژیانی کوردێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی تا هەتایە پێچرایەوە.

**سەرچاوە:**

١) دەستنووسێکی مێژووی دزەییان ـ بە پێنووسی مەلا خالید عەزیز.

٢) کورتە باسێکی مێژوویی دزەییان ـ کەریم شارەزا، گۆڤاری کاروان، ژ (٦٧) ـ (١٩٨٨).

٣) گۆڤاری زاری کرمانجی ـ ژمارە (٣) ساڵی دووەم ـ ڕەواندوز (٧)ی شەوالی (١٣٤٦)ی کۆچی بەرامبەر بە (٣٠)ی ئاداری (١٩٢٨).

* ئەم بابەتە لە ژمارە (٢٧٠٥) ساڵی ١٩٩٨ی ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.

**“ والی موسڵ: ئەم داخوازییانە، داواکردنی جۆرە سەربەخۆییەکی ئەو ناوچانەیە کە ئەوەمان کرد، شوێن و ناوچەی تریش هەمان شت داوا دەکەن و جڵەوی کاروباری دەوڵەتمان لە دەست دەچێ ”**

# ئیبراهیم بایز حەوێز ئاغا دزەیی





ڕەهێڵ تەلعەت مشیر ئیبراهیم ئاغا دزەیی

برایم ئاغا کەسایەتی شاری هەولێر و سەرۆک عەشیرەتی دزەییان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە دایکبووە و لە چواری مانگی ئاب ساڵی هەزار و نۆسەت و بیست ئەمری خوای کردوە. ئەو پیاوێکی باڵا مامناوەند و چاو ڕەش، لوتێکی بەرزی هەبوو.

برایماغا کەسێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بوو، دژی حوکمی عوسمانییەکان بوو، تەنانەت کوڕە گەورەکەی حەبیب ئاغا چەندین جار ڕووبەڕوویان بوویەوە و بەندکرابوو، بۆیە لەگەڵ هاتنی حاکمی سیاسی بەریتانی بۆ هەولێر هاوکاری دەکات، بۆ ئەوەی ناوچەکەی بپارێزێت. دەبڵیو ئارهی لە کتێبەکەی ئیشارەت بەوە دەدات کە برایماغا وەک هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکانی تر نەبوو، ئەو بۆ دەسکەوتی مادی و بەرژەوەندی خۆی نەبوو کە هاوکاری دەکردین، بەڵکو بۆ پاراستنی خەڵکەکی و بەرژەوەندی ناوچەکە هاوکارمان بوو، کەسایەتیە بەهێزەکەی و دڵسۆزی برایماغا وادەکات نەتوانم هەرگیز لە بیری بکەم.

**برایماغا سێ برای هەبوو بە ناوەکانی:**

خورشید ئاغا، ڕەحمان ئاغا، حەمەدەمین ئاغا. خورشید ئاغا (باپیری دایکم) لە دوای برایماغا لە براکانی گەورەتر بوو، لە دوای مردنی برایماغا لەسەر وەسیەتی برایماغا بوو بە جێگری و کرا بە سەرۆکی عەشرەتی دزەییان.

برایماغا نزیکەی ١٩ ژنی هێناوە لە کاتێکدا لە چوار ژن زیاتری نەبووە، وەک شەرعی ئیسلام ڕێگای پێدابوو. ژمارەیێکی زۆر کوڕی بووە، بەڵام زۆربەیان مردوون تەنیا سێ کوڕی هەبوو، کوڕە گەورەکەی حەبیب ئاغا لە شەڕی نێوان کێشەی بنەماڵاکانی دی دزەییان کوژراوە، مشیرئاغا (باوکی باوکم، تەلعەت ئاغا) لە دوای خورشیدئاغا کرا بە سەرۆک عەشیرەتی دزەییان، لەکۆتا ژیانی کوڕیکی دی دەبێت بە ناوی هاوار ئاغا.

برایماغا، دوای ئەوەی زۆرێک لە عەرەبەکانی ناوچەکەی دەرکرد، بەڵام هەندێ لە عەشیرەتە گەورەکانی عەرەب لە نزیک ناوچەی قەراج نیشتەجێ بوون، بۆ ئەوەی ئاشتیان لەگەڵ دروست بکات، ژنی لێخواستن، ژنێکی بەناوی (گەڕعە) لە عەشیرەتی عوبەیدی هێنابوو، کە دوو کوڕە گەورەکەی (حەبیب ئاغا، مشیر ئاغا) لەم ژنەی بوون، دواتر لە عەشیرەتی طائی ژنێکی هێنا بە ناوی (سەکتە) ئەویش کوڕکی بوو بەناوی هاوارئاغا. برایم ئاغا هەشت کچی هەبوو.

من وەک نەوەی برایماغا دەمەوێ باس لە ژیان و بارودخی ژنانی دزەیی بکەم کە برایم ئاغا ڕۆڵ و دەستوری شێوازی ژیانی ژنانی عەشیرەتەکەی دارشتبوو.

لەناو دزەییان زۆر بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکرا، تا ڕادەیێک ژنان ئازاد بوون، لە زۆر لایەن جیاوازی نەدەکران لەگەڵ کوڕەکانیان، ئەو شێوازە و ڕێزە زۆرە و پایە بەرزەی کچەکانی وای لێکرد کە بڕیاری ئەوە بدات کە کچەکانی بەهەموو کەسێک نەدات، لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەوان کچەکانیان بە شیوازێکی تایبەت و ئاستێکی بەرز بەخیودەکەن، ناکرێ بدرێن بە کەسێک بێڕێزییان پێ بکات، یان بە هەمان ئاست مامەڵەیان لەگەڵ نەکەن، ئەمە بوو بە دەستور لە ناو عەشیرەتی دزەییان کچەکانیان بە دەرەوەی عەشیرەتی دزەیی نەدەن. برایماغا هەر کچێکی بە مێرد دابێت لەگەڵ کچەکەی گوندێکی داوە بە زاواکەی بۆ ئەوەی دڵنیابێت کچەکەی لەهەمان ئاستی ژیاندا بەسەردەبات.

**برایماغا ئەو دەستوورەی تەنها لەسەر کچانی پەیرەو نەکردبوو، بەڵکوو بەهەمان شێوە لەسەر کورەکانیشی پەیرەوکردبوو، کوڕەکانیش زۆر کەم بۆیان هەبوو کچێک بێنن کە دزەیی نەبێت**

# برایماغا هەر کچێکی بە مێرد دابێت لەگەڵ کچەکەی گوندێکی داوە بە زاواکەی

ئەم تێڕوانینە بەشیوازێک پەسندکرابوو، تەنانەت کچەکانی دزەییانیش هەمان باوەڕیان هەبوو، ڕازی نەدەبوون شوو بە کەسێک بکەن دزەیی نەبێت، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی دزەییەکان هەر هەموویان خزمی نزیکی یەکتربن، لە چەندین لاوە بەگەنەوە بەیەک.

ئەم شیوازە و پەوەردەکردنە لەناو عەشیرەتی دزەییان، تاڕادەیێک جیاوازە لەگەڵ کوردەکانی دەوروپشتی خۆیان. دزەییەکان کراوەترن و بە ئازادی مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، کچەکان ئازادییێکی زیاتریان هەیە و بە شێوازێک پەروەردە دەکرێن متمانەیان بەخۆبێت.


لەبەر ئەوەی برایماغا کەسێکی خوێندەوار بوو، گرنگی زۆری بە خوێندن دەدا ئەوەش شۆڕبۆوە بۆ ناو عەشیرەتەکەی، کۆی عەشیرەتەکەی گرنگیان بە لایەنی خوێندن دەدا. لەناو دزەییان تا ئێستاش گرنگییەکی زۆر بە خوێندن دەدەن، کچەکانیان بە مێرد نادەن تا خوێندن تەواو نەکەن و نەبێت بە خاوەن کاری خۆی، بۆ ئەوەی کەسایەتیان بپارێزن. هەموو ئەو دۆخەی ژنانی دزەیی هەیانە، لە سەردەمی برایم ئاغا بۆیانماوەتەوە، ژنان وەک پیاوان میرات وەردەگرن، توندوتیژی و چەوسانەوەی ژنان زۆر دەگمەنە، لەهەموو مێژووی دزەییان زۆر بەدەگمەن کوشتنی ژنان دەبیستی، ئەگەر بوونی هەبێ مێژوەکەی زۆر کۆنە. برایماغا ئەو دەستوورەی تەنها لەسەر کچانی پەیرەو نەکردبوو، بەڵکوو بەهەمان شێوە لەسەر کوڕەکانیشی پەیرەوکردبوو، کوڕەکانیش زۆر کەم بۆیان هەبوو کچێک بێنن کە دزەیی نەبێت، تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کوڕکان ڕێگەیان پێدرا بە ئارەزووی خۆیان کام کچیان بە دڵ بێت بیهێنن، بەڵام دەستورەکە وەکوو خۆی مایەوە بۆ کچەکانیان، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ژمارەیێکی زۆر لە کچەکانیان هەلی مێرکردنیان کەم بێت و شوونەکەن. ئێستا تا ڕادەیێکی زۆر ئەم



بیرکردەوەیە لەناو دزەییەکان کاڵ بۆتەوە و کچەکان ئازادییەکی زیاتریان هەیە لە دەستنیشانکردنی هاوژینیان، بەڵام ناتوانین بڵێین بنبڕ بووە.

ئەم بیرکردنەوە و بڕیارەی برایماغا بۆ سەردەمی خۆی ڕاست و دروست بوو، بەڵام لەگەڵ ئەم شێوازە پەروەردە و پایە بەرزەی کچان و تا ڕادەیێک یەکسانیەی هەیانە ئەو هەلەی خویندن و خۆ دروست کردنەی بۆیان ڕەخساوە، وای کردوە کچان بوێرانەتر داوای مافی بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆیان بکەن، ئەوانیش بە دڵی خۆیان هاوسەری خۆیان دەستنیشان بکەن.

من وەکوو نەوەی برایماغا و وەکوو نەوەی خورشیدئاغا کە لە دوای برایماغا کرا بە سەرۆک عەشیرەتی دزەییان شانازی بە مێژووی پڕ لە سەروەری و سەربرزی ودڵسۆزی و کوردپەروەرییان دەکەم، شانازی دەکەم کە باپیرە گەورەم ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە پاراستنی هەولێر و دەروبەری هەولێر لە تەعریب وداگیر کردن و ئاژاوەگێڕی.





# ڕۆڵی ئیبراهیم بایز ئاغای دزەیی لە بەرەنگاربونەوەی (تەعریب) لەدەشتی کندیناوە و قەراج



حاکم هیوا دزەیی

کاتێ حکومەتی عوسمانی ڕیکەوتنی (سیڤری) واژووکرد، ماف درا بە کورد بۆ پیکهینانی دەوڵەتێک لەسەر خاکی کوردستان، لە ماددە (٦٤) دا هاتووە لە داهاتوودا لە ویلایێتی موسڵ کورد خاوەنی دەوڵەتی خوی دەبێت.

دوابەدوای پیکهینانی دەوڵەتی عێراقی لە کونگرەی نیودەوڵەتی لە قاهرە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن (بریطانیا) بریار لە پیکهینانی دەوڵەتی مەلەکی لە عێراق درا، کوردەکان پیان خوش نەبوو بەتایبەتی لە ویلایەتی موصل سەروک هوزەکان و پیاوانی ئاینی داوای دەوڵەتی سەربەخویان دەکرد. دوای ساڵی ١٩٢٥ خاکی کوردستان بەسترا بە دەوڵەتی عێراقەوە.

سەرەتای تعریب دەگەڕیتەوە بو سەردەمی خلیفەی ئومەوی عبدالملک بن مروان کە دەستی کرد بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی غەیری عەرب لە دامودەزگاکان و دواتر لەڕیگای هیرشەکانی بەناوی فتح کردن. کوچکردن دەستی پێکرد بەتایبەتی بو عێراق و موسل. شاری موسل پێش هاتنی ئیسلام، لەساڵی٦٣٧میلادی لە سێ گەڕەک پێکدەهات گەڕەکی زەردەشتییەکان و جوولەکە و مسیحییەکان.

دواتر خەزرەجییەکان هاتنە لای ڕاستی شاری موسل کە پێی دەگوترێت الجانب ایمن هۆزی شەمریش نیشتەجێ بوون. لەسەدەی هەژدەوە هوزەکانی دیکەی عەرەب هاتن و نیشتەجێ بوون

عبید و جبور لە خۆراوای کرکوک جینشین بوون و شاری موسل لە ئاماری شارەوانی لە ساڵی ١٩٣٣ (٦٤) خانوو بووە وهەموویان لە قومیەتی کورد بوونە و لە کاتی کردنەوەی پردی نوێی نیوان خۆرهەلات و ڕوباری دجلە جنرال ساندرس لە گوڤاری موسلی ژمارە ٣٥١ لە ٢٢/ ئاداری /١٩٢١ لە وتاریکیدا گوتی:

(شاراوە نییە کە ئەم پردە بۆتە هوی بەیەک بەستنەوەی نیوان وڵاتی کوردستان لەگەڵ عێراق.)

میژووی تەعریب کردنی خاکی کوردستان هەر لە کونەوە بە بەرچاوی داگیرکەران بووە کە ویلایەتی موسل بو کوردستانی باشوور دەگڕیتەوە، بەپیی ئاماری عوسمانییەکان ڕیژەی کورد لە سەدا (٥٦) بووە، بەپیی ئاماری حکومەتی عێراقی لە سەدا (٦٥)بووە، لای حکومەتی بریتانیش لە سەدا (٥٧) بووە، عەرەبەکان لای حکومەتی عێراقی لەسەدا (٢٠,٨) بووە، لای حکومەتی تورکی لەسەدا (٨,٦) بوونە و لەلای حکومەتی بریتانیش لەسەدا (٢٣,٧) بوونە.

لێرەدا باس لە یەک لەو کەسایاتیانەی کە ڕولی گرنگیان هەبوە لە داکوکیکردن لە سەروەری خاکی کوردستان و بەرەنگاربونەوەی پرۆسەی تەعریبکردن و تاڕادەیێک ڕاگرتنی بەشیوەیێکی بەرچاو، کە تا ماوەیێکی زور توانی بە توانا و حیکمەت و زیرەکی خوی و متمانەی خەڵکەکەی و بەهاوکاری سەرجەم عەشیرەتەکانی دەوروبەری و بەهیز و بازووی پیاوەکانی، سیبەری ترسناکی هۆزەکانی عەرەب لە دەوروبەری کورد دووربخاتەوە.

برایم ئاغای دزەیی کە لەنیوان ساڵانی (١٨٤٠-١٩٢٠)دا ژیاوە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە بەهیزکردنی پیگەی ئەو هوزە لە دەشتی دزەییاتی، دەگیرنەوە هەوڵێکی زوری داوە بو بەرەنگاربونەوەی هوزە عەرەبەکانی ناوچەکە کە دەیانویست داگیری بکەن.



برایم ئاغا شەڕی لە دژیان کردووە و لە ناوچەکەی دەرپەڕاندوون، بەشێوەییێک هەندێکیانی لەزێی دیجلە ئاودیوو کردووە، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیزکانیش ڕوڵی برایم ئاغای دزەییان لەبەرچاو گرتووە و هەوڵیان داوە پەیوەندییێکی باشیان لەگەڵدا هەبێت.

ئیبراهیم ئاغا لەزور لە سەرچاوەکانی میژوو ئاماژەی پیکراوە، لەکتیبی (موسوعە المدن والمواقع فی العراق بەشی دووەم لە لاپەرە (١٨٢) باس لە گردێک دەکات لەشاری مخموور کە لەلایەن کەسیکی ناسراو دروست کراوە بەناوی گردی (إبراهیم بایس) ئەو ناوە لە سەرچاوەکە وانوسراوە و قەلاتێکی بوخۆی و خانووی بۆ پیاوەکانی دروست کردبوو، ئەو ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەوەی ببێتە هۆکاری پاراستنی ناسنامەی کوردەواری.

کابتن (های) لەکتیبی دوو ساڵ لە کوردستان باسی دەکات و دەڵێت خاوەنی سێ کوڕ بووە بەناوی حبیب و مشیر و هاوار، ئەو سەرسام بووە بە کەسایێتی ئیبراهیم ئاغا. پێی وایە خاوەن دەسەلاتێکی بەهێزبووە لەم ناوچەیەدا، بەڵام عشیرەتی دزەیی بە ڕابەرایێتی ئیبراهیم ئاغا و هوزەکانی کوردی دیکەی ناوچەکە توانیان

> **ئیبراهیم ئاغا لەزور لە سەرچاوەکانی میژوو ئاماژەی پیکراوە، لەکتیبی (موسوعە المدن والمواقع فی العراق بەشی دووەم لە لاپەرە (١٨٢) باس لە گردێک دەکات لەشاری مخموور کە لەلایەن کەسیکی ناسراو دروست کراوە بەناوی گردی (إبراهیم بایس).**

دەسەڵاتی ئەم عشیرتە عەرەبانە لە ناوچەکە کەم بکەنەوە.

سیاسەتمەداری بەناوبانگی کوردستان (موحسین دزەیی) کە دەکاتە کوڕی برای لەکتیبی (احداث عاصرتها) باسی مامی دەکات و دەڵێت: لەکوتایی سەدەی بیستدا پیاوێکی بەناوبانگی عشیرەتی دزەیی بوو کەسێکی زیرەک و بەهیزبوو لەدەشتی قەراج، ناوبانگی زوری هەبوو، لەگەڵ دەسەلاتی عوسمانییەکان لە ناکوکی بەردەوام دابوو.

ماموستا هادی حسین المفرجی-یش لە تویژینەوەکەی بەناوی (الاحوال الاقتصادیە والاجتماعیە لقضا مخمور فی الثلث الاخیر من القرن العشرین ١٩٠٠-١٩٣٢)دا باس لەو کەسایتییە دەکات و دەڵێت خاوەنی ١٠٠ گوند و ٧٠٠ سوار و ٢٥٠٠ پیادە بووە.

> **"ئینگلیزکانیش ڕوڵی برایم ئاغای دزەییان لەبەرچاو گرتووە و هەوڵیان داوە پەیوەندییێکی باشیان لەگەڵدا هەبێت"**


لەبەرئەوەش ناوچەی دەشتی قەراج خیروبێرێکی زوری هەبووە بۆتە جیگای بەرچاوی تەماحکاران و هەر لەکونەوە هوزەکانی عەرەب لەم ناوچانەدا هەبوونە و چاویان لێبڕیوە، هەروەها کەسانی دەسەلاتدارانی موسل-یش بە هاوکاری فەرمانبەرانی عوسمانی زورجار هەوڵی هیرش کردنیان داوە هەر لەم بارەوە محسن دزەیی دەڵێت هیرشیکی گەورەیان کرد، لەلایەن ئەم عشیرەتە عەربانەوە لە سەردەمی عوسمانییەکان پیش بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، بەڵام بە توانا و بازووی ئیبراهیم ئاغا کە توانی هیزێکی گەورە کوبکاتەوە، لە گەڵ هوزە کوردەکانی دی بەرپەرچی دانەوە و توانی بەسەریاندا زاڵ بێت، هوزە عەرەبەکانی دەوروبەری لەو شوینانە وەدرنا، کە لە بنچینەدا هی کوردەکان بوو. بەم جورە تارمایی تەعریبی بەدوورخستەوە.

ماموستا ملا خالد مورتکەیی لە ڕەشنوسێ بەناوی باسی دزەیی کە لە سالی ١٩٤٥ نووسیویێتی دەڵێت ئیبراهیم ئاغا سەروکی سەرجەم تیرەکانی دزەیی بووە و توانی بە هاوکاری سەرۆک هوزەکانی کوردی ناوچەکە ببیتە قەلغانی پاراستنی ئەو شوینانە و چەندین شەڕی لەگەڵ تورکەکان کردوە و هەردەم داکوکی کارێکی سەرسەختی عشیرەت و ناوچەکە بووە.



## برایم ئاغای بایز ئاغای دزەیی

# حوکمڕانێکی نەتەوەیی و بەویژدانی (دەرگای بازاڕگەی مەخموور)



نازم دڵبەند

دیارە هەموو دەڤەرێک لەم کوردستانە، وەکو هەموو دەڤەرەکانی دیکەی وڵاتان بەتایبەت ئیسلام نشین، نەریتێکی عەشایەری بەسەریاندا زاڵبووە و لە ناویشیاندا کەسایەتییێک هەڵکەوتوە کە توانیوێتی سەرکردایێتی (فلان) عەشیرەت بکات و خۆی وا هەڵکەوێ کە دەتوانێ لەگەڵ ڕێڕەوی عەشایری ئەو عەشیرەتە هەنگاو بهاوێژێ و سیستەمی سەرکردایەتی خۆی دەربخات، ئەمەش بەپێی کات و زەمەن خۆی نواندووە، چونکە بێگومان سالآنی بیست و سییەکان جۆرێک لە حوکمڕانی ئەم ئاغا و بەگ و براگەورانە جیا بووە لەگەڵ ئێستای دەسەڵاتداریێتی حوکمڕانی. جاران ئاغایێکی زیرەک و زۆرزان بۆتە دەسەڵاتداری دەڤەرێکی فراوان لەم کوردستانە، جا هەریەک لەم دەسەڵاتدارانەش جۆرێک لە تێڕوانینی حوکمڕانیان هەبووە، ڕەنگە هەندێکیان بیری نەتەوەیی و ڕوناکبیریی و سیاسییان لە سەردەمەکانی خۆیاندا هەبووبێ، هەندێکیشیان تەنیا بیریان لەوە کردۆتەوە کە چۆن (رەعیەت) بچەوسێننەوە و ببنە دەستکەلای دەسەڵاتی ئەوکات، بەڵام (برایم ئاغای بایز ئاغای دزەیی) لە دەڤەری (قەراج و کەندیناوە) بە دیاریکراویش لە شارۆچکەی (مەخموور) جۆرێکی دی بوو لە حوکمڕانی، ئەو کەسێکی بەهێزی عەشیرەتی (دزەیی)یان بووە و هەمووشیان بەبرا گەورەی خۆیان زانیوە، هەموو پرس و ڕاکانیان لە هەڵکشان و داکشان و خۆشی و ناخۆشیەکاندا هەر لە دەشتی (شەمامک) و (مرکیە) و تا دەگاتە (قەراتی سیاو) و دووڕیانی (بازاڕگە) و هەموو ئەوانەی خۆیان بە (دزەیی) زانیوە، هامووشۆیان لەگەڵ (برایم ئاغا) هەبووە و ئەویان بە برا گەورە زانیوە.

(برایم ئاغا) پیاوێکی تەقلیدی نەبووە، هەر لە گەنجێتیەوە سیمای برا گەورەیی و نەتەوەیی لێبەدیکراوە، چونکە بەپێی مێژوو کە شایەدحاڵەکان دەیگێڕنەوە ئەو هیچ کاتێک سەری نە بۆ دوژمن نە بۆ ئەو کەسانەی کە ویستوویانە لە گەورەیی عشیرەتەکەی کەمبکەنەوە شۆڕ نەکردووە، هەربۆیە بەپێی ئەوەی لەو دەڤەرەی ئەو لێی حوکمڕانی کردوە کە دەڤەری (مەخموور) بووە، نەتەوەی (عەرەب)یش هەبوو، وەکوو عەشیرەتی گەورەی (الشمر) و (الطائی) هەبوونە و ویستویانە غەدر لە جوتیارانی کوردی ئەو دەڤەرە بکەن، بەڵام (برایم ئاغا) بە تاکتیکی خۆی هەموو سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکانی پەلکێشی دیوەخانەکەی خۆی کردووە و دواجاریش وایلێکردوون کە جارێکیتر دەست بۆ ئاگری جوتیارانی کورد لەم دەڤەرە نەبەن.

لەسەر حەقە ڕەواکانی نەتەوەکەی و عەشیرەتەکەی هەم زیندانی کراوە و هەم دوور خراوەتەوە، بەڵام ئەو بەرگەی هەموو ئازارەکانی گرتووە و توانیوێتی خۆی بسەلمێنێ کە سەرۆک عەشیرەتێکی بوێر و خاوەن خەڵکێکی زۆرە، ئەم هەموو خەڵکەش کە لە پشتیەوە وەستاون ئامادەن ئەوپەڕی قوربانی بۆ بدەن، بۆیە





گومبەتی بایزی

دەسەڵاتدارانی ئەوسا لەهەموو ئەو نیازە گڵاوانەیان پاشگەزبوونەتەوە و ئازادییان کردووە بەو نیازەی کە (برایم ئاغا) ببێتە داردەستی ئەوان و هاوکارییان بکات، بەڵام نەیانتوانیوە بیهێننە رایێ و بڕوای پێبێنن و لە گەورەیی سەرۆک عەشیرەتی (دزەیی)یان دووری بخەنەوە.

لەهەمووی گرنگتر ئاسەواری کوڕەکانی (برایم ئاغا) کە ئەویش (مشیر ئاغا)یە کە میراتێک بووە لە ئاغای گوندی (سیاو)ی سەر بە هەولێر، بانگەوازی ئەوە دەکات (خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی) بێت لە کاتی خۆشیدا ئەم هەواڵە لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) خوالێخۆشبوو (حوسێن حوزنی موکریانی) بڵاوکراوەتەوە،

دیارە تێڕوانینی (مشیر ئاغا)ش لەمیانی تێڕوانینەکانی بابی (برایم ئاغا)دا هاتووە کە بە ڕەچەڵەک هەست و بۆچوونێکی نەتەوەییان هەبووە، بۆ ئەمەش بەڵگەنامەی زیندووترمان بەدەستەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی (ئەحمەد حەمەدئەمین دزەیی) چۆن چۆتەوە سەر ڕێچکەی (برایم ئاغا)و بۆتە سیمبوڵی کوردایێتی و نەتەوە پەرستی هەمووشی هەر لە هزر و بیرکردنەوەکانی ئەو خۆی دەبینێتەوە.

بۆیە هەندێ لەو عەشیرەتانەی نابێ مێژووی سەرفرازییان فەرامۆش بکرێ و لە ڕووێکی دیکەوە سەیریان بکرێ، چونکە کات و سەردەم ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بەپێی ئەو ژیانەی ئەوساکە گوندنشین ژیانیان لێبەسەربردووە، ڕاستە هەبوونە ئەو سەرۆک عەشیرەتانە زاڵمی و زۆرداریان هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوانە مێژوو نەفرەتیان لێدەکات و هیچ حسبێکی مێژووییان بۆ ناکات، وەک ئەو حسێبە جوامێری و ئازایەتی و لێهاتووییەی بۆ (برایم ئاغای بایز ئاغای دزەیی) دەکرێ.

**“ برایم ئاغا) پیاوێکی تەقلیدی نەبووە، هەر لە گەنجێتییەوە سیمای برا گەورەیی و نەتەوەیی لێبەدیکراوە ”**



شارۆچکەی مەخموور


## دەستنووسی مەلا خالید مورتکەیی

# (حاجی بایزی حەوێزی حەسەن ئاغای)



پیاوەکی زۆر بەناوبانگ بو، وە برا گەورەی هەموو خزمی خۆی بو، سفەتی چاکەی هەند زۆرە نوسراوەکی سەربەخۆی پێ دەوێ، ئیمەش مرازمان کورتی یە، پێنج کوڕی هەبوو (برایم ئاغا، خورشید ئاغا، أحمد، رحمان، حمدأمین).

(برایمی بایزی) سەرۆکی گشت خزمانی خۆی بو، پیاوەکی گەلێک ماقول و شۆخ و شەنگ بوو، ئەگەر بلێم لە دنیا مانەندی نی یە ڕاستە، لەساڵی (١٣٠٠)ی هجری ژنەکی بە ناخۆشی لە عێلی خەیلانی هێنا (پێیان ئەووت عەیشەسوور) باوکی ژنەکە لەلایەن حکومەتی تورک شکایەتی کرد. بەڵام برایم ئاغا هیچ گوێی نەدایێ، حکومەت بە توندی کەوتە دوای، ئەویش لەسەر گردی (باقرتە) قەڵایەکی کرد و یاخی بو، لە پاشان زانی دەرەقەتی حکومەت ناهێ، نیشتمانی بەجێ هێشت، لە روباری گچکەی پردێ پەڕیەوە ئەوبەری، ڕۆیشتە ناو عێلی شوان و شێخ بزێنی، حقیقتا گەورەکانی شێخ بزێنی زۆر بەخێریان هێناوە، چەند دێیان بۆ بەجێ هێشت، چەند وەخت لەوێ ماوە، بەڵام لە دوایی مەسڵەتی کردو گەڕاوە جێگەی خۆی، وەکی هاتەوە ڕاست ڕۆیشتە دەشتی (قەراجی) لە کەونە مەخمور قەڵایەکی زۆر توندو دژواری دروست کرد، لەگەڵ هەموو ئاغایان و کوێخا دێ یان پەیمانیان کردو سوێندیان بۆ یەک دی خوارد چ برایم ئاغا بلێ لە قسەی دەرنەچن، ئەویش هەستا چووە پێش حکومەتی عوسمانلی، هێندە مرازی لێ داواکرد، کە بۆنی سەربەخۆیی ناوە خۆیانی لێ دەهات. وە هەموو کەس ئەزانی کە حکومەتی عوسمانلیش چ چەشنە ڕەوشت و بەدکاریش دەربارەی کوردانی هەبوو، زانی ئەمە حیسسەکی تازەیە ئەگەر بێتو قبوڵی بکات، گەلێ کەسی دیکە ئەم جۆرە داوایەیان لێ ئەکات لەبەر ئەوە قبوڵی نەکرد، ئینجا برایم ئاغا خۆی و هاواڵەکانی کەوتنە شۆڕش هەڵگیرساندن، گەلێک هەراو هوریایان لەگەڵ تورکە بەدخوەکان کرد، وە شەڕەکی خوێناویان لە گوندی (عارەب کەندی) کرد، پیاوەکی ناو (حمد الکلباوی) کوژرا، و چەند زابتیش هاتنە کوشتن، بەڵام حکومەتی عوسمانلی وەکی تێ وورد بووەوە بۆی ناچێتە سەری، پەیامی ناردە لای کە بێتە حکومەت، سولتانی ئیسلامی وەکی (حمیدیان) رائەگرێ، وە قورئانیشیان بۆ مۆرکرد و ڕەوانەیان کرد، برایم ئاغا لەسەر سوێند و وەعدی حکومەتی تورک چووە مەخموری (حلمی بەگ) حەفلەکی باشی بۆکردن، وە دڵی دانەوە هەتا شەوێ، لەناکاو زەپتیە زیانی یەکان چار دەوریان لێ دان، برایم ئاغا ـ خورشید ئاغا ـ أحمد پاشا ـ حاجی پیرداود ئاغا ـ حاجی نادر ئاغا ـ قەرەنی ئاغا ـ حاجی فارسی ئاڵی کوتکی، هەموویان گرتن، وە لە ژێر زگی وولاغان قاچیان سندم کردن و ڕەوانەی شاری کەرکوکیان کردن، لە پاش سێ ساڵ بەندیخانە هاتنەوە، بەڵام لەم بەینەدا أحمد پاشا لە بەندیخانە هەڵات، وە ڕۆیشتە سلێمانی، سەبارەت بە شێخ سەعیدی حەفید زادە عەفو کراو گەڕاوە ماڵی خۆی، وە ساڵی ١٩١٤م حکومەتی تورک برایم ئاغا و خزمانی، بەناوی سوپای غەیرە نیزامی ناردە شەڕی گەورە، ڕۆیشتن هەتا (خوو سلماس) لە شاری (دیلەمان) حەبیبی کوڕی شەڕەکی زۆر مەردانەی کرد، لەناو هەموو عێلی ئەو وولاتی ناوبانگی ڕۆیشت، برایم ئاغا لە ١٩٢٠م وەفاتی کرد، دوو کوڕی لە پاش بەجێما چونکە حبیب لە پێش خۆی کوژرابوو، مشیر، هاوار.



( 55 )

التاریخ

| التسلسل | المسئله والحل | التسوید |
| --- | --- | --- |
| | سلاح شور بو. لە سالی ١٩١٥) لە شەڕی مەیانی خزمایەتی | |
| | بە دەست عیلی ماڵی فارساغای کوژرا. هیچ نەتەوەکی | |
| | لە پاشی بەجێنەما. | |

...ی بەرەبابە لە ناو خەڵکی. بە بەرەی ماڵی حەویزی ناو دەبرێن..

(حاجی بایزی حەویزی حسن آغا)

پیاوەکی زۆر بەناو بانگبو. وە براگەورەی هەموو خزمی خوی بو. سفەتی چاکەی هەند زۆرە نوسراوەکی سەر...

...خوی پێ ئەوێ. ایمەش مرازمان کورتیە. پێنج کوری هەبو...

برایم آغا. فرشید آغا. احمد. رحمان. حمدمین.

(برایم بایزی) سروکی گشت خزمانی خویبو. پیاوەکی گەلێک...

ماقولو شوخو شەنگبو. ئەگەر بلێم لە دنیا مانەندی نیە...

ڕاستە. لە سالی (١٣٠٠) هەی ژنەکی بە ناخوشی لە گەورەکانی...

...عیلی خەیلانی هێنا... باوکی ژنەکە لە لایەن حکومەتی تورک...

شکایەتی کرد. بەڵام برایم آغا هیچ گوێی نەدایێ. حکومەت...

بە توندی کەوتە دوای. ئەویش لە سەر (گردی) باقرتە...

قەڵایەکی کرد و یاخی بو. لە پاشان زانی دەرەقەتی حکومەت...

مشیر لە ساڵی ١٩٤٥م عەمری خوای کرد، کوڕەکی ناو (تەلعەتی) هەیە ئێستا لە گوندی (سیاو) دائەنیشی.

(هاوار برایم ئاغا) ئێستا لە جێگەی باوکی لە گوندی مەخمور دائەنیشی کە مەرکەزی قەزای مەخمورە، کوڕەکی هەیە ناوی (ملک)ە لای خۆیەتی.

# مێژوویی

- ***لەمێژوودا .. نەورۆز لەنێوان ئەفسانە و ڕووداوە مێژووییەکاندا***

ستار محمد ئەمین

- ***نەورۆز لەنێوان پیرەمێرد و برایم ئەحمەد دا***

سمکۆ عەبدولکەریم

- ***کتێبی داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان***


د.ئەحمەد حەمەدئەمین

- ***نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر***

عاسم حەیدەری

- ***نەورۆزی ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر***

د. ئیسماعیل شوکر



# نەورۆز لەنێوان ئەفسانە و ڕووداوە مێژووییەکاندا

ستار محمد ئەمین

لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا وەرزی زستان و بەهار بە وێنەی دوو هێزی دژبەیێک لە مەیدانی سروشتدا بەرانبەر بە یەک وەستاون، بۆیە هەر لە سەرەتای وەرزی زستاندا بەرگی دێوی ڕەشی دەهێنایە بەرچاو، مەرگی دارودرخەت و سروشت و سەرما و سۆلە و گەردەلوولی باو بۆران.

بەڵێ لەسەرەتادا ئەهەریمەنەکانیش بەم شێوەیە وەرزی زستانیان بە دێوی ڕەش وێنا دەکرد و وەرزی بەهاریش بە پێچەوانەی ئەو، بە فریشتەی ڕزگاری و مایەی خێر و ڕۆژی شکاندنی کۆتی دیلێتی سروشت و سەرما و سۆڵە و گەردەلوولی باو بۆران وێنا دەکرا، لەبەرئەوەی لە وەرزی بەهاردا دارودرەختەکان دەبووژێنەوە و گەڵاکان سەر دەردێننەوە و کانی و کارێزەکان دەتەقنەوە و دەشت و کێو و دۆڵ و زەوی یەکپارچە بەرگی سەوز دەپۆشن، هەر لە بەهاردا مرۆڤەکان باوەش بەدیمەنی شیرینی سروشتدا دەکەن، هەرلەبەر ئەوەشە ئەو دووبەرەکی و ململانێیەی نێوان زستان و بەهار لە ناو کلتووری کوردی زۆر بە ڕوون و ئاشکرا بەرچاو دەکەون.



هەر لەدوا ڕۆژەکانی زستاندا بەو هەموو ساردی و سەختییەی کە کۆتایی پێدێت، یەکسەر یەکەم ڕۆژی بەهار لە (نەورۆز)ەوە دەست پێدەکات کە ڕۆژەکانی خۆشی و شادی دەست پێدەکات و بەهار کۆتایی بە ناخۆشییەکان و سەختی ڕۆژەکانی وەرزی زستان دێنێت.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە لەنێوان ڕاستی و ئەفسانەیی، باس لە ڕۆژی (نەورۆز) بکەین کە بەسەرەتای یەکەم ڕۆژی بەهار دادەنرێت، کە تاکوو ئێستا لەناو زۆربەی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە، وەکوو کلتورێکی جیا، دیارە هەریێک ناوێکی تایبەتی بۆداناوە، بەڵام ئەوەی زیاتر پێداگری لەم ڕۆژە دەکات و بە جەژنی خۆی دەزانێت کوردەکانن، بۆیە بۆ قووڵایی ڕاستییەکان بە باشم زانی لە نزیکەوە لەگەڵ (دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن) پسپۆر لەبواری ئەفسانە، ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام بدەم لەسەرەتاوە بۆمان دوا و گوتی:

هەر مرۆڤێک ویستی بچێتە ناو دونیای لێکۆڵینەوە و هەرشتێکیشی هاتەپێش، بە چاو و فیکری لێکۆلینەوە تەماشای دەکات، منیش وەکوو هەر کوردێک لە گەنجیمەوە تاکوو ئێستە نەورۆز و سروودی نەورۆزم بیستووە و لەبەرم کردووە و بە حەماسەتەوە

گوتومەتەوە، لە نەورۆزدا شایی و هەڵپەرکێم کردووە، ئاگرم کردۆتەوە، زۆرجاریش لەسەر نەورۆز ئازارم چەشتووە و پۆلیس ڕاوی ناوین. دواجار گەیشتمە ئەوەی، باشە نەورۆز چییە؟ ئایا ئەو بۆنەیە لە کوێ هاتووە؟

لەسەرەتادا یەکێک دەیگوت ئاگر پەرستییە و ئەوەی دیکەش دەیگوت، جەژنی کافرانە. بیرم کردەوە کە ئایا نەورۆز، یان زوحاک و کاوە بەوشێوە ئەفسانەییەی کە باسی لێوە دەکەن دەکرێ نەورۆزێکی ڕاستی بێ؟ یەکێ دەیگوت جەژنی نەورۆز جەژنێکی ئەفسانەییە، بەوپێیەی منیش پسپۆڕیم لە ئەفسانەیە، ئەفسانە بەشێکی هێمایە و هێماش شتێکی دیکەیە، بەڵام بەشەکەی دی مێژووە و مێژووش ڕاستی تێدایە، ئەوەبوو لەو ساڵانەی دوایی بۆ بەدواداچوونی نەورۆز، کە هەر ئەفسانەم دەخوێندەوە، چوومە ناو ئەفسانەی سۆمەرییەکان و گەیشتمە (داستانی تەمموز و عەشتار) دیتم کە تەمموز زیندوو دەبێتەوە دوای ئەوەی شەش مانگ دەچێتە ژێر زەوییەوە، لەڕۆژی نەورۆز زیندوو دەبێتەوە.

لەسەردەمی سۆمەرییەکان ئەو ڕۆژە پێی گووتراوە (زەکمەگ) ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمی سەری ساڵی سۆمەری بووە، دیتم لەگەڵ ئێمە هەمان ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمی سەری ساڵی کوردییە، ئیدی کەوتمە گومان کە بۆچی وای لێهاتووە، ئەی کاوە و زوحاک کێنە؟

لەخوێندنەوەی مێژووی سۆمەرییەکان، داستانە سۆمەرییەکان، بەتایبەت داستانی تەمموز و عەشتار، گەیشتمە ئەوەی کە عەقیدەیێکی کۆنی سۆمەرییەکان هەبووە کە جیهانی ژێرەوە بووە، ئەوەبووە کە هەندێ کەس هەبوو سزا دەدرا، یەک لەوانە تەمموزی (کە ئینە ننا )سزای دەدا و دەینارده ژێر زەوی و شەش مانگ لەژێر زەوی دەبێت، لەڕاستیدا چیرۆکەکە درێژە، بەڵام ئەو ڕۆژەی کەدێتەوە سەر زەوی و زیندوو دەبێتەوە ئەوە یەکەم ڕۆژی بەهارە، هەروەها ڕۆژی یەکەمی جەژنی سۆمەرییەکان و ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمی ساڵی نوێی سۆمەریە. هەمان مێژوو، ئێمە بە مێژووی خۆمانی دەزانین، ئەوە تەنیا من نیم ئەوە دەڵێم بەڵکوو لێکۆڵەرانی بیانیش گوتوویانە نەورۆز لەوێوە هاتووە.

لەدرێژەی زانیارییەکانیدا دکتۆر مەولود ئیبراهیم زیاتر تیشک دەخاتە سەر مێژووی کۆنی جەژنی نەورۆز و دەڵێت:

ئەو نەورۆزەی لەداستانی تەمموز – عەشتارەوە باسی دەکەین زەمەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (دە هەزارساڵ پێش زایین) ئەو سەردەمەی کشتوکاڵی ئەشکەوت پەیدا بووە، کشتوکاڵی ئەشکەوت هەموو زانا و لێکۆڵەرەکان دەڵێن یەکەمین جار لە ئەشکەوتی شانەدەر کشتوکاڵ کراوە کە بە کشتوکاڵی (زاوی جمێ)وە بە کوردییەکەی (زەڤیا چەمێ)یە کە ئەمە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف ڕاستیکردۆتەوە کە (زەڤیا چەمێیە) ئەو کشتوکاڵە لەوێ کراوە، ئەم عەقیدەی چوونە ژێر جیهانی ژێرەوە و زیندووبوونەوە لەناو ئایین و کلتووری سۆمەریدا هەبووە، ئەم عەقیدەیە پەیوەست بووە بە سروشت و بە کشتوکاڵ، بە ئایین، بە ئەفسانە و فەلەکەوە، بۆیە ئەم داستانە دروست بووە. دەموز پاڵەوانی زیندوبوونەوەی سۆمەرییەکانە لە ڕۆژی نەورۆزدا، کە یەکەم ڕۆژی بەهارە.

لەسەر مێژووی کۆنی هەولێر و پەیوەندی بە داستانی ئینەنا و تەمموز و عەشتار دکتۆر مەولود گوتی:

دواجار پەرستگای ئینەنا و تەمموز لەم شارەی هەولێرە کە سۆمەرییەکان دروستیان کردووە و بۆ ماوەی نێوان شەش هەزار ساڵ بۆ حەوت هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، یەکسەر وەکو شارێکی کشتوکاڵی پەرستگایی دروستیان کردووە، پەرستگایی ئینەنای دموزی سۆمەری، یان تەمموز و عەشتاری دواتر لەم قەڵایە هەبووە و بەناوبانگ بووە، دەسەڵاتی ئەو عەشتارە لەم هەولێرە ئەوەندە گەورە بووە، ئەوەندەش پیرۆز بووە هەر پاشایێک لە ناوچەکە کە دەسەڵاتی وەرگرتووە، دیاری بۆ (پەرستگای عەشتار ئەربیلا) هێناوە و پیرۆزی لێوەرگرتووە، کە بۆتە پاشا، هەر پاشاییکیش شەڕێکی کردبێت لەگەڵ

“
لەخوێندنەوەی مێژووی سۆمەرییەکان، داستانە سۆمەرییەکان، بەتایبەت داستانی تەمموز و عەشتار، گەیشتمە ئەوەی کە عەقیدەیێکی کۆنی سۆمەرییەکان هەبووە کە جیهانی ژێرەوە بووە
”

هەر پاشا و دەسەڵاتێکی دی قوربانی بۆ پەرستگای عەشتار کردووە، داوای لێکردووە دوعای سەرکەوتنی بۆ بکا، کاتێکیش کە سەرکەوتووە، گەڕاوەتەوە و کڕنۆشی بۆ پەرستگای عەشتار ئەربیلا بردووە، هەروەها قوربانیشی بۆ داوە، ئەم دەسەڵات و دەستووره بەردەوام بووە تاپێش زایین.

لەسەر دروستبوونی چیرۆکی کاوە و زوحاکیش دکتور مەولود ئیبراهیم حەسەن دەڵێ:

هەر کە دەوڵەتی میدیا لەسەردەستی دیکاو دروست دەبێت، کە لە ڕۆژی نەورۆز دروست کراوە، هەموو شتە پیرۆزەکان دەخرانە ڕۆژی نەورۆزەوە، ئەوەش کەپێی دەڵێن ئیمپراتۆریەتی ماددەکان، ئەویش هەر لە ڕۆژی نەورۆز دامەزراوە و درێژەی کێشاوە، لە دواییدا پاش سەد و پەنجا ساڵ کە کۆرش لەو چیرۆکەدا هاتووە ئینقلاب دەکا لەسەر باپیرەی کە پاشای دەوڵەتی میدیایە ئەستیاگ دەسەڵات لە میدییەکان وەردەگرێت و دەیداتە فارسەکان، هەتا چیرۆکیک هەیە هیرۆدێت دەیگێڕێتەوە، ئەو وەزیرەی کە وەزیری پاشای میدی بوو خیانەتی کرد و دەسەڵاتی دایە دەست کۆرشی فارس. پاشای میدی پێی دەڵێت: تۆ خیانەتێکی گەورەت کرد، ئەگەر حەزت لەدەسەڵات گۆڕین بوو خۆت وەرت گرتبایە بۆ داتە دەست بێگانەیێک.

ئەم شکاندنی وەرگرتنی دەسەڵات لە ئەستیاگی پاشای میدی لەلایەن کۆرشەوە، چیرۆکی کاوە و زوحاکی دروست کردووە، ئەگەر کاوە و زوحاک وەکوو ئەفسانەیێک وەربگرین، پاشایێک دوومار لەسەر شانی دروست دەبێت، ڕۆژی دووکەس سەر دەبڕی و دەیانداتێ، ئەمەیان ڕاست نییە، ڕاستە ئێمە پاشای زاڵمان هەبووە ڕۆژانە بەسەدان کەسی کوشتووە، ئەمەیان فارسەکان بۆ خۆیان لێکدانەوە و تەفسیریان کردوە کە کاوە کورشە و زوحاکیش ئەستیاگی میدییە، بەڵام تەفسیری کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (کەی خوسرەو) پاشای مادەکان شەڕی لەگەڵ ئاشوورییەکان بووە، ئاشوورییەکانیش بە قەساوەت و دڕندەیی بەناوبانگ بوون، بەڕاستی شەڕیان لەگەڵ هەرجێگایێک کردووە، ئەوەندە قاسی بووینە کە داعشەکانی ئێستە لە دڕندەییدا زۆر لەوان بچووکتر بووینە.

لەسەر پەیکەرە بەردینییەکان بەکۆمەڵ مرۆڤیان سەربڕیوە و شاریان وێران کردووە. یەکێک لە پاشاکانیان هێندە شانازی بەوەدەکا دەڵێت: ئەوەندە خەڵکەم کوشت منارەیێکم لە کەللە و سەرکی کوژراوەکان دروست کرد، ئەم قەساوەتەی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بەدەستی پاشای میدی لەناودەچێت لەساڵی ٦١٢ی پێش زایین، پاشای ئاشوور کە دە نینی یاشا هێرش دەکاتە سەریان و پاشای ئاشووری دەشکێ لەداخا خۆیی و خانەوادەکەی دەخاتە ناو ئاگر و خۆی بەدەستەوە نادات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە هەزاران ساڵەییەی ئاشوورییەکان بەوهەموو هێز و دڕندەییەوە لەناودەبەن، دەسەڵاتی میدی بەسەریاندا سەردەکەوێت.

بۆ کورد (کەی خوسرەو) کاوەیە، پاشای ئاشوورییەکانیش زوحاکە، بەراستی لە قەساوەتدا هەموو پاشا ئاشوورییەکان لەوە دەرچووبوون کەڕۆژێ دووکەس بکوژن، هەموو ئەو شەڕانەی کردوویانە و ژمارەی کوژراوەکان کە بەدەستی ئەوان لە ناوچوون ژمارەیێکی بێ شومار بووە، چونکە لەکوشتندا هێندە زاڵم بووینە، کە ئێستەش لەسەر پەیکەرەکانیان هەرماوە، بۆیە ئەم چیرۆکی کاوە و زوحاکە ئەوەی لێکەوتووتەوە، کە کاوەی ئێمە (کەیخوسرەو) و هەروەها زوحاکەکەش لەبەرانبەرمان پاشای ئاشووری بووە.

لەسەر ئازایەتی و خۆڕاگری میدییەکان بەرانبەر بە ئاشوورییەکان دکتۆر مەولود ئبراهیم حەسەن دەڵێ:

هیرۆدت پێنج سەد ساڵ پێش زایین هاتۆتە ناوچەکە و دەڵێ: میدییەکان تەنیا دەسەڵات بووینە بەهیچ شێوەیێک سەریان بۆ ئاشوورییەکان شۆڕ نەکردووە، بەڵام لە ناوچەکە هەر دەسەڵاتێکی دی هەبووبێت، ئاشوورییەکان توانیویانە لەنێوی ببەن و سەری پێ شۆڕبکەن)

شەڕی زۆر بووە لەنێوان کورد و ئاشوورییەکان، شاریان داگیر کردووە و

"هیرۆدت پێنج سەد ساڵ پێش زایین هاتۆتە ناوچەکە و دەڵێ: میدییەکان تەنیا دەسەڵات بووینە بەهیچ شێوەیێک سەریان بۆ ئاشورییەکان شۆڕ نەکردووە"

سووتاندوویانن، بەڵام بەهیچ شێوەیێک نەیانتوانیوە کوردەکان بەیەکجاری بشکێنن، ئەوەبوو بۆ دواجار دەوڵەتی ئاشووری پاش ئەو هەموو هێز و قەساوەتە بەدەستی پاشای میدی (کەیخوسرەو) لە ناودەچێ و کۆتایی پێدێت، ئەورۆژەش یەکەم ڕۆژی بەهارە، کە دەکەوێتە ڕۆژی نەورۆز، ئەو ڕۆژە ئیعلانی سەرکەوتنی میدییەکان بووە بەسەر ئاشوورییەکاندا، چونکە هەموو سەرکەوتنەکانی جەنگ دەبووایە لە ڕۆژی نەورۆز-دا ڕابگەێنرێن.

بۆیە ئێمە شانازی بەو داستانەی کاوە دەکەین، بەومانایەی کە پاشاکە میدیە و کاوەیە، پاشای ئاشوورییەکانیش زوحاکە، کە لە قەساوەتدا زۆر لەوەی تێپەڕاندووە، پاشاییک بێت دوو ماری لەسەر شان بێت و ڕۆژانە مێشکی دووکەسی بۆ بێنن، ئەمەیان گێڕانەوەییێکی ئەفسانەییە، لەبەرئەوەی ڕۆژی نەورۆز جەژنێکی ئایینی و کلتووری سەردەمەکە بووە، هەموو کارە گرنگەکان لەو ڕۆژەدا دەکران، پاشا لەو ڕۆژەدا تاجی دەخرایە سەر، لەو ڕۆژەدا حکومەتەکان پێک دەهێنران.

چوار هەزار ساڵ پێش زایین پاشاییێکی میدی لە ناوچەی ڕواندوز شەرێک دەکا

> ***ئێمە شانازی بەو داستانەی کاوە دەکەین، بەومانایەی کە پاشاکە میدیە و کاوەیە، پاشای ئاشورییەکانیش زوحاکە، کە لە قەساوەتدا زۆر لەوەی تێپەڕاندووە، پاشاییێک بێت دوو ماری لەسەر شان بێت و ڕۆژانە مێشکی دووکەسی بۆ بێنن، ئەمەیان گێڕانەوەییێکی ئەفسانەییە***

و سەردەکەوێ، هێشتا نۆ ڕۆژێ ماوە بۆ نەورۆز، بۆیە ئەو نۆ ڕۆژە دەکاتە جەژن تاکوو دەگاتە نەورۆز، هەربۆیە لەهەندێ شوێن ناوی نەورۆز بە (نۆ ڕۆژە) دەهێنرێت.

دەربارەی مێژووی نوێی نەورۆز دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن دەڵێ:

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ کوردەکان توانیان لەڕۆژی نەورۆزدا کەرکوک ئازاد بکەن ئەوەشیان بەستنەوەی مێژووە بەیەکدی، لەهەمانکاتدا سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ کورد، کە توانی لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٩١ کەرکوک ڕزگار بکات.

مێژووی نەورۆز زۆر کۆنە لە دە هەزار ساڵ پێش زایین تاکو ئێستە نزیک بە دوازدە هەزار ساڵە، هەزاران ڕووداوی تێکەڵبووە، ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە زۆر ڕووداو هەن، خراونەتە ناو نەورۆزەوە.

لەکۆتاییدا دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن دەربارەی هۆنراوەکەی پیرەمێرد گوتی: ئەو هۆنراوەیەی پیرەمێرد زۆر بە وشیارییەوە نووسراوە (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە، جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی بەهاتەوە) هەتا ماوین وەکو نەتەوەی کورد، دەبێ شانازی بەو هۆنراوەیەوە بکەین.

بۆ جەختکردنەوەش لەسەر مێژووی کۆنی جەژنی نەورۆز دکتۆر گوتی: بەهیچ شێوەییێک تەمەنی نەورۆز ئەوە نییە کە سێ هەزار ساڵی بۆ دانراوە؛ بەڵکوو تەمەنی جەژنی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی باپیرانی سۆمەرییەکان و هیچ میللەتێکیش هێندەی نەتەوەی کورد لەسۆمەرییەکان نزیک و تێکەڵ نەبووە، بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە، جەژنی نەورۆز لەکوردستان سەری هەڵداوە و هەر لە کوردستانیشەوە بە دونیادا بڵاوبۆتەوە، مێژوو و کلتوورەکەی بەشێکە لە مێژووی ئێمە و کورد دەبێ بە شانازییەوە نەورۆز بە جەژنی خۆی بزانێت.

> **“ جەژنی نەورۆز لەکوردستان سەری هەڵداوە، هەر لە کوردستانیشەوە بە دونیادا بڵاوبۆتەوە، مێژوو و کلتورەکەی بەشێکە لە مێژووی ئێمە و کورد دەبێ بەشانازییەوە نەورۆز بە جەژنی خۆی بزانێت ”**

# نەورۆز لەنێوان پیرەمێرد و برایم ئەحمەد دا



سمکۆ عەبدولکەریم

شێرکۆ بێکەس، لە بیرەوەرییەکانیدا (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش) لە زاری (برایم ئەحمەد)ەوە دەڵێ: (چاکم لە بیرە، نمە نمە باران ئەباری سواری عەرەبانەیەکی دوو ئەسپی بووین و وتمان لێخوڕە بۆ گردی مامە یارە. ئەوەیشمان ئەزانی لە نەورۆزدا «نەورۆزی ١٩٤٦» ئەدمۆنس سەردانی سلەیمانی ئەکات، ئەوکاتە مەعروف جیاوک، موتەسەریفی سلەیمانی بوو.

لە ڕێگە پێش ئەوەی بگەین بێکەس ڕووی تێکردین و وتی: «ئێ باشە وامن ئەو شیعرەم ڕووبەڕووی ئەدمۆنس ئەخوێنمەوە، بەڵام ئەی ئەگەر لە وەزیفە دەرکرام و گیرام! ئەی ماڵ و منداڵەکەم؟! مامۆستا برایم وتی: پێموت: ئەوەیان بۆ من بەجێبێڵە.

گەیشتینە گردی مامەیارە خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، لە ڕیزی پێشەوە ئەدمۆنس و مەعروف جیاوک و ئەشراف و بازرگانی شار دانیشتبوون، کە پیرەمێرد ئێمەی بینی هات و وەک دڵی ختوورەی شتێکی کردبێ ڕوویکردە بێکەس و پێیوت: چۆنە هاتوویت؟ خۆڵیمان تێکنادەی؟!

ئەویش پێیوت: نا حاجی مەترسە هیچی وانییە!

بەهەرحاڵ دوایی وتی: سروودی ( بەخێربێن ئێوە و نەورۆز و بەهار/ دوارۆژمان ئەوێ لە گەورە و سەردار)

دیارە (گەورە و سەردار) مەبەست لە ئەدمۆنس و گەورە پیاوانی حکومەت بووە، لێرەدا لە مامۆستام پرسی شیعرەکە هی کێ بوو؟

وتی: شیعری (ا. ب. هەوری) بوو.

دەستکرا بە خوێندنەوەی وتار و شیعری تر، تا دەرفەتەکە هەڵکەوت و بێکەس چووە پێشەوە و بەردەمی مێزەکەی ئەدمۆنس و یەک دوو مەترێ لەوەوە، دەستیکرد بە خوێندنەوەی تەواوی شیعری (٢٧ ساڵە)

گەڕایەوە لامان و مقۆ مقۆ و شڵەژانێ کەوتە ناو ڕێزەکەی پێشەوە. ئەدمۆنس و مەعروف جیاوک هەڵسان و ڕۆیشتن. ئێمەش ئەوەندە نەماینەوە و گەڕاینەوە بۆ ناو شار. پاش ڕۆژێک مەعروف جیاوک ناردبووی بە شوێن (بێکەس)دا و پێی وتبوو: بۆچی واتکرد؟ ئەویش وەڵامی دابۆوە: لەبەر ئەوەی ئەبوو وابکەم.

بەکورتی دوای ماوەیەکی کەم بێکەس نەقڵی (حلە) کرا و دوورخرایەوە.[١]

لە پەراوێزی ئەو گێڕانەوەیەدا دەمەوێ تیشکێک بخەمە سەر ئەو قسەوباسانەی لێرە و لەوێ دەکرێن، سەبارەت بە بوونی جۆرێک لە ناکۆکی لەنێوان پیرەمێرد و مامۆستا برایم ئەحمەد-دا

دکتۆر عیزەددین، لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ: «ساڵی ١٩٤٨ بوو، لێرە لە تووی مەلیک کرا، دوایی شیوعییەکان ئاگری نەورۆزیان کردەوە، ئیبراهیم ئەحمەد لە پیرەمێردی ستاند»[٢]


دکتۆر عیزەددین نەیگوتووە، نەورۆزی لە پیرەمێرد تێکداوە. چونکە ئەگەر مەسەلە تێکدان بێت هەر ئەو ڕووداوەیە کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ ڕوویداوە کە فائیق بێکەس شیعری ٢٧ساڵەی لەبەردەم ئەدمۆنسدا خوێندۆتەوە، شێرکۆ بێکەس بە ساڵی ١٩٤٦ تۆماری کردووە، کە ڕاستییەکەی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥-ە.

مستەفا ساڵح کەریم-یش لەکتێبی (باخێک لە وشە) هەمان شتی لە زاری برایم ئەحمەد گێڕاوەتەوە، بەم شێوەیە: «دەربارەی ئەم ڕووداوە لە مانگی تەمموزی ١٩٧٣دا لە ناوپردان بە ئامادەبوونی کاک شێرکۆ بێ کەس و برایان ڕەئوف بێگەرد

و شێخ حەسیب قەرەداخی و موحەمەدی حەمە باقی و ئەمینی میرزا کەریم و تایەر ساڵح سەعید و سەلام مەنمی و ئەژی گۆران لە ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد داوەت کرابووین مامۆستا گێڕایەوە وتی: (بێ کەس) ماوەیەک بوو ئەو شیعرەی نووسیبوو، چەند جارێ بۆ ئێمەی خوێندبووەوە، ئەو ڕۆژە ئێمەش لە ئاهەنگی نەورۆزدا بەشدار بووین کاتێ کە بینیمان مارف جیاوک هات و ئەدمۆنزی لە گەڵا بوو، پێم وت: فایەق فرسەتە دەی ئێستا کاتیەتی شیعرەکەت بخوێنیتەوە، ئیتر ئەویش لە مێزەکەیان چووە پێشەوە و بەرەو ڕووی ئەدمۆنس ئەو شیعرەی خوێندەوە و خەڵکەکە کردیان بە چەپڵە ڕێزان»٣

باسی ئەوە دەکرێت کە مامۆستا برایم ئەحمەد نەورۆزی لە پیرەمێرد تێکداوە، ساڵی ١٩٤٨ نەیانهێشتووە پیرەمێرد ئاگری نەورۆز بکاتەوە و ئاهەنگ بگێڕێ «خەڵکی سلێمانی ڕوویان لە خاڵە نا و داوایان لێی کرد یادەکە بکاتەوە، پیرەمێرد گوتی: خەمتان نەبێ بەهەر جۆرێک بێت، یادەکەتان بۆ دەکەمەوە. ئەوەبوو ئێوارەی نەورۆز، لەبەردەم چاپخانەکەی خۆی پاڵتۆکەی خۆی ئاگر تێبەردا و یادی نەورۆزی بە شکۆوە کردەوە»٤

ئەو نەورۆزەی باس دەکرێ دەبێ نەورۆزی



برایم ئەحمەد

ساڵی (١٩٤٩) بێت، نەک ساڵی ١٩٤٨ ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە مامۆستا (برایم ئەحمەد)ەوە نەبووە وەک باس دەکرێ، چونکە ساڵی (١٩٤٩) بەهۆی خراپی بارودۆخ و سەپاندنی حوکمی عورفی، ئەو ساڵە نەورۆز نەکراوەتەوە، ئەوەش لە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوکراوەتەوە.

ئەمەش ئەو برگە نووسین و کۆپڵە شیعرەیە کە پیرەمێرد بەوهۆیەوە نووسیویەتی و لە ژمارە (٩٥٨)ی (١٩٤٩/٣/١٧)ی ڕۆژنامەی ژین بڵاو کراوەتەوە:

(بەڵام جارێکی تریش پەڵە هەوری چڵکن ڕووی ئاسمانی کوردستانی داپۆشی. حوکمی عورفی باڵە ڕەشە دزێوەکانی بە سەرانسەری وڵاتدا ڕاکێشا دیارە کە نەورۆزی ئەو ساڵەش واتە ساڵی (١٩٤٩) بوو بە ژێر دەست و پێی ئیرهابەوە. پیرەمێرد بۆ نێرکسی بێ ناز و نەورۆزی بێ ئاگر، ئەو شێعرەی بڵاو کردەوە.

***کاری ناچارییە! بێزار لە شەوی ئەم شارەم***
***چەند ڕۆژێکە بە تۆراوی لە گردی یارەم***
***گردی یارە وەکو ئاتەش گەدەی نەورۆز بوو***
***وا کوژاندیانەوە سووتاوی گڕی ئەو (نار)ەم***
***کەس نیە هامدەمی ناڵەی شەوی بێدارم بێ***
باری زۆر قورس بووە دەربەستی دڵی بێچارەم٥

چەندین بەڵگە و ئاماژەی دیکەش هەن، کە دەریدەخەن ئەو قسەیە ڕاست نییە کە مامۆستا برایم ئەحمەد نەورۆزی ساڵی ١٩٤٩-ی لە پیرەمێرد تێکداوە.

تاکە سەرچاوەش، کەپشتی پێدەبەستێ ئەو قسەیەی د.عیزەدین-ە، کە گوتویەتی مامۆستا برایم نەیهێشتووە پیرەمێرد نەورۆزەکە بکاتەوە. گوایە د.عیزەددین لەو دیدارەیدا لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید وادەڵێ کە بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات لە ژمارەکانی (٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٦)ی گۆڤاری ڕامان لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوبۆتەوە و دواتریش لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکراوە. ئەمە لە کاتێکدا دکتۆر عیزەددین بەهیچ شێوەیێک ناڵێت مامۆستا برایم ئەحمەد نەورۆزی لە پیرەمێرد تیکداوە.

یەکێ لە بەڵگە بەهێزەکان قسەکانی پیرەمێرد خۆیەتی، کە لەدوای نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ ئیدی پیرەمێرد جارێکی دیکە بەو شێوەیەی جاران

> **«چەندین بەڵگە و ئاماژەی دیکەش هەن، کە دەریدەخەن ئەو قسەیە ڕاست نییە کە مامۆستا برایم ئەحمەد نەورۆزی ساڵی ١٩٤٩-ی لە پیرەمێرد تێکداوە»**



پیرەمێرد

نەورۆزی نەکردۆتەوە، واتە دوو ساڵ بەر لە نەورۆزەکەی مامۆستا برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٤٨، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پیرەمێرد بەشدار بووە و دانەبڕاوە.

«ساڵی ١٩٤٦ جۆرە گۆڕانێ لە نەورۆزا پەیدا بوو، ئەویش ئەوە بوو جگە لە سەیران و ئاهەنگی گردی یارە ڕوناکبیران گواستیانەوە بۆ ناو هۆڵی قوتابخانە و بە جۆرێکی تر پێشوازیی نەورۆز کرا، ....... پیرەمێرد زۆر بەختیار بوو کە لاوان خۆیان کرد بە ڕۆڵەی جگەرگۆشەی نەورۆز، بۆیە لە (ژین)دا بە شانازییەوە باسی ئەو ئاهەنگەیان دەکات کە خۆشی تیایا ئامادەبوو، وتاریشی بۆ خوێندەوە، بەختیار بوو کە ئیتر نەورۆز لەوەدا نەما خەڵکی پلاری تێ بگرن، ئەوا خۆشەویستی ئەو جەژنە لە دڵی قوتابیان و لاواندا چەکەرەی کردوە و خۆیان ئاهەنگی تایبەتی بۆ دەگێڕن»[6]

هەروەها نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧یش، بەهۆی غەمباری ڕووخانی کۆماری مهاباد و لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە ساڵی ١٩٤٦ ئاهەنگی نەورۆز ناکرێت و پیرەمێرد فتوا دەدات و دەڵێ: «فەتوام دا نەورۆز نەبێ»[7]

**"ساڵی ١٩٤٧یش، بەهۆی غەمباری ڕووخانی کۆماری مهاباد و لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە ساڵی ١٩٤٦ ئاهەنگی نەورۆز ناکرێت و پیرەمێرد فتوا دەدات و دەڵێ: «فەتوام دا نەورۆز نەبێ»"**

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، ئەگەر جۆرێک لە ناکۆکیش لەنێوان پیرەمێرد و مامۆستا برایم ئەحمەد هەبووبێ، بەهیچ شێوەیێک نەبۆتە هۆی ئەوەی یادی نەورۆز نەکرێتەوە، ئەوەی لەو نێوانەدا ڕوودەدات هاتنە مەیدانی پارتی دیموکراتی کوردە، کە مامۆستا برایم ئەحمەد لە سلیمانی ڕێبەرایەتی دەکرد، واتە لێرەوە بزووتنەوەیێکی سیاسی دێتە مەیدان چالاکی ئەنجام دەدات، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانیش لە یادی نەورۆزدا، وەکوو بۆنەیێکی نەتەوەیی بێنە مەیدان و یادی نەورۆز بکەنەوە.

دکتۆر عیزەددین لە چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری ڕاماندا دەڵێ: «پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی ژین نووسیشی: ئەم ساڵ لە سایەی حزبی حیزبابەوە ئاگری نەورۆزمان نەکردەوە»[8]

واتە ئەوە مامۆستا برایم ئەحمەد بووە بە ناوی پارتی-یەوە ئاگری نەورۆزی ئەو ساڵەی کردۆتەوە، نەک تێکیدابێ، وەکوو ئەوەی کە دەگوترێت.

تەها بابان دەڵێ: لەدوای ئەو ساڵە، ١٩٤٨ وەرچەرخانێکی گرنگتر لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا هاتە ئاراوە، کە حزبێکی نەتەوەیی هەستا بە سازدانی ئەو ئاهەنگە ئەویش پارتی دیموکراتی کورد بوو، کە پێش ئەو ئاهەنگە بە دوو ساڵ واتە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا دامەزرا بوو بە ئاگاداری و لەبەردەم گوێ و چاوی حکومەتدا سازدرا، کە ئەو ڕاپەرینە بەغدای پایتەخت و زۆر شوێنی دیکەی عێراقی هەژاند و حکومەتی ترساند خەڵکی نارەزایەتیان دەربڕی لەدژی پەیمانی (پۆرس سموس) کە حکومەتی عێراق لەگەڵ داگیرکەرانی ئینگلیز مۆریان کردبوو. سەرپەرشتیارانی ئەو ئاهەنگە، لاوێکی پارێزەر بوو، کە لە دواییدا ناوبانگی لە دونیای سیاسەتدا دەرکرد و پاشانیش بوو بە سکرتێری حزبی ناوبراو ئەویش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو. لەو ئاهەنگەدا بۆ یەکەمجار سروودی/ ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە، دەوترایەوە»[9]

پیرەمێرد، دوور لە سیاسەت دەیڕوانییە نەورۆز، وەکوو بۆخۆی لە چەندین وتاردا ئاماژەی بۆ کردوە، ئەو زیاتر وەک بۆنەیێکی باب و باپیرانی لێیڕوانیووە.

«پیرەمێرد نیازی وایە خوا یاربێ، شەوی هەینووی بیست و یەکی ئادار بە یادی گیانی باوک و باپیر لەسەر (گردی یارە) ئاگرێکی نەورۆزی بکاتەوە»[10]

یان دەڵێ: «هیچ سیاسەتێ لە ئاگری نەورۆزی ئێمەدا جۆش ناخوا، تەنها ڕەویە و عەنعەنەیەکی کۆنی خۆمانە»[11]

بۆیە زۆر ئاساییە، دوای ئەوەی پارتی دادەمەزرێ و کۆماریش لە مهاباد سەرهەڵدەدات، بیری سیاسی و نەتەوەیش زیاتر چەکەرە بکات، ئەگەرچی ئەو ڕووداوەی لە نەورۆزی ١٩٤٥ ڕوودەدات، هێشتا نە کۆمار و نە پارتیش دانەمەزراون، بەڵام بیری نەتەوەیی لە نەشونما دابووە.

فایق بێکەس یەکێ بووە لە شاعیرانی نەتەوەیی ئەو سەردەمە، کە زۆر بۆچوون هەن ئەگەر بێکەس نەبووایە مومکین نەبوو ڕاپەینی ٦ی ئەیلولی بەردەرکی سەراش ڕوویدابا.

ئەو قسەیەم بۆ ئەوەیە، بڵێم، بەڕاستی تێڕوانینی پیرەمێرد و هاوبیرانی، لەو سەردەمەدا زیاتر وابەستەی دەسەڵاتی ئەوسەردەمی میری بوون.

به گوێرەی ئەو پێشوازییە گەرمەش، کە لەساڵی ١٩٤٥ لە (ئەدمۆندس)یان کردوە، ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی و نێوانیشیان لەگەڵ ئینگلیز ناخۆش نەبووە. ئەمە بەدەر لەو پڕوپاگەندانەی دەرحەق بە پیرەمێرد کراون، لەوەی کە پیاوی ئینگلیزە و بە هاندانی ئەوان دەستی کردووە بە یادکردنەوەی نەورۆز.

چونکە لەو سەردەمدا تۆمەتبارکردنی هەندێ کەس بە پیاوی ئینگلیز باوبووە، وەکوو چۆن کاتێک، قانع-ی شاعیر بەهۆی نەبوونی و نەدارییەوە، پەنا دەباتە بەر کۆماری مهاباد، لەسەر قسەی خەڵکی، پێشەوا گومان لە قانع دەکات کە پیاوی ئینگلیز بێت (ئەمە هەژار لە چێشتی مجێوردا، وادەڵێ).

بۆیە پیرەمێردیش بەدەر نەبووە لەو تۆمەتانە، ڕەنگە پەیوەندی باشی پیرەمێرد لەگەڵ میری و ئینگلیز، یەکێک بووبێ لە هۆکارەکانی پشتەوەی ئەو باس و خواسانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکەی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥-یش کە بێکەس شیعری ٢٧ ساڵەی تێدا خوێندەوە، دەبینین پیرەمێرد بە یەک وشەش باسی ئەو ڕووداوەی لە ڕۆژنامەکەیدا (ژین) نەکردوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ ڕۆژی دوایی خۆی و ژمارەیێک لە ڕۆشنفیکران دەچنە بەردەم ماڵی موتەسەریفی سلێمانی، ئەمەش وەکوو پاکانەیێک لێکدەدرێتەوە.

پیرەمێرد لە وتارێکیدا، بەناوونیشانی (سەیرانی نەورۆز و هاتنی میستەر ئەدمۆندس) دەڵێ: «دەستەی مونەوەر و تەفکیری کورد کە بە (ئۆنوور)و شەرەفی کوردستان ئەژمێررێن بە گۆرانی و چەپڵە ڕێزان چووینە بەر ماڵی موتەصەریف، بە شیعری جوانەوە دووبارە حیسسیاتی قەومییەوە خۆیان بەیان کرد و جیاووک هاتە ناویان و بەدڵ و زبان ستایشی کردن و ئێمەیش هیوامان پەیدا کرد کە ئەم دەستەیە ڕابەریی کورد ئەکەن و ئەیانگەیێننە سەربڵندی»[١٢]

ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە جۆرێک بوو بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە ئینگلیز هۆکاری سەرەکی بوون لەوەی تا بەئەمرۆش دەگات کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت، لە کاتێکدا چەندین دەوڵەتی بۆ دەوارنشینەکانی بیابانی عەرەبی دروستکرد.

بۆیە ئەو هەستەی بێکەس لەو ڕۆژگارەدا، هەستێک بوو، لەناخی کەم کەسدا هەبوو، مەگەر کەسانێکی وەکوو مامۆستا برایم ئەحمەد نەبێ. ئەوە بەهیچ شێوەیێک کەمکردنەوە نییە لەهەوڵ و کۆششەکانی پیرەمێردی شاعیر، بەقەد ئەوەی دەرخستنی هێندێ ڕاستییە کە ناکرێ نەگوترێن.

بە گوێرەی هێندێ سەرچاوە، ئەو ڕۆژە خوێندنەوەی شیعری ٢٧ ساڵە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێک بەناوی (حەسیب) بە چەقۆ پەلاماری ئەدمۆندس-بدا بەمەبەستی کوشتنی، دوای گوێ لێبوونی شیعرەکەی بێکەس حەسیب گوتویەتی:


فایەق بێکەس

**«**

**تەها بابان دەڵێ: لەدوای ئەو ساڵە، ١٩٤٨ وەرچەرخانێکی گرنگتر لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا هاتە ئاراوە، کە حزبێکی نەتەوەیی هەستا بە سازدانی ئەو ئاهەنگە ئەویش پارتی دیمکراتی کورد بوو**

**»**

«ئەمە هەموو شتێکی پێکردین و من پێم نەزانیوە، ئەگەر ڕێگەم بدەن من تۆڵەی لێ دەکەمەوە».

هەروەها تەها بابان لە زاری پارێزەر (عەزیز ڕەحیم) کە لە نزیکەوە گوێبیستی ئەو قسانەی نێوان موتەسەریف و ئەدمۆندس بووە، دەڵێ: «ئەو، بێکەس، ئەو مامۆستا سەرخۆشە خۆشی نازانی ئەڵێ چی، ئەدمۆندس بە هێمنییەوە وەڵامی داوەتەوە: ئەوەی ئەو وتی قسەی پیاوی سەرخۆش نییە»[13]

ئەوسەردەم سەردەمێکی تازە و هاتنەپێشی قۆناغێکی نوێ بوو، یادکردنەوەی نەورۆز لەوساوە چووە چوارچێوەی یادکردنەوەیێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی. بۆیە مامۆستا برایم ئەحمەد وەکوو سیاسییێکی دیاری پارتی دیموکراتی کورد، کە دواتریش دەبێتە سکرتێری ئەو پارتە، یادکردنەوەی ئەو ساڵەی نەورۆز دەگرێتە ئەستۆ، دەتوانین بڵێین، یەکەم یادکردنەوەی نەورۆز بوو، بەشێوەیێکی ڕێگەپێدراوی ڕەسمی لەو شێوەیە بەڕێوە چووە. ئەمە نەک هەر لە سلێمانی ئەو ساڵە ١٩٤٨ لە هەولێر-یش یادی نەورۆز بە ڕەسمی کرایەوە.

بەپێی بەڵگەنامەیێک، کە لای (عەبدولڕەقیب یوسف) پارێزراوە و بۆ ڕۆژی ١٩٤٨/٣/٢ دەگەڕێتەوە و ئیمزای برایم ئەحمەدی بەسەرەوەیە، کە لەبڕی لیژنەی ئامادەکاری یادکردنەوەی نەورۆز ئیمزای کردوە و ئاراستەی موتەسەریفی ئەودەمی سلێمانی کراوە، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی موتەسەریف، بۆ پێفرۆشتنی بڕی ٢٠ کیلۆ شەکر لەلایەن کۆمپانیاوە، بە نرخیکی گونجاو، بۆ یادی نەورۆز[14]

هەروەها بۆ زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکان دەکرێ ئەو گێڕانەوەی دکتۆر عیزەددین بەهەند وەربگرین کە باس لە شیعری (ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە) دەکات، کە پێچەوانەی ئەوەیە کە باس لە ناکۆکی و لێتێکدانی نەورۆز لە پیرەمێرد دەکەن:

پیرەمێرد بە برایم ئەحمەد دەڵێ: نەورۆزەکەی تۆ کەیە؟

لە وەڵامدا برایم ئەحمەد دەڵێ: «یادی نەورۆز دوو سبەیە. پیرەمێرد دەڵێ: دەی ئێوارە یەکێک بنێرە شیعرێکی بدەمێ، بۆ ئێوارێ خۆی دەچێت، یان کەسێک دەنێرێت، (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆز هاتەوە/ جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە)ی دەداتێ.[15]

لەگەڵ ئەوەشدا بزانە لە دیوانی پیرەمێرد-دا چۆن باسی ئەو شیعرە کراوە:

«ئەو ڕووداوانە کاری تێ کردون بوونەتە هەوێن بۆ شیعرێکی نوێ کە لە هەموو کوردستان دەنگ بداتەوە، بۆیە کە برای ئازیزمان کاک (حەمەساڵح دیلان)ی شاعیر داوای شیعرێکی بۆ نەورۆز لێ دەکات ئەم شیعرە بەرزەی ئەداتێ»[16]

دەکرێ بڵێین ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیرییانەی لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو، هاتنە ئاراوە، وەرچەرخانێکی گرنگ بوون لەبیر و بیرکردنەوەی تاکی کورد-دا. ئاهەنگی نەورۆزیش لەو ساڵانەدا، بەتایبەتی لە سلێمانی یەکێک بوو لەو بۆنانەی پارتی سیاسی، مەبەستیان بوو خۆیانی پێدەرخەن.

بۆیە لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە، دوو پارتی سیاسی لە ململانێی سیاسیدا بوون پارتی دیموکراتی کورد و پارتی کۆمەنیستی عێراقی.

لەو ڕوانگەیەشەوە کە پیرەمێردی شاعیر هیچ وابەستەیێکی بە سیاسەت و کاری ڕێکخراوەیەوە نەبووە، چیتر ناتوانێ درێژە بە یادکردنەوەکانی نەورۆز بدات. دیارە بۆنەی نەورۆز و یادکرنەوەشی خاوەندارێتی کەسی نییە، پێمان وابێت ئیدی ئەمە لەسەر پیرەمێرد تاپۆ کراوە و کەسان و لایەنی دی بۆیان نەبێت ئەو یادە بکەنەوە، لەم چوارچێوەیەشدا ئاسایی بووە مامۆستا برایم ئەحمەد بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کورد لەساڵی ١٩٤٨-ەوە یادی نەورۆز بکەنەوە.

ئەوەتا دکتۆر عیزەددین لە یاداشتەکانیدا دەڵێ: «ئەو ساڵە حیزبەکان ئاهەنگی نەورۆزیان لەناو بەرنامەی چالاکیی سیاسی خۆیاندا گرتبووە ئەستۆ و ئیتر پیرەمێرد نەورۆزی نەکرد. لە لایەکەوە لە ڕۆژنامەی ژین دا نووسیی (لە سایەی حیزبی حیزبابەوە نەورۆزەکەشمان نەکرد) لە لایەکیترەوە ئەم شیعرانەی نووسی و دابووی بە مامۆستا برایم ئەحمەد کە لە نەورۆزی پارتیدا بخوێندرێتەوە»[17]

ئەگەر دیقەتی ئەو نووسینەی پیرەمێرد بدەین لەوەی بەم هۆیەوە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی نووسیوە، لەهەمان کاتدا تازەترین و بەناوبانگترین شیعری خۆی داوەتە برایم ئەحمەد، بۆ ئەوەی

> پیرەمێرد لەو ڕوانگە و تێگەیشتنە قوولەی بیری نەتەوەییەوە نەیڕوانیوەتە نەورۆز، نەک هەر نەورۆز، وای لە کوردیش نەڕوانیوە، کە نەتەوەیێکی خاوەن نەژاد و زمانێکی سەربەخۆیە

**پیرەمێرد، دوور لە سیاسەت دەیروانییە نەورۆز، وەکوو بۆخۆی لە چەندین وتاردا ئاماژەی بۆ کردوە، ئەو زیاتر وەک بۆنەیێکی باب و باپیرانی لێیڕوانیووە**



**پیرەمێرد و ئاهەنگی نەورۆز**

لەو ئاهەنگەی نـەورۆزدا، کە حزبی حیزباب گێڕاویەتی، هەست بەدوو ڕوویێکی زەق دەکەین.

ئەوە بۆچوون و بیرکردنەوەی پیرەمێرد خۆیتی سروشتی کەسایەتییەکەی دەردەخـەن. پیرمێرد لەهەموو ئەو نووسین و شیعرانەی بۆ نەورۆزی نووسیون، لە یـەک جار زیاتر چییە، وشـەی کوردستانی بەسەر زاردا نـەهاتووە، ئەمەش خاڵێکی گرنگی هەڵوەستە لەسەرکردنە، دوور نییە ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیەش یەکێک بووبێ لەخاڵی ناکۆکی نێوان پیرەمێرد و مامۆستا برایم ئەحمەد. کە من بۆخۆم پێم وایە جۆرێک لە یەکتر قبول نەکردن و ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام بەم شێوەیە نەبووە یەکدی بشکێنن. لەو ڕوانگەیەوە پیرەمێرد وەکوو کوردێک، ئاراستەی بیرکردنەوەی، ئاراستەیێکی عێراقیانە بووە.

« خوایە وەک دنیات گەیاندە ساڵی نوێ

ئەمعیراقەش ژینی تازەی بەر کەوێ»[18]

یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «ئەم کوردەوارییە کە خێڵێکی ڕۆژهەڵاتین تائێستا سـەری ساڵی تازەیان بەهار و نەورۆز بووە»[19]

واتە پیرەمێرد لەو سەردەمدا وەکوو خێڵێک لە کوردی ڕوانیوە. هەروەکوو چۆن بۆچوونیش زۆرن و زۆر سەرچاوەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شیعری (ئەم ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە) هەوێنەکەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ (وەسبە)یە کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی (پۆرتسماوس) سەری هەڵدا، لە دەستنووسەکەشیدا بە ناوونیشانی (نـەورۆزی ساڵی بڕوخێ) نووسـراوە، کە لە لاپەڕە ١١٩ ی دیوانی پیرەمێردی نەمردا چاپ کراوە، لە ژمارە (١٠٥ی ژینی کاکەی فەلاح)یشدا ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە ٢١٠ ی هاوکاریش دا ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دی بڵابۆتەوە.

بەشێوەیێک ئـەو دێـرە شیعرەشی کە دەڵێ: (قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ) «ئەمووست ڕاکێشانە بۆ ڕاپـەڕینـی کانـوون شـەڕی سەر پردی بەغدا کە کچانی کۆلێژەکانی بەغدا سنگی خۆیان کردبوو بە قەڵغانی گوولله و لە ڕەشاشی میرالیۆز سڵیان نەدەکرد»[20]

سەرەنجام دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیدی لە ساڵی ١٩٤٨ بە دواوە، تا ئەو کاتەی پیرەمێرد لە ١٩٥٠/٦/١٩ کۆچی دوایی دەکات، ئەو جارێکی دیکە یادی نـەورۆز ناکاتەوە، ئـەوەش وەکوو پێشتر ئاماژەم بۆی کرد بەهۆی هاتنە مەیدانی

پارتی دیموکراتی کورد بوو، کە هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری بوو، مامۆستا برایم ئەحمەد زۆر نەبوو هاتبووە ڕیزەکانی ئەو پارتە، ئەوان دوای ڕوخانی کۆماری مهاباد وەکوو کۆمەڵەی (ژ،ک) بریار دەدەن خۆیان یەکلابکەنەوە و بچنە نێو حزبی شیوعی، یان پارتی دیموکراتی کورد، دوابەدوای قسەوباسی زۆر، بڕیاردەدەن بچنە ناو پارتی[21] بۆیە پارتی لەو سەردەمەدا گروتینێکی زیاتر بەخۆوە دەبینێ. نەورۆزیش وەکوو بۆنەیێکی نەتەوەیی دەبێتە سمبول و هەر بەو هۆیەشەوە جۆرێک لە ململانێ لە نێوان شیوعی و پارتی-ش بەم هۆیەوە دروست دەبێت، چونکە شوعییەکان-یش پەنا دەبەنە بەر یادکردنەوەی نەورۆز، بەڵام وەکوو دەردەکەوێت شوعییەکانیش هێندە جەماوەریان نییە، بارەکە زیاتر بەلای پارتیدا دەشکێتەوە.

ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە، ئەگەرنا هیچ کێشە و گرفتێکی ئەوتۆ لەنێوان پیرەمێرد و مامۆستا برایم ئەحمەد-دا نەبووە، ئەوەی هەبووە جیاوازی بیری نەتەوەیی بووە، لەچوارچێوەی تێڕوانین و تێگەیشتنێکی نەتەوەیی سیاسی، چونکە پیرەمێرد لەو ڕوانگە و تێگەیشتنە قووڵەی بیری نەتەوەییەوە نەیڕوانیوەتە نەورۆز، نەک هەر نەورۆز، وای لە کوردیش نەڕوانیوە، کە نەتەوەیێکی خاوەن نەژاد و زمانێکی سەربەخۆیە.

«ئینکاری ئەمەم پێ ناکرێ کە کورد و ئێران یەک نەژاد و یەک ڕەگەز و یەک خوونین، حەتتا زبانیشیان لە قەدیمەوە پەهلەوی بووە»[22]

بەتێگەیشتن لەوە ناکرێ لەوە تێنەگەین ململانێکە هەر ململانێیەکی حزبی، لەدەرەوەی بیر و کەسی، لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا بووە.

ئەگەرنا، کاتێک برایم ئەحمەد مۆڵەتی (گەلاوێژ) وەردەگرێت یەکەم کەس کە دەچێتە لای و لەگەڵی ڕێکدەکەوێت پیرەمێردە، ماموستا برایم ئەحمەد دەڵێ:

« ئەمری دەرچوونی (گەلاوێژ)م بۆ هات چووین لە گەڵ پیرەمێرد دا خوا عەفووی بکات. چاپخانەی هەبوو ڕێک کەوتین و مقاوەلەمان کرد»[23]

مامستا عومەر مارف بەرزنجی-ش لەبارەی ئەو ناکۆکییەی نێوان پیرەمێرد و مامۆستا برایم ئەحمەد-دا دەڵێ:

«نووسەر و ڕووناکبیری دیار خوالێخۆشبوو

**بۆ ڕووداوەکەی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥-یش کە بێکەس شیعری ٢٧ ساڵەی تێدا خوێندەوە، دەبینین پیرەمێرد بە یەک وشەش باسی ئەو ڕووداوەی لە ڕۆژنامەکەیدا (ژین) نەکردوە**

## پیرەمێرد وەکوو کوردێک، ئاراستەی بیرکردنەوەی، ئاراستەییێکی عێراقیانە بووە

مامۆستا (عەبدوڵڵا جەوهەر ١٩٢٠-١٩٨٢/٦/١ ) چەندجارێک و لە بۆنەی تایبەتیدا ناکۆکی نێوان پیرەمێرد و برایم ئەحمەدی بۆ باسکردووم، تەنانەت مامۆستا برایم لەو چاوپێکەوتنە پێنج سەعاتییەدا کە دکتۆر حسێن محەمەد عەزیز لەگەڵیدا سازی کردووە، ئەم مەسەلەیەی وەک نموونەیەکی ژیان و هەڵوێستی وروژاندووە، لەوەیش دواوە کە سکاڵای هەردووکیان گەیشتووەتە مامۆستای زانا خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٠٤ - ١٥ / ٧ / ١٩٨٩) بەڵام ئەگەر ئاورێک بدەینەوە و چاوێک بە ڕۆژنامەی ( ژیان )ی ژ ٥٣٨ ی ڕۆژی ١٠ ی ئابی ١٩٣٧ دا بگێڕین، دەبینین کە پیرەمێردی نەمر وەک خەمخۆر و هاندەرێکی تازەپێگەیشتوان، بەبۆنەی تەواوکردنی خوێندنی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە ئەم مژدانەیەی بڵاوکردووەتەوە: (لە خوێندەوارە هەڵبژێراوەکانمان برایم ئەحمەد کۆلیجی حقوقی تەواوکردووە و سەودای وەزیفەی نەکەوتووەتە کەللەوە، هاتووە ئەوقاتی دەکا، ئەم کوڕە ئیمە دەیناسین لە هەرچی زبان هەیە شێوەیەکی پەسەندی بۆخۆی داناوە، خەلەفی خەلەف شەوقییە، بە زەوقێکی علمی جەزبەیەکی شاعیری هەیە، ئەتوانێ دەعوا لە پەردەیەکی جواندا تەسویر بکاو بیباتە زیهنی گوێگرانە، خوا وێنەیان زیاد بکات) لە کاتێکیشدا گۆڤاری ناوازەی (گەلاوێژ١٩٣٩-١٩٤٩) بەبۆنەی بەندکردنی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە لە مانگی ئابی ١٩٤٩ دا لە دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ڕادەگیرێ، پیرەمێرد ئۆقرەی لێدەبڕێ و بە هەموو لایەکدا چەپۆکان دەکات، نامەیەکی بەپەلەی خەماویش بۆ مامۆستا (سەجادی ١٩٠٧ - ١٣ / ١٢ / ١٩٤٨) دەنێرێ و لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بۆی دەلاوێنێتەوە و کۆڕی شیوەنی بۆ گەرم دەکات: داد لەدەست جەورت هەی چەرخی سەرچەوت واگەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆچ کەوت! ئاسۆی ئەدەبی کوردی پڕ تەمە سقیدەی بەیان شینە، ماتەمە ژین بۆ گەلاوێژ بوبو بە پەرژین ئێستا لەدوای ئەو بێزارە لە ژین (ئیبراهیم) لەناو (نار) سووتاوە (سەجادە)ی تەقوا بێڕایەڵ ماوە هیوامان

وایە کە چەرخ وەرگەڕێ سەجادەم بەسەر شەتدا بگەڕێ پیاوێکمان بمرێ تەعزیێ بۆ دەگرین بۆچ بۆ گەلاوێژ، نەگرین تا دەمرین گەلاوێژ هەرچەند جارجارە هەڵدێ لە بورجی خۆیدا دوایی هەر هەڵدێ»[٢٤]

**سەرچاوەکان**


١- ژیاننامە و بیرەوەری، شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٤٠).

٢- پ.د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول، ئەزموونی بە بڕشتی قەڵەمێکی سەربزێو، هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید، لاپەڕە ١٧١-١٧٢).

٣- مستەفا ساڵح کەریم، باخێک لە وشە، گەشتێک بە ژیاننامەی پڕشکۆی پیرەمێرد-دا، چاپی دووەم لاپەرە ١٩٦).

٤- https://www.facebook.com/abdulrahman.ferhadi١

٥-دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی فائق هوشیار – لیژنەی دیوانی پیرەمێرد ١٩٩٠، بەرگی یەکەم لاپەرە ٥٢).

٦- مستەفا ساڵح کەریم، باخێک لە وشە، گەشتێک بە ژیاننامەی پڕشکۆی پیرەمێرددا، چاپی دووەم لاپەرە ١٩٧-١٩٨).

٧- هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٩٨)

٨- هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٧٢ ).

٩- نەورۆز، یان بەسەرهاتی جەژنێکی نەتەوەیی، نووسینی تەها بابان، وەرگێڕانی عەبدلخالد سابر ٢٠١٢ لاپەرە ٦٧-٦٨)

١٠- ژیان، ژ ٤٣٣، ٢ی ئاژاری ١٩٣٥، ل٤.

١١- هەمان سەرچاوە، ژ ٤٧١، ١٤ ئاژاری ١٩٣٦، ل٥).

١٢- ژین، ژ٧٨١، ٥ی نیسانی ١٩٤٥، ل١).

١٣-نەورۆز، یان بەسەرهاتی جەژنێکی نەتەوەیی، نووسینی تەها بابان ، وەرگێڕانی عەبدلخالد سابر ٢٠١٢ لاپەرە ٥٨-٥٩ ).

١٤-نەورۆز، یان بەسەرهاتی جەژنێکی نەتەوەیی، نووسینی تەها بابان، وەرگێڕانی عەبدلخالد سابر ٢٠١٢ لاپەرە ١٠٤).

١٥- پ.د. عیزەددین مستەفا ڕەسوول، ئەزموونی بە بڕشتی قەڵەمێکی سەربزێو، هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید، لاپەڕە ١٧٢)

١٦-دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی فائق هوشیار –لیژنەی دیوانی پیرەمێرد ١٩٩٠، بەرگی یەکەم لاپەرە ٢١٠)

١٧- پ.د. عزەددین مستەفا ڕەسول، بەشێک لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٦)

١٨- (ژیان، ژ٣١٤، ل١).

١٩- (ژیان، ژ٣٥٨ ل١-٢).

٢٠- دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی فائق هوشیار –لیژنەی دیوانی پیرەمێرد ١٩٩٠، بەرگی یەکەم لاپەرە٢١١)

٢١- د.عەبدوڵڵا مەردۆخ، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، بنکەی ژین ٢٠١٠ لا٨٣).

٢٢- ژین، ژ٦٨، ٢٧ی ئاغسطوسی ١٩٤٢)

٢٣- د.عەبدوڵڵا مەردۆخ، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، بنکەی ژین ٢٠١٠).

٢٤- https://www.facebook.com/Omar-Marouf-Berznji-


**تێبینی:**

١- ئەم نووسینە لە بنچینەدا وەڵامێک بوو بۆ نووسینێکی کاک عەبدولڕەحمان فەرهادی، کە لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٢١ لە فەیسبووکەکەی بڵاویکردەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە لە (ساڵی ١٩٤٩، ساڵێک بەر لەوەی خاڵە کۆچی دوایی بکات، مامۆستا برایم ئەحمەد کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کرد و ویستی ئەم ڕێوڕەسمە لە خاڵە بسەنێتەوە، ئەوەبوو بە پاڵپشتیی پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی، بۆنە و یادکردنەوەکەی لێ تێکدا و نەیهێشت ئاگر و یادی نەورۆز بکاتەوە. خەڵکی سلێمانی ڕوویان لە خاڵە نا و داوایان لێی کرد یادەکە بکاتەوە، پیرەمێرد گوتی: خەمتان نەبێ بەهەر جۆرێک بێت، یادەکەتان بۆ دەکەمەوە. ئەوەبوو ئێوارەی نەورۆز، لەبەردەم چاپخانەکەی خۆی پاڵتۆکەی خۆی ئاگر تێبەردا و یادی نەورۆزی بە شکۆوە کردەوە).

٢- ئەو زانیاریانەی بە ناوی ڕۆژنامەی (ژیان و ژین) ئاماژەیان بۆ کراوە لەکتێبی (پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە) ئامادەکردنی سدیق ساڵح وەرگیراون.

# کتێبی داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان



د.ئەحمەد حەمەئەمین

کتێبی داستانی نەورۆز و نەرۆزی کوردستان، لە لایەن ڕۆشنبیری دیاری گەلەکەمان حیلمی عەلی شەریف نووسراوە و ساڵی ١٩٩٠ لە چاپخانەی (دار الحرية) لەبەغدا چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر کتێبەکەی بەسەر پێشەکییەک و حەوت تەوەردا دابەشکردووە، دواجاریش ئاماژەی بەناوی ئەو سەرچاوانە کردووە، کە بۆ لێکۆڵینەوەکەی سوودی لێیان وەرگرتووە.

حیلمی لەپێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژە بە بوونی بۆچوونێک کردووە، کە ئەو کاتە لای هەندێک لەڕۆشنبیرانی کورد بوونی هەبووە، گوایە کاوەی ئاسنگەر زوحاکی دواهەمین پاشای میدیای لەسەر تەختی فەرمانڕەوایتی هێناوەتە خوارەوە و میر فەرەیدوونی فارسی لەشوێندا داناوە، نووسەر دەڵێت:» ... ئەگەر ئەمە وابێت ئەبێ کورد لاپەڕەی کاوە هەڵ بداتەوە و بە سرێشێکی خەستیش بە لاپەڕەیەکی ترەوە قایمی بکات و ئیتر لە کۆڕی بەدناوکردندا نەبێت لە کولەکەی تەریشدا [مەبەستی کاوەی ئاسنگەرە – ئەحمەد] ناوی نەبات»

لێرەشدا ئەوەی لەپێشەکییەدا دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە حیلمی عەلی شەریف مەبەستی بووە بەپشت بەستن بەسەرچاوەی مێژوویی وەڵامی ئەو پرسیار و بۆچوونانە بداتەوە. بۆیە بە وردی کەوتۆتە شیکردنەوەیەوەی زانیارییەکانی بەردەستی و بە دوای سەرچاوەدا گەڕاوە.

لەتەوەری یەکەمدا، نووسەر لەبارەی نەورۆز لەکوردستاندا نووسیوێتی: «هەموو ساڵێک خەڵکی کوردستان یادی ئەو چەژنە پیرۆزە ئەکەنەوە و ئاهەنگی خۆشی و بیرەوەری مێژووی رابوردووی پرفیداکاری و لە خۆبوردنی تیا ئەگێڕن و ئەیکەن بەسەر مەشق بۆ ڕەوتی داهاتوو، بۆ هێنانەدی ژیان و گوزەرانێکی خۆش و سەربەرزانە، بۆ ڕاماڵینی ئەو هۆ سەرەکییانەی گەلەکەمانی لەگەڵە پێشکەوتووەکان بەجێ هێشتووە»

بەدوای ئەوە لەتەوەری دووەمدا بە وردی و بەپشتبەستن بەسەرچاوەی گرنگ و ڕبایەخ لەبارەی نەورۆز و داستانەکەی لەنێو گەلانی ئارییایدا دواوە و زانیاری نێو سەرچاوەکانی شەن و کەو کردوون.

لەتەوەری سێیەمدا، نووسەر هاتووە مەسەلەی خەیاڵ و ئەفسانەی مێژووییەکانی لەنێو گەلانی جیهان باسکردووە و ڕای نووسەرانی لەبارەی بایەخ و گرنگی ئەفسانە لە دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکان لێکداوەتەوە، لەو بارەیەوە نووسیویەتی:» ... ڕووداوی خەرافات و ئەفسانە پۆش، درۆ و دەلەسە و هاڵبەستی بێ بناخە و چیرۆکی دروست کراوی لە نەبووە نین، بەڵکو سەرچاوەیەکی ڕاست و نیوە ڕاست و خراونەتە چوارچێوەی بەرگێکی ئەوتۆوە، هەر یەکە لە کات و شوێن و چاخی مێژووی تایبەتی خۆیدا بەو شێوەیە و لەو چوارچێوەیە ڕازێنراوەنەتەوە، تاکو بە ئاسانی و بێ گیروگرفت کۆمەڵانی خەڵکی ئەو کات و شوێنە تام و چێژی لێ وەربگرن و بڕوای پێ بکەن و بیکەن بە سەرمەشقی ڕەوتی ژیان و گوزەرانی خۆیان...».

حیلمی لە تەوەری چوارەمدا دێتە سەر شیکردنەوەی نەورۆزی کورد و کوردستان لەو بارەیەوە نووسیوێتی:» پێویستی و بایەخی ئەم باسەش لەوەدایە کە بیروڕای دژ بە نەورۆزی پێ

له چاڵ بخرێت، چ هی ئەو مێژوونووسانەی له ڕەوتی بزووتنەوەی بەرەو پێش چوونی ئادەمیزاد تێ نەگەیشتوون چ هی ئەو نووسەرانەی بەدەستی ئەنقەس نەورۆز لەکەدار ئەکەن و جارێک ئاگرەکەی ئەکەن بە هی مەجوس و جارێک داستانی کاوە ئەکەن بە داستانێکی هەڵبەستراوی خەیاڵ پۆشی بێ بناخە و پایە! ...»

نووسەر لەم تەوەردا لەبارەی پێوەندی نەورۆز بە کوردەوە دواوە و ڕاکانی عەبدولڕەحمان زەبیحی، دوکتۆر محەمەد موعین کرۆدتە پاڵپشتی ڕاکانی و نووسیویەتی: « کەواتە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو دوو خاڵی گرنگمان بۆ دەست نیشان ئەکەن، یەکەمیان نەورۆز لەگەڵ دروستبوون و دامەزراندنی یەکەم پاشانیشینی جەمشید، واتا یەکەم دەوڵەتی پێشدادیدا دامەزراوە و پەیدابووە، ئینجا بە دوای ئەواندا لە شێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووانەتردا بووشە بە جەژنی ئیمپراتۆریەتی میدیا. دووەم کورد لە هەموو گەلە ئارییی نەژاردەکانی تر زیاتر خاوەنی ڕەسەنی ئەو جەژنەیە». لێرەشدا کاتێک لەسەر شیکردنەکانی بەردەوام دەبێت؛ دەنووسێت:» ئەوجا دوای سەلماندنی ئەو ڕاستییە باسێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە سەرکەوتنی کاوە و شکستی ضحاک نەورۆزی کوردیان کردووە بە دوو جەژن یان ڕاستر بە سێ جەژن».

حیلمی بە پشت بەستن بە ڕاکانی دوکتۆر محەمەد موعین دواتریش باسکردنی گۆڕانکارییەکان لە کەش و هەوا نووسیوێتی:» ... لەم کورتە پێشەکییەی سەرەوەدا دوو ڕاستیمان بۆ دەرئەکەوێت یەکەمیان ئەوەیە کە نەرورۆز پێش دامەزراندنی کۆنترین ڕژێمی شایەتی فارس بەلای کەمەوە بە دەیان ساڵ دامەزراوە ... بۆیە گومان لەوەدا نامێنێت کە هەر کورد ئەبێ یەکەم خاوەنی ئەم جەژنە بێت. دووەم ڕاستی ئەوەیە کە لەسەرەتای چاخی بلاستوسیندا ئینجا خەڵکی وردە وردە نیشتەجێ بوون و فێری کشتوکاڵ کردن و ماڵداری و ئاژەڵ بەخێوکردن بوون و کۆمەڵگای نیمچە گەورەیان بۆ خۆیان پێکەوە ناوە و بیریان لە کار دابەشکردن کرۆتەوە یاخود بەسەریاندا سەپێنراوە، کە بووە بە سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەت و پەیدابوونی خەباتی چینایەتی و دامەزراندنی شارستانێتی وەک جەمشید هەوڵی بۆ داوە و هاوولاتیانی ئەوسای خۆی هانداوە بکەونە سەر ئەو ڕێ و شوێنە».

**“ گوایە کاوەی ئاسنگەر زوحاکی دواهەمین پاشای میدیای لەسەر تەختی فەرمانڕەوایێتی هێناوەتە خوارەوە و میر فەرەیدوونی فارسی لەشوێندا داناوە ”**





حیلمی عەلی شەریف

> “ نەورۆز پێش دامەزراندنی کۆنترین رژێمی شاهەتی فارس بەلای کەمەوە بە دەیان ساڵ دامەزراوە ... بۆیە گومان لەوەدا نامێنێت کە هەر کورد ئەبێ یەکەم خاوەنی ئەم جەژنە بێت ”

نووسەر هەر لەو تەوەرەیەدا ڕوونکردنەوەی لەسەر سێ قۆناغی نەورۆز لە کوردستاندا کردووە، کە ئەوانیش هەتەڕێ و مەتەڕێ قەرە چوارشەمە کە دەکەوێتە ڕۆژێکی چوارشەمەی پێش نەورۆزەوە، لەگەڵ ئەو ئێوارەی کە جەژنی نەورۆزی تێدا دەکرێت و دواتریش سێزدە بەدەر، کە دەکەوێتە سێزدە ڕۆژی دوای نەورۆزەوە. لەو بابەتەشدا پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەکەی عەبدولڕەحمان زەبیحی کە دەڵێت:» ئەگەر شۆڕش بەوە بزانین کە لە پێشەوە ئەبێ خۆی بۆ ساز بکەن و خەڵک ڕێک بخەن و ئەوا ناردنە دەرەوەی لاوە ڕزگاربووەکان [مەبەستی لاوە ڕزگاربووەکانی ژێردەستی زوحاکە – ئەحمەد] بۆ دەرەوە لەبەرچاودایە، شۆڕشیش دژی ئەژدەهاک پێویستی بە ئاگادارکردنی دۆستانی شۆڕش هەبووە، هەتەرێ و مەتەرێ و بانە و بان گەران و ماڵە و ماڵکردن بۆ ئاگادارکردنی خەڵک بووە، ئەم قسانەش، ئەو شیفرەبوون، کە پێش ڕۆژی شۆڕش شۆڕشگێڕان ڕاگەیاندراون، روخاندنی ئەژدەهاک پێویستی بە پەلاماردان هەبوو، پەلاماردانیش سەعاتی سفری گەرەکە، ئاگری سەر لوتکەی بەرزی چیاکان کە تا ئەم دواییەش لە دێهاتی کوردستاندا بۆ ئاگادارکردنی یەکتری لە دیتنی مانگ بۆ رەمەزان و چەژنکردن کەڵکی لێ وەرگیراوە، ئەم ئاگرکردنەوەیە بۆ ئەم مەبەستە بووە، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی کاوە دەبێ لە شەوی هەتەرێ و مەتەرێ دا دەستپێکرد بێ و لە ناوبردنی ئەژدەهاک و خستە سەرتەختی فەرەیدون تا سێزدە بەدەری کێشای بێ».

حیلمی لەبارەی ئاڵاکەی کاوەی ئاسنگەر و گەیشتنی بە دەستی خەلیفەی موسڵمانان عومەر کوڕی خەتتاب (خوا لێ ڕازبێت) پەنای بردۆتە بەر ژمارەییێکی بەرچاو لە سەرچاوەی مێژوویی وەکوو تەبەڕی، مەسعودی ... هتد. دواجاریش پاش شیکردنەوە ئەو بابەتە دەڵێت:» بەو بەڵگە و لێکدانەوانەی سەرەوە و وتراوی مێژووناسان و شارەزایانی بە نەورۆزەوە خەریک بوو، ئەو ڕێبازەمان بۆ تەخت و خاوێن ئەبێتەوە ... کە نەورۆز جەژنێکی ڕەسەنی دێرینە و لە مێژووی کورددا و داستانی کاوەش داستانێکی سەرچاوە ڕاستە ... ئەم جەژنە لە دوو بەرگی زێرین و گەوهەر هەڵکێشراوە، بەرگە زێرینەکەی کە یەکەم ڕۆژی بەهاری بوژانەوە و پڕ خێر و بێری کوردستان و دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لە هەرێمەکەدا و بەرگە گەوهەرەکەشی سەرکەوتنی کوردی دلێر و جەرگ سووتا بەسەر ئەژدەهاکی لاوان کوژدا بووە، کە بووە بە سەر مەشقی ئومێد پەیداکردن لە پێناوی رادانی هەموو دوژمن و ناحەزێکی کورددا».

لە تەوەرێکی دیکەدا حیلمی هاتووە باسی هەم زوحاک هەمیش ئاستیاکی کردووە، بەمەش هەوڵیداوە بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی بەکارهێناون ئەوە ساغ بکاتەوە، کە زوحاک و ئاستیاک پاشای میدییەکان دوو کەسایێتی جیاوازن و هەر یەکەیان لە قۆناغێکی جیاوازدا فەرمانڕەوایەتیان کردووە، ئەنجام نووسیویەتی:» بەم بەڵگە و نیشانەیەی ئێستا ئەیخەینە پێش چاو بە تەواوەتی دڵنیامان ئەکات کە ضحاک پیاوێکە و ئاستیاک (ئیختوویکۆ) پیاوێکی ترە وە هەریەکەش لە جێگای و کاتێکی جیاواز لەگەڵ یەکتریدا ژیاون و فەرمانڕەواییان کردووە ...».

حیملی لەدوای ساغکردنەوەی کەسایێتی زوحاک و ئاستیاک، هەوڵێداوە ساغکردنەوەیەک بۆ کەسایەتی کاوەش بکات، بەمەش لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێت:» ... دەبێ ئەو ڕاستییە بخرێتە ڕوو کە کاوە و داستانی کاوە و نەورۆزی کورد بونەتە پارچەیەکی زێڕینی پڕشنگداری فوڵکلۆری لە تێکچوون و هەڵوەشاندنەوە نەهاتووی نەتەوەی کورد، وە هەر وزەیەکی دەرونیانە کە جێ پێی خۆیی قایم کرد لەنێو نەتەوەیەکدا ئەو وزەیە ئەبێت بە وزەیەکی ماددی کە ئیتر ئاوێتەی مێژووی ئەو نەتەوەیە ئەبێت».

دوا تەوەری ئەو کتێبە تەرخان کراوە بۆ بایەخی نەورۆز لە نێو مێژوونووسانی و ئەدبیانی کورد.

لە ڕاستیدا ئەو لێکۆڵینەوەیەی حیلمی عەلی شەریف کە لە دووتوێی کتێبێکی (٧٣) لاپەڕەیدا کردوویێتی، پڕێتی لە زانیاری و شیکردنەوەی ورد، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و سەلیقەی نووسەر، کاتێک دەبینین شرۆڤەی وردی بۆ زۆر لایەنی بابەتەکە کردووە و بە ڕوونی لەبارەی نەورۆز و پێوەندی بە کوردەوە دواوە. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەم کتێبە لە زەمەنێکدا لە بەغدای پایتەختدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەسەڵاتێک لەسەر تەختی فەرەمانڕەوایێتی بووە بە هەموو شێوەییێک لە هەوڵی ڕەشکردنەوەی مێژووی گەلی کورد بووە، بەڵام نووسەر بێ سڵەمینەوە لای لێکردۆتەوە.

# نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر

عاسم حەیدەری

لە سەرەتای مانگی نەورۆز (مارتی) ١٩٤٦ کۆمەڵێک کاسبکار و ڕۆشنبیری١ ئەندامانی حزب و لایەنگرانی، عەریزەیەکیان دا بە موتەسەریفی هەولێر، داوای ئەوەیان تیاکرد ڕێگەیان بدرێ بۆ کۆبونەوەیەکی گشتی لەدەرەوەی شار، بەهۆی جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوایەتی کورد، لەپاش ئەوەی کە کۆنەپەرستەکان بەمەیان زانی شێت و هار بوون و کەوتنەخۆ بۆ بەربەرەکانێ.

لەلایەن هەندێ لەوانەی کە خۆیان بە مەلا دەزانی، فتوایان دەرکرد کە نەورۆز جەژنێکی زەردەشتیی و لە ئاین دەرچوونە، ئەوەی بچێ بۆ ئاهەنگەکە کافرە، هەندێ جەردە و ڕێگریشیان هان دا، کە بەربەرەکانێی ئەوانە بکەن، کە ئاهەنگەکە دەکەن، لەمەدا سەرنەکەوتن، ئینجا ڕێگەیەکی خواروخێچ تریان گرت، بەوەی چاویان بە هەندێ لە سەرۆکی دایرە و مووچەخۆرەکان کەوت،



١٩٤٦/٣/٢١ – هەولێر – یەکەم ئاهەنگی نەورۆز بە ئاشکرا

ئەوانەی بە زمانی تورکمانی قسە دەکەن، پێیان وتن: هاوار بەماڵتان، ئەوانەی خەریکی نەورۆزن هێرشتان دەبەنە سەر و تاڵانتان دەکەن، لەبەر ئەوە پێویستە تکا لەفەرماندەی تیپی سوپای دووەم بکەن، بۆئەوەی نەهێڵێ جەژنی نەورۆز بکرێ. هەندێک لەم مووچەخۆرانە چوونە کەرکووک و هانایان بردە بەر (مستەفا ڕاغیبی) فەرماندەی تیپی دووەمی سوپا، بۆئەوەی ئاهەنگی نەورۆز قەدەغە بکا، مستەفا ڕاغیب ڕووی کردە هەولێر بۆ ئەوەی ئاهەنگی نەورۆز قەدەغە بکا، بەڵام یاریدەدەری موتەسەریف کە (شامیل یەعقوبی) بوو، باوەڕی بەم قسانە نەکرد و وای لە مستەفا ڕاغیب گەیاند، کەئەمە هەمووی درۆ و دەلەسەیە، مستەفا ڕاغیبی ئیقناع کرد، بەم جۆرە کۆنەپەرستەکان پاشگەزبوونەوە، ئەم کردەوەیەی (شامیل یەعقوبی) جێگەی ڕێز و سوپاس بوو. لەڕۆژی دواییدا شامیل یەعقوبی داوای من و کاک فایق نادری کرد، چووینە لای، هەواڵی ڕێگەدانی ئاهەنگەکەی پێ داین. لەبابەت قەدەغەکردنی ئاهەنگەکەشەوە، باسی هەندێک هەوڵی کۆنەپەرستەکانیشی بۆکردین.

لەوسەردەمەدا شەکر بە پلیت دەفرۆشرا. بەپێی قانوونی ڕێکخستنی ژیانی ئابوری ژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٤٣، داوامان لەموتەسەریف کرد بۆئاهەنگەکە هەندێ شەکرمان بداتێ. بەڵێنی پێداین سێ کیلۆ شەکرمان بداتێ لەوەی کە بۆموتەسەریف تەرخان کراوە، نامەیەکی بۆ (ئەحمەد چەڵەبی دەباغ) نووسی، کە لەوکاتەدا وەکیلی دابەشکردنی شەکروچای بوو لە هەولێر، کە شەکرمان بداتێ، شەکرەکەمان وەرگرت. ئەحمەد چەڵەبی پارەی لێ وەرنەگرتین و کردی بە باروبۆ (دوو دینار و نیو و پەنجا فلس) بوو، بۆ ئەمە قاسەی ژمارە یەکی کردەوە و پارەکەی لێدەرهێنا و خستییە قاسەی ژمار دوو-وە٢ لەپاش ئەوەی ڕێگەدانی ئاهەنگی نەورۆز بڵاوبووەوە گەلێ لە برادەرانی حزب و نیشتمان پەروەرەکان بە پارە باروبۆیان بۆ کردین،

> "لەلایەن هەندێ لەوانەی کە خۆیان بە مەلا دەزانی، فتوایان دەرکرد، کە نەورۆز جەژنێکی زەردەشتیی و لە ئایین دەرچوونە، ئەوەی بچێ بۆ ئاهەنگەکە کافرە"

ئاهەنگەکە (٨٣)دیناری تێچوو، کە هەمووی کۆ کرابووەوە.

بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە بەغداوە، میکرۆفۆنمان هێنا، جێگەی ئاهەنگەکە گۆڕەپانەکەی پشت نەخۆشخانەکەی هەولێر (مستوسفی ئێستا) بوو، ئێستاکە ئەم گۆڕەپانە نەماوە و هەمووی بووە بەخانووبەرە.

ئاهەنگی نـــەورۆز، لـە سـەعـات چـواری پاش نێوەڕۆی ٢١-ی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ کرایەوە، بەیانی ئەوڕۆژە کورسی و قەنەفە لەچایخانەکانی هەولێرەوە گوازرایەوە شوێنی ئاهەنگەکە، گەلێ لە خەلکی هەولێریش کورسی و قەنەفەی ماڵی خۆیان هێنا٣ بەم جۆرە جێگەی دە هەزار کەس جێبەجێکرا.

ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ ڕۆژێکی خۆش بوو، ئاسمان پیرۆزەیی و هەوا فێنک بوو، لەبەیانییەوە خەڵکی لەناو کۆڵانەکانی شاردا خەریکی هەڵپەڕکێ و گۆرانی بوون. ئێوارە سەعاتێک پێش کردنەوەی ئاهەنگ، خەڵکی ڕوویانکردە گۆڕەپانەکە، پیاو و ژن و لاو و گەورە و بچووک، کەس لە ماڵ نەمابوو، مەگەر پیر و نەخۆش نەبن هەروەها بەشێکی زۆری جووتیارەکانی دێهاتی دەوروبەری هەولێریش بەشدارییان تێیداکرد، لەپیاوانی میری یاریدەدەری موتەسەریف و فەرماندەی ئۆردوو، بگێری پۆلیس و حاکمەکان و سەرۆکی شارەوانی و بەشێکی زۆر لە مووچەخۆرەکان بەشدار بوون. ئاهەنگ بە سروودی (ئەی ڕەقیب)ی٤ نەتەوایەتی لـەلایـەن هـەنـدێ لـە قوتابیانی قوتابخانەکانی سەرەتایی هەولێر کرایەوە، لەپاشاندا کۆمەڵێک لە لاوە کوردەکان شایی و هەڵپەڕکێیەکی جوانیان پێشکەشکرد، ئینجا بەناوی لیژنەی ئاهەنگەوە وتارێک خوێندرایەوە، لە وتارەکەدا وترا: کە ئەم جەژنە، جەژنێکی نەتەوایەتی هەمووکوردە، ئەو نەتەوەیەی وڵاتەکەیان لەلایەن ئیمپریالیزمەوە دابەشکراوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، ئەو ئیمپریالیزمەی کە لەسەر سیاسەتێکی میکاڤیلی دەڕوا بۆ مـانـەوەی دەسـەڵاتـی، لـەبـەرئـەوە پێویستە ئێمەی نیشتمانپەروەرانی کورد لە عێراقدا خەباتێکی بێوچان لەگەڵ نیشتمانپەروەرە عارەبەکان بکەین، لە بەرگریەکی بەریندا لە دژی ئیمپریالیزم، بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و نیشتمانی وسەربەستی و دیموکراتی، دەبێ لەئەنجامیش نەترسن.

ئەم وتارە بە شیعرێکی نازم حیکمەت دوایی پێ هێنرا:

***«من نەسسووتێم،***
***تۆ نەسووتێی،***
***ئەو نەسووتێ،***
***چۆن لەتاریکییەوە دەڕۆین بۆ ڕووناکی»***

لە پاشان هەندێ گۆرانیبێژ گۆرانی کوردییان پێشکەش کرد، شاعیرێکیش لەبابەت نەورۆزەوە هەندێ شیعری خوێندەوە، ئینجا ماوەی پشوودان دەستی پێکرد و چایە و شیرینی بەسەر مێوانەکاندا دابەش کرا، جارێکی تر هەندێ شایی و هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش کرا، پاشان قوتابییەک وتارێکی بە ناونیشانی (جـەژنـی نـەورۆز و لاوەکـان) خوێندەوە، ئاهەنگەکە بەسروودێکی نیشتمانی کۆتایی هات. پاش کۆتایی پرۆگرامەکانی ئاهەنگ، جێگری موتەسەریف هەڵسا و سوپاسی پێشکەشی لیژنەی ئاهەنگ کرد، هەروەها خەڵکەکەش بە دڵخۆشییەوە سوپاسی ئەو کەسانەیان کرد، کە ئاهەنگەکەیان ڕێکخستبوو. لە ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٤٨دیسانەوە ئاهەنگی نەورۆز بەئاشکرا لە شاری هەولێر کرایەوە، بەڵام لە پاشاندا ماوەی ڕەشبگیریی لەعێراقدا دەستی پێکردەوە، لەبەرئەوە بوو ئاهەنگەکانی نەورۆز بەنهێنی دەکران، تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨.

پاش شۆڕشی ١٧ تەممووزی ساڵی ١٩٦٨ بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕش نەورۆز بوو بەجەژنێکی ڕەسمی نەتەوایەتی میللەتی کورد و ماوەی حەسانەوە لەهەموو عێراقدا.

**«پاش شۆڕشی ١٧ تەممووزی ساڵی ١٩٦٨، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕش، نەورۆز بوو بەجەژنێکی ڕەسمی نەتەوایەتی میللەتی کورد»**

**پەراوێزەکان**

١-ئەوانەی عەریزەکەیان ئیمزاکردبوو: ئەنوەر فەیزی، شێخ محەمەد، یونس یەحیا، فایق نادر، مەولوود شێخ محەمەد و هی تر، کەناویانم لەبیرنەماوە

٢- لە ئەحمەد چەلەبیمان پرسی هۆی دەرهێنانی ئەو پارەیە لە قاسەی یەکەمەوە بۆ دووەم چییە؟ وتی: قاسەی یەکەم هی خۆمە، بەڵام دووەم بۆ پارەی شەکر و چایە، نامەوێ پارەی شەکرەکە قەرزبێ لەلام

٣- لەمانە خوالێخۆشبوو، ڕۆستەم جەبار، ڕەئوف قانلی و فایق نادر بوون

٤- ئەی ڕەقیب، لە شیعری یونس ڕەئوف- دڵدارە. ئەم بابەتە لە گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)، بەرگی دووەم، مارت - نیسانی ١٩٧٠بڵاوبۆتەوە. ئێمە تەنیا پووختەی وتارەکەمان، کە پەیوەندی بە خودی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦-وە هەیە بڵاومان کردۆتەوە.



د. ئیسماعیل شوکر

# نەورۆزی ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر

ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر دووبارە بە ئاشکرا توانرا نەورۆز بکرێت. بەهەوڵ و تەقەلای چەند ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کورد، دڵسۆزانی نەتەوەکەمان، لەوانە: عەونی یوسف و جەلال حوسامەدین تاڵەبانی و چەندانی دیکە. لە ڕاستیدا نەورۆزی ساڵی ١٩٥٣ دەبێ شوێنێکی تایبەتی بۆدابندرێت لە مێژووی کورد بەگشتی و لە مێژووی شاری هەولێر بەتایبەتی، چونکە هەولێر یەکەم شاربوو لەباشووری کوردستان توانی ڕەزامەندی میری وەربگرێت، بێجگە لەمە لەو ساڵەدا توانرا نەورۆز، لە نەورۆزێکی ناوچەییەوە بکرێت بە نەورۆزێکی کوردستانی، چونکە نوێنەری زۆرینەی شارە کوردییەکان ئامادەی بوون، تەنانەت نزیکەی ١٧٦ کەس لە کوردەکانی شاری بەغداش بەشدارییان تێدا کرد و ئامادە بوون، بێجگە لەمەش یەکەم جار بوو ژنانی هەولێر بەکردار بەشداری ئەو ئاهەنگەیان کرد، ڕەمزییە عەدلی وەک ئەندامێکی سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکە لەگەڵ تیپی هەڵپەرکێی کچان بوو، بەشداربوونی ژنانیش بە کردەوە لەم نەورۆزەدا، دەتوانرێت بەشۆڕشێک دابندرێت لەسەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی کوردەواری ئەوسای شاری هەولێر، کە بوو بە ڕێخۆشکەر بۆئەوەی ئیدی ژنان، تەنانەت بەشداری لەکاری سیاسیشدا بکەن.

یەکەم ئاهەنگی نەورۆز بوو، بە ئاشکرا لە شوێنی ئێستای ئوتێل زەیتوونە ئەنجامدرا، کە لەو سەردەمدا باشترین سەیرانگای هەولێر بوو.

لەم ئاهەنگەدا جەلال حیسامەدین تاڵەبانی وتارێکی خوێندەوە، کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند و تێیدا باری نالەباری کوردی خستە ئەستۆی داگیرکەرانی کوردستان و ئیمپریالیزمی جیهانی، داوای لەدانیشتووانی هەولێر کرد، کە دەبێ زیاتر تەبا و یەکگرتووبن و هەوڵبدرێت ئاستی ڕۆشنبیریی بەرەوپێشتر هەنگاو بنێت، بۆ ئەوەی بتواندرێت ئامانجە سەرەکییەکانی کورد بهێندرێنە دی. ئەم وتارەش بوو بە یەکێ لەهۆیەکانی هەوڵدانی دەستگیرکردنی لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن حکومەتی نوری سەعیدەوە، بۆیە بە ناچاری سیاسەتمەداری کورد ڕێزدار (جەلال تاڵەبانی) بە نهێنییەوە عێراقی بەجێهێشت و ڕووی کردە سوریا، لەوێ وەکوو پەنابەرێک مایەوە، شایەنی باسە، جەلال تاڵەبانی، یەکەم ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتیبوو، کە لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق، هەوڵی دەستگیرکردنی درا و بوو بە پەنابەر. دیارە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤ یش شوێنێکی تایبەتی هەیە لەمێژووی نەتەوەی کورددا، چونکە لە سەرتاپای باشووری کوردستان ماوە درا، کە نەورۆز بە ئاشکرا بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە محەمەد فازل جەمالی لە ١٧ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٣ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرت.

کوردستان بەتایبەتی و عێراقیش بەگشتی، لەماوەی کەمتر لەساڵێک هەناسەیەکی ئازادی و دیموکراسی

> **"یەکەم ئاهەنگی نەورۆز بوو، بە ئاشکرا لە شوێنی ئێستای ئوتێل زەیتوونە ئەنجامدرا، کە لەو سەردەمدا باشترین سەیرانگای هەولێر بوو، لەم ئاهەنگەدا (مام جەلال) وتارێکی خوێندەوە، کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند"**

هەڵمژی، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی نویَ میشکی زاخاودرابوو بە بیرۆکەی دیوکراسی، هەروەها باوەڕیشی بە لیبرالییەت هەبوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەک لە وڵاتانی ئەوروپا ژیانی بەسەر بردبوو.

(محەمەد فازڵ جەمالی ١٩٠٣-١٩٩٧ وەزیر و سیاسەتمەدار و بیرمەند و نووسەرێکی عێراقی بوو، چەندین کتێب و وتاری لەبواری یەکێتی عەرەب و زانستە پەروەردەییەکان نووسیوە، لەساڵی١٩٥٣ تا ١٩٥٤ سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، یەکەم کەسایەتی عێراقی بووە لە زانکۆی هارڤارد دکتۆرای لە زانستە پەروەردەییەکان وەرگرت، بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ لە ساڵی ١٩٤٥).

بۆیە ببووە جێی ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتووانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی (هەربۆیە لەسەرتاپای کوردستان ئاهەنگی نەورۆز بەشێوەیەکی دیکە و بە جۆرێکی دیکە گێڕدرا و تێیدا وتاری سیاسی و سروودی نیشتمان پەروەردەیی دەوترانەوە و زەماوەند و هەڵپەرکێ سازدەکرا، هەرلەدوای ئەم ساڵە، دووبارە نوری سەعید جڵەوی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست و دژی هەموو بۆنەیەکی نیشتمان پەروەری نەتەوەی کورد دەوەستێتەوە، چونکە ئەم بابەتانەی وا لێکدەداوە کە هاندەرن بۆ زیادبوونی هەستی نەتەوایەتی کورد و دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتین.

بۆیە جارێکی دی یاد و ئاهەنگەکانی نەورۆز بەنهێنی دەکرانەوە، تاساڵی ١٩٥٨.

> **"هاتنی ڕژێمی کۆماری و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی، وەچەرخانێکە لەمێژووی گەلی عێراق بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، کورد بەگشتی و هەولێریش بەتایبەتی زۆر بە دڵخۆشییەوە پێشوازییان لەم گۆرانکارییە کرد"**

هاتنی ڕژێمی کۆماری لەعێراق و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی وەچەرخانێکە لەمێژووی گەلی عێراق بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، کورد بەگشتی و هەولێریش بەتایبەتی زۆر بە دڵخۆشییەوە پێشوازییان لەم گۆرانکارییە کرد، کە بووە سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ.

**تێبینی/**

**بەپێی زانیارییەکان لە ساڵانی ١٩٣٣ تا سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ بەردەوام لە قەڵای هەولێر یادی جەژنی نەورۆز لە ماڵی یەکێ لە گەنجەکانی هەولێر بە ناوی (سەلیم سەیدۆک) بەنهێنی کراوەتەوە. سەرەتای ئاهەنگەکە لە ئێوارانی (٢٠ و ٢١)ی ئادار دەستی پێدەکرد، بەناوی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر، گەلێ لە دەنگخۆش و دەفژەن و زانا ئایینییە کورد پەروەرەکان بەشدارییان تێدا دەکرد، تا کاتی خەوتنی شەوان، لە دوایشدا دەست دەکرا بە ئاهەنگ گێڕان و یادکردنەوەی جەژنی پیرۆزی نەورۆز تا بەیانی.**

**بەقسەی عیزەددین فەیزی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی سەرپەرشتی زۆربەی ئاهەنگەکانی دەکرد و بابەتی زۆر بە پێزی لە مێژووی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد دەخوێندەوە. ( بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە -تاریق جامباز، نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٣-١٩٤٠ لە قەڵای هەولێر، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (٦٦) ئاداری ساڵی ١٩٩٣).**

***ئەم وتارە، پووختەی وتارێکی دکتۆر ئیسماعیل شوکرە کە لە بەرگی (٤) ئینسکلۆپیدیای هەولێر بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- **لە (سەمای بەفری ئێواران)دا .. جەلال بەرزنجی دەرکەوت**

بۆتان جەلال

- **مەولەوی و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی**

حەمەکەریم هەورامی

- **جیاوازی نێوان ڕۆمانی مۆنۆلۆگی و ڕۆمانی پۆلیفۆنی لەڕوانگەی باختینەوە**

د . نەجم ئەڵوەنی

- **سیمۆلۆژی ئاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوەی دڵشاد کاوانی دا**

هاوکار جمیل

- **گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا**

ڕۆستەم خامۆش

## لە (سەمای بەفری ئێواران) دا

# جەلال بەرزنجی دەرکەوت

شیعر، وەکوو ئایین بەردەوام مشتومڕی لەسەرە، ڕەهەندی جیاجیا و تێڕوانینی شەبەنگیی و فەزای فرەوانی ئاسۆیی و شاقوڵی دەگرێتە خۆی، بە شەپۆلی دەریاکاندا دەچێت، بەردەوام لە جووڵە و گەیشتن بە کەنارەکان ماندوو نابێت.

ژیان خۆی بریتییە لە جووڵەیەکی سەرمەدییانەی درێژخایەن، تا ژیان هەبێ، شیعر هەیە، شاعیران نوێنەری سەردەمی خۆیان و کوڕی ژینگەکەیانن، شیعری جوان و شاعیری بلیمەت و ئەفرێنەریش وەکوو مرواری هەر بەجوان و نرخ بەرز و نەمریی دەمێنێتەوە، ئەگەر تەمەن و زەمەنیشیان بەسەر بچێت.



بۆتان جەلال

کۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران)ی جەلال بەرزنجیم لەسەرەتای هەشتاکان خوێندبۆوە، کە لە ساڵی ١٩٧٩ چاپی کردبوو دوای تێپەڕبوونی چل و سێ ساڵ، گەڕامەوەسەری، جارێکی دیکەش خوێندمەوە، ئەمجارەیان بەچاوی ڕەخنە و شیکرنەوە، هەستمکرد شتگەلێکی زۆری تیایە بۆ قسە لەسەرکردن و تێبینی و سەرنجی نوێم لەلا گەڵاڵە بوون، ئەوە دەهێنێ ئاماژەیێکی مێژوویی پێبدەم و زانیاری تازە و گەرم بدرکێنم.

بۆم دەرکەوت تا ئەم بەرهەمە شیعرییە بڵاونەکرابۆوە، شیعری شەست و حەفتاکانی کوردی دەخرانە ناو چوارچێوەی شیعری میللییەوە، شیعری میللی بەهەموو بنەما و ڕێساکانییەوە.

جەلال بەرزنجی ئەو شێوازە شیعرییەی جێهێشت، شیعری نوێخوازی خستەر سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بۆ ئەو کات شیعرەکانی لەهەموو ڕوویێکەوە مۆدەی تازە بوون، چێژی تایبەتیان هەبوو، مایەی لێووردبوونەوە و مشتومڕ دروستکردن بوون، وەلێ وەکوو پێویست ئەو مافەی پێنەدراوە و خێرا بەسەر ئەفراندنەکەی تێپەریون و نەبۆتە مایەی بایەخی نووسەر و ڕەخنەگران، من ئەوە بە ستەمێکی گەورە بەرانبەری لە قەڵەم دەدەم.

نوێکردنەوەی (زمان) لای ئەو شاعیرە ئامانجی یەکەمیەتی، چاک لەوە حاڵیی بووە، داهێنانی نوێ و جیاواز، بە زمانی نوێ و سەرکەشیی دەخوڵقێندرێت، بۆیە لە شیعرەکانیدا مەیل و میانەی جیاوازی و خەسڵەتێکی تایبەتی بە چێژی زمانەکەیەوە دیارە، تاکایێتی وخۆجیاکردنەوەی لەگەڵ زمانی زۆرینەی شاعیرانی پێشوو و هاوشانەکانی لێدەبیندرێت، هەر ئەو زمانەی بوو، شاعیری وەکوو داهێنەرێکی بە توانا لە گۆڕەپانی شیعری نوێی کوردیمان ناساند، لە شیعری (زنار) دا هاتووە: -

***بوویتە بارانی دەم بایەک و***<br>
***دوات کەوتم،***<br>
***تا لە چۆمێ ببیتە ڕووبار،***<br>
***منیش پەلکە گیای هەمیشە سەوزی کەنارت***<br>
***یا زنارێ،***<br>
***تۆش شتڵە گوڵێک،***<br>
***بێ بوونی من هەڵنەچیت،***

زمان بە مانا گشتییەکەی هی هەموو خەڵکە، بە مانا تایبەتییەکەی تەنیا موڵکی ئەوانەیە کە دەتوانن جوانتر و نوێتر و کاریگەرتر نیشانی بدەن و چێژ و هارمۆنیای تایبەتی پێببەخشن.

زمانی شیعری بەرزنجی بێ گرێ و بێ فشارخستنە سەرخۆی و لاساییکردنەوەی شاعیرانی بیانی، دەچێتە ناو دڵ و کارلێکێکی چالاک لەگەڵ هەست و نەست ئاوێتە دەکات و شێوازی بونیادی شیعرەکەی تەواو و پتەو دادەمەزرێنێت.

> **کۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران)ی جەلال بەرزنجیم لە سەرەتای هەشتاکان خوێندبۆوە، کە لە ساڵی ١٩٧٩ چاپی کردبوو دوای تێپەڕبوونی چل و سێ ساڵ، گەڕامەوەسەری، جارێکی دیکەش خوێندمەوە**

زمان لە پرۆژەی داهێناندا ئەگەر مەبەستی کەشفکردن و دۆزینەوەی کەناڵی نوێ و ڕەهەندی جیاجیا بوو، ئەو زمانە زمانێکی باڵادەست و ژیر و کارلێککەرە و دەگاتە ترۆپکی گەشانەوە و سەرکەوتن، بەرگی زمانی سوپەر دەپۆشێت و دۆخی توندوتۆڵکردن و چالاکبوونی (دەق) دەگرێتە ئەستۆی خۆی و تا مەودای درەوشانەوە شکۆداریی دەنوێنێت و چەمکێک وردەکاری تازە و تەکنیک و ئێستێتیکی دەکاتە هێز و ماتەوزە و وشەکان پردەبن لە بزاوتی ڕیتمیی و دەستەواژە و وێنەی شیعریی باڵا، پێچەوانەی ئەو زمانەی تەنیا شوێن و ماڵی خۆی دەناسێتەوە و ناتوانێ دوورتر و بەرزتر بفڕێت، ئەوە زمانێکی مووتووربە نەکراوە، ئارەزووی داهێنانی تیا نەماوە و ئاسایی و سست چەقیوە، بێ ئەوەی یەک تۆزقاڵ جوانیی ببەخشێتە سیما و مانا دەرەکییەکانی دەق و خوێندنەوەی بۆ خۆش و وانەدار بکات.

مژاری پێکهاتەی شیعریی لە وێنە و خەیاڵ و زمان چوارچێوە نەدراوە، ئەگەرچی ئەمانە ڕەگەزی سەرەکی شیعرن، هەستی و ناهەستی و باری سایکۆلۆژی و نۆستالی.

ئەمانەش ڕۆڵی بنچینەیی لە بەدەرکەوتنی پیکهاتەی ناوەوەی شیعردا دەگێڕن سەیری شیعری (وردبوونەوە) بکە کە دەڵێت:

***ئەستێرەیەکە،***
***پێش تاریک داهاتنی ئاسۆ هەڵدێت،***
***کەمێکیش بەسەر لووتکەکان دەمێنێتەوە***
***ئەستێرەیەکی ئاشقە***
***سەرقافڵەیە***
***بەتەواوی نەوی دەبێت***
***کە ئاوا دەبێت نارەحەت نابم***
***دەزانم،***
***سبەی ئێوارە لە شوێنێکی تر هەڵدێتەوە***
***جریوە دەهاوێتە ناو بەردەکان***
***منیش بێ چەند ساتێک بەختیار دەکات***


جیا لەوەی زمان لەوێدا کەرستەی توندوتۆڵکردنی ڕیزە خشتەکانی بونیادی دەقە، لەسەر جەستەی شیعرەکەشدا جۆریک لە جوانبەخشیی دەردەخات کە خوێنەر هەست بە ئارامی دەروونی دەکات و مەیلی لێکدانەوەی مەبەستی شیعرەکە بە ڕەگاژۆبوونی نەستە شاراوەکانیدا شۆڕ دەکاتەوە، جیوەیی زمانە ڕایەڵی ئۆرگانی لە وێنەی شیعریی نمایش دەکات، وەکوو چۆن لەم دیمەنەی سەرەوە دەردەکەوێ، تابلۆیێکی جوانی (ئەستێرە و ئاوابوون)ی تێدا بەرجەستە کردووە.

شاعیر نەک تەنیا بۆ دەرخستن و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لەخۆی چووبێتە ناو کایەی عیشق، بەڵکوو کۆی شیعرەکانی ناو ئەم بەرهەمە باخچەیێکی ڕەنگینی پڕ لە سۆزە، سۆزی عەشقێکی ڕاستەقینە و ئەزموونکراو، ڕێبوارێکی سەرمەشقی خۆشەویستی و جوانپەرستییە، لە شیعرێکیدا درامای سۆزی وەکوو ئاوریشم دەچنێت تابگاتە ئەو خاڵەی تیایدا دەدرەوشێتەوە و بەیانی سەربردەی ئەڤینداریییەکەی وێنا بکات:

***شەوانی درەنگ،***
***کاتێ ڕەوە سەگی خوار ئاوایی دەوەڕن،***
***دەڵێم دێتەوە.***
***یان بەم نزیکانە دەڕوێت.***
***کاتێ بارانیش،***
***بۆ چەند ڕۆژێک کڕ ناکاتەوە،***
***لەو پردە دەترسم ونی کات،***
***کە بۆ ئێرەت دەهێنێتەوە.***
***خۆ ئەگەر بزانم لەبەری پردەکەی،***
***ئەوە شێت دەبم.***
***تا گوێم لە سەگوەڕ بێت***
***و***
***دووریش بوەڕن و***
***ڕووبارەکەش هێمن***
***هێمن نەبێتەوە،***
***لە نارەحەتییان***
***ناخەوم.***

زۆر وردە
هێلی

**بۆم دەرکەوت تا ئەم بەرهەمە شیعرییە بڵاونەکرابۆوە، شیعری شەست و حەفتاکانی کوردی دەخرانە ناو چوارچێوەی شیعری میللییەوە**



> **جەلال بەرزنجی ئەو شێوازە شیعرییەی جێهێشت، شیعری نوێخوازی خستەر سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**




دراماتیکی باری دەروونیی خۆی دەکێشێت، لەو وەختەیەوە مامۆستا دڵخوازەکەی کە لە قوتابخانەی گوند پێکەوەن، دەگەڕێتەوە ماڵ، یان هەرکاتێک بیەوێ بگەڕێتەوە و سەفەرەکەی ئەنجام بدات، لەم دیمەنەدا پاڵەوانی دراماکە لە دۆخێکی ناجێگیر و لە جیهانبینییەکی ئاڵۆزدا دەردەکەوێت، جارێک گەنگەشە لەگەڵ خۆی دەکات، جارێکی دی لەگەڵ سروشت و حاڵەتە سروشستییەکانی دەرەوەی خودی خۆی و دەسەلاتەکانی، لەنێوان هۆشیاری و نا هۆشیاریدا دێت و دەچێت، ئەو تابلۆ هارمۆنیایانەی لەم شیعرەدا سکێچی بۆ داڕشتوون، ئێستاش لەیادی ئەو کەسانە ماون کە خوێندویانەتەوە.

(یاکو بسن) دەڵێت: دەقی سەرکەوتوو بەوە دەناسینەوە تاکوو ماوەیێکی زۆریش دەکەوینە ژێر کاریگەرییەکەیەوە و لە دیدگەماندا وێنەکانی تۆمارکراون.

خەون و خەیاڵکردن ئامرازێکن بۆ تەقینەوەی دەهشە، ئەگەر شیعر دەهشە دروست نەکات، بە کۆرپەلەیێکی ناکام و ناتەواو دەچێت، ترسی مردن و فەوتانی دەکەوێتەسەر، ئەگەر خەیاڵ بەپێزییەکەی جەستەی شیعر بێت، ئەوە زمان ڕۆحیەتی، هەموو وێنەیێکی شیعریش لە منداڵانی خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرن و نەشونما دەکەن و گەورە دەبن،

شاعیر لە تێرامان و خەیاڵبەرزیدا پێگەیشتووە، زمانەکەشی هێزی دوورفڕینی پێداوە، شاعیران تابلۆ بە وشە دەنەخشێنن وەکوو چۆن شێوەکاران بە ڕەنگ و بۆیە، هەردەم شیعر بە تێڕوانینی میتافیزیکی، دەکرێت بگوترێ (شیعر وەڵامی لێ دەست ناکەوێت) هەردەم پرسیارە، نەوەکوو وەڵام، چونکی لەهیچ بوار و سنوور و بازنەییێکدا تاهەتایی نامێنێتەوە، شیعر خۆی شەماڵێکی ڕاگوزەرە، ئەگەر وەڵامدانەوە کاری ئەوبێت و ئاوەڵناوی وەزیفەی بێت، دەبێت بیگەڕێنینەوە بۆ ڕابردوو، بەوپێیەی ئاراستەی مەرامی شیعر لە ئایندەدا دەدۆزرێتەوە و مەحاڵە ئاوڕ لە دواوەی خۆی بداتەوە.


زۆرێک لە شیعرەکانی ناو ئەم بەرهەمە، شیعری میتافیزیکین و لە خولگەی گەڕان و سۆراغکردن دەسووڕێنەوە، بە بەرگ و شێوازی جوانخوازی و نیشاندانی ئێستێتیکای شیعر و ڕسککردن بە ڕەوگە مینیمالیزییەکان، تاگەیشتن بە تروپکی ڕووناهییە ئەزەلییەکانی جەوهەری شیعر و دەروەشانەوەیدا، دواتر نەشونمای وێنەکانی شیعر لە میتۆدی مرۆیی وسۆزدارییەکانیدا، لە شیعری (سێبەر) ئەم بەرجەستەکردنە سەرنج بدە:

***ئێوارە نەما،***
***سێبەری قەلاش،***
***کشایەوە بنی،***
***ون بوو.***
***دەبێ ئێوارەیەکی تر،***
***چاوەڕوانی درێژبوونەوەی سێبەر بکەم***

نەمانی سێبەر (وێنەیێکی شیعریی) سەربەخۆیە، سێبەری قەڵا (وێنەیێکی دیکە)یە، کشانی سێبەر بەبنی قەڵا و ونبوونی (وێنەیێکی ترە) لەکاتی ڕابردوو، دەبێ ئێوارەییێکی دی چاوەڕوانی سێبەر بکەم (وێنەیێکی شیعرییە) لەکاتی داهاتوودا، یەک بە دوایەکەکانی وێنەی شیعریی، ڕامکردنێکی بە توانا و داهێنەرانەی شاعیرە لە ساتەوەختی (ڕابردوو، ڕانەبردوو)دا کە لێنەگەڕاوە بۆشایی زەهنیی لە زنجیرەی هەستونەستی خوێنەر دروست بکات و نا هاوسەنگی هارمۆنی لە جەستەی دەقەکە پەیدا ببێت.

لەکۆتاییدا ئەم قسەیەی شاعیری گەورە (هنری میشۆنیک) دەهێنمەوە کە دەبێژێ (نوێخوازی ئەو پێکەنینەیە کە دەنگ و زایەڵەکانی لە ئایندەدا دەبیسترێن، ئامانجیش بۆ ئایندەیە و بەشکۆداریش گەورە دەبێت و دەمێنێتەوە).

# مەولەوی و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی



حەمەکەریم هەورامی

دەستەگوڵی زمان لەبواری ئەدەبدا شیعرە، شیعر پەرجوو- موعجیزە، زمان و قاڵب و ئاوازدەری وشە و ڕستە و دەستەواژەیە، ناوەڕۆکی خۆی لەسروشت و ژیانی مرۆڤەوە دێنێ، بۆیە وتراوە شیعر ئاوێنەی نواندنی سەردەمی خۆیەتی و گوزارە لەبیروڕا و جۆری ژیانی مرۆڤ دەداتەوە. شیعر کە هاتووە سۆز و ئاوازی مرۆڤی سەردەمی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئاواز و سۆزیش گۆرانی و نزایان لەخۆ ئاڵاندووە، گۆرانی سۆز و نزا دڵەڕاوکێ و ترسیان لەدەروونندا ڕەواندوەتەوە، مرۆڤ هەمیشە گۆرانی بە هادەم و هەڤاڵی خۆی زانیوە لەگەڵ ئەودا خۆی بەتەنیا نەزانیوە لەچۆڵەواری و سەفەردا لەتەکیدا بووە.

گۆرانی لەبنەڕەتدا لەسۆزەوە هاتووە، سۆز کۆمەڵە وشەیەکی هێناون و بەیەکەوە ڕیزی کردوون و ئاواز و مۆسیقای داونەتێ و کردوونی بەشیعرو گۆرانی.

بێگومان گۆرانی کۆمەڵە بەیتە شیعری هەڵبژاردەی دەوێ، دیارە هەڵبژاردن و پەسەندکردنی شیعر بۆ گۆرانی لەخۆڕا نابێ و بەکەسانی شارەزاو چێژ ساف دەکرێ، خۆ هەموو شیعرێک بۆ گۆرانی دەست نادات، لوا و نەلوای هەبووە، هەڵبەتە لێرەدا سەرەتای نرخاندن و هەڵسەنگاندنی سەر زارەکی سەری هەڵداوە، ئەم سەرهەڵدانە لەدوا ڕۆژی خۆیدا بووە بە (ڕەخنەی ئەدەبی) (ڕەخنە) مانای فرەبەخشە، لەکورتترین چەمکیدا سەنگ و کێشکردنی بەهاو لایەنە جوانەکانی ئەدەبە لەو ڕووەوە کە سوودیان بۆ مرۆڤ هەبێ.

مێژووی سەرهەڵدانی شیعری کوردی سەرەتاکەی دیار نییە و خۆی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵاو کردووە، مرۆڤ ئەجیای ئەوە دەکات کە لەگەڵ پەرەسەندنی شیعردا، ئەو شیعرە چ بۆ گۆرانی بووبێ، یان ڕازونیازی پێ هۆنرابێتەوە، جۆرە ڕەخنەیەکی سەر زارەکی بەدەرنەبووە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە نەهێڵێ شیعر لەڕەوتی خۆی لابدا، لەلایەکی ترەوە کامەی لەبار و گونجاو بووە دەست نیشانی بکات.

بەدووری مەزانە شاعیرە کۆنەکانمان هەر پارچە شیعرێکیان نووسیبێ بەر لەبڵاوبوونەوەی بۆ کەسانی شارەزایان خوێندبێتەوە و لەو بارەوە ڕای وەرگیرابێ، بەڵام گرفت ئەوەیە، ئەو پارچە شیعرە کامەیە و خوێنرایەوە و پەسەند کرا؟ ئەی ئەوە کێ بوو نرخاندنەکەی بۆ کرد؟ چۆنی کرد؟.

بۆ وەرامدانەوەی ئەو پرسیارە مێژووی ئەدەبی کۆنمان بێجگە لە مەولەوی تائێستا نموونەیەکی ترمان بەردەست نەکەوتووە، بەڵام بەلای هۆشەوە دوور نییە هەبێ و پێی نەزانرابێ، یان ئێمە بۆمان دەرنەکەوتبێ.

هەندێ توێژەری زمان گەڕاون، سەرەداوێک بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی نووسراو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بیکەن بە بەڵگەی باوەڕ پێکراو و بێبەشنەبوونی ئەدەبی کوردی لەو بوارەدا؛ بەڵام لەبەر ئەوەی گەڕانەکەیان گشتگیر نەبووە بە ئەنجام نەگەیشتوون بۆیە ناچار بوون پەنا ببەنە بەرجۆرە گلەیێک کە هەندێ شاعیر لەهەندێ بەیتە شیعریاندا گازاندەیان لەوانە کردووە کە بەرهەمەکەیان بە

**مەولەوی لەخەیاڵکاری و پێکاندنی مەبەستدا لەو بابەتە هاوبەشەی هەردوو شیعرەکەدا، شیعرەکەی مەحروومی بەسەرکەوتوو زانیوە**

**"ئەو توێژەرانە هەوەسیان وابووە ئەو گازاندانە بکەن بە ئاماژەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، کەچی لەناو ئەدەبی کوردیدا نموونەی واهەیە پەی پێبەبراوە، شایستەی ئەوەیە بکرێ بە سەرەتا بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی و بەراوردکردن"**

پەسەند دیدە نەزانن!.
ئەو توێژەرانە هەوەسیان وابووە ئەو گازاندانە بکەن بە ئاماژەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، کەچی لەناو ئەدەبی کوردیدا نموونەی واهەیە پەی پێبەبراوە، شایستەی ئەوەیە بکرێ بە سەرەتا بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی و بەراوردکردن، وەک لەمەودوا دەیخەینەڕوو.
(دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) پێی وایە ئەو گلەییە کە (ئەحمەدی خانی) لەپێشەکییەکەی (مەم و زین)دا بۆ خوێنەرانی دەری دەبڕێ ئاماژەیە بۆ بوونی ڕەخنەگران، وایە هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری لە ڕەخنەی ڕەخنەگران بەدەر نییە، بەڵام سەرزارەکی نابێتە سەرەتا بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنە، ئەمە و لەکاتێکدا ڕەخنەی ئەدەبی ڕەویەی خۆی هەیە، نموونەی بەرچاوو ڕاشکاوی دەوێ[1] دکتۆر، بۆچوونەکەی خۆی لەم چەند بەیتەی پێشەکییەکەی (مەم و زین) هەڵهێنجاندووە، کە دەڵێ:

***(خەلقی کو ژ سینەو ژ دل ساف***
***پاکیز سروشت و ئەهلی ئینساف***
***بیلجوملە بکەن ژ بۆ مە تەحسین***
***بێژن کو بە قنجی هاتە تەدوین)***

***واتە: ئەوانەی کە دڵ و دەروونیان پاکەو*** ڕەسەنن، مەم و زین پەسەند دەکەن و عەیبی لێ ناگرن بە چاوی کەمەوە سەیری ناکەن، بەگشتی بەرهەمەکە بەباش بزانن، چونکە بەدڵسۆزانە هاتۆتە بەرهەم.
هەروەها دەڵێ:

***(ئەڤ نامە ئەگەر خرایە گەر قەنج***
***کێشایە د گەل وێ مە دووسەد ڕەنج***
***ئومێد ئەوە ژ ئەهلی عیرفان***
***ئەو دێ نەگرن لە من چ حەرفان)***

واتە: ئەم نامەی (مەم و زین)ە ئەگەر پێتان باش بێ، یان نا، من بۆ بەرهەم هێنانی دووسەد ڕەنجم بۆی کێشاوە، ئومێدم لەئەهلی زانست ئەوەیە ئەگەر هەڵەیەکی تێدا هاتبێ چاو پۆشی لێ بکەن).
یان دەڵێ:

***(سەهوو غەڵەتان نەکەن تەعجووب***
***تەئویل بکەن ژ بۆ تەعسووب)***

واتە: با بەشوێن هەڵەدا نەگەڕێن، بەڵکوو لەڕەخنەگرتندا هەستی نەتەوایەتی بخەنەکار، کەواتە با پێڕەوی ڕەخنەگرانە بنەمای نەتەوایەتیان بێ، چونکە داستانی (مەم و زین) خزمەتی میللەتی کورد دەکات.
ئایا ئەو چەند بەیتە شیعرەی خانی، ئەوەیان لێ هەڵدەهێنجرێ کە خانی پێشبینی ڕەخنەی ئەدەبی نووسراوی کردبێ؟
خۆ ئەگەر وەهابێ چەند لەبواری ئەدەبی کوردیدا پایەدارە ئەوەندەی تریش مەزن و پایەبەرز دەبێتەوە.
خانی لەو بەیتانەی پێشەوەدا لەبەر خۆیەوە ئومێد دەکات خەڵک هەڵە لەو بەرهەمەی نەگرێ، بەڵکوو لەگیانێکی کورد پەروەرانەی ڕەسەنەوە سەیری بکەن.
بێگومان لەسەردەمی خانی و پاش ئەویش لەناو خەڵکدا کەسانی وەها هەبوون لەڕووی نەزانین و ڕژدییەوە کاریان بروبەهانە دۆزینەوە بووە، سەبارەت بەو بەرهەمانە کە بەکوردی نووسرابن!.
یان خانی خۆی ئەو خورپەیەی لەدڵ خۆیدا دروستکردووە چونکە دەیزانی خەڵک هۆشیان لەسەر خوێندنی کوردی قوفڵ دراوە، بۆیە وای مەزندە کردووە ئەو (مەم و زین)ەی وەک پێویست لێ وەرناگرن و بەهانەی بۆ دەدۆزنەوە، تۆ بڵێی ئەو جۆرە بەهانە گرتنە بچێتە خانەی ڕەخنەی نووسراوەوە؟
تاکە نموونەی زیندوو کە هەبێ و بکرێ بەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبیمان ئەو سێ بەیتە شیعرەی (مەحرووم)[2] کە بۆ مەولەوی ناردووەو داوای لێ کردووە کە لەتەک دوو بەیتە شیعری (خانای قوبادی) کە یەک بابەتیان هەیە کە (تواندنەوەی بەردی سەختە بەبەرق و عیشوەو نازی چاوی چاو بازانە).
(مەحرووم) لەوە دڵنیا بووە کە مەولەوی (خانا)ی بەشاعیرێکی گەورە و سایە و پایەداری زانیوە، ڕەنگە لەبواری شیعردا بەمامۆستای خۆی زانیبێ، دیارە دوو بەیتە شیعرەکەی خانا لای شاعیرانی ئەو دەمە نموونەی شیعری چاک بووبن بۆیە مەحرووم هاتووە خۆی لەو وێنە شعرییەی خانادا تاقیکردووەتەوە کە ئەم دوو بەیتەن:

***(بەرقی سەیفی ناز ئەبرۆ خەمینان***
***عەکسی ماوی خاڵ خورشید جەمینان***
***ئەربگنۆ وەکۆی قولەی قەزاڵە[3]***
***مەرۆش وە بوول سفتەی سەد ساڵە)[4]***

***واتە: ئەگەر تیشکی شیری ئەبرو خەمینانی یار، یان وێنەی ئەو خاڵە خەماویەی نێو نیگای کە وەسە ماوی هونەرمەند کێشابێتی لەقولە قەزاڵەبدا وای دەسووتێنێ دەیکات بە ـ خۆڵەکەوە ـ خۆڵەمێش ـ ی سەد ساڵەی لەمەوبەر.***

***ئەمەش سێ بەیتەکەی (محرووم)ە:***
***بەرق بەرقەی ناز عیشوە فرۆشان***

***چەخماخەی لەنجەی تەلا نەگۆشان***
***بریسکەی نیگای دیدە شا بازان***
***بریقەی غەمزەی شەکەرین رازان***
***ئەربگنۆ وە سەنگ جای تەجلای نوور***
***مەگەرۆش وەگەرد چون سورمەی کۆی توور***
***(مەعدووم) ڕاس (خانا) سۆزانی عەشق بێ***
***کەی وێنەی (محرووم) هەر عەشقشە مەشق بێ[5]***

واتە: ئەگەر بەرقەی بەرقی نازی یارانی عیشوە فرۆشان و چەخماخەی لەنجەو لاری گوارە زێڕینە لەگوێکان و تیشکی غەمزەی چاوی چاو بازان و شیرین گوفتاران لەجیاتی نووری خوا بدەن لەهەر تاشە بەردێک وەک بەردە سووتاوەکانی کێوی تووری لێ دەکات.

محرووم داوا لە مەولەوی ـ مەعدووم ـ دەکات ـ دادوەر ـ قازی ـ بێ لەنێوان خۆی و خانادا، هەڵسنگاندن لەنێوان ئەو پارچە شیعرەدا بکات.

مەولەوی لەم شەش بەیتەی خوارەوەدا ڕای خۆی لەمەڕ هەردوو شیعرەکە بۆ محرووم دەردەبڕێ و دەڵێ:

***ئەو باوی خەیاڵ (محرووم)ی دانا***
***ڕەدیفی لەتیف زەریفی (خانا)***
***یاوا وە دیدی کەم بینام ساوا***
***جە ئەو بینایی پەی دیدەم یاوا***
***پەیڕەوی (خانا)ت یاد ئاوردە بێ***
***ئەو ئەسل و وێت فەرع حساو کەردە بێ***
***لاکین زادەی طبع بۆ عەنبەرینت***
***دەس ڕێسەکەی فکر بیکری شیرینت***
***پەسەند دیدەی فام عەقلی دانا بێ***
***خاستەر جە خەیاڵ خاصەی خانا بێ***
***زیادە پەی فەرع وە سەر ئەسڵدا***
***خاصەی واتەی تۆن جەی سەر فەصڵەدا[6]***

واتە: ئەو شیعرانە کە نۆبەرەی خەیاڵی (محرووم)ی دانان کە خۆی لەشیعردا بەهاوشانی (خانای قوبادی) زانیوە پێم گەیشتن بەچاوە نابیناکانمدا سوینم بەو سوینە ڕۆشنایی هاتەوە ناو دیدەکانم. مەحرووم تۆ لەشیعردا پەیڕەوی (خانا)ت کردبوو، ئەوت بە بنەکدار و خۆت بە وەچ دانابوو، ئەو شیعرانەت کە زادەی چێژی عەنبەرینت بوون تازە دەستڕێسی فیکری نۆبەرەی شیرینت بوون، ئەو شیعرانەت لەحوکمی ئەقڵ و فامدا لەشیعرەکانی خانا پەسەندتر بوون، لە خەیاڵکاریشدا لەوان جوانتر بوون، لەم شوێنەدایە لق بەسەر بنکەی خۆیدا سەرکەوتووە، مەحرووم ئەمە بۆ کەسی غەیری تۆ نەلواوە.

کەواتە مەولەوی لەخەیاڵکاری و پێکاندنی مەبەستدا لەو بابەتە هاوبەشەی هەردوو شیعرەکەدا، شیعرەکەی مەحروومی بەسەرکەوتوو زانیوە، تا شیعرەکەی خانی، دیارە مەولەوی لەحکومەکەیدا چێژی تایبەت و وشکە بەهای سەردەمی خۆیەوە هەردوو شیعرەکەی نرخاندووە، بابەت لەهەردوو شیعردا؛ (تواندنەوەی سەنگە ڕەقەکانی قولەی قەزاڵە و کێوی توورە بەعیشوە و نازی خەمزە فرۆشان و بریقە و باقی ئەبرۆ خەمینا)ە[7]

خانا بۆ ئەو مەبەستە بریقە و بروسکەی ئاگراوی ئەبرۆ خەمینان و نواندنی خاڵی نەخشەکێشی ماوی و ڕەنگی سەر گۆنای یاری بۆ تواندنەوەی قولە قەزاڵە بەکارهێناوە و وێنە شیعرییەکەی لەدوو بەیتدا نەخشاندووە.

(مەحرووم)یش بۆ هەمان مەبەست، بریقە و باقی نازی عیشوە فرۆشان و چەخماخەی لەنجە و لاری زێڕ لەگۆشان و بریسکەی نێو نیگای چاوبازان و بریقەی غەمزەی شیرین گوفتارانی بۆ ئەو وێنە شیعریە لە سێ بەیتدا بەکارهێناوە.

ئایا نهێنی چییە مەولەوی شیعرەکەی (محرووم)ی لەوەکەی (خانا)ی



**مەولەوی زانا و دانا دەزانێ ئەسڵ لەرەوانبێژیدا کورتبڕییە، نەک درێژەدان و دووپات کردنەوە**

**"(مەحرووم) لەوە دڵنیا بووە کە مەولەوی (خانا)ی بەشاعیرێکی گەورە و سایە و پایەداری زانیوە، ڕەنگە لەبواری شیعردا بەمامۆستای خۆی زانیبێ"**

لاپەسەندتر بووە؟

هەر چەند ئێمە لەم نووسینەماندا تەنیا مەبەستمان گەڕانە بەشوێن سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەو پرسیارە دێ و وەڵامی دەوێ.

ئەگەر لەدیوی دەرەوەی هەردوو شیعرەکە سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێ بۆ گوزارەدانەوە لەو وێنە شیعرییە هاوبەش و هاوبابەتدا مەحرووم تا وێنە شیعرییەکەی ڕەچاو کردووە کەرەسەیەکی زۆری بەکارهێناوە، ئەمە جگە لەوەی وێنە شیعرییەکە بەرهەمی خەیاڵی خانایە!

تۆ بڵێی پەسەند بوونی شیعرەکەی مەحرووم لەبەر ئەوە بووبێ چونکە خانا پێڕەوی شێوە کلاسیکییەکەی جارانی نەکردووە لەجیاتی کێوی توور قولە قەزاڵەی بەکارهێناوە کە کێوێکی لای خۆمانە، کێوی توور لای شاعیرانی جاران پیرۆز بووە و دوور و نەدیتراویش بووە شتی نەدیتراو خەیاڵ ڕاکیش بووە، شتی خۆماڵی لەچاو ئەواندا بێ بایەخ بووە، لەوانەیە ئەوە کاری کردبێتە سەر چێژی نرخاندنی بڕیاری حوکمەکەی مەولەوی.

خۆ لەشیعرەکەی مەحرووممدا وشەیەک چەندجار دووپات کراوەتەوە (بەرق، بەرقە، بریقە) باکەمی لەمانادا جیاوازییان هەبێ خۆ هەرسێکیان لەقەد و ڕەگدا یەک دەگرنەوە.

هەروەها وشەی (ناز، عیشوە، غەمزە) هەر یەکێکیان بگری بەمانای ئەوانی دیکە دێ، دیارە دووپاتبووەوەی بێ سوودی دژ بەکورتبڕییە، لەزانستی ڕەوانبێژیدا نرخی خۆیان هەیە، وێڕای ئەو شتانە مەولەوی زانا و دانا دەزانێ ئەسڵ لەرەوانبێژیدا کورتبڕییە، نەک درێژەدان و دووپات کردنەوە.

ئەو هەست و چێژە تایبەتییەی مەولەوی کە لەهەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەو دوو شیعرەدا بەکاری هێناوە زەدەی ئەو سەردەمە بووە کاری خۆی بۆ بەرژەوەندی شیعرەکەی مەحرووممدا نواندووە، دیارە مەولەوی شتێکی لەشیعرەکەی مەحرووممدا کەشفکردووە، بۆیە تای تەرازووی حوکمەکەی بەلای ئەودا لار و سەنگ کردووە.

تۆ بڵێی مەولەوی بەو پەسەندکردنەی شیعری (مەحرووم)ە مەبەستی هەڵنان و دنەدانی نەبووبێ بۆ ئەوەی ڕێی شیعر بگرێ و بەری نەدا؟ چونکە مەحرووم لەبواری شیعردا کەم ئەزموون بووە و ئەو شیعرەی یەکەم نۆبەرەی بووە وەک مەولەوی خۆی دەڵێ:

***(نەوبادەی خەیال (مەحرووم)ی دانا***

***ڕەدیفی لەتیف زەریفی دانا)***

دیارە مەولەوی نەیویستووە لەسەرەتای ئەزموونیدا بیشکێنێ، تۆ بڵێی وەها بێ؟

هەرجور بێ بەراوردکردن و نرخاندنەکەی مەولەوی بۆ ئەو دوو نموونە شیعرەی ئەو دوو شاعیرە نموونەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

**پەراوێز و سەرچاوە**

(١) بڕوانە: (ئەحمەدی خانی - شاعیرا ومفکرا وفیلسوفا ومتصوفا) دكتور عزالدين مصطفى رسول، ص ٢٣٢ - ٢٣٤ ، مطبعه الحوادث - بغداد / ١٩٧٩).

(٢)مەحرووم/ میرزا عەبدوڵڵای کوڕی میرزا ئەحمەدی پاوەیی بووە، شاعیرێکی هاوچەرخی مەولەوییە.

(٣)قولە قەزاڵە/ شاخێکی سەختە کەوتووەتە پشتی گوندی (خانەگا)وە لەدیوانەکەی مەولەویدا چەند جارێک ناوی هاتووە.

(٤)دیوانی مەولەوی/ کۆککردنەوەو لێکۆڵینەوەی - مەلا عبدالكريمی مدرس، چاپخانەی (النجاح) - بغداد / ١٩٦١.

(٥)دیوانی مەولەوی - ل٤٤٠.

(٦) دیوانی مەولەوی - کۆکردنەو لێکولینەی - مەلا عبدالكريم مدرس، ل٤٤١ / ١٩٦١.

(٧) (کێوی توور) شاخێکە لەسینا، شاخێکی سەخت بووە، گوایا خوای گەورە لەسەر داخوازی حەزرەتی مووسا خۆی بۆ ئەو شاخە دەرخستووە، بەو دەرخستنە شاخە تواوەتەوەو بووە زوخاڵی ڕەش، سورمەی چاو ڕەشتنی ژنان خەڵووزی ئەو شاخەیە.

# جیاوازی نێوان ڕۆمانی مۆنۆلۆگی و ڕۆمانی پۆلیفۆنی لەڕوانگەی باختینەوە





د. نەجم ئەلوەنی

ئێستا دوو میتۆدی جیاواز لە توێژینەوەی ڕۆماندا زیاتر باویان هەیە، ئەوانیش میتۆدی بنیاتگەری و میتۆدی دانوستانکارییە. لە یەکەمیاندا تەنیا باسی شێوازەکانی گێڕانەوە و ئەو توخمانە دەکرێ کە پێکهاتەی سەرەکی گێڕانەوەی ڕۆمان پێکدەهێنن و وەک کارەکتەر و ڕووداو و کات و شوێن، هەروەها تەکنیکەکانی گێڕانەوە وەک دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خۆدواندن و وەسف کە ئەمەی دوایی دابەش دەکرێ بۆ وەسفی ناوەکی و وەسفی دەرەکی کە وەسفی دەروونی و ڕواڵەتی کارەکتەر و وەسفی شوێن دەگرێتەوە. ڕەگی ئەم جۆرە توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگرانی ئەنگلۆئەمریکی وەک فۆرستەر خاوەنی پەرتووکی (بنەماکانی ڕۆمان) و ئەدوین مۆیەر خاوەنی پەرتووکی (بنیاتی ڕۆمان) و پاشان پێرسی لۆبوک خاوەنی کتێبی (پیشەی ڕۆمان) دواتر بنیاتگەرا فەرەنسییەکان وەک ڕۆلان بارت و ژیرار ژنێت و تزفیتان تۆدۆدۆرۆف لە ژێرناوی زانستی گێڕانەوە و شیعرییەتی گێڕانەوەدا پەرەیان بەو توێژینەوەیەدا بەسوود وەرگرتن لە هەندێ بۆچوونی فۆرمالیزمەکانی ڕووس وەک تۆماچیفیسکی، چیکلۆفیسکی، ئێخن باوم...هتد.

فۆرمالیزمەکانی ڕووس لە بەرایی سەدەی بیستەمدا هەوڵیاندا دوور لە سێبەری ئایدیۆلۆجی باوی سەدەی نۆزدەهەم لە ناوەوەی دەق بکۆڵنەوە بێ ئەوەی ئاوڕ لە واقیعی دەرەوەی دەق وەک باسی کۆمەڵایەتی، و سیاسی، و مێژوویی و دەروونیی نووسەر بدەنەوە، بەمەش دەیانویست وەک خۆیان دەڵێن دەسەڵات بۆ دەق بگێڕنەوە، و لەو پاشکۆییەی ڕزگار بکەن کە جاران دەقی ئەدەبی پێی گرفتارکرابوو. هەر ئەم ئامانجە بوو وایکرد بنیاتگەراکان لە ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبیدا پەیڕەوی بکەن و شورایەک لەنێوان دەق و دەرەوەی دەقدا دروست بکەن و بڵێن ئەدەب پشت بەدەرەوەی خۆی نابەستێ و چاوگی ئەدەب تەنیا خودی دەقە، نەک واقیعی کۆمەڵاتی بەرجەستە.

بە بڕوای بنیاتگەراکان، ئەدەب بەتایبەتیش ڕۆمان ڕەهەندێکی ئایدیولۆجی نییە و بەڕووی دەرەوەدا داخراوە، تەنیا بەڕووی خۆیدا کراوەیە. توێژینەوەکانی ئەوان بووە مایەی مشتومڕێکی بەردەوام و تا ئەمڕش کۆتایی نەهاتووە. پەیڕەوانی ئەم میتۆدە دەرگایان بەڕووی ئایدیۆلۆجیادا داخست و پشتیان لە لێکدانەوەی واتایی دەق کرد، دەیانگووت هەرلێکدانەوەیەکی واتایی مانای گەڕانە بەدوای ئایدیۆلۆجیادا، ئەمەش بەلای ئەوانەوە دەست هەڵگرتنە لە باسی جوانییەکانی دەق و پەڕینەوەیە بۆ باسکردنی کێڵگەیێکی ئەپستمۆلۆجی جیاواز کە دەکەوێتە دەرەوەی کار و ئەرکەکانی ئەدەب.

بنیاتگەراکان لەو بڕوایەدا بوون کە بنەچەی دەقی ئەدەبی زمانە، زمانیش هەڵگری هیچ جۆرە سستمێکی ئایدیۆلۆجی نییە. بە واتایەکی دی زمان لە دەقێکی وەک ڕۆماندا بێبەرییە لە گواستنەوەی ئایدیۆلۆجیای دەرەوە بۆ ناو ڕۆمان و تەنانەت پەیوەندی بە ئایدیۆلۆجیای

**جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەرکی ڕۆماننووس کۆپیکردنی واقیع، یان باسکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە نییە، چونک ڕۆمان بریتی نییە لە دووبارە باسکردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە**

نووسەریشەوە نییە، و نابێ لەناو ڕۆماندا بە دوای ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی نووسەردا بگەڕێین. ئەم بۆچوونەش دواتر لای ڕابەرانی ڕۆمانی نوێ وەک ئالان ڕۆب گرییە، ناتالی ساروت، میشال بێتور پەیڕەوکرا و جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەرکی ڕۆماننووس کۆپیکردنی واقیع، یان باسکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە نییە، چونک ڕۆمان بریتی نییە لە دووبارە باسکردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە. لای ئەمان تەنیا واقیعێ کە هەبێ ئەوەیە لە سەر کاغەز ڕوو دەدات، کارەکتەرەکانیش نموونەی هیچ کەسێکی واقیعی نین. ئەوان تەنیا لەناو دەقی ڕۆمانێکدا دەژین و دەمرن بێ ئەوەی لە واقیعی ژیاندا، خوێن لە پەنجەی یەکێکیان بێ.

لە ڕاستیدا ڕۆمان نییە ئایدیولۆجی نەبێ، چونکە گرنگترین توخمەکانی گێڕانەوە کە کارەکتەرە، بەخۆی ئەم بۆچوونەمان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە. لە ڕۆماندا وەک (د. محەمەد بوعزة) لە پەرتووکی (دانوستانکاریی گوتاری ڕۆمان، ل ٣٨)دا دەڵێت: ((قسەکەر لە ڕۆماندا تاکێکی کۆمەڵایەتییە، گوتارەکەشی زمانێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوە دەکرێت کارەکتەری ڕۆمان ببێتە فاکتەرێک بۆ پۆلێن کردنی زمان و دەروازەیەک بۆ فرەزمانی)).


ئەم خەسڵەتە کۆمەڵایەتییە وادەکات کارەکتەر ببێتە هەڵگری ئایدیۆلوجیایەکی دیاری کراو و بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیایە بڕوانێتە جیهانی دەوروبەری و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروست بکات، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ململانێ لەگەڵ کارەکتەری دیکەدا بکات. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو ڕۆمانێک ئایدیۆلۆجیای تێدا هەیە و بە گوێرەی ئەو ئایدیۆلۆجیایەش تێڕوانینێک سەبارەت بە جیهان و کێشەکانی ژیان پێشکەش دەکات.

هەندێ ڕۆمان لەیەک ڕوانگەی ئایدیۆلۆجی باڵادەستەوە کە ئایدیۆلوجیای ڕۆماننووسە، کێشە و ململانێیەکانی دەخاتەڕوو، بێ ئەوەی ڕێ بدات ئایدیۆلۆجیایەکی جیاواز بێتە پێشەوە و پێشبڕکێی لە گەڵدا بکات. ئەم جۆرە ڕۆمانە هەڵگری یەک ڕوانگەیە، بۆیە پێی دەگوترێت ڕۆمانی (مۆنۆلۆگی) بە گوێرەی زاراوەکانی باختین. لە ڕۆمانی مۆنۆلۆگیشدا وەک (د. محمد بوعزة) لە لاپەڕە (١٠٢) ی سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: ((پەیوەندی دانوستانکاری ـ الحوارية ـ لە نێوان کارەکتەرەکاندا نییە. لێرە هەموو شتێک لە ڕوانگەی نووسەرەوە وێنە دەکێشرێت، نەک لەسەر بنەمای ئەو شێوەیەی کارەکتەرەکە دەیبینێت و هەستی پێدەکات، لەبەر ئەوە یەکتربڕین و بەریەککەوتن لە نێوان ڕوانگەی نووسەر و بۆچوونی کارەکتەرەکاندا دروست نابێت)).

ئەم بۆچوونەی دکتۆری ناوبراو دووپات کردنەوەی بۆچوونێکی (باختین)ە کە لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا لە لاپەڕە (١٠١) بە خۆی ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: ((بە بۆچوونی (باختین) ڕۆمانی مۆنۆلۆگی تێڕوانینێک دەربارەی جیهان پێشکەش ناکات کە سەرچاوەی گرتبێت لە دەمەدەم و ململانێی گۆشەنیگای کارەکتەرەکانەوە، بەڵکوو تێڕوانینێک پیشان دەدات کە تایبەتە بە نووسەری ڕۆمانەکە)).

کەچی ڕۆمانی پۆلیفۆنی (فرەدەنگی) وەک باختین دەڵێت: تێڕوانینێکی فرەلایەن سەبارەت بە جیهان پێشکەش دەکات. ئەم تێڕوانینە پەیوەندی بە جیاوازیی تێڕوانینی کارەکتەرەکان و پەیوەندیی دانوستانکاریی نێوان ئەوانەوە هەیە.







# سیمۆلۆژی ئاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوەی دڵشاد کاوانی دا




هاوکار جمیل


**سرووشت لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە.**

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە پێچەوانەی ڕۆماننوسانی دیکە زەمەنی ڕووداوەکانی فەرامۆش کردووە، هاتووە مێژووی ڕادەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی نوێ و ململانێی تاکەکان دەربخات، لە ڕێگەی دروستکردنی هەرێمەکانی نێو ڕۆمانەکە، لەوانە ( فومەن، قەچوچان، نێرگزان، ئەشکەوت و چیاکان)ی دەرخستووە، کە هێمایێکن بۆ بوونی (ئاو، ئاگر، خۆڵ، هەوا) کە چوار ڕەگەزی بوونی گەردوونن، تەنانەت دەرخستنی شوێنیش لە ڕۆمانەکەدا گوزارشتکردنە لە واقعێکی کۆمەڵگە، ئەگەرچی شوێنەکان خەیاڵیشبن، بەڵام هەرێمەکان هێما و مەغزایەکن لە بوونی هەرێمی لەم جۆرە، هەروەکوو خەیاڵی ئەفلاتوون بۆ یوتوبیا و شاری نموونەیی (مدینة الفاضلة) یان مرۆڤی باڵایی فردیش نیچە.

لەناو ڕۆمانەکەدا کۆمەڵێک پێکدادان و کوشتن و تیرۆرکردن دەبینرێت وەکوو ئەوەی لە چوار پارچەکانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی هەبێت، هەر ئەمەش کۆمەڵێک لێکدانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا، ڕۆماننووس ململانێی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی باس کردووە. خوێنەری وردی ڕۆمانەکە نەبیت، بە ئاسانی سیمۆلۆژیای دەق بەسەرت دەرباز دەبێت، چونکە ڕۆماننووس بۆ دەستەبژێر دەنووسێت، دەیەوێت ڕامانبێنێت بۆ ڕووداوێکی گەورەتر لەوەی ئێمە بۆی دەچین، ئەویش دەربازبوون لە کەلەپچەی ئایین و عورف و سیاسەت، کە مرۆڤ نەیتوانیوە لە مانای ڕاستی و کرۆکی هیچیان بگات، ڕۆماننووس هەوڵی داوە دەروازەی بیر بۆ مانا گەورەکە بیات کە مرۆڤبوونە!

**ئاو وەکوو سیمۆلۆژیا.**

مرۆڤ لە ئەزەلەوە لەوەتەی هەیە بەپێی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ململانێ لەگەڵ سروشت دەکات، ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هێزی سروشتە، هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیووە، بە ترسان، هەندێ جاریش بە شکاندنی دەسەڵاتی سروشت بەرامبەر مرۆڤ، ئەویش بە ناسین و نزیکبوونەوەی زیاتر و هەندێ جاریش بە کڕنۆشبردن بۆی، وەک ئەوەی لە چاخەکانی ڕابردوو مرۆڤ ئەنجامی دەدا. ئاو بە گشتی و دەریاچە و لافاو و ڕووبارەکان بەتایبەتی تەوەری سەرەکی، یان هێزی ڕادەبەدەرن لە ڕۆمانە نوێکاندا. خەیاڵ دروستکردن لە ڕۆماندا و بەستنەوەیان بە ئاو هەمیشە داستانێک، یان تراژیدیاییک دروست دەکات، جاروباریش ئیستاتیکا و ئارامبەخشی دەداتە مرۆڤ، وەک ئەوەی لە ڕۆمانە عیرفانییەکاندا دەبینرێت.

(تەرواده و ئۆدیسە) دەریاییێکی توند و بێڕەحم نیشان دەدات، بەڵام ئەگەر سەیری فینیقییەکان بکەین دەریا لە ئەدەبی ئەواندا هێمنە هەر میللەت و سەردەمێک بەپێی ژینگەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئاودا کردووە.

**ئاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە.**

ڕۆمانی بە ڕێگاوە لەگەڵ ئەوەی بە شێوە و تەکنیکێکی جوان و ناوەڕۆکێکی بەهێز و زمانێکی پاراوی کوردی نووسراوە، سرووشت بەگشتی و ئاویش بەتایبەتی لە چەندین شوێن دەبێتە ڕووداو و دیمەن و هەندێک جاریش دەبێتە شوێن و کات و زەمەنی وەرزەکانی سرووشتش دیاری دەکات. لەگەڵ ئەوانەشدا لە ڕۆمانی بەڕێگاوە، ئاو


بۆتە ڕەهەندی فیکری و پێناسەی ئایین و فەلسەفە و گۆشەنیگای ڕۆماننووس، بۆیە بە شێوەیێکی گشتی ئاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە بەسەر دوو لایەن دابەش دەبێت.

**ئاوی پیس و زەڵکاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە.**

ئاو لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە لە زۆر شوێندا تراژیدیا و نەهامەتییە، کە دەبێتە هۆی مردن و گیربوونی کارەکتەرەکان و نیشاندانی ڕووی کۆمەڵگە و ئازار و مەینەتییەکان و هەندێک جاریش دەبێتە بەشیک لە پێکهاتەی ڕووداوی نێو ڕۆمانەکە، هەوەکوو لە بەشی گیرخواردنی (بێزۆی سیناوخۆر) لە ناو زێراب. گیرخواردن و مردنی منداڵێک بە ناوی (جیقۆ فشە) کە دەنووسێت «من یەکەم کەس بووم لە بن بەستێنەوە، لەنێو قوڕاوگە ئەوم سەرەوقوون لەنێو قوڕ و لیتەدا بینییەوە، سەرەتا پۆتینە سەوزەکانیم دۆزییەوە لە قوڕدا» لاپەڕە (٥٠).

لێرەدا ئاو مەدلولی دیکەی هەیە لەشێوەی لافاودا، لای ڕۆماننووس شەڕانگێزییە وەکوو دزینی ڕۆحی کەسێک. هەروەها جۆگەی پیس و زێرابی ماڵان دەبێتە خۆراکی (بێزۆی سیناوخۆر) بەم چەشنەی دەخاتەڕوو « ئەویش شێتی خواردنەوەی سیناو چڵکاو بوو، ئەو ناوی خۆی بێزەواڵ بوو، چونکە سیناوی ڕەشی وەک شیری سپی دایکی دەخــواردەوە، ناویان نابوو بێزۆ سیناوخۆر» لاپەڕە (٥٢-٥٣).

وەک سیفەتێکی هەمیشەیی منداڵەکە (ڕۆمـانـنـووس هەوڵدەدات وێنەی منداڵێکی بێناز و ئاوێتەبوو لەگەڵ ئاوی پیس و سیناو نیشان بدات، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی پەروەردەیی لە کەسایەتی داهاتووی منداڵەکە بخاتەڕوو)* (امنة عبدالجلیل) ئـەم پیشاندانە وێناکردنی داهـاتووە لەو ژینگەی ئەم منداڵەی لێ پـەروەردە بووە، هـەروەها نیشاندانی وێنایێک بۆ نـەوەی داهـاتوو. ڕۆماننووس هەمیشە هێزی بـاران و هێزی سروشتی تاقیکردۆتەوە




کە بەرامبەر تاکی کورد ڕووە تۆقێنەرەکەی نیشانداووە. بەهەمان شێوە (بێزۆی سیناوخۆر) لە ڕێڕەوی زێرابی ئـاوەڕۆی ماڵان ون دەبێت، دوای ئەوەی بە زیندوویی دەگاتە لای دەستەیێکی چەتە هەڵدەگیرێتەوە و گەورە دەبێت و دەبێتە چەتەیێک و تـەواوی ژیانی منداڵێک بەهۆی زێرابێکی سەر داخراوەوە دەگۆڕێت. ئەمەش هێما و سیمۆلۆژیای ئاوی پیسی وەکوو پیسی ناخ و دروون دەکاتە سیناو و جەستەش دەبێتە زێراب لە پەرەوەردەی دەروونی مرۆڤ دا. لاپەڕە (٣٦٢).

یاخود لەبەشی (نارسیس) لە هەرێمی نێرگزان لەگەڵ (مێناز) بە لافاو و قوڕوا و لیتاوی ئاودا دەچن و دەنووسێت «ئەو کاتەی دەستم لە نووسینەوەی ڕۆمانی ڕەش هەڵگرت هەمان ڕووبار و هەمان شوێن، هەمان زریان کوتان بوو، من سەیری مێنازم دەکرد نیوەی لە قوڕ و نێوەکەی تری لە تیشکی ڕۆژ بوو، تاکو یاداشتکردنی ئەم بیرەوەرییە تائێستا نازانم کتێبی ڕەش چی بەسەر هاتووە. کە خۆم لە قەرەی ڕووبارە بەتینەکە دا، تا ئەژنۆ پاشان تاکو ناو قەدم هات، هەردوو دەستم یەکەکیان مێنازی قوڕ و لیتە» لاپەڕە (٣٠٣).

ئاو لێرە دەبێتە فیراق و دابڕان لەنێوان نارسیس و مێناز. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ لافاوەکەی نوح و لە دەستچوونی مێژووی ڕابردووی مرۆڤایەتی و نووسینەوەی بیرەوەری یاداشتەکانی نارسیسە بۆ بونیادی شارستانییەتی نوێ.

**ئاوی سازگار و پاک لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە.**

هەموو ئەمانە دەلالـەتی بـوون و ئایدۆلۆژی و ژیانن، بـەڵام جیاوازی کـردووە لەگەڵ ئەو بارانەی کە گۆڕی نێرگزانی بە جوانی نەخشاندووە بە گوڵ و گوڵزار و ئاو هەواکەی، ڕووە جوانەکەی سروشتی ئەو دەمەی جوان نیشان داوە کە هەرێمەکانی دی و ئایدۆلۆژیا و ئایینی دیکە پێیان نەخستبووە ناو هەرێمەکە، بۆیە نە کات کۆتایی دەهات، نە مردن هەبوو، وەکوو بەهەشت بوو، تا ئەوکاتەی مرۆڤەکان ڕەوشتی مرۆڤبوونیان لەدەست دا ئەوکاتە دۆڵی نێرگزانیش تێکچوو، بوو بە تراژیدیا. بۆ نموونە (عەدە گرینۆک) حەزی لە خواردنی سیکۆتینە لەجیاتی هەڵمژینی ئاو و هـەوای سافی دۆڵی نێرگزان، هەڵدانی (قۆیتاس) بۆ ناو ئاو تیرۆرکردنێکی دیکەیە لەناو زێدی خۆی لە هەرێمی (قەچووچان) بەدەستی تاکەکانی هەرێمێکی دی. نیشاندانی کوشتن لە هەرێمی (فومەن) و سەرهەڵدانی نەخۆشییە دەروونییەکانی (نکرۆفیلیا، نکرۆفۆجیا) و سەهەڵدانی ماسۆنییەت و ئایینگەرایی، پێکدادانی شارستانی ئیسلامی و جولەکە لە ناوەندی هەرێمی (فومەن) هەوڵێکە بۆ زاڵبوونی بیری ئیسلامی سیاسی بەسەر ناوچەکەدا هەروەها خنکاندنی (کوڕێژگەی

بەرانان) لە هەرێمی قەچووچان و شەرعیەتدان بە سێکس و حەزە سێکسییەکان ڕوویەکی دیکەی نیشاندانی کاروباری هەرێمەکانە لە گوندێکی هەستێل و شڵپاو قوڕ و لیتەیە، یان لەبارەی (شێخی زەنەک) دەڵێت «ڕەنگە جگە لە من و شێخی زەنەک، کەسی تر پێدا تێپەڕ نەبووبێ، ئەوەی کە چووە و نەهاتۆتەوە، یان خنکاوە، یاخود داماوێکی وەک من بووە لە ترسی مەرگ هەڵاتووە، ئیدی بۆ ئاوایی نەگەڕاوەتەوە. کاتێ گەیشتینە ژێر تاڤگەکە، زەنەک خۆی دە بەرزایێ هاویشت و منیش لە دوای ئەو تا قووڵایی ژێر تاڤگەکە ڕۆچووین، دواتر بەسەر ئاوێک وەک دوو بۆق هاتینە دەرەوە» لاپەڕە (٢٣٢)

شێخی ناو ئاوە لەبنەوە ئاوێکی ساف و سازگارە ئەم شێخە لەوێ ژیان بەسەر دەبات لەبەشی چواری ڕۆمانەکە باسی لێوە دەکات لەوەسفی گوندەکەدا دەڵێت «ڕووبارێکی بە خوڕ و چەم و چۆمێکی پڕ لێڕەوا و چاڵاوی تێدا بوو، دەوروپشتی گوند، پڕ لە هەرزەگیا بوو هەموو لایەک هەستیل و زەنەک و شڵپاو بوو. گوندەکەمان هەر وەک سەری باوکم تەڕ و تووشبوو، کە دەبوغزا وەکو چڵم لە لووتی پلووسکەی دەکرد، چاوەکانی وەک چاڵاوی خوار ڕووبار فرمێسکی تێدەزا، دەم و لغاویشی دەبووە ڕووبار و لیکاو و ترشاوی دەردەدا» لاپەڕە (٦٣)

کاتێک (کوڕیژگەی بەرانان) شێخی زەنەک ڕۆڵی نەرێنی بینی لە ڕزگارکردنی ئەو مێرمنداڵە! یاخود کاتێک (شێمرازی نورانی) لەپاڵ خوێندنی ئاینی لە گەرماوی (دژوون) لای (ڕەمۆی ڕووتەڵە) دەبێتە پشتشۆر لێرە ڕۆماننوس عیرفانیانە لە بوون دەڕوانێت و وەها دەپەیڤێت « شێمراز لەنێو حەمامدا بە پارەیەکی کەم ڕۆژانە پشتی خەڵک دەشوا و قرێژ و چڵکی سەر پشت و ملان لا دەدا، ئەو پیاوێکی نوورانییە و هەمیشە بە دوای تێگەیشتن لە زانین و درککردنی حەقیقەتەوەیە. دوو شتی شێمراز ناکۆکن ڕۆح و حەقیقەت، ڕۆحی ئەو وەک ئەو جامە وایە کە بەسەر شان و باڵی خۆشۆرەکان دادەکا» لاپەڕە (١١٩).

بەمەش چڵکی پیسی و وەهم و لەکە و پاشماوەی چێژ و غەریزە لە جەستەیاندا دەشۆرێنی، ئاو وەک پاکببوونەوەی ڕۆح و پاقژبوونەوەی ناخ و سەرچاوە بۆ ڕوونبینینی ژیان بەکاردێنێت.

**ئاو وەک بیر و هزر لە ڕۆمانی بەرێگاوە.**

هزر و مەعریفە لە ڕۆمانی بەرێگاوە گەڕانەوەیە بۆ عیرفانییەتی و فەلسەفەی بوونگەراییی و دەروونشیکاری و قووڵبوونەوە لە خود، ڕۆماننووس شارەزاییکی باشی لە ئایدیاکان هەیە، ئەم بیرکردنەوەیە لە ڕۆماندا وەکوو هەمان دەقی (سەعدی شیرازی)یە کە دەڵێت: دەبێت ئێمە بە ئاوی باران چاوەمان بشۆین چونکە ئاوی زەوی مرۆڤ پیسی کردووە. ئەم دەقە پێمان دەڵێت کە مرۆڤ دەبێت تێڕوانینی بەرامبەر دەوروبەر بگۆڕێ و دەست هەڵگرن لە خراپەکاری دواتر شوێنێک نامێنی مرۆڤبوون تێیدا سەقامگیربێت. بۆیە سروشتی دۆڵی نێرگزان نەیتوانی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. بوونی چەمکی ئاو لە ڕۆمانی بەرێگاوە چەندین ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆ نموونە یەکێک لە خێزانەکانی (ئەمبێز بەگ) کە کچی جولەکەییکی خمکێشە کاری ئەوەیە جلەکان لە خم هەڵکێشێ و جارێکی دی ڕەنگیان بکاتەوە! لە دیالۆگێکی فەلسەفیدا (شێمراز) لە حەمام کاردەکات لە کاتێکدا فەقێشە، هەموو جار لەگەڵ کارەکتەرێکی دی یەکدی دەبینن بە ناوی(ڕەمۆی حەمامچی) خەڵک دەشوات (میخۆ)ش ناوبەناو دەچێتە حەمام بۆ ئەوەی خۆی بشوات، ئەمەش یەکێکە لەو نموونانەی پاکبوونەوەی مرۆڤ بەئاو لە پیسی ڕۆژگار.

حەنچەییک بەرێدەکەوێ بەرەو شوێنێکی نادیار ڕووداوەکان لەم هەرێمە ڕەنگاوڕەنگە، دەبێتە پەیداکردنی هێز بۆ تۆڵەکردنەوە و کوشتن و خاوێنکردنەوەی شارستانییەتی جیاواز. دکتۆر (حسن حنيفي) دەڵێت: ئاو لە گێڕانەوەی بووندا لە تەوراتدا وێنەی هێزی ژیان نیشان دەدات، لە ئنجیلدا پاککردنەوەی ڕۆحە، لە قورئاندا ئاو لە ئاسمان دابەزیوە بۆ مەبەستی ژیانەوەی زەوی و دەرکروتنی بەروبووم بۆ سوودبینین، لێرەدا ئاو لە هەرسێ ئایندا هێزی چاکە و باشەیە.

لە ڕۆمانی بە ڕێگاوە ڕۆماننووس ئاو دەمەزرێنێ بە چەندین شێوەی جیاوازەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر مرۆڤێک بە جیاواز مامەڵە لەگەڵ هێزی سروشت دەکات. (ئیمی ئایتورانتا) لە ڕۆمانی پاسەوانی ئاودا دەڵێت: ئاو لەهەموو توخمەکانی گەردون زیاتر دەردەکەوێت، لەگەڵ مانگ دەڕوات و زەوی لەباوەش دەگرێت، لە سوتانی ئاگر ناترسێت، لە هەوادا ناژی، بەڵکوو لەناو چوارچێوەی هەوادا دەژی، لەگەڵ هەوادا وەکوو هاوڕێ وان وەک پێستەکەیەتی، بەڵام ئەگەر بەهێزەوە لێی بدەی ئەوا یەقەت دەگرێ. ئەمە ڕێک مامەڵەی ڕۆماننووسی ڕۆمانی بە ڕێگاوەیە لەگەڵ ئاودا. زۆرێک لە ڕۆماننووسانی خۆراوایی بەتایبەتی (ئیمی ئایتورانتا) پێی وایە، کە ئاو هەستی هەیە لە زاکیرەیدا هەموو ڕووداوەکان تۆمار دەکات، پێش ئەوەی مرۆڤیش بێتە سەر زەوی، ئاو دەزانێ جولەی گەردوون چۆنە، دەشزانێ کەی زەوی کاری پێدەبێت، کەی کەم دەکات و کەی دەچێتە ناخی زەوی و دواتر ڕێڕەوی خۆی دەگۆڕێ و تورە دەبێت.

کاتێکیش ئاو مێرمنداڵێک ڕاپێچ دەکات، ئەوە جوولەی ناتەندروستی مرۆڤە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتدا، تورەیی ئاوە، بۆچوونی ئەم ڕۆماننووسە فیلەندیە تەمەنی نزیکی تەمەنی (دڵشاد کاوانی)یە ژیانی مرۆڤایەتی

داهاتووەکەی نادیارە بۆ گەڕان بەدوای ئاوی شیرین، بۆیە ئەشکەوتێک دەدۆزنەوە بەنهێنی بۆ خواردنەوەی ئاو نەوەک دەسەڵات پێی بزانێ دواتر سەرباز بنێرێ بۆ ئەو شوێنە، ڕۆمانی بە ڕێگاوە باسی هەمان داهاتووی نادیاری هەرێمەکان و ئایینەکان و مرۆڤەکان دەکات لە دۆزینەوەی نەواییێکی ئارام بۆ ژیانکردن، بەهەمان شێوە شەڕی ژیان ئامانجی دانیشتوانە، بەڵام ژن لە ڕۆمانی (پاسەوانی ئاودا) بەرگری لە مانەوەی زەوی دەکات بە سروشتی خۆی، بەڵام لە (بە ڕێگاوە) ژن ئەو هێزە نییە بەرگری لەخۆی بکات هەمیشە پیاوەکان دەسەڵات و بیرکردنەوەیان زیاترە.

(فرانسوا-رینیە دو شاتوبریان)یش لەسەر شعرییەتی دەریا پێی وایە دەنگێکی ترسناک و ڕەنگێکی تاریکی هەیە دەڵێت: دەریا پێناکەنێت. کاتێکیش منداڵێک ڕاهاتووە لەسەر خواردنی ئاوی زێراب ئەوا داهاتووەکەی هەر مردنە بەم زێرابە. ڕۆماننووس ڕوویەکی دی دەردەخات کاتێک مامەڵەی دروست لەگەڵ سروشت دەکرێت، ئەوە نە مردن دەبێت نە کات! هەموویان فریشتە ئاسا بەیەکەوە دەژین، کاتێکیش ئایینەکان تیژ دەبنەوە لە پەیامەکەیان لادەدەن توندوتیژی دروست دەکەن. ئەم پرسیارکردنانەی کە دروست دەبن لە ڕایەڵی ڕووداوەکان ڕۆماننووس سیمائییەتی دەقەکان بە چەندین شێوە نیشان دەدات لەوانە: دەسەڵاتداران زۆرترین چەوساندنەوە دەکەن بەرامبەر کپکردنی دەنگ و ژیاری تاکەکانی کۆمەڵگە. بەرپەرچدانەوەی پیاوانی ئایینی بەرامبەر کوشتن و دیاردەی نامرۆڤانە لەناو کۆمەڵگەدا. توندوتیژی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر هەبوونی شارستانییەتی جیاواز، کاتێکیش مرۆڤ لەبوونی خۆی دوور دەکەوێتەوە لە مێشکی مرۆڤەکان، ئەوە مرۆڤ پەلدەکێشێت بۆ ئەنجامدانی عەبەسیەت، ئەوەی لە ئەمرۆماندا دەبینرێت پیسترین دیاردەی مرۆڤایەتییە، ئەویش دیاردە چێژ وەرگرتنە لە کوشتنی مرۆڤ.


لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا دەقەکان وانیشان دەدەن کە سروشت دەگۆڕێت لە وانەیێکی فیزیایی بۆ وانەی دەروونی و فسیۆلۆژی لە ڕوانگەی سروشتی ئادەمیزادەوە. ئەویش بە دوو گۆشەدا، یەکەمیان ئەسلی بڕواداری (فطرة الايمانية) لەلایێک، ئەسلی سێکسی لەلایێکی دیکەوە، ئەمەش پێکداداان دروست دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، کەچی لە ڕەسەنی خۆیاندا هەر لەخودی دانیشتوان و ژینگەی ئەوانەوە ئەم ئەسل و نەسلە دروست بووە. ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا لەنێوان چەمکەکانی (فطرة) و (سروشت) دا نیشانی داوە کە هەموویان دەستی مرۆڤە دەستکاری ڕەسەنی چاکە و خراپە دەکات، ئەگەر سزا ئایینی و مەزهەبییەکان هەر ڕێگرییێک بکەن، دەتوانن چاکی بکەن و خراپیشی بکەن. هەوڵی نووسەر بۆ ئەوەیە دەرخەری بیرکردنەوەکان بێت، نەک بڕوابوون بە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان.

ڕۆماننووس واینیشان داوە تابلۆیێک لەسەر بیرکردنەوەی خەڵک و ڕۆڵی ئاین و ئایدۆلۆژیا و سروشت لە لێخوڕینی بە حەنچەییێک بۆ داهاتووی نادیار، ئەگەر بەرنامەیێکی ڕێکوپێک بۆ مرۆڤەکان دەستنیشان بکرێت، ڕەنگە پلانی کەوتنە ڕێگای حەنچەش بە ئامێری سەردەم ڕۆشنتربێت وەکوو GPS ڕێگاکەی ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام کۆمەڵگەی بێبەرنامە دەبێتە گوێڕایەڵی تەوژمە هزرییەکان و کلتورە چەوتەکان، خۆیان دەدەنە دەستی قەدەر، هەربۆیەشە قەدەر داهاتوو نادیار نیشان دەدات.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕۆمانی بە ڕێگاوە، شەن و کێو کردنی ئاسان نییە و تێگەیشتن و لێکدانەوەی جودا هەڵدەگرێت و دەکرێت لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە لێی بڕواندرێت. ڕۆمانێکی فرە ڕووداوە، دیمەن و وەسف و زمان تێیدا گەمەیێکی شعرییە و سرووشت پێکهاتەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ئاویش تێیدا ڕۆڵێکی باڵایی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی فیکری ناو ڕۆمانەکە و خستنەڕووی گۆشەنیگای ڕۆماننووس دەردەخات. ئاو بە چەندین جۆر و شێوازی جیاجیا خۆی دەنوێنێت وەکوو بارن و تۆفان، یاخود قوڕ و لیتە، چ وەکوو ڕەنگ و خم و خوێن و شەڕاب، ئەمەش دەرخستەی ئەوەیە کە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا هەڵگری فەلسەفەی بوونگەراییە و سرووشت بە سەرچاوەی بوون دەزانێت و ئاو وەکوو ژیان و ئافات دەبینێت، لە هەندێک شوێن ئاو دەبێتە ڕەخنەی فیکریی و یاخی بوونە لە ژیان و لە هەندێک شوێنیشدا دانپێدانە بە درووستکراوی بوون، یاخود وەستانەوەیە لە دژی مرۆڤکوژی لە ژێر هەرناوێک و دید و ڕوانین و ئایدیاییێک بێت. ئەوەی مەبەستە لە ڕۆمانی بەڕێگاوە زۆر بە لێزانی ئاو وەکوو سیمۆلۆژیا بۆ حاڵی بوونی خوێنەر لە گۆشەنیگای ڕۆماننووس بە کارهاتووە.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- دلشاد کاوانی، (ڕۆمان)بەڕێگاوە، چاپخانەی چنگڵ (تاران) چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.
٢- امنة عبدالجليل سليمان القواسمة، رسالة ماجستير، جماليات الوصف في الرواية سليمان القوابعة، جامعة مؤتة، ٢٠١٤.
٣- د. الرشيد بو شعير، الميتا سرد في الرواية الخليجية، «سلسلة كتاب مجلة دبي الثقافية- ٧٣، ٢٠١٢، دبي.
٤- ايمي ايتورانتا، حراس ماء، ترجمة علاء الدين ابو زينة، دار المنى، السويد، ٢٠١٤.
٥- منى بت جبراش السليمية، عن كتاب «الطبيعة في الرواية العمانية»مجلة «القباب» الثقافية الجزائرية. عدد ٨، ديسمبر ٢٠١٤م
- www.aljazeera.net/news/cultureandart/201413/8/
- www.noonpost.com



# گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا



ڕۆستەم خامۆش

بۆ زیاتر گەشەسەندن و بایەخی زۆرتر و نووسینی جوان و ڕازاوە و داهێنەرانە و ئافراندنی دەقی ئەدەبی منداڵان، وەکوو ژانرەکانی: (شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و تێکستی شانۆیی و ڕۆمان) لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە، جێگەی خۆشحاڵی و شایانی نرخاندنە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو نووسین و ئیشکردنە لەزۆرێک لەژانرەکانی ئەدەبی منداڵاندا، بە گرنگ و پێویستی دەزانین کە ڕەخنەش بوون و ئامادەیی خۆی هەبێ، بۆ ئەوەی ئەدەبی منداڵان باڵاتربێ، ئاخۆ بەچی باڵا دەبێ و چۆن پێشدەکەوێ؟ بەڵێ بە نووسینی شیعر و چیرۆک و هەموو ژانرەکانی دی، کە ئافراندنی تێدابێ و بەزمانێکی سادە و شیرینی منداڵ نووسرابێ، ئەوەش دەبێ ڕەخنەگر و توێژەری ئەو بوارە لێکۆڵینەوە و کاری لەسەر بکەن، بەڵام دەبێ ڕەخنەگری ئەو بوارە کێ بێ و چۆن بێ، یاخود چۆن ڕەخنە بگرێ؟ بەڵێ دەبێ ڕەخنەگر، کەسێکی: (بە ویژدان و دڵپاک و بێلایەن و ڕووناکبیر و ئەدەبناس بێ) بۆیە باشتر وایە ڕەخنەگر خۆی بە دوور بگرێ لەهەر بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیایێک، کە خۆی باوەڕی پێیەتی، چونکە ئەو دەبێ کار لەسەر دەق بکات و جوانیناسیی و بەهای ئەدەبیی دەستنیشان بکات و دەقە نائەدەبییەکانیش جیا بکاتەوە، مادام دەقەکە بۆ منداڵ نووسراوە، دەبێ ڕەخنەگر زۆر ورد و لێزان و شارەزایانە ڕەخنەی لێبگرێ، باشتر وایە ڕەخنەگر: (ئەدەبناس و دەروونناس و پەروەردەناس و زمانزان بێ)، هەڵەو کەم و کورتییەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەران، نەک ئەو بێ باسی ئەو شتانە بکات و ڕەخنەیان لێبگرێ، کە خۆی باوەڕی پێی نییە و لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو ناگونجێن و یەک ناگرنەوە.

ڕەخنەگری شیعری منداڵان (پاتریک گراف-١٩٦٩) تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ شیعر و ئەو پێیوایە بەهەندێ وشەی سادە و ساکار کاری داهێنەرانە دەکرێ، بەم شێوەیە لەبیرۆکەیەکدا ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: (ڕەنگە بەکاربردنی داهێنەرانەی کۆمەڵێک وشەی سادە و ساکار، ساناترین و باشترین و ڕوونترین شێوازی هەڵبەستنی شیعر بێت) بۆیە دەڵێین شاعیران و نووسەران پێویستە زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و هەوڵبدەن زۆرتر بزانن و فێربن، ئاگاداری بەرهەمە چاپکراوەکان بن بۆ منداڵان، چ ئەوانەی ناوەوە، یاخود هی دەرەوەی وڵات، بەپێی دەرفەت و کاتی گونجاویان پێویستە زانیاری زیاتر کۆبکەنەوە و خۆیان ڕۆشنبیرتر بکەن و هەوڵی داهێنان بدەن لەنووسینەکانیاندا، ئاگایان لەگۆڕانکارییە نوێیەکانی ئەدەبیاتی منداڵانی جیهان بێ، تاکو ئێمەی کوردیش لەگەڵ وڵاتانی جیهان ڕێبکەین و هەر هیچ نەبێ لەڕەوتەکە جێ نەمێنین.

هەروەها دەبێ شاعیران و نووسەران خوێندنەوەیان زۆرتر بێ لەبوارەکانی: (ئەدەب و پەروەردە و دەروونناسیی منداڵاندا) هەتا ئەدەبیاتی منداڵان بەرەو پێشتر بچێ و بەهەوڵ و تێکۆشانی قەڵەمی خەمخۆرانی ئەو بوارە، بگەیەنرێتە ترۆپک، چونکە ناکرێ و نابێ هەر وەکوو دەیان ساڵ پێش ئێستا، کە چۆن بۆ منداڵان نووسراوە، ئێستاش هەر بەو شێوەیە بۆیان بنووسرێ و ئافراندنی تێدا نەبێ لەڕووخسار و ناوەڕۆکدا،

دەبێ بابەتی ژانرەکە لەگەڵ ژینگەی ئێستادا یەکانگیر بێ.
من پێم وایە لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە، پێویستە هەوڵبدرێ و کاربکرێ بۆ نوێگەریی و داهێنان، چونکە منداڵانی ئەم سەردەمە زۆر جیاوازن بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، منداڵانی ئەم سەردەمە ئاشنا و ئاگادارن بەچەندین ئامێری زیرەک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، بەکارهێنەری مۆبایل و ئایپادن، وریا و چاوکراوەتر و زیاتر دەبینن و دەبیستن و دەخوێننەوە، کەواتە: هەموو شتێک لەگۆڕاندایە و دەبێ ئەدەبی منداڵانیش پشکی هەبێ لەئافراندن و لەتازەگەریی و گۆڕانکارییەکاندا.

مەبەستی سەرەکی من لەم نووسینەدا، بە گرنگ زانینی ڕەخنەیە لەبواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، بۆیە بە پێویستی دەزانم ڕەخنەگری تایبەت بەبواری ئەدەبیاتی منداڵانمان هەبێ، ناڵێم نییە و هەر هیچ نەکراوە و نەنووسراوە لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، بەڵام پێم وایە دەبێ زۆر لەوە زیاتر بکرێ و دڵسۆزان و شارەزایان کاتەکانی ژیانیان و بەشێک لەتەمەنی بەنرخی خۆیان ببەخشن بەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە، کە لەداهاتوودا ئەو منداڵانەن دەبن بە خزمەتکارانی گەل و نیشتمان و ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات دەکەوێتە سەر شان و ئەستۆی ئەوان.
بۆیە دەڵێم: دەبێ ڕەخنەگران نەهێڵن هەموو شتێک بەناوی ئەدەبی منداڵان، وەکوو: (شیعر و چیرۆک)و هەموو ژانرەکانی دی دەرخواردی هزر و مێشکی منداڵانی کورد بدرێ، پێویستە کارێکی وابکەن، کە دەقی شیاو و گونجاو بۆ منداڵان، لەگەڵ دەقی کرچ و کاڵ و نائەدەبیی منداڵان جیابکرێنەوە.
بەڕاستی دەبێ کەسانێک هەبن لەبواری ڕەخنەدا، بەتەواوی پێنووسەکەیان بۆ ئەو لایەنە گرنگەی ئەدەبی منداڵان تەرخان بکەن، بەڵکوو ئەدەبی منداڵانی کورد، وەکوو ئەدەبی منداڵانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بگاتە لوتکە و ئێمەش شانازیی بە سەرکەوتنی ئەدەبیاتی منداڵانی خۆمانەوە بکەین.

**“ دەبێ ڕەخنەگران نەهێڵن هەموو شتێک بەناوی ئەدەبی منداڵان، دەرخواردی هزر و مێشکی منداڵانی کورد بدرێ ”**



# دەق

- **چۆن بووم بە هاووڵاتی دنیایەکی تر**

ئەدیب نادر

- **ترس و مەی**

رەزا سەید گوڵ بەرزنجی

- **ڕوونیی هەموو شتێک**

دەقی: سەباح ڕەنجدەر

# چۆن بووم بە هاووڵاتی دنیایەکی تر



ئەدیب نادر

پاڵتۆکەم لەبەرکرد، ئەگەرچی کاراکتەرێکی وەکو ئەلیسەکەی لوویس کارۆڵیش نەبووم، لێ خۆم تەیاری ئەوە کرد بچمە ناو دنیای کتێبەوە، یانی بکەومە ناوییەوە. دوانیوەڕۆیەکی نەختێک درەنگبوو، خۆم بە کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی خانەی نیشتیمانییدا کرد و کچە جوانەکانی ئەودیو بابڵێین کاونتەرەکەی دەستەچەپ لە دنیاکەی خۆیاندا سەرقاڵی گاڵتەوگەپ و گفتوگۆ بوون و ناوبەناویش پێکەنینێکی سەرکوتکراویان دەردەپەڕاند وەک بڵێی نوکتەیەکی نەشیاویان بەرگوێ کەوتبێ. شوێنێکی چەند بڵێی ئاوەدان بوو، بێگومان بە بێدەنگیی، سەرباری ئەوەیش هەزاران کتێب ئەو بێدەنگییەیان دەڕووشاند و هیچ هەستم پێی نەدەکرد و پەییم بەوە دەبرد سەروسەدایەکی تابڵێی بێوێنە ئەو ناوەی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دەمزانی نیازی چیم هەیە، زنجیرەکەم بەهێواشیی کردەوە، وێڕای ئەوەی شپرزەیی ناخیشی هەژاندبووم و خۆم وەک کوکووختییەک هاتە بەرچاو، کوکووختییەک کاتێ ئاو دەخواتەوە سڵاو لەهەموو دەنگ و جووڵانەوە و گڤە بایەکیش دەکات و بە گشت تەقەتەق و خشەخشێکیش بەدگومان دەبێت، ئاوها چاوم بە هەموو لایەکدا گەڕاند و لەسەر شتێکی دیاریکراودا لەنگەرم پێی نەگرت. دەمێ تەماشای کتێبە بێشومارەکانم کرد، دەمێ ئاوڕم لە کچە فەرمانبەرەکان دایەوە، دەمێکی تریش نیگاکانم گەمارۆی دەورووبەری ئەو چەند کەسەیان دا کە مژووڵی نەوازشکردن و هەڵدانەوەی پەڕەی پەرتووکەکان بوون.. خش..خش..ش..ش..قووڵ تەماشام کرد، ئاگاییم دووهێندەی تر تیژ بووەوە و سەرلەنوێ بە وردیی دەوراندەوری خۆم ڕوومالا کردەوە، ئینجا یەک بەدوای یەک، دوو سێ دانەم لەوانە هەڵگرت کە زۆر باش و گرانبەها بوون و بە پارێزێکی بێڕادەوە ئاودیوی بەر قایشە چەرمینەکەم کرد و لەسەرخۆ زنجیری پاڵتۆکەم داخستەوە، بەرەو دەرەوە هەنگاوم هەڵگرت و ترس سێبەرێکی ڕمووزن بوو بێڵێبڕ جێپێی هەڵگرتم، بەخۆم گوت: هەر ئێستا بەر لەوەی کۆسپەی دەرگاکە ببڕم پشت ملم دەگرن و.. خودایە! دەبێ چیم بەسەر بێ؟ بەڵام خۆشبەختانە نە ئەو کەڕەتە و بێگومان نە هیچ کەڕەتێکی تریش، هەتا هاتمە دنیا تازەکەمەوە و ببڕای ببڕ دەستبەرداری ئەو کارە نابەجێیە بووم هیچم بەسەر نەهات. ئاوا هەوڵمدا ئاوا. پارە بۆ ئەو چەند خولەکە بەدەست بهێنم کە هەندێ نیوەڕۆی هەینییان لەگەڵا بەرنادێتدا بەسەرم دەبردن. مەحموود ئاوچی کە بە»ها قژدرێژ« بانگی دەکردم و دەیوت: لێرەبە تا دێمەوە. لە دوکانەکە دەوەستام و سەرەتا پێموابوو بۆ مزگەوتی کۆڵانەکەی پشتەوەمان دەچێت، زۆری پێنەچوو گومانی قووڵم لا دروست بوو، ئیتر ئیرەیی زەفەری پێبردم، چونکە بۆم دەرکەوت بۆ ئەوێ ناچێت و شتێکی تری لەژێر سەردایە. هەرگیز باوەڕیشم نەدەکرد بتوانێ ئەو ماوە دووردورودرێژە لەئاودەستی بێڕادە هێڕکەری مزگەوتدا بمێنێتەوە، بۆیە لاپرەسەنیی بووە ئاگرێکی خۆش و بۆ دامرکانەوە لرفە و کفەکفی بوو. جا بە هەر نرخ و هەرچی چۆنێک بووبێت دەمویست نهێنییەکەی بزانم. ئەو سەروبەندە، سەروبەندێکی سەیری ژیانمان بوو، قۆناغێکمان جێهێشتبوو چبووینە ناو یەکێکی ترەوە، سەروەختی لاسایی کردنەوەبوو، هەرکەسە و نازناوی ئەستێرەیەکی سینەمایی، یان ناودارێکی

بۆ خۆی هەڵدەبژارد و دەیخستە پاڵ ناوەکەی خۆیەوە و لاسایی هەڵسوکەوت، شێوەی قسەکردن، یان ڕۆیشتن و دانانی قژ و سمێڵا و لاجانگ و پۆشینی پانتۆڵی دەرەلینگ پان و ئەو شتانەیانمان دەکردەوە. بە کورتی لە دنیایەکی گریمانکراودا دەژیاین! مەجە کۆسە خۆی کردبوو بە مەجید مەحفووز، نوورە کەعاک ببووە نوورەی عەلی کلای، نەجەقەڵە و نەجات بیلیّ، حەمەسابیریش حەمەسەنگام بوو، منیش فرێری، کە نازناوی یەکێک بوو لە پاڵەوانە دۆڕاوەکانی بۆکسێن. وەکو ئەو و بۆکس وەشاندنەکانی کێویی بووم، مەبەستمە بڵێم یاخییەکی کپ بووم، وەک ئەویش باڵابەرز و قژکاڵا بووم، بەڵام وەک ئەو تۆکمە و توندوتۆڵا و تێکسمڕاو نەبووم، بەڵکو باریک و بنێس بووم و نەک هەر بۆکس فوویش بەری دەدامەوە.. دیارە لەبەر ئەوەی نازناوێکی ئەوتۆیشم بۆ خۆم هەڵبژاردبوو، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ مندا ڕێک نەدەهاتەوە و پێچەوانەی هەموو شتێکم بوو، بۆیە گەلێک جار بەدوای واژەکردنی نازناوەکەمدا جڕتی چاکم بۆ لێدەدرا و کەمجاریش وابوو نەکرابێتمە بنێشتەخۆشەی هاوپۆل، یان کوڕانی گەڕەک..باوکم کە یاخیبوونێکی گەورە ڕاپێچی ناو خۆی کرد و جارێکی تر نەگەڕایەوە، سیانزە ساڵان بووم، پاسکیلە هەمبەرە ڕەشەکەی بۆ من بە میرات بەجێما، سمەی برام، کە چەند ساڵێک بەر لە من لەدایکببوو و هەر دوای نەگەڕانەوەی باوکم شانی دابووە بەر پەیداکردنی بژێویی هەمیشە دەیوت: تۆ دەبێ هەر بخوێنی، با هەر من لە خوێندن بێبەریی بم، بەڵام تۆ نابێ هەرگیز لێی بێبەریی بیت..ئیدی ئەو قۆناغەی پیایدا تێدەپەڕییم، دەتوانم بڵێم تاڕادەیەک قۆناغی شێتیی بوو، منیش بە پاسکیلەکەی باوکم، کە نەختە ژەنگێک لەملاولەولایدا هەندێ جێگای بە بۆیە ڕەشەکەی لەقکردبوو، عەوداڵانە بە کۆڵانەکاندا دەگەڕام، ئەمە دوای قۆزتنەوەی ئەو خووە بوو کە هێدی هێدی بوو بە هەوێنی گۆڕینی دنیا پڕ ئاسایش و ئارامەکەم. وەکو وتم، بە پاسکیلەکە دەڕۆیشتم، قرچەی گەرما و چلەی سەرمام بە هەند نەدەگرت و کۆڵانەکان هێڵەکانی ئەو نەخشەیە بوون کە وەکو ڕووبار جێپێت هەڵگرتبان دەیانبردیتە سەر دەریا، دەریاکەی منیش.. گۆشتێکی مێیینە بوو، حەوایەک بوو، بێئۆقرەییە شێتەکەی جەستەم ماخۆلانی تێدەخستم، دەگەڕام، بەڵکو ئەو گۆشتە لە شوێنێک بدۆزمەوە و ئەو شێتییەی پێ چارەسەر بکەم، ئەو بێئۆقرەییەی پێ بڕەوێنمەوە..بەڵام شازدە حەڤدە ساڵان بووم، کێ لەم پارچەیەی زەمین شازدە حەڤدە ساڵانێک بە پیاو دادەنێت؟ تەنانەت سۆزانییەکیش ئاوڕی لێناداتەوە..ڕەنگە بڵێ ئەمانە، ئەمانە هینیان لە کوێ بوو؟! بۆیە وادەڵێم چونکە شتێکی لەو بابەتە بەسەر خۆم هات و کاژی ئەو پیاوەتییەی لەبەر درکم داماڵی و ڕووتی کردەوە..ڕۆژێک.. ماوەیەک بوو کەڵەشێرەکەم خوێندبووی، هەر وەکو ئەوەی دایکم ئەم دەستەواژەیەی بۆ باڵق بوونم بەکاردەبرد، لە خوار بازاڕی گەڕەکەکەمان «ئوم فادی»ی مەدامم ڕاگرت و گوتم: «ئوم فادی» دەمەوێ بۆ لای هێلین ...ئەوەی بە تەمای بووم هێشتا دەرمنەبڕیبوو، شیتاندی و هێندەی نەمابوو بازاڕەکە بێنێتە سەرم، هەر ئەوەندەم پێکرا بەپەلە پەیدەری پاسکیلە تاین لێبدەم و ڕووشکاوانە ببم بە تۆز و لەو شوێنە دیار نەمێنم..یادیان بەخێر، مەجەکۆسە و نوورە کەعاک لە من گەورەتر بوون، زووتر پەییان بەو مەسەلەیە بردبوو..بەتایبەتی مەجەکۆسە، کە لە قوتابییەکی زرنگ و هۆشیارەوە ببووە یەکێکی مامناوەندیی و هەردەم لەگەڵ نوورەدا سەربەسەر چپەیان لێوەدەهات و لەژێر تەختەی پۆلەوە تەماشای ناو کتێب، یان گۆڤاریان دەکرد و نەیاندەهێشت کەس بزانێ چی تێدایە، ڕۆژێک حەمەسابیریشم بینی لەگەڵیان تەماشای دەکرد و خۆی نووشتاندبووەوە، کونە لووتەکانی گوشادببوونەوە و دەستی بەناوگەڵیدا دەهێنا و ئووە..ئاە..ئۆفففو..ئاخخخ..ی دەردەپەڕاند، ئیتر منیش هەلم بۆ ڕەخسا و لێیان چوومە پێشەوە و ئەو مەراقەی ماوەیەک بوو هەراسانی پێ هەڵچنیبووم ڕەوییەوە و ئەو مەزەندەیەی کردبووم ڕاست دەرچوو، نهێنییەکە ئەوەبوو ڕەسمی ڕووتیان دەهێنا و هەر یەکە و ڕای خۆی سەبارەت بەو هەموو گۆشتە پڕ لەزەتە دەردەبڕی و باسی ئەوەیان دەکرد ئەگەر یەکێکی لەو بابەتانە بکەوێتە دەستیان چۆن هەموو لایەکی بکەن بە یەک و چۆن لەناو ڕانەکانیدا ببن بە چۆڕاوگەیەکی سپیی.. ئیتر کە لەو سێکوچکەیە نزیک کەوتمەوە، فێری ئەو خووە ناوازەیە بووم، ئەو خووەی کلیلێک بوو تا بزانم بۆچی خوا لە پەراسووی ئادەم حەوای ئافراندبوو..بەڵام ئەو دەم من پانزە شانزە

سالآن بووم و ڕەسم قایلی نەدەکردم، دەمویست بە پەنجەکانم لەشولار و سینە و مەمک و گوڵمە و سمت ببینم نەک بەچاو! بەهەرحاڵ، ئەمە شێتێتیی جەستە بوو، بەرهەڵدای دنیابوو نەک خۆشەویستیی..منیش بەدوای دامرکاندنەوەی کەفوکوڵ و ئاڵۆشەکەیدا دەگەڕام و گەشتەکانم، تا مەحموود ئاوچی نەهاتبووە دوکانەکەی بەرانبەر ماڵەکەمان، لە بێهوودەیی بترازێ هیچی تریان بۆم نەدەدوورییەوە. بەڵام کە ئەو دوکانەکەی ماڵی مام کاوێسی بەکرێگرت و چەند قەفەزە بولبولێکی تێدا دانا و پڕی کرد لە جۆرەها سەبەتە خورمای نایاب و کەوتە کاسبی، ئیدی دنیاکەم ڕەنگێکی تر بە دەمارەکانیدا گەڕا و ڕەنگوڕوویەکی جیاوازی پەیدا کرد.. مەحموود ئاوچی تورکمانێکی دانیشتووی گەڕەکی شاترلوو بوو، بە پیرێژنێکی جادووگەری ڕەق و وشک دەچوو، سیمایەکی بچکۆلانەی خەمباری هەبوو، تەمەنی هەر لە دەوروبەری سی و پێنج ساڵێک دەبوو، بەڵام لە من لاوازتر و درێژتر بوو، تابڵێی مەشرەب خۆشیش بوو، بۆیە هەر زوو منی کرد بە دۆستی خۆی و جاروباریش داوای ئەوەی لێدەکردم چاوێکم لە دوکانەکەی بێت تا بۆ مزگەوتی کۆڵانەکەی پشتەوەمان دەچێت و دێتەوە، بێگومان ئەو سەردەمە مزگەوتەکان وەخت و ناوەخت دەرگایان دانەدەخرا..هەرچی چۆنێک بێت، ئەو دەمانەی من لەوێ دەبووم چەند جارێک بەرنادێت ناوێک دەهات و هەواڵی مەحموودی دەپرسی..بەڕاستیی شۆخ و شەنگ بوو، بەڕاستیی گەنج و جوان بوو، کتوپڕ وەکو ئەو خەونانە لە کەللەی دام کە بە ئەورووپپاوە دەمبینین، چاوی شین وەکو دەریاکانی، پێستی سپیی وەکو بەفرە بێگەردەکانی..نیگاکانیشی چوون هێڵی ئاسۆ لە باوەشی ناکۆتادا دیار نەدەمان.. جارێکیان مەحموود زۆر دواکەوت، لاپڕەسەنیی بوو بە خۆرەم و بیرم کردەوە: ئەم کابرا مەشرووب خۆرە..بەوە ناچێ نوێژ بکات، ئەی بۆ ئەوەندەی پێچوو؟ ئەم دوو شتە، یانی بەرنادێت و هەموو هەینییەک ڕۆیشتنی بۆ مزگەوت، لە لای من بوون بە تەلیسم و بۆ شکاندنی ماخۆلانم تێکەوت، چەند کەڕەتێک لێم پرسی، هەر جارە و زەردەخەنە وەک هەوری سووکەڵە بە دەموچاوە وشکهەڵگەڕاو و چرچەکەیدا تێدەپەڕی و هیچی نەدەدرکاند.. بەڵام کە ئەمە زۆر دووبارە بووەوە، بەخۆم

وت: ئەگەر ئەمجارە بانگم بکات نارۆم لەناو ئەو سەبەتە و قەفەزانەدا بووەستم، بەڵکو نهێنییەکەیم بۆ دەدرکێنێ و ئەم تاسەی زانینەم دەشکێنێ، هەر دەبێ بیزانم، هەر دەبێ..ئیدی ئەو چێشتەنگاوەی هەینیی کە بەرنادێت هات و دووربەدوور سەرنجم دا چپەچپێکی کورتخایەنیان خستەگەڕ و مەحموود بەسەر ڕاوەشاندن ڕەوانەی کرد و بە دەنگێکی کزیش بە عارەبی پێی وت: تۆ بڕۆ..دوای..گوێم لە دوو وشەی کۆتایی نەبوو، بەڵام مەزەندەم کرد (من دێم) بێت..ئیتر ڕووکەشانەیش بێت شتێکم بۆ دەرکەوت، لێ هەر بەوەندە ڕازیی نەبووم و مرخم لەوە خۆش کرد بگەمە بنج و بنەوان و قووڵایی ئەو پەیوەندییەم بۆ دەربکەوێت. بۆیە کە پاش نیو سەعاتێک بانگی کردم، تەوسئامێزانە بە تورکمانی گوتم: ها مەحموود ئابی دیسان بۆ مزگەوت؟ ئەویش نەختێک پەشۆکان و ڕەنگپەڕین بەسەریدا زاڵبوون و گوتی: ئا، قژدرێژ زۆرم پێناچێ..منیش وتم: وەکو یەکسەرەکەی هەینیی پێشوو؟ بەداخەوە، ناتوانم! بڕۆ یەکێکی تر بۆ خۆت پەیدا بکە. کە وام وت کەوتە لالآنەوە، منیش کە زانیم داشم سوارە گوتم: ئەگەر دەتەوێ بووەستم، پێم بڵێ با منیش بزانم..دەچی بۆ لای بەرنادێت؟ کە دەنگی لێوە نەهات، بێ منەتانە هەنگاوم نا و دوورکەوتمەوە، تکاکارانە بانگی کردمەوە: قژدرێژ مەڕۆ، وەڵڵاهی پێت دەڵێم، گفتی پیاو ئەمجارە پێت دەڵێم..بەس کە هاتمەوە..منیش وتم باشە و لە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی ئەو نهێنییە دیق پێکەرە وەستام ..قەفەزی بولبوولە دڵخوازەکەی هەڵگرت و بە لای دەستە ڕاستدا لایدا و دوورکەوتەوە، ئیتر وەک ئەوەی لە چەمەنزارێکدا بم دەنگی بولبوولە بۆرەکانی تر دەوروەیان دام و لەسەر کورسییە پلاستیکییە سوورەکەی تەنیشت تەرازووەکەی پشت سەبەتە پڕ لە خورما قل گەورەکان دانیشتم و چەند قلە خورمایەکی نیمچە گەییووم خوارد کە زیاتر حەزم لەوانە دەکرد و لەبەر ئەوەی خەڵکیش خۆیان ئاخنیبووە ناو مزگەوتی کۆڵانەکە و نیوەڕۆیش بوو، هەر دوو سێ مشتەری هاتن و ئەو هێلینە ئەسمەرەی لە ماڵەکەی »ئوم فادی«یشدا ئیشی دەکرد، کە گەلێک لە خەونە هەرزەکارانەکانمی تەڕتەڕ کردبوو، هات و هەواڵی مەحموودی پرسی و ئیدی مەزەندەکانم بوون بە یەقین و زانیم

مەحموود شایستەی نازناوەکەی خۆیەتی، ئاوچی، ئاوچی، ڕاوکەر، ڕاوکەری ژن.. جگە لەوەیش زانیم دیارنەمانە کاتییەکانی لەپای چین! کە هاتیشەوە زۆر بێهێز و شەکەت دیاربوو، پڕی دایە نزیکترین سەبەتە خورما و وەک نەدیوویێک بەپەلە چەند دانەیەکی خوارد و ئینجا بە تۆنێکی هێواش وتی: گوێبگرە قژدرێژ، پێت دەڵێم، بەڵام نابێ کەس تێبگەیەنی، لەگەڵ بەرنادێت قسەم کرد، ڕازییە بچێتە لای، بەڵام وتی لەبەر ئەوەی زۆر گەنجی دەترسێ کۆڵانەکەی لێ پڕ بکەیت و تووشی سەرئێشە و جێ لەقیی بێت..منیش وتم: بۆ مەسەلەی نەدرکاندنی خاترجەم بێ قەت دەرگایەکی ئاوا لە خۆم داناخەم. ئەویش وتی: دەکەواتە پێنج دینار حازرکە و ئەم سەبەتانە بخەرە ژوورەوە با بڕۆین..منیش بە خەمبارییەکەوە وتم بۆ مەسەلەی پێنج دینارەکە!..وتی چییە نیتە؟ وتم لە کوێم بوو؟ وتی چەنێکت هەیە؟ وتم تەنها دوو دینار و نیوم پاشەکەوتە..تۆزێک بە فیکردا ڕۆچوو ئەوسا وتی ئەی هیچت نییە بیفرۆشی؟ وتم با کۆمەڵێ کۆتری چاکم هەیە، ئەگەر چواریان بەرمە لای قەڵا دەشێ پێنجەکەیان پێ تەواو بکەم.. وتی چەنێک دەکەن؟ وتم لەوانەیە سێ چوار دینار بکەن.. زۆر باشە تۆ بڕۆ بیانفرۆشە، کە هاتیتەوە قسەیەکی لێدەکەین. لە خۆشیدا شڵەژام، پێم عەرزی نەدەگرت، شانسیشم هەبوو، چەند هەنگاوێک لەولاوە جەبارەڕەشم بینی بە کارتۆنێکەوە لە ماڵ هاتە دەرەوە و دەنگم لێهەڵبڕی: ها جەبار بۆ کوێ؟ وتی دەچمە خوار قەڵا ئەم کۆترانە دەفرۆشم. لێی نزیک بوومەوە، فرتە فرت و خڕەخڕێک لە کارتۆنەکەوە هات..وتم چاوەڕێ بە منیش دێم. پاش قەدەرێک کەوتینەڕێ..گەرچی ڕێگاکە نزیکیش بوو، کەچی وەک بڵێی جەڕێنرابێ.. ئەگەرچیش کۆترەکانم دەبرد بۆ شتێکی گرنگ بیانفرۆشم، بەڵام هەر دڵتەنگیش بووم، دڵتەنگ بووم چونکە لە کیسی خۆمم دەدان..بەڵام ڕێگە چارەیەکی ترم شکنەدەبرد..هەر کە گەیشتین، ئەو دەوروبەرە وەک هەمیشە دەتگوت ڕۆژی حەشرە، قەرەباڵخیی و ژاوەژاو و سەروسەدای حەشاماتەکە و دەنگە دەنگی ئاژەڵ و پەلەوەر و قیژەی باڵندەکان ئەو ناوەیان هەژاندبوو. لە چاوترووکانێک زیاتر درێژەی نەکێشا، بەو نرخەی دەمویست هینەکانی خۆم ساخکردەوە و جەبارەڕەشم بەجێهێشت و تێمتەقاند.. مەحموود دەستبەجێ وتی چاوەڕێت بووم، وەرە سەبەتەکان بەرینە ژوورەوە و دوکانەکە داخەین. زوو بە، پیرە یۆخەنناى مێردی زۆر نابا دێتەوە و دەرفەتەکە لەکیس دەچێت و تا هەینیی ئایندە دەرفەتێکی ترمان بۆ هەڵناکەوێتەوە. ئیتر وەکو هەرقلم لێهات، تاقەتێکی هێند سەیرم تێگەڕا، ئەو سەبەتە زل و پڕانەم وا دەبردە ژوورەوە وەک بڵێی بەتاڵا بن و کەوتینەڕێ.. کۆڵانی چۆڵ و هۆڵیش تەنها دەنگی هەنگاوەکانی ئێمەی دەگرتە باوەش. بە کۆڵانی دەستی ڕاستی مزگەوتەکە لاماندا و پێمان هەڵگرت. مەحموود قەفەزی بولبولەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، نازانم بۆ لێی جیانەدەبووەوە، بۆ بەردەوام پێی بوو؟ وام لەقەڵەم دا کە بەوە دەیەوێ گومان لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام خۆ ئەو کە ئێواران بۆ شاترلوویش دەڕۆیشتەوە لەگەڵ خۆی دەیبرد! نا مەزەندەکەم لەجێی خۆی نەبوو ..بەهەرحاڵ، دەرگاکە لەسەر پشت بوو، کەسیش لەناو کۆڵانەکە دیارنەبوو، یەکسەر خۆمان پیاکرد، خانوویەکی کۆنی بچکۆلانەبوو، ژووری لای دەستی ڕاستی حەوشەکە دەرگای نەبوو، بەتانی پێداهەڵواسرابوو، ئحم..ئحمێکی کرد و بەتانییەکەی لادا و منی بردە ژوورێ، بەرنادێت منداڵە کۆرپەکەی لە کۆش بوو، لە تەنیشت بێشکەیەک، لە ژوورە نیمچە تاریکەکەدا دانیشتبوو، تەماشایەکی ئاسایی کردین و دەستوبرد منداڵەکەی نایە ناو بێشکەکە و هەستا..مەحموود لێی چووە پێشەوە و بە چپە شتێکی پێ وت گوێم نەیقۆزتەوە، بەڵام گوێم ئەوەی قۆزتەوە کە بە ئاستەم وتی: یەکەمجارێتی.. هینەکەی بە هیچ هینێکدا نەچووە! ئینجا سەرێکی بە ئاڕاستەی من لەقاند وەک ئەوەی پێم بڵێ دوای کەوە..لە پشتەوە ژوورێکی تر هەبوو، بەدوایدا چووم، من بۆ نیگای چاوە شینەکانی و سپێتی قۆڵەکانی دەمم گوزارەی سەرسوڕمانێکی سەیری لێوە دەرپەڕی، وەک ئەوەی لە خەوندا قسە بکەم، وەک ئەوەی لە خەونێکم ڕامابم، ئەورووپپا، چاوە شینەکان، سپێتییە وەک بەفرەکان، ئەو ڕووتاییە جوانانەی لە ڕەسمە ڕووتەکانی مەجەکۆسەدا دەمبینی، ئەو لێوە ئاڵە داخراوانەی هەمیشە بواری کەلێنێکی بچکۆلەیان لە ناوەڕاستدا دەمایەوە.. ئای خودایە..کە چووینە ژوورێ پارەکەی لێسەندم و یەکسەر دەستێکی بۆ ئەوێم درێژکرد،

ئۆ..ئۆۆۆیەکی درێژی دەرپەڕاند و وتی ئۆۆۆ.. تۆ ئامادەیت..یەکەوڕاست هەستێکی بێهاوتا ناوەوەی سیخناخ کردم. پێموابێ ڕەنگە هەستی خۆ بە پیاو زانین بووبێت..یان خەونێک بووبێت و بەدی هاتنیم هاتبێتە بەرچاو!! دوای ئەوەی دەستی لە پیاوەتییم دا، بەو ڕستەیەی هەستی نێرێتییەکی بێوێنەم تیا خرۆشا، ئیتر دەتووت بەلووعەیەکم و کراومەتەوە، بەڵێ بەڵام زۆری نەبرد گیرایەوە و چکی هێنا، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی من هاتەدی، بۆیە پێم وت چرووک دەرچوو، دەتوانم یەکێکی تر..نەیهێشت ڕستەکەم تەواو بکەم و بەسەر ئاماژەی نەخێری پێدام..منیش وتم باشە لەمەودوا دەتوانم هەر خۆم بێم و مەحموودم لەگەڵدا نەبێت؟ سەری بەڵێی ڕاوەشاند..ئیدی دەرچوومە دەرەوە و هەستێکی غەوارە و ڕمۆک سەراپای تەنییم و بە دوودڵیی تێفکرییم و لەخۆم پرسی ئایا ئەم ئەزموونە تەنها کوڕێنییمی سمی، یان کردمی بە پیاو؟ چونکە هەستم بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نەکرد بۆیە بە: ناتوانم بڵێم کردمی  بە پیاو! وەڵامی خۆم دایەوە. نایشارمەوە، هەستم بە ناتەواویی ئەم ئەزموونەم کرد، چونکە نەپەرژامە سەر ئەوەی هیچ شتێک لەو شتانە ئەنجام بدەم کە لە خەیاڵمدا پلانم بۆ دانابوون، سنگی هەڵگلۆفم، ئاڵیی لێوە کەلێندارەکانی بمژم، گۆی چوکلێتیی مەمکەکانی بلێسمەوە و..پەژارەیەکی دیوبەدەر ڕێگای تێفکریینی نیشان دام، بەخۆم وت: بۆ ئەوەی پێم بکرێ ئەو شتانە ئەنجام بدەم کە نەپەرژاومەتە سەریان، جاری داهاتوو دەبێ پێش هاتن خۆم خاڵیی بکەمەوە و ئینجا بێم..بەڵام ئەو کێشەیەی نیگەرانی دەکردم پێکەوەنانی پێنج دینارەکە بوو، لەگەڵ بەرنادێتیشدا وا ڕێککەوتبووین ڕۆژی هەینییان پاش چێشتەنگاو بێت و لای دوکانەکەی مەحموود ئاوچی لەسەر چوونم بۆ لای قسە بکەین..ئیدی گیرفانم وەکو هێلانەی کۆترەکانم هیچیان تیا نەما، چی بڵێم؟ هێندە خولیای بەرنادێتیش ببووم نەمدەزانی چی بکەم.. مەحمووديش، کە زۆر لە پێشوو ڕێک و گونجاوتر ببووین، پێم وت مەحموود ئابی دەمەوێ ئیشێکم بۆ بدۆزیتەوە..وتی دەتوانی لای وەستا کەنعانی برادەرم ئیش بکەی؟ چ جۆرە ئیشێکە؟ سەد هەنگاوێک لەولای ئوتێلی سەمیر ئەمیسەوە گەراجی هەیە ئۆتۆمبێل بۆیە دەکات، بەڵام دوو سێ حەفتە جارێک پێت دەکرێ بەرنادێت ببینی..چارەی تر هەیە؟ نییە.. چیبکەم دەبێ بڵێم باشە..وام وت و ئیتر جاروبار پێویست بوایە نەدەچوومە قوتابخانە و بۆ لای وەستا کەنعان دەچووم، تادرەنگانێکی ئێوارە ئیشم دەکرد، چاوەڕوانی هەینییە نەهاتووەکانم دەکرد وەک ئەوەی لەسەر ئاگر بم، لەگەڵ ئەوەیشدا دڵخۆشیی خۆم دەدایەوە و دەموت: باشە ئەگەرچی درەنگیش بووبێت ئەوە پارەم بۆ خووەکەم دەستەبەر کردووە، بەڵام گرفت ئەوە بوو کە وەستا کەنعان بەیناوبەین سەرقاڵیی زۆر دەبوو بانگی دەکردم و ماوەیەکیش هەر هیچ لێی نەدەپرسیمەوە، جا هەراسانم لێ هەڵدەستا و نەمدەزانی بۆ لەباوەش گرتنی بەرنادێت چی بکەم؟ ڕۆژێک خەمبار و وەڕس لە ناوبڕی بەینی دوو وانەدا لە پۆل مابوومەوە و داڵغەم لێدابوو، گوێم لە مەجەکۆسە بوو بە نەجەقەڵەوی دەگوت: من بە دەگمەن نەبێ کتێب ناکڕم..نەجاتیش وتی چۆن؟ ئەی ئەو هەموو کتێبە چییە ناوبەناو دەیانهێنی و کەشوفشیان پێوە دەکەیت؟ ئەویش وتی کامانە؟ نەجەیش وتی ئەوانەی نەجیب مەحفووز و ئیحسان عەبدولقدووس و..ئا..ئەوانە لە کتێبخانەکان دەریان دەهێنم..یانی چی؟ یانی دەیاندزم..منیش لاپڕەسەنیی تەنگی پێ هەڵچنیم، یەکسەر خۆم هەڵقورتاندە ناو گفتوگۆکەیان و لێم پرسی: چۆن دەریان دەهێنی؟ ئەویش هەموو وردەکاریی و تەکنیکەکانی خۆی بۆ ئاشکرا کردم و ئیدی ئاوها چوومە ناو دنیای کتێبەوە، بەڵام نەک بۆ خوێندنەوەی، بەڵکو بۆ فرۆشتنی.. بە مێشکما ئەوە ختوورەی کرد کە ئەمە دەروویەکە لێم کراوەتەوە و بیرم لەوەیش کردەوە کە بە کێ بیفرۆشم..بۆیە ئەو دەمەوعەسرە چووم بۆ کتێبخانە بچکۆلانەکەی «دایی ئەمین» کە لە تەنیشت ئینزیباتخانەکەی مابەینی شەقامی ئەتڵەس و شەقامی عەلەمێندا بوو، کتێبی دەستی دووی دەکڕی و دەفرۆشت و لەگەڵیدا مەسەلەی ئالوویرەکەم براندەوە و کەوتمە هەوڵدان تاکو فێری ئەو ئیشە بم.. زۆرجار دەچوومە کتێبخانە گەورەکەی خانەی نیشتیمانیی کتێب کە دەکەوتە دەستپێکی شەقامی عەلەمێن و مڵکی دەوڵەت بوو، جارناجارێکیش سەرم لە هینەکانی جەبار ئاسۆ و گەل و هەندرێن دەدا و ڕۆژی وا هەبوو چەند کتێبێکم دەردەهێنا و کە لە لام کۆدەبوونەوە و دەبوونە دە پانزە دانەیەک بۆ «دایی ئەمین»م

دەبردن، دەبێ شتێکی گرنگیش لەبیر نەکەم، ئەویش ئەوەی کە ئەم ئیشەم بەبێ وەردانی هەست لە گوناه و خەتاوە پێ ئەنجام نەدەدرا.. ئەگەر کاتی زۆرم هەبوایە و بەختیش یاوەرم بوایە ئەوا پێنج دینارم بە هەفتەیەک بۆ بەرنادێت پەیدا دەکرد، ئەگەرنا دەبوایە زیاتر چاوەڕێ بم تا ئەو پارەیە پێکەوە دەنێم، بەڵام بەڕاستیی بڵێم ئالوودە بوونم بەو ژنە شتێکی جیدیی بوو، وا لە کەللەی دابووم، تەنانەت وانەکانی قوتابخانەشم پشتگوێ خستبوو، نمرەکانم دابەزیبوون و هەموو شتێکی تریش هەر ڕووی لە دابەزین بوو تەنها بیرکاریی نەبێت..ئەویش بایۆلۆژییانە لە ئاوەزمدا لێکم دەدایەوە و دەموت خۆ من ئەمیبا نیم، ئەمیبا نیم، بۆیە وەکو یەکێ تەواو ژمارە یەکم نەدەبینی، دەموت یەک لەگەڵ یەکدا نابێتە دوو، لە ڕاستییشدا بۆ من یەک یەک نەبوو، یەکێکی تریش نەیدەکردە دوو! گەڕانی منیش بەدوای یەکەکەی تر بۆ ئەوە بوو ببمە یەکێکی تەواو، چونکە یەک یەکی خشت و تەواو نەبوو و هەر تەنها ئەوی دیش تەواوکۆیی پێدەبەخشییم..ئەمە درێژەی هەبوو..تا ئەو کاتەی چەند کتێبێکی جوان و دانەیەکی قەبەی جزوبەندسووری دانسقەیشم لە کتێبخانە گەورەکەی خانەی نیشتیمانیی کتێب دەرهێنا و لەگەڵ ئەو کیسە کتێبەی پێیشمبوو بە هەشتاو بەرەو لای »دایی ئەمین«ملی ڕێم گرتەبەر، لەبەر ئەوەی سینەما عەلەمێن خەڵوەت بوو، بە پەلە چوومە ناوییەوە و کتێبەکانم لەبەر پشتێنەکەم دەرهێناو خستمە ناو کیسەکەوە، نەختێک تاریک داهاتبوو، سەیری سەعاتم کرد شەشی بەجێهێشتبوو، کە گەیشتمە ئەوێ، داخرابوو، لە دڵتوندبوون و خەمداگرتن بەولاوە هیچی ترم پێنەکرا..دنیای دەرەوە هێشتا زۆر تاریک نەببوو، کەچی دنیای ناوەوەم وەک ئەوەی مەرەکەبی ڕەشی پێدا کرابێ ترووسکایی تیا نەما..لۆژ لۆژ ئاڕاستەکەم گۆڕی و بەرەو ماڵێ گەڕامەوە. نازانم بۆچی، بەڵام بەڕاستیی ئەو شەوە شەوێکی سەیر بوو، بە شەوەکانی تریش نەدەچوو، کە بە لای دارژاڵەکەی حەوشەکەماندا تێپەڕییم، لیکێکی خۆش زاییە ناو دەمم، بە پێچەوانەی هەمیشە، دایکم هیچ دراوسێیەکی لا نەبوو، چوومە ژوورەکەی دەستە چەپ و کتێبەکانم لەسەر مێزە قنجەکەی تەنیشت پەنجەرەکە، لە لای کتێب و پەڕاوە پەرپووتەکانی قوتابخانەم دامنان و ویستم بڕۆم خۆم بگۆڕم، وەکو ئەوەی ئەو کتێبە جزوبەندسووره قولاپ بێ و نیگاکانم بەرزەفت بکات، دەستم لە خۆیەوە بۆی ڕایەڵ بوو، هەستم کرد ئەفسوونێک دەیجووڵێنێ، هەڵمگرت و کردمەوە، تابڵێی بە دەروازەیەکی ئەفسووناویی دەچوو، نەتدەزانی بۆ کوێت دەبات..ئەو چەند لاپەڕەیەی پێشەکییە کورتەکەییم بوارد و ناونیشانێکی هاودژ ڕایگرتم، دەڵێم هاودژ، چونکە خەم و تریفەی مانگی تیا بوو، (خەمێک لەبەر تریفەی مانگدا) چەند جارێک بە چاو خوێندمەوە، زمان ئۆقرەی نەگرت و دەنگی لێ هەستاند، ئینجا پوورەیەک وشەی سەرسامکەر بەئاسمانی چاوەکانمدا کەوتنە فڕین و ئاسۆی خەیاڵیان کردم بە شانە، کەوتمە ناو بیرکردنەوەیەکی سەیر، بە ناخێکدا شۆڕبوومەوە بە ناخی من نەدەچوو، پێموابێ چونکە هێشتا خۆم نەدەناسیی و نەمدەزانی من چیم..دەنگێک، هەرگیز نەمدەزانی بوونی هەیە، وەک وشەی «بخوێنە»ی ناو حوجرەی یەکەم وێستگای فێربوونم زایەڵەی دایەوە و لە یادمدا سەدای زمانێکی بە زیل و بەمیان بەجێهێشت و ئیتر ئەفسوونەکە بە شێوەیەکی عەجایەب لە بیر و خەیاڵمەوە بۆ هەستەکانی ترم و لە دەست و چاو و بیریشمەوە گوازرایەوە بۆ شوێنێکی تر، شوێنێک، نامۆ بوو، نەمدەزانی کوێیە، ئیدی وەک بڵێی بەسەر کورسییە تەختەکەمدا هەرەس بێنم دانیشتم، هەستم کرد تاریکیی دەرەوە لە ئەندێشەم کاڵبووەوە و ژوورەکە بوو بە دنیایەکی تر، دنیایەکی گەورەتر لەوەی جاران، چونکە هەست بە ناتەواویی کردنی ئەو کوڕێژگەیە لە مندا ڕەوییەوە، چیدی ئەو نیوە نەبووم، ئەو نیوەی درزی بە هەستم دەبەخشیی و لەو چرکەساتە تاریکانەی ئەو شەوەیش بەدواوە کتێب بوو بە بەرنادێت و خوێندنەوەیش بوو بەو خووەی لەجیاتی ئەوەی تەنها ئەندامێک، هەموو ئەندامەکانی لەشم بخرۆشێنێ، لەجیاتی بورکانی جەستە، هەموو بورکانەکانی ڕۆحم بپژێنێ و بمکات بە پیاو، پیاوی ڕاستەقینە و پراوەی شتێکم لەگەڵدا بکات کە هیچ جەستەیەک نەتوانێ لەگەڵمدا ئەنجامی بدات..



# ترس و مەی



ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

وەک ئەو کەشتییەی لەنێو دەریادا بەر زریان و ڕەشەبا کەوتبێ لەنگەری ڕۆیینی تێکدەچوو و تێکدەئالا، یان بەسەر چەو و بەردی خڕ و گەورەدا هەنگاو بهاوێت و پێیەکانی بەسەریانەوە ڕاگیر نەبێت و بەملا و بەولادا دەهەژا، دەتگوت ماشینێکی چەپرەگە و مەکینەکەی گەرمی کردووە به هەورازەکەدا نەیدەکێشا .

÷ ÷ ÷

دەمێ ساڵبوو ئاڵوودەی مەی بوو، هەرجارەی کە بۆ مەیخانەکە شۆڕدەبۆوە واتامەزرۆی بو، وایدەزانی پێشتر بۆی نەچووە و پێی تێنەناوە، مەی هەست و هۆشی داگیر کردبوو، لەگەڵ خوێنی تێکەڵاوببوو، موگناتیسی بۆ ئەوێی دەکێشا، ڕۆیینی بۆ ئەوێ، لە ڕۆیینی ئەسپێک دەکرد کە حیلەی ماینێک لە تەویلەی نزیکیەوە ڕاببچڵەکێنێ و سندم و مێخ زنجیران بپسێنێت، دەبێ خاوەنە قرچۆک و چاوچنۆکەکەشی لە پەڕینی گرتبێتەوە، نەیویستووە و چاوی پێهەڵنەهاتووە ئاوکوفی توخمی ئەسپەکەی بەدەست کەسانی دییەوە ببینێ، ئێستا ڕۆیشتنی وەکوو ئەو خۆشڕۆ و ڕەوهانانە غلۆردەکردەوە، بە جۆرێک پاژنەی پێڵاوەکانی لە قیری جادەکە دەدا تەقەی لێوە دەهێنا، دەیزانی ئێستا مێزەکەی سڕاوەتەوە و بە گەیشتنی، بێ پرسکردن، خواردنەوەو مەزەی بۆ دادەنێن، مەیگێڕیش بەنیازی سەخاوەتی بەخشیشەکەی بە دەوریدا دەخولێتەوە.

سەرەتای فێربوونیشی لاسایی کردنەوەی کەسانێک و سەرگەرمکردن و خۆ بە میر کوڕکردن بوو. ئێستای هاوتەریب لەگەڵ ئەو هەموو حەز و تامەزرۆی خواردنەوەی کە دەموجەمی نەبوو، بە قسەیێک ترسێکی ترسناکی پیشاندرا کە ماڵ کاولی بە دواوەبوو، ترسەکە بۆی لە بۆسە و مەڵاسدا بوو، لەنێو جامی خواردنەوە، لەسەر مێزی خواردنەوەکە، لە سەر و سیمای مەیگێڕ، لەسەر دار و دیواری مەیخانەکە وەکوو جنۆکە خۆی پیشان دەدا.

مەی کردە غەمڕەوێن و ترسڕەوێن، چاری بێچارە پتر هانای بردە بەرخواردنەوە، مکوڕتری کرد و زێتر هەڵیدەقوڕاند، مەبەست لە زێدە خواردنەوەکەشی لە بیرکردن و ڕەواندنەوەی مۆتەکەی ترسەکە بوو، کەچی زێتر لێی زەق دەبۆوە، کە جامی مەی بەسەر لێویەوە دەنا ترسەکە لە پێشچاوی هەڵەکە سەمای دەکرد و خواردنەوەکەی لێ تاڵتر و بە قوزەلقورت دەکرد، لەبری لەبیربردنەوە، غەمەکەی ئاڵوزتر، گرانترو پان و پۆڕتر دەبۆوە و ترسەکەش دوو لینگانی بەسەر شانو ملی دادەهێناو یخی دەکرد.

÷ ÷ ÷

پێشەوەی ترسەکە لە ئاسمانی ژیانیدا هەورە تریشقەی هەڕەشەی لێ بکات و بگرمێنێ، هەر ئەو مەیخانەیە شوێنی سەرگەرمکردن و بگرە هەمان قوژبن، هەمان کورسی و مێز، هەمان مەیگێڕ، جێگەی بوو، ئەوێ وەکوو (لۆج) ێکی تایبەت بە ئەوی لێهاتبێت و کەسی دیکە زاتی ئەوەی نەبێت بچێتە شوێنەکەی، یان نەیاندەویست لە جێگەی ئەو دابنیشن.

ئەو مەیخانە نشینێکی بەردەوام و ڕۆژانەیە کە دەموجەمی نەبوو، خۆر هەڵەی کردبا، ئەو بۆ چوونە ئەوێ هەڵەی نەدەکرد، مەی لەگەڵ خوێنی تێکەڵ ببوو، بێ خواردنەوە ئۆقرەی نەدەگرت و نەدەحەوایەوە، گەر ڕۆژێک بۆی نەلوایە و نەچوایە و نەخواتەوە کە زۆر دەگمەن ئەمەش ڕوویدەدا، ئەوە پتر بێهۆش و سەرخۆش دەبوو.

÷ ÷ ÷

لەم دوا دواییەنەشدا پتر سەری تێنا و پتر هۆگری خواردنەوەبوو و لەتامی دەرکرد، زیادەڕۆیی خواردنەوەکەش لە پێشدا مەیگێڕ و مەیخانەچی درکیان پێکرد، لە پاشدان تەشەنەی دانیشتوانی مێزەکانی دەورو بەری کرد، ئینجا ئەو شەقام و ڕێگایانەی بە لارەلار پێیدا تێپەڕ

دەبوو، بگرە دار و دیوارەکانیش پێیانزانی کاتێ بەلادا دەهات و دەیویست بکەوێت، دەستی بۆ دەبردن و خۆی پێیانەوە ڕاگیر دەکرد، قۆرت و قۆرتیلەکانی جادە و ڕێگاکانیش شاهیدی بێهۆشی و نالەباری ئەوبوون کە هێندێ جار تێیان دەکەوت و یەکدوو کاژمێران بێئاگا لەخۆی و دەوروبەری تێیدا دەمایەوە، ئەوانەی بیانناسیبوایە لەپێشە خۆیانەوە دەیانگوت: بیخۆ نۆشی گیانت بێ قابیلی خۆتە لەنێو قۆرتیلەکان بکەویت، نەناسەکانیش وایاندەزانی فێ گرتوویەتی و لەنێو چڵپاوەکە دووریان دەخستەوە، هی واش هەبوو تەنیا تیچاوێکی دەدایێ و هیچی کە.

مەیگێڕ دەیزانی گرفتێک وەکوو گەردەلوول لێیداوە و تێی ئاڵاوە و سەری دونیای لێوێکهێناوەتەوە و سەری لێشێواندووە و بۆتە هۆی زێدەڕۆیی خواردنەوەکەی، بۆ لە بیرکردنی دەرد و میحنەتەکەی سەری لە خواردنەوە ناوە. سەرەتا خواردنەوە لەکنی وەکوو ئەو هەزار بەهەزارانەی گیرۆدەی مەی ببوون و ئەستۆیان لەئەستۆی نەدەبۆوە، خووییک و فێربوونێک و سەرگەرمکردن بوو، وەلێ لە پاشدان وردە وردە ئاڵوودەی بوو، لەو کاتەشەوە کە بە قسەیێ هەڕەشەی لێکرا، ئەنجامی ترسی قسەکە مارەزیو ئاسا لە گەردنی ئاڵا و هەناسەشی برکی دەکرد، ئاڵوودەبوونەکەشی لێ خەستر کردەوە، ژیانی تاریکتر کرد و خواردنەوەکەشی لێ تاڵتر و بە ژەهرەمار کرد و لە میر کوڕبوونیشی خست.

دەیخواردەوە، تا خۆی و دەرد و غەمی لە بیربکات، هەردەم لە قوڕنە تایبەتەکە بە تەنیا دادەنیشت، نە هاودەمی خواردنەوەی کەسی دەکرد، نە کەسیش هاودەمی خواردنەوەی دەبوو، ئەو هەرخۆی و غەم و خەیاڵەکانی و بەس، کاتێ زۆریشی دەخواردەوە دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕا و خەیاڵ دەیبردەوە و ڕوانینی دەگرتە خاڵێک و لە مۆڵەق دەیهێشتەوە، دەتگوت لەو خاڵەدا هەڕەشەکەرەکە پەنجەی لێ ڕادەشەقێنێت و چاوی لێ زەق دەکاتەوە! جارجار لەو حەلاندا وەکوو هێمای بانگکردنی بۆ بکرێت هەڵدەستاو جامە نیوە بەتاڵی دەهێلایەوە و ئەوێی جێدەهێشت، گەلێجارانیش شەوی لەگەڵ بەرەبەیان گرێدەدا و خۆی و ترسەکە و غەم و مەی دەمانەوە. لەنێو مەیخانەی نیمچە تاریکدا، نێو هەناوی تاریکتر دادەگەڕا و وایدەزانی تاریکیەکە لوولی دەدات و هەناسەی تەنگ دەکات، هەر چەندە لوول دەخواتەوە قسەکەیش لەنێو مێشکیدا لێدەرایەوە، بەو هەموو غەم و هێن و منهێنان و ڕامانەدا ئیلهامی بۆ دەهات و خێرا کاغەز و قەڵەمەکەی دەردێنا و دەستی بە نووسین دەکرد و هەرلەسەر مێزەکە بە دیار جام و بوتڵە عەرەقە بەتاڵەکاندا جێیدەهێشت و بە لارە لار

و شەپە شەپ مەیخانەی جێدەهێلا، گەرچی حەزی بەوە دەکرد لەوێ جێیان هێشتایە و شەو و بەرەبەیانی لەوێ بەیەکەوە گرێبدایە و بەسەر بردبا، جاروابوو ڕێی هەڵەتە دەکرد و بە ماڵەکەی نەدەکەوتەوە و لە کۆڵانان دەکەوت و دەمایەوە، جاری واشبوو بە کۆڵانەکەی خۆیان دەگەیشتەوە، وەلێ دەرگای ماڵەکەی خۆیانی لێ تێکدەچوو و تەقەی لە دەرگای ماڵی کە هەڵدەستاند.

÷ ÷ ÷

درەنگانی شەوێ ئەوێی جێهێشت، مەیگێڕ وەکوو هەموو شەوانێ کەوتە خاوێن کردنەوەی مێزەکەی و پارچە کاغەزەکەی هەڵگرتەوە و خوێندیەوە:

دەمێکە مەیخانەم کردۆتە ماڵم
دەمێکە غەمی سەر ڕێژم لێ جێدێڵم
مەی و مەیخانە دەردم ناکەن چارە
موریدی کونجی مەیخانەی بێئان و ساتم
گرفتی مەی تووشی کردووم
ئەویش نایێت بە هاوارم
هەر بەو ئومێدەوە جامم هەڵدەدەم
بۆم ببێتە فریشتەی سەر عارد و
بۆم دەرکات بڕیاری لێبوردنێ

مەیگێڕ پارچە کاغەزەکەی دایە دەستی مەیخانەچی، ئەویش وەکوو هەموو جاران چاوی لە نارێکی نووسینی پیت و وشەکان، بەرز و نزمیانی کرد و لەپێشە خۆیەوە گوتی: پیت و وشەکانیش بە لارەلار وەکوو خۆی سەرخۆش و بێهۆش کەوتوون، گرفتی گەورەی بۆ هاتۆتە پێشێ و مەییش دەردی وی سارێژ ناکات، دیارە هەر ئەو گرفت و کۆسپەیەشە بەم زیادەڕۆییەی ئەم دواییەی گەیاندووە کە بە هاناشیەوە نایەت، پارچە کاغەزەکەی خستە سەر پارچە کاغەزەکانی دی، خۆنەکردی و بێویستی خۆی چاوی بە شوێن کورسی و مێزەکەیدا هێناو برد، وایزانی دونیاییک غەم و پەژارەی بە دەوری کورسی و مێزەکەدا بەرەڵا کردووە و لێی جێهێشتووە، هەرچەندە کونجەکەی نیمچە تاریک بوو، وەلێ وای هاتە بەرچاوی تاریکتر داگەڕاوە.

÷ ÷ ÷

هەرکەسێ سەیری ڕۆیینەکەی کردبا و دیقەتی لێدابا، بیری بۆ ئەوە دەچوو کەوا سەرخۆشە، یان بێهۆشە، یان شەپڵە لێیداوە و شەتوگێری کردووە.

دەتگوت ماشینێکی چەپرەگە و بە هەورازەکەدا نایکێشێت، قسەی ژنەکەشی لێ غەمێکی هەرە گەورە و کۆسپێکی ڕەق و وشک هەڵاتوو بوو هێندەیتر هەنگاوەکانی تێک ئاڵاند و لە مێشکیدا ئاوا زرنگایەوە «ناتوانم چیدی لەگەڵت بژیم و حەوسەڵەم تەقیوە ئەگەر تەرکی مەی نەکەیت دەبێت لە دوانمان یەکێک تەلاق ....»

HDWallpapersImages.com

# ڕوونیی هەموو شتێک

دەقی: سەباح ڕەنجدەر

## وەسیەت

فریشتەیەکی توند تەونی هەموو ژیانی بۆ چنیم
ڕووەو من سینگی گەرمکرد و مەودا بە کۆچی وشە دەپێوم
کورە نۆبەرەکەم شیعر
لە جەنگی چوارنالەدا بە ڕێگای نیشتەجێبوون دێمە بوار و هەوارت
گوناهێکی گەورەیە دەست لە ئێسک بدەیت و ببێتە خۆڵ
باڵ ماون لە زەوی بخشێن و لە ناوچەوانی ماندوومان بپرسن
ئەوە چیت لێهاتووە
شارێکیش لە پێویستییەکی هەنیەیی تەزوو لە هەناوی دەسووتێ
هەتاوی لاویی لە پشت بئاڵێنم و درەختی یەکەمی بە دەوردا بڕوێنم
ئەوانەی دوای شوێنپێ کەوتوون
بە زەردەخەنەوە بەخێرهاتنیان بکات و بە لێوی بەهێز ماچی بکەن
بەرەو ڕوخساری لە نەرمونیانی ئەستێرە چنراو هەنگاو گەرم دەکەن
ڕۆح سەرچاوە دەناسێ و دەزانێت دڵنیایی چییە
خەونێکی بەهێزە

***

لەوانەی بەدگۆییان بەرانبەر کرا
زۆریانم ناسی و بوونە ئانوساتی سپێدە لە ڕوخساری مندا
سەردەستی کراسم هەڵدەدەمەوە و سەیری گوڵی بێباکیی دەکەم
هەوای دەوروبەرم پڕدەبێ لە لێدانی دڵ
تەواوی قسەی دڵی خۆمی پێدەڵێم و بە قسەی دڵ دەگەم
ئەگەر شێر بمخوا
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی لێدەدا
ناسینەوەی هێلانەی بەرزی بەچکە نەڕۆیشتوو ئاسانە
ئەگەر چەقەڵی خۆدۆڕاویش بمخوات
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی خاودەبێتەوە
چاو لە شوێنی نامۆدا
وزەی ڕەوانبێژی وەردەگرێ و جیهان لەسەر شانی ئەم ناخاتە جێگای ئەو
مەیسووڕێنە
هەزارویەک سووڕی ژیان لە سادەیی دوانت دەخەملێن و دەردەکەون
هەوێنی دڵ بگرەوە و جریوە و جووکەی دێڕ ئاوازێکی درێژخایەنە
گەڕەکی قسەنەستەق داوات لێدەکا بچیتە ناوی و چەتری هەڵدەی

شکۆی سروشت بخەیتە پاڵ یەک
نالی و
گۆران و
ئەنوەر قادر محەمەد
خەونی نۆبەرەن لە قوڕە بەهێزەکان ڕسکاون
هەموو شتێکیان بینی
ڕەنگی دڵیان ببینە
شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێدێ
لۆکەت نەخستووەتە گەرووی گۆرانیبێژی حاڵزانەوە
شاعیری
هەستاوەی سەر کلک و
زەڵکاوی وشکبووەوە و
قەلەڕەشی لەناو کڵاو دان بۆ ڕۆکراو و
هەواڵدەری ئەشکەوتی دڕندان
لە کاتی کڕنووشدا وشەکانی چەپۆک لە سەریان درا و منداڵدانیان کەوت
پاشان پاداشتەکانی وەک بەردی مردە و ئەسپێی تێرخوێن بەسەر یەکەوە ژمارد

***

دووبارە سەیری گوڵی بێباکی دەکەمەوە
خاوەنی ماڵێکی گەورەیە
بەرهەیوانی کتێبێکە بە ئاگایی کات دێڕەکانی تۆماردەکا
زەوی لە شیعر لەدایکبوو

***

گەرمایی پەڕە خوێنراوەکان بەسەر سەرمەوەن
تاسەی خودا دادەبەزێننە سەر زەوی
نزیک شاری تازە دروستکراو ڕوخساری بووە کێڵگەی گەردوونی
ڕۆژە لێڵ و شڵەژاوەکانی باش کردین
چاوی ڕەشەبای تێدا هەڵناکا و بازاڕی کۆیلەفرۆشانی لێنییە
گای پەرکەمگرتووش لە جێی کەڵەباب ناخوێنێ

***

خانەخوێی ڕووناکی داوای پێوانەی هێزی چاوی سەمەندەری لێکردم
کوا
خانەخوێی ڕووناکی داوای لێکردم کلیل لە ماڵەکەی بسووڕێنم
کوا
خانەخوێی ڕووناکی ئاگاداری کردمەوە لە چاوترووکانێکی ناکاو ئاسک بە درەوشاوەیی دەبینم
کوا
خانەخوێی ڕووناکی فەرمووی پشووی تاهەتایی لێکردم
کوا
بڕوانە کوا دەردەکەوێ و ڕادەپەڕێ
ئەفسانەیەک لەبارەی پەیامبەریی و پێشبینی دەگێڕێتەوە
زەوی لەخۆبایی نەبووە

**ئاداری ٢٠٢١ هەولێر**

# سیما و ساڵەکان لە پێ پیرۆزەوە

١

لەگەڵ ئەستێرە بیردەکاتەوە و لە مەی سوورەوە دێ
سەرلەنوێ سەیری بای سەرپەنجەرە دەکەمەوە
لە کۆتایی ڕێگا دانیشتووم و سڵاو وەردەگرمەوە
چاوم ماندوو نییە بە زۆربینی

***

ڕێبواری یەکەم زێوان
بوون تێیدا لە بەیانیی خۆڵەمێشی و مانگی نیوەگیان نامێنێتەوە

*

ڕێبواری دووەم ڕووەکەکانی خوداوەند
دیکتاتۆر نەیهێشت گوریسی جۆلانە بەدرەختی ناوچیا ببەستین

*

ڕێبواری سێیەم خەون وا خۆی گێڕایەوە
گوڵم لە بێئاگایی نەچنیوە و نهێنی گەشەکردنم درەوشاندەوە

*

ڕێبواری چوارەم شەڕی چل ساڵە
نوێژی دڵنیایی خۆی دووگوردی بۆ هەڵبژاردم و دەستی لەسەر ناوچەوانم دانا

*

ڕێبواری پێنجەم مردوویەک ئاگای لە هەمووانە
مانگی هەڵاتوو سواری ئەسپی بە پەمۆ شۆردراو بوویمە جێم بهێڵە

*

ڕێبواری شەشەم سەد و یەکشەوە
باڵندەیەکی تازەفڕ چووە ناو دێوجامە ئاسمان دوای ئاسمان بۆنی ئاگرکەوتنەوەی کرد

*

ڕێبواری حەوتەم ساڵی سفر
لە کاتی کۆنم ڕوانی و گەمارۆی شارە نوێیەکانم شکاند

*

ڕێبواری هەشتەم سروودی زەوی
جارێک لە جاران لە ماڵی درەختێک تاسەم پشووی دا

*

ڕێبواری نۆیەم حەزدەکەم ئەوەندە بژیم
من و قۆزاخە لە بینینێک چاومان ترووکا و بۆنی مۆمی سووتاومان کرد

*

ڕێبواری دەیەم دواکەوتن لە کەشتیی نووح
گەیشتن ئەستێرەی تاریک نەکردم و بە تەنیا ڕام نەکرد
*
ڕێبواری یازدەیەم بەها و هەڵەی پێشبینییەکان
گەرمایی گۆنای چیا مۆن بوو
*
ڕێبواری دوازدەیەم سەرەتا وشە بوو
شەپۆلی هەڵچوو لێی دام لە ژووری سارد و نزم هەنگاوم نەنا
*
ڕێبواری سێزدەیەم سەرزەمینی هەموو ناوەکان
بە هێمنی لە هەموویان دوورکەوتمەوە و تەنیاییم لە پشت سێبەر نەگەڕا

٢

ئەسپی ناڵ پەلکەزێڕینەیی بە مانگم گوتووە
تاریکی درێژەناکێشێ دەرکەوە
کۆمەڵێک وێنە سێبەری ئەییوبن بە دیواری ژوورەکەمەوە
ئەوەی گوتیان تەمەنی نەمریی و حیکمەت بوو
پەردەی گوێم بووە تۆمار و پێشانگای نایاب
پێ پیرۆز لە ڕێی دیداری ڕوخسار ڕووناک
لە قاپێکی قوڕ میوەی لەسەر دەستی ڕاگرتووە
خودایە نهێنی ڕوخسار ئاشکرابکە
دڵ خۆی شەراب لە جام دەکا
خومار لە خەو هەڵدەستن و لە خۆیان ڕووناک دەبنەوە
بە بەرچاوی بەرچاوتەنگان لە شەقامی لۆمە تێدەپەڕن
بۆنی هەویری هەڵاتە لە دارەبازەم هەڵدەستێ
بەرەو شوێنی کوشتن و دەرکەوتنم هەڵمگرن
لە ئێستادا هەموو شتێک درێژدەبێتەوە
درەختیش زوو کەوتە سێبەرگرتن
لە شوێنێک وەستاوم ئاگاییم لەبارەی هەورەوە هەیە
باڵندەی ناو بای سەر پەنجەرە باڵ و ئاسمانی کەوتە لام
هاتە ناو نابیناکانەوە
باوەشمان تێکوەرینا و بیرمان لە بینایی و بینین کردەوە
ئەوانەی لە شەقامی لۆمە پەڕیونەتەوە سەیرمان دەکەن
لە چاوی چیای بەکەڵەکێوی گەرمترن
بینین خۆی بێتاوانە سزای بینینێکی تر نییە

**تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ هەولێر**

HDWallpapersImages.com

# سپی بەرەو ڕەش

بە دەشتێکی ناسراودا دەچووم بەختیاریی بەئاگا بهێنمەوە
کە نان و ئاو لەم دەست و ئەو دەستی دانراوە
بەرازی لمووزڕەشی شێرپەنجە ڕێگای پێ گۆڕیم
من لە ڕێگای سێبووری و خەڵوەتی ئەزبەرکردنی درووود لە نەرمەغارم
ئەویش لەو ڕێگایەدا هەنگاوسووکە
شینایی دەریا شیرازەی ڕێکخستووە
تێکەڵی بایەکی خاو دەبین
خەون و بیرەوەری شێدارکردووین
وا نزیکە ببییە نەبینراو
چی ما بە لێوی گەرم ماچی بکەم
قەفەزەی سینگی زەوی بەخێرایی بەرزونزم دەبێتەوە
ماسییەکم زمان گران
فڕێ دراومەتە بەردەڵانێک کەس بەلایدا ناچێ
سەرسامی چاوێکی گەورەیە
ڕووەکان دەبینی
خەتە جووتەکەی کێڵات
شیری گوڵەگەنمی لەناو لەپی منداڵانمان ماوەتەوە
شاعیرێکم مانگ لارەمل و پێڵووکەوتوو
سێبەری مۆن و لێڵی بێهیوایی لە سەرۆژوور گەمارۆی داوم
شیعر ئەی مانگەشەوی بەهێز و برینی سپی بە ناوچەوانی نزاکانمەوە
شیری دایکی خودام خواردووە بێویستم مەکە
دڵم لەناو دەستم داناوە
کاروانیشی بەسەر زەویدا دەڕوا
زەنگوڵەی ماندووە
سەرنجێکی سارد
خۆری ئێوارە بەسەر ماڵەکەمدا دەڕوا و لانادا
بێهیوایی لە ڕۆژوڕۆژگار خێراتر دەسووڕێتەوە
چاو لەسەر لاپەڕە خاوبووەتەوە
دڵیش لە وێنەی مات سەرێژە
ئەرێ ئەو بەردەی دەکرێتە پەیکەر
ئەو باڵندەیەی لە هێلانە دروستکردن پەڕوباڵی تەڕبووە
چ ئازارێکیان هەیە

**تشرینی دووەمی ٢٠٢١ هەولێر**

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***ئەدەبیاتی میللیی و کلاسیکی کوردی***
  سورەیا بەدرخان - و/ نەجاتی عەبدوڵڵا

- ***ڕۆڵی کەرامات لەپیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفیدا***
  سەعید مەولوود نادر

- ***ڕەشبینیی لە دیدی شۆپنهاوەری فەیلەسوف***
  سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

# ئەدەبیاتی میللیی و کلاسیکی کوردی

## (لە شانزەیەم کۆنگرەی نێودەوڵەتیی ئەنترۆپۆلۆژی-برۆکسیل-١٩٣٥)

سورەیا بەدرخان (پاریس)
و. لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا



ناتوانم لەو وەسپەی باوکە پۆل بێدار[١] باشتر بۆ ناسینی زمانی کوردی هەڵبژێرم:

«زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هەرە سەرنجڕاکێشەکان. خۆش، هارمۆنیک، سادە، ورد، دەوڵەمەند و هەمەچەشنەیە و فێربوونی ئاسانە، ئەم زمانە سەرنجڕاکێشی و دڵگیریی خۆی هەیە. پەندی پێشینانەکانی زۆر بەناوبانگ و نایابن، بناغە و تەوەرەی هەموو گفتوگۆکان پێکدەهێن و هەر بەڕاستی تایبەتمەندیی زمانی کوردیین. کورد لەسەر هەر شتێک، لەسەر هەر بابەتێک، پەندی پێشینانی هەیە و ئەم پەندانە وەکوو کۆد و ڕێسای ژیان وان، هەموو سرووشتی تێدایە و دانایی کورد هەمووی بینیوە و هەر لەیەکەم ساتەکانی مێژووەوە گوتوویێتی. زمانی کوردی ڕەوانبێژییەکەی لە فەلسەفەکەی کەمتر نییە و هەر لە بنەواندا زمانی کوردی زمانێکی شیعرییە و شیعری کوردی هەموو لقەکان دەگرێتە خۆ و ڕەوتار لەگەڵ هەموو سروشتدا دەکات»

بەڕێز بارۆن کارا دوو ڤوو[٢] لە تێبینییەکەی لەبارەی کورد، باسی زمانی کوردی دەکات و دەنووسێ:

«زمانی کوردی خاوەنی بەرگرییەکی بەهێزە، ئەو هێندە زۆر لەژێر کاریگەریی ئیدیۆمەکانی زمانانی هاوسێکانیدا نییە، لەبەرانبەردا زمانی کوردی کاریگەریی لەسەر ئەو زمانانە داناوە» [٣]

زمانی کوردی لە ناوچەی تۆرعابدین و ناوچەکانی دیکەدا، کە بەشێوەییێکی زۆر کاریگەریی لەسەر زمانی ئارامییەکان هەبووە، کە پێشتر لەلایەن کریستیانەکان قسەی پێ کراوە و بووە بە سۆنگەی لە دایک بوونی دیالێکتی نوێ[٤] ئەویش چەند دیالێکتێکی کوردی لێ بۆتەوە، کە هێشتا کەم لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. ڕێکخستنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد، سروشتی شیعریی ئەم میللەتە هەر لە کاتێکی زوودا بووە بە سۆنگەی پشکووتنی ئەدەبیاتێکی میللیی زۆر دەوڵەمەند و فرەڕەنگ، کە بەداخەوە لەو ئەدەبیاتە کە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی زارەکییە، ئەمڕۆ تەنیا کەمترین پارچەمان بۆ ماوەتەوە.

لەشکرکێشییەکان و داگیرکارییەکانی بێگانان و هەروەها خەباتی بەردەوام بووەتە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆری ئەم ئەدەبیاتە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سایەی دەنگبێژەکان، کە نەوە لە دوای نەوە ئەفسانەکان و داستان و گۆرانییەکانیان بۆ یەکدی گوێزاوەتەوە، ئەدەبیاتی میللیی گەنجینەییێکی بچووکی بۆ ماوەتەوە.

ئەم ئەدەبیاتە میللییەش دابەش دەبێ بۆ:

چیرچیرۆک Tchirtchirok: ئەفسانەیل بە ڕستەی قافیەی درێژی نێوان ڕستەکان و بایەخ نەدانی توووند بە بڕگەکان.

لاویکLavvik : هۆنراوە و گۆرانی خۆشەویستی تەواو لیریکی، کە بەشی زۆری لەلایەن ژنان دادەنرێ و لەنێوان خۆیان بە موزیکەوە دەیلێنەوە.


شیعر Cheîr: گۆرانی جەنگ. هەر ناوچەیێک گۆرانی جەنگیی خۆی هەیە. بابەتەکان بەشێوەییێکی گشتی لەیەک نزیکن. گەنجێک دەچێتە جەنگ دەزگیرانەکەی لە ماڵ دەمینێتەوە و گۆرانی بەسەر سەرەڕۆییەکانی جەنگ و جوامێریی پاڵەوانەکەیدا دەڵێ.

دیلۆک Dilok: گۆرانیی هەڵپەرکێ.

لاوک Lavique: گۆرانی بە مۆزیقای ئایینی پەیوەست بە لاواندنەوەکان.

لاری Lari: گۆرانی لاواندنەوە.

بێلیلێ Bélilé: گۆرانییەکە کچە گەنجەکان لەبەرانبەر پیشەکانیان دەیلێن.



دروێنە Druné: گۆرانی دروێنە و ڕەزەوانیی کە لە کاتی کارکردنیاندا دەیڵێنەوە.

وێرای ئەوەی کە ناتوانرێت مێژووی لەدایکبوونی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی دەستنیشان بکرێت، ئەوە لە سەدەی دەیەمەوەیە، کە یەکەمین نووسەرەکانی وەدیارکەوتن. بەڵام پێش ئەوەی بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەم ئەدەبیاتە دەمەوێ چەند وشەیێک لەبارەی تەکنیکی شیعری کوردی بڵێم. ئەوە بەهای دەنگی برگەکانە نەک ژمارەیان، کە لە شیعری کوردیدا لەبەرچاو دەگیرێ. جیاوازییێکی فرە لە شیعر هۆنینەوەی کوردیدا هەیە وەک:

٣-٢، ٣-٣، ٤-٤،٣-٤، ٥-٥-٥-٦، ٤-٤-٤، ٣-٣-٣-٢، ٤-٤-٤-٤، ٣-٣-٣-٢، ٣-٢-٣-٢، ٤-٣-٤-٣، ٤-٤-٤-٢ هتد.

قافییەکان کە هامۆفۆنی وشە کۆتاییەکان درووست دەکەن دەشێ دوو، یان چەند بەیتێک بن لە ڕوانگەی ڕێکخستنسازییەوە دەشێ یەک لە دوای یەک بەشوێن یەکدا بێن، یان یەکدی ببڕن لەسەر شێوەی تێکەڵاو، یان فۆرمگەلی چەندبارەبوودا.

عەلی تەرمووکی، شاعیری کورد کە لە سەدەی دەیەم[٥] قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی دامەزراند، خاوەنی یەکەمین ڕێزمانی کوردییە. لە شیعرەکانی ئەم قەسیدەیە وەردەگرم:

**گۆرانی خاکەکەم**
**درێژن ڕێگەکانی سەدەکان**
**ژیانی گەلان بی کۆتایین**
**من پاشماوەی پەرجوو ئاسام**
**لە کانیی جوانی تۆدا دۆزییەوە، هۆ گەلەکەم،**
**تەماشاکردن بە چاوانی شین، بۆ ئاو و ئاسمانی تۆ**
**ئەوهێندە تۆفان، ئەوهێندە هاوار**
**چەندە نایابە ڕابوون.**
**فوو لەم فلووتە بکە، بە ڕیتمی نەرم**
**مراورییەکان دەکەون، مرواری لە هەموان جوانتر**
**ئەوانەی لەناو شەوانی زەریا قەشەنگ دەبن.**
**لەسەر ڕووی ئەم گۆی زەوییە**
**تەنیا تۆ ون نابی، وشەی کورد**

* * *

لە ساڵی ١٠٠٩ عەلی حەریری[٦] جێگەی تەرمووکی گرتەوە. دیوانێک و ژمارەییێکی زۆر شیعری هەیە. لەساڵی ١٠٦٠ جەزیری[٧] تەرازووی عەبقەرییەتی خۆی لەڕێگەی شیعری قووڵی تەواو فەلسەفی و پڕ لە لیریکا و جوانیی خستەڕوو.

ساڵی ١٣٠٢ ف. تەیران[٨] (محەممەد) بوو بە یەکەم وەرگێری ئەفسانە و داستان و حەقایەت. ساڵی ١٣٧٦ کۆچی دوایی کردووە، دوای خۆی زۆر کاری بەجێهێشتووە. لێرە بڕێک لە بڕگەی شیعرەکانی دەخەمەڕوو:

**ئاینەکەمان وادەی بەهەشتمان پێ دەدا**
**کە سێبەری زۆری ژێر درەختان**
**کانیاوی سازگاری وەکوو هەنگوین،**
**کچانی جوان وەک فریشتەی تێدایە**
**کاتێک من دەڕوانمە وڵاتەکەم**
**بۆ سەرچاوە و کچەکانمان**
**هەست دەکەم من ئێستە لەسەر**
**زەوی مەوعودم[٩]**

* * *

ئەوە (ئەحمەدی باتی)یە کە لە ساڵی ١٤٧١ لە دایکبووە، درێژەپێدەری ئەو قوتابخانەیەیە. لە ساڵی ١٤٩٢ مردووە و ژمارەییێک نووسراوی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشتووە،

***زمانی کوردی ڕەوانبێژییەکەی لە فەلسەفەکەی کەمتر نییە و هەر لە بنەواندا زمانی کوردی زمانێکی شیعرییە***

لە ساڵی ١٥٩١ لەگەڵ ئەحمەدی خانی، ئەدەبیاتی کوردی، سەرداریی خۆی دۆزییەوە. ئەحمەدی خانی خاوەنی ژمارەیێک فەرهەنگی کوردییە: مەم و زین[١٠] و ژمارەیێک بەرهەمی دیکە. ئەو هەروەها بە زمانی عەرەبی و بە تورکیشی نووسیویە. هەروەها لە هونەرە جوانەکانیشدا زۆر زانا بووە. ساڵی ١٦٥٢ کۆچی دوایی کردووە و لە بایەزید نێژراوە و گۆڕەکەی بۆتە گلکۆی زیارەتچییان.

ئیسماعیل، لە ساڵی ١٦٥٤ لە دایکبووە، بەشوێن ئەحمەدی خانیدا چوو. بەتایبەتی فەرهەنگی (کوردی – فارسی – عەرەبی) نووسیوە. هەروەها نووسەری ژمارەیێکی زۆر هۆنراوەی جوانە. بەرهەمەکەی (گۆرنی گوڵەکان Le Chant des Roses) لە سنوورێکی بەرفراواندا خوێندراوەتەوە و هەتا لە ڕۆژی ئێستەشماندا جێگەی پەسندە. لە ساڵی ١٧٠٩ کۆچی دوایی کردووە.

شەریف-خان، میری هەکاری ساڵی ١٦٨٩ لە دایکبووە، کۆمەڵە شیعرێکی دەوڵەمەند و جوانی بەجێهێشتووە و جگە لەوە بەرهەمی پەخشانیشی هەیە. هەروەها

**وێڕای ئەوەی کە ناتوانرێت مێژووی لەدایکبوونی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی دەستنیشان بکرێت، ئەوە لە سەدەی دەیەمەوەیە، کە یەکەمین نووسەرەکانی وەدیارکەوتن**

شاعیرێکی بەرجەستە بووە لە زمانی فارسیدا. ساڵی ١٧٤٨ کۆچی دوایی کردووە.

موراد-خان ساڵی ١٧٣٧ لە دایکبووە، ئەو بە تایبەت بەرهەمەکانی لەبارەی تیۆلۆجییە و سەرباری ئەوەش ژمارەیێکی زۆر شیعری جوانی هەیە.

لە سەدەی نۆزدەهەم، دەستەیێک لە شاعیران هەرچییەکیان لە توانا دابوو بەخشیانە ئەدەبیاتی کوردی، لەوانە حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزا و مەولەوەی و ژمارەیێکی دیکە.

ڕەمزگەرایی، ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم لە وڵات گەشەی سەند. حاجی قادر لە کتێبەکەی «گەلەکەی من»[١١] بەسەر کۆژانی نەتەوایەتی دەگرییێ و گۆرانی بۆ جوانی وڵاتەکەی دەڵێ و ئەو زوڵم و ستەمکاریی و ئەو دەمارگیرییە ڕەت دەکاتەوە، کە لەلایەن تورکەکانەوە هێنرایە ناوەوە.

ئەمە دەقێکە (چەند پارچەیێک لە شیعرەکانی حاجی قادر) کە بەعەشوایی وەرگیراوە:

**خانەقا و دێر و تەکییەکان یەکسەر**
**پێم بڵێن نەفعیان چییە ئاخر**
**غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن**
**جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆکردن**

* * *

**ئەی خەریکی ڕمووز و ناز و نیاز**
**ئەوروپا فەننی گەیوەتە ئیعجاز**
**قوللەیی (ئیڤل)ی لە ئەفلاکی**
**عەکسی ئەو گەردەشی لەژێر خاکە**

***

**تۆ وەرە فەننێ فێربە چیتە لەوە**
**گاورە، هیندووە، وەیاخۆ جووە.**

***

**فائیدەی گەر بدایە زیکر و دوعا**
**دەبووە قاروون[١٢] گەدایی سەر ڕێگە**

***

لەناو شاعیرانی هاوچەرخ دەتوانین ناوی گۆران، پیرۆت، ئەسیری، ئی، بۆتی، قەدری جان، بەهمەن زەردەشت، میر د. ئا، بەدرخان و میر ک. ئا. بەدرخان[١٣] ببمەم و ئەمەی دوایی بە فەرەنسیش شیعری نووسیوە و بۆ کۆتاییهێنانی باسەکە ئەم هۆنراوانەی خوارەوەی ئەو دەخەمەڕوو:

**ڕووتبوونەوە**
**چ سوودی هەیە بەڕووتی بتبینم**
**بەبێ باڵاپۆش و بە خاکیی**
**وەک ئاسمانی بیابان**
**بەخۆیی و وشە پەنهانەکانی**
**وەک دەنگی نوێژ**
**وەک کەفچڕینی تافگە**
**وەک ئەستوونی هەیوانی تاقدار**
**ئایا هەر بەڕاستی دەتەوێ**
**جوانی و ناسکیی خۆتم بدەیتێ**
**دڵی خۆتم بۆ ڕووتبکەیتەوە**

***

**فەنابوون**
**وەک چۆن خۆرەتاو بەرەو زەریا دەچەمێتەوە**
**بۆ تەڕکردنی لێوە گەرمەکانی**
**منیش ئاوا بەلای تۆدا دەچەمێمەوە**
**بەرەو لای چاوە زمووردییەکانی تۆ**
**تۆ وشەگەلی وەک ئەو شەوانەت هەیە**
**کە ئەفسوونی ئێواران دەماشنەوە**

**تۆفانی پاییزیی، گوڵ و هیوا وشک دەکات**
**ئایا ئەتۆ (با)ی ژیانی**
**کە گەلاکانی دڵ هەڵدەوەرینی؟**
**یا ئەو نۆستالژییە تاڵەی**
**کە خۆی بەسەر سەری مەیخۆرەکاندا دەکێشێ.**

**پەراوێز:**

(1) Grammaire Kurde, Paris 1926, par l›Abbé Paul Beider

(2) Carra de Vaux

(3) Revue do l›Orient Chrétien, Ire année, 1896.

(4) Prym und .Socin. Der Neu-Aram Dialekt des Tur Abdin, Gottingen. 1881.
Notices sur les dialectes Néo-Aramiens dans les Mémoires de la Société de linguiﬅique de Paris, t. IX, 125, par M. Ruhena  DUVAL.

(٥) عەلی تەرمووکی، یان عەلی تەرەماخی بەگوێرەی هەموو سەرچاوەکان لەسەدەی شانزەهەم ژیاوە و سەرچاوەی هەڵەکەی سوورەیا بەدرخان ئەوەیە پشتی بەقسەی ژابا بەستووە، کە ئەویش لە مەلا مەحموودی بایەزیدی وەرگرتوە، بەڵام ژابا تەنیا دەڵێ دوای ساڵی (هەزاری کۆچی) کە دەکاتە بەرانبەر ساڵەکانی (١٥٩٢/١٥٩١ ی زایین) گوایە عەلی تەرەماخی، یان تەرەمووکی لە ئاوایی تەرماخ ژیاوە، نەیوتووە لە سەدەی دەیەمی زایینی لەدایکبووە، بڕوانە:
Auguﬅe Jaba, Recueil de notices et récits Kourdes servant à la connaissance de la langue : de la littérature et des tribus du Kourdiﬅan, St.-Pétersbourg : Eggers, 1860, pp.1213-.

نازانم چۆن سورەیا ساڵی لەدایکبوونی تەرەماخی، کە ژابا بە ساڵی کۆچیی نووسیوە ڕێک کردۆتە زایینی؟ ئایا ویستویە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بباتە پێشەوە؟ یان هۆیێکی دیکە لە ئارادا بووە؟ هەرچۆنێک بێ ئەم زانیارییانەی سورەیا بەدرخان درووست نین و ئەم هۆنراوەیەش نەمتوانی بەهیچ شێوەیێک دەقە کوردییەکەی بدۆزمەوە و لە فەرەنسییەوە کردوومانەتەوە بە کوردی و گومانێکی زۆرم هەم لە شیعرەکە و هەم لەو زانیارییانەیش هەیە کە سورەیا بەدرخان لەبارەی عەلی تەرەمووکی بەدەستییەوە داون، چونکە نەبیستراوە عەلی تەرەمووکی شیعری نووسیبێ (وەرگێڕ).

(٦) عەلی حەریری: (١٠٠٩/١٠١٠–١٠٧٨/١٠٧٩) (وەرگێڕ).

(٧) مەلای جەزیری: (جزیر ١٥٧٠– جزی ١٦٤٠) (وەرگێڕ).

(٨) فەقێ تەیران: (موکس–جۆلەمێرگ ١٥٩٠– بدلیس ١٦٦٠). سەرچاوەی هەڵەکەی سورەیا بەدرخان ئەوەیە پشتی بە کتێبەکەی ژابا بەستووە، بروانە :
Auguﬅe Jaba, Recueil de notices et récits
.(وەرگێڕ)٩...op.cit, p

(٩) بەداخەوە سەرلەبەری دیوانی فەقێ تەیران گەڕام ئەم پارچە قەسیدەم نەدۆزیەوە، ناچار وەک لە فەرەنسییەوە هاتووە ئاوا کردمە کوردی، کە دڵنیام زۆر دوورە لە ئەسڵیی قەسیدەکە خۆی، وەلێ ناچاربووم (وەرگێڕ).

(10) Bulletin semeﬅriel de la Société d›Ethnographie de Paris, nouvelle série, no 24, 15 décembre 1931, pp. 46–5-.


(١١) نەبیستراوە حاجی قادری کۆیی کتێبی بەناوی (گەلی من mon peuple) یا (گەلەکەم) هەبووبێ، هیوادارم وابێت و کتێبێکی بەو ناوە هەبێت و بدۆزریتەوە (وەرگێڕ).

(١٢) وەرگێڕاوی فەرەنسیی هەموو ئەو شیعرانەی لێرەدا هێناومەتەوە لەلایەن میر کامیران ئالی بەدرخان وەرگێڕدراون.

(١٣) واتە میر کامیران ئالی بەدرخان (وەرگێڕ).

**سەرچاوە:**

Sureya Bedir-Khan, « La littérature populaire et classique kurde», In : XVIème congrès International d’Anthropologie, Bruxelles, 1935, .725–pp. 731


XVIe CONGRÈS INTERNATIONAL D'ANTHROPOLOGIE
BRUXELLES - 1935

La littérature populaire et classique Kurde

par

le Prince Sureya BEDR-KHAN
(Paris)

BRUXELLES
IMPRIMERIE MÉDICALE ET SCIENTIFIQUE (Société Anonyme)
34, rue Botanique, 34
1936



# ڕۆڵی کەرامات لەپیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفیدا



سەعید مەولود نادر

**بەشی دووەم و کۆتایی**

کەرامات یەکێکە لەو پرسە ئاڵۆزانەی لەنێو کلتوری سۆفیگەریدا، گفتوگۆی زۆر و تێڕوانینی جیاوازی دروستکردوە، هەریەکە لە سۆفییەکان و نوسەرە ئیسلامییەکان و کۆمەڵناس و سۆسیۆلۆژیستەکان دیدی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەو پرسە و لەگۆشەنیگای خۆیانەوە شرۆڤەی دەکەن، بەشێکیان ئەو کارە دەخەنە پاڵ چیرۆک و ئەفسانە کۆنەکان، پێیانوایە کاریگەری پێداویستییەکانی خەیاڵی کۆمەڵگە و ئەفسانە، بنەمای سەرەکین لە بەرهەمهێنانی، چونکە دواجار ڕۆڵی ئەفسانە دەبینێت، وەکوو چۆن لەکۆمەڵگە تەقلیدییەکان ئەفسانە ئامرازی فێرکردنە و بەشێکە لەپێکهاتەی بیرکردنەوەی دەستەجەمعی، کەراماتیش لەمێژوودا هەمان ڕۆڵ دەبینێت. بۆچوونێکی دیکەش هەیە، کەرامات دەخاتە پاڵ سیحر و جادوو، پێیوایە کە هەموو ئەو سەرگوزشتە و چیرۆکانەی لە سۆفییەکان دەگێڕنەوە بەشێکە لەو چاوبەستەییەی کە ساحیران و جادووگەران بەهۆی فێڵ و مەکرەوە دەینوێنن (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: شغموم، ١٩٩٢: ٨٧-٩٢)

هەرچەندە لەو توێژینەوەیەدا کاری ئێمە نییە شرۆڤەی ئەو دیاردەیە بکەین، بەڵام ئەگەر سەرپێییانە بڕوانین، بەهۆی ئەوەی سۆفیگەری ئیسلامی وەکوو ئەزموونێکی ئایینی، بەشێکە لەبیروباوەڕی ئەو ئایینە و کاریگەری ڕێسا و بنەماکانی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، کاریگەرە بە بونیادە ئەفسانەییە ئایینییەکە، گێڕانەوەی هەمان کلتوری موعجیزەی پێغەمبەرانە و لاسایی کردنەوەی هەمان ئەزموونی ئەوانە، لەبەرگێکی دیکەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەندەی ڕەگەزی موعجیزەی پێغەمبەران زاڵە بەسەر چیرۆکە کەراماتییەکاندا، ئەوەندە سیحر و جادوو نەیانتوانیوە کاریگەری بەسەریاندا دروست بکەن، دواجار بونیادە ئەفسانەییەکانیش بەشێک لەبیروباوەڕە ئایینییە ئاسمانییەکانیش پێکدێنن، کە بەپێی تێڕوانینی ئایینی حەقیقەتێکی ڕەهایان هەیە (بڕوانە: شغموم، ١٩٩٢: ٦٥).

کەرامات یەکێک لە بنەما گرنگەکانی بواری سۆفیگەری، کارێکە ئەنجامدانی لەتوانای هەموو کەسێکدا نییە، سنووری نەریتە ئاساییەکانی تێکشکاندوە و توانایەکە لەسەرووی توانای مرۆڤی ئاسایی، کە لە پانتایی سۆفیگەریدا پێیدەگوترێت باوشکێنی (خرق العادة) بەو مانایەی ئەنجامدان و بەدیهێنانی لەتوانای کەسی ئاسایدا نییە، وەکوو مردوو زیندووکردنەوە، یان ئەنجامدانی کارێک لەدەرەوەی سنوری زەمەن و شوێن، زۆر نموونەی دیکە، کە لەسەرچاوە سۆفیگەرییەکان هەن، کە مرۆڤی ئاسایی توانای ئەنجامدانیانی نییە و لەدەرەوەی نەریتە باوەکانی ژیان ئەنجام دەدرێن (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٦؛ نەقشبەندی٢٠١٥: ٣٢٣).

کەرامات هاوشێوەی موعجیزەیە، بەڵام کەرامات تایبەتە بە سۆفی و پیاوچاکان، موعجیزە تایبەتە بە پێغەمبەران، لەگەڵ ئەوەی هەردو کارەکە هەمان ڕۆڵی ئایینی دەبینن، هۆکارێکن بۆ باوەڕهێنان و دروستی بیروباوەڕی ئایینی، واتە بەڵگەن بۆ سەلماندنی بنەماکانی ئایین وەکوو حەقیقەتێکی ڕەها (النبهاني، ٢٠٠٢: ١/ ٢٠).

جیاوازی نێوان ئەم دو کارە لەوەدایە، پێویستە سۆفی کاراییەکەی بشارێتەوە، تەنیا بەپێی

پێویستییە ئاینییەکان کەرامات بنوێنێت و دەربیبخات، لەلایەن خوداوە سزا دەدرێن ئەگەر کەراماتەکانیان بەبێ هۆکار دەربخەن، لەکاتێکدا سزای پێغەمبەران دەدرێت ئەگەر موعجیزەکانیان بشارنەوە، سۆفییەک بەڕوونی ئاماژەی بەوە کردوە، دەڵێت: «خودا لەسەر پێغەمبەرانی پێویست کردوە موعجیزەکانیان ئاشکرا بکەن، بەڵام پیاوچاکان دەبێت کەراماتیان بشارنەوە، تا مەردوم فریو نەدەن» (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٦).

گرنگتر لەمەش کەراماتی وەلی لەتێڕوانینی سۆفیگەریدا درێژەدانە بە موعجیزەی پێغەمەرەکەی، ئەو بەردەوام بوونە بۆ پشتڕاستکردنەوە و گرنگیدانە بە میراتە ئاینییە ڕاستەقینەکە (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٦)

لەکتێبی (جامع كرامات الاولياء) بەڕوونی ئەو بابەتە ڕوونکراوەتەوە، باس لەمە کراوە کەرامات لاسایی کردنەوەی موعجیزەی پێغەمبەرانە، ئاماژە بەوەش کراوە، دەرکەوتنی کەرامات لەسەر دەستی وەلی ڕێگە پێدراو نییە، ئەگەر بانگەواز نەبێت بۆ دینی پێغەمبەرەکەی، بەمەش کەرامات دەبێتە موعجیزە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستێتی پێغەمبەر و پەیامەکەی، بەمەش هێز دەبەخشێت بە کەسایەتی سۆفی (النبهاني، ٢٠٠٢: ١/٢٠).

نوسەرێکیش ئەوەی دوپاتکردوەتەوە، کە بەهۆی ئەوەی لەتێڕوانینی سۆفیگەری، سۆفی میراتگری پێغەمبەرە، بۆیە دەتوانێت لاسایی موعجیزەکانی بکاتەوە و کەرامات بنوێنێت، چونکە هەمان ئەرکی موعجیزە بەجێدەهێنێت، ڕاستی و دروستی هەمان ئایین و ڕاستگۆیی پێغەمبەرەکەش دەسەلمێنێت (شغموم، ١٩٩٢: ١٠٣).

مانای وایە ئەو ئەزموونە ئاینییە بەمانا فراوانەکەی بەرجەستەبوونی پەیوەندی نێوان خودا و سۆفییە، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوە جێگیرە، ئاستی بڕواداری ئایینی دیاري دەکرێ (الياد، ١٩٩١: ٨٩)

لەو ڕوانگەیەوە، کاتێک سۆفی لەڕێگەی کەرامات لاسایی موعجیزەکانی پێغەمبەر دەکاتەوە، دووبارە کردنەوەی زەمەنێکی تایبەتە بۆ هەموو بڕوادارێک، ئەمەش ئەنجامدانی کارێکی پیرۆزە، بەهەمان شێوە سۆفی دەبێتە وێنەیێکی نموونەیی کەسایەتی پێغەمبەر، کەراماتیش وێنەیێکی لەبەرگیراوەی موعجیزەیە بەهەندێک کەموزیاد کردن و ڕازاندنەوەی (بڕوانە: شغموم، ١٩٩٢: ١٠٣-١٠٥)

بۆیە دەتوانین بڵێین کەرامات تەنیا بەرهەمهێنانەوەی موعجیزە نییە، بەڵکوو سۆفییش لەدیدی شوێنکەوتوانی، پێگەی بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی پێگەی پێغەمبەر و پیرۆز دەبێت، چونکە ئەوەندەی جەخت لەتوانا و بەرەکەتی سۆفی دەکاتەوە، ئەوەندەش پێگەکەی بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هێزێک لەخزمەتی پیرۆزکردنی.

وادیارە بەستنەوەی کەرامات بە موعجیزە لەلایەن بەشی زۆری سۆفییەکان، بۆ سەلماندنی ڕاستێتی کەرامات دەگرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە دەیانەوێت پێگەی سۆفی ببەستنەوە بەڕەهەندی ئاینیی و ناسنامەیێکی پیرۆزی بۆ داڕێژن، گەورە سۆفییەک دەڵێ: «موعجیزە بۆ پێغەمبەرانە و کەرامات بۆ پیاوچاکان، ئەرکی موریدیش پالپشتی کردنیانە» (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٥).

تێڕوانینی سۆفییانەش بۆ کەرامات سەقامگیرە و ڕەتکردنەوەی مەحالە، تەنانەت هەندێک لە سۆفییەکان باوەڕبوون بەو بنەمایە بە بەشێک لەبیروباوەڕی ئایینی دادەنێن و ڕەتکردنەوەی کاریگەری لەسەر بڕوای ئایینی دەبێت، گەورە سۆفییێک دەڵێ: «ئەوەی باوەڕی بە کەرامات نەبێت کافرە» (السبكي، ١٩٦٤: ٢/٣١٤).

لە سەرچاوەکانی سۆفیگەریدا زۆرێک لە سۆفییەکان ئاواتیان خواستوە توانای ئەو کارەیان نەبووایە و لەو بوارەدا کارامەییان نەبووایە، ئەمەش لەترسی خۆنواندن و غرور، یان دەرخستنی نزیکیان لەخودا، کە گوزارشتە لە نیشاندانی خواپەرستی (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الكلاباذي، ١٩٩٣: ٧٩-٨١؛ ابن الزيات، ١٩٩٧: ٥٤-٥٥)

ئەم گوتارەی سۆفییەکان دەربڕینێکە بۆ بەخشینی پیرۆزی بەو کارە، چونکە جەختکردنەوەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئایینی و لەخۆگرتنی کارێکە، کە بەبێ ویستی خۆی خراوەتە ئەستۆی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگە ئاینییەکان.

دەتوانین لەهەردو سەرچاوەی سۆفیگەری (اللمع) (التعرف لمذهب اهل التصوف) باشتر ئەو بنەما گرنگە بخوێنینەوە (الطوسي، ١٩٦٠:

**"وەلی خودا ویلایەتەکەی ڕاست نییە، ئەگەر لەهەموو نیوەڕۆییێکی ڕۆژی هەینی لە مەککە ئامادە نەبێت و بۆ نوێژی بەکۆمەڵ دوا بکەوێت"**

> **بەلای ئێمەوە گرنگ نییە ئەو بەسەرهاتانە ڕاستن، یان بەرهەمی خەیالی کەسانێکن، ئەوەی گرنگە، ئەو بەسەرهاتانە بنەمای دروستبوونی کەسانێکن توانایێکی نائاساییان هەیە**

٣٩٠-٤٠٥؛ الكلاباذي، ١٩٩٣: ٧٩-٨٨)، سەرەڕای چەندین سەرچاوەی دیکە، کە نموونە گەلێکیان تێدایە باوەڕ و متمانەی پەیڕەوکارانی ئەو بوارە ڕوون دەکەنەوە و پانتاییەکی فراوانی ئەو سەرچاوانە تەرخانکراوە بۆ جێگیربوون و سەلماندنی ئەو بنەما گرنگە، کە خۆی لە چەندین چیرۆک و بەسەرهاتی جۆراوجۆری سۆفییان دەبینێتەوە، ئەوەتا سۆفییێک دەڵێت: ئەوەی لەدونیادا ماوەی ٤٠ ڕۆژ بەڕاستگۆیی و لەدڵەوە زوهدی کرد، ئەوا کەرامات دەنوێنێت، ئەگەر نەیتوانی کەرامات بنوێنێت ئەوا بەڕاستگۆیی زوهدی نەکردوە (الطوسي، ١٩٦٠: ٣٩٠) یان شبلي دەڵێت: وەلی ئەگەر نەتوانێت کەرامات بنوێنێت ئەوا ڕاستگۆ نییە (الشعراني، ٢٠٠٥: ١٥٦) ئەو گوزارشتە پشتڕاستکردنەوەی بنەمای کەراماتە، شەرعیەتدانیشە بە ڕەوایی ئەو کارە ناسروشتییانە لەچوارچێوە ئاینییەکەدا، بۆیە توێژەرێک پێیوایە ئەرکی سەرەکی کەرامات لەسۆفیگەریدا سەلماندنی پیرۆزی بکەری کارەکەیە (بدران، ٢٠١٣: ١١٩).

ئێمە نامانەوێت لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و ڕاستیتی ئەو دەرکەوتە ئاینییە بکۆڵینەوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕۆڵی ئەو بنەمایەیە لە پیرۆزکردنی کەسایەتییەکان لەسۆفیگەریدا، چونکە چیرۆک و بەسەرهاتی جۆراوجۆر هەن جەخت لە توانای نائاسایی کەسایەتییە سۆفییەکان دەکەنەوە، شەعرانی بەسەرهاتێک لە سۆفییێک دەگێڕێتەوە، کاتێک لە دەریادا نقوم بووە، سەفەری کردووە بۆ بەغدا و ژنی هێناوە، شەش ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ماوەتەوە و منداڵیان بووە، دواتر سەری لەئاوەکە دەرهێناوە و جلەکانی لەبەر کردوە، کاتێک بەسەرهاتەکەی بۆ خەڵک گێڕاوەتەوە باوەڕیان پێنەکردوە، دوای ماوەیێک دەرکەوتوە ژنەکە لەگەڵ منداڵەکانی سەفەری میسریان کردوە، لە ژنەکەیان پرسیوە ئەویش پشتڕاستی بەسەرهاتەکەی کردوەتەوە، گوایا لای زانایانی ئەو سەردەمە لەو سۆفییە مارەکراوە (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٢٣).

بەسەرهاتێکی دیکەی هاوشێوە لە زمانی موریدێک دەگێڕێتەوە، شێخێک نوێژی عیشای لەماڵەکەی خۆی کردوە لەمیسر، لەگەڵ ئەو موریدەی چووەتە مەککە و لە کەعبە نوێژێکی درێژی کردوە، دواتر سەردانی شاری مەدینە و زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری کردوە، هەر لەم شەوەدا چووەتە شاری قودس و نوێژی کردوە، پێش نوێژی بەیانی گەیشتوەتەوە ماڵەکەی خۆی، بێ ئەوەی هەست بەماندوو بوون بکات (الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٢٢). باسی هەمان شێخ دەکات لەفێرکردنی زمانی قسەکردن، ئەگەر کەسێکی عەرەب بیویستبوایە زمانی عەجەمی فێر ببێت، یان بەپێچەوانەوە، تەنیا بە فوییێکی ئەو شێخە دەیتوانی بەشێوەییێکی ڕەوان بە زمانەکە قسە بکات، وەکوو ئەوەی زمانی دایکی بێت (الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٢٢)

شێخێکی دیکە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی کات و شوێن، تەنیا بەناوی خودا هێنان توانیویەتی داواکاری دایکێک جێبەجێ بکات کە کوڕەکەی لەلای فەرانگەکان زیندانی بووە و بۆی هێناوەتەوە (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٢٣).

لەپشت ئەم بەسەرهاتانەوە دەتوانین توانای کەسایێتی سۆفی بخوێنینەوە، بەشێوەیێک کات لەم پانتاییەدا بوونی نییە، بەڵکوو دەتوانێت کاتی ئاسایی کورت بکاتەوە و لە ماوەیێکی درێژ بۆ کاتێکی کورتی دیاریکراو، لەهەمان سەرچاوەدا گوتەی سۆفییێکی هێناوەتەوە کە دەڵێت: «وەلی خودا ویلایەتەکەی ڕاست نییە، ئەگەر لەهەموو نیوەڕۆیێکی ڕۆژی هەینی لە مەککە ئامادە نەبێت و بۆ نوێژی بەکۆمەڵ دوا بکەوێت» (الشعراني: ٢٠٠٥: ١١٨) مەودای شوێنیش دەکەوێتە بازنەی ئیرادەی سۆفی و بەپێی ویستی خۆی بەرتەسکی دەکاتەوە، وەکوو مەعرووفی کەرخی لەشەوێکدا، لەبەغدادەوە چووەتە شاری مەککە و سەردانی ماڵی خودای کردوە، هەر لەو شەوەدا گەڕاوەتەوە بەغدا (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٦٢).

تەنانەت لەهەندێک کاتدا ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەو پانتاییەدا سنووری ڕەهەندە ئاینییەکانی تێپەڕاندوە، دەخوازێت تواناکانی بگەیەنێتە ئاستی توانا خوداییەکان، گەیشتوەتە ئەو ئاستەی زانیارییەکانی مەودا شەرعییەکان تێکبشکێنێت، شارەزایی لەجیهانی فریشتەکان هەبێت و بتوانێت قسەی فریشتە و ڕەگەزەکانیان جیا بکاتەوە، تەنانەت زانیاری لەسەر هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی مرۆڤ هەبێت لەڕۆژی دواییدا (السجلماسي، ٢٠٠٢: ٦).

بەلای ئێمەوە گرنگ نییە ئەو بەسەرهاتانە ڕاستن، یان بەرهەمی خەیالی کەسانێکن، ئەوەی

گرنگە، ئەو بەسەرهاتانە بنەمای دروستبوونی کەسانێکن تواناییەکی نائاساییان هەیە، کە ئەویش تواناییەکی ئایینییە، پەیوەندی بە مەقامی سۆفییانێکەوە هەیە، کە پێشینەییەکی مێژوویی ئایینییان هەیە، لەلاییەکی دیکەوە، گێرانەوەکەش تێڕوانینێکە لەسەر بنەمای خەیاڵی ئایینی بونیادنراوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی وەلی و پیاوچاکان لەسۆفیگەریدا، توانای چاککردنەوەی نەخۆشە، ئەو توانایەش بەهۆی چڕبوونەوەی باوەڕێکی زۆر لەدڵیدا بەرجەستە بووە، لەگێڕانەوەییەکی شەعرانی توانای شێخ گەیشتوەتە ئاستێک بتوانێت ململانێ لەگەڵ فریشتەی مردندا بکات، گوایە کەسێک بەناوی ئەحمەد، نەخۆش دەکەوێت و فریشتەی مردن لە سەرەمەرگدا دێت بۆ ڕۆح کێشانی، بەڵام شێخەکە داوای لێکردوە بگەڕێتەوە لای خودا، فریشتەکەش گەڕایەوە و فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوە، لەگێڕانەوەکەدا ئاماژە بەوە دەکات نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە، دوای ئەو ڕووداوە زیاتر لە ٣٠ ساڵ ژیان بەسەر دەبات (الشعراني: ٢٠٠٥: ٤٩٥)

سەرەڕای ئەوەی سۆفییێک بەتەواوی بڕواوە باس لەتوانا و هێزی هەندێک وەلی دەکات، کە سنووری توانای مرۆڤی ئاساییان تێپەڕاندوە و توانای گێڕانەوەی بیناییان هەبووە بۆ نابینا و مردوویان زیندوو کردوەتەوە (السجلماسي، ٢٠٠٢: ٢٥)

یەکێک لەموریدەکانی شێخ عەدی، بەوپەڕی بڕواوە بەسەرهاتێکی لێدەگێڕدرێتەوە کە تووانیویەتی مردوو زیندوو بکاتەوە (التادفي، ١٩٥٦: ٨٦؛ العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٤٦).

ئەو دیاردەیە لەزۆربەی تەریقەتەکاندا بووەتە حەقیقەتێکی مێژوویی و چەندین سیفاتی خودایی دراوەتە پاڵ ئەو کەسایەتییانە، هۆکاری سەرەکیش بۆ متمانەی پەیڕەوکاران و موریدانی ئەو کەسایەتییانە، بوونی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەیە، کە بۆ شێخ و سۆفییەکانیان دروستکراوە، ئەو حەقیقەتە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لەلای مورید و شوێنکەوتووان، بەهۆی ئەوەی بەشێکە لەجیهانی فراوانی هەستپێکراوی شێخەکان، کە پێکهاتەییەکی ئاڵۆزە و لەدیدی سۆفیگەرییەوە ئەو هێزەی لەتوانا خوداییەکان وەرگرتوە (جادالله، ١٩٩٠: ٤٣)

بەمانایێکی دیکە ئەوەی پەیوەستە بە بونیادی ئەو باوەڕە، پەیوەندی تایبەتی نێوان شێخ و خودایە لەبەرهەمهێنانی کەرامات، ڕۆڵی پێشەوایێتی کەسایێتی شێخی کردەوەتە پرۆسەییەکی ئاسانتر و قبوڵکراو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەتێپەڕبوونی زەمەن، قبوڵکردنی کەرامات دەبێتە پرۆسەییەکی ئەخلاقی و دەست بەسەر هوشیاری تاکەکانی بڕوادارانی دا دەگرێت، ئیدی بەهەمان شێوەی سیستەمە ئایینییەکان وێناییەکی پیرۆز بەرهەمدەهێنن، کە ناتوانرێت ڕەتبکرێنەوە.

هەموو ئەو بەسەرهاتانە و چەندانی دیکە ئاماژەن بۆ پێگەی سۆفی وەکوو کەسایەتییێکی خاوەن توانای سەرو مرۆڤ، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە موریدەکان باوەڕێکی ڕەهایان

**یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی وەلی و پیاوچاکان لەسۆفیگەریدا، توانای چاککردنەوەی نەخۆشە**

بەهەموو ئەو چیرۆکانە هەبووە و بە حەقیقەتێکی ڕەهایان بینیووە، بۆیە هەموو ئەوانە بوونەتە کەرەستەیێکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی کلتوری پیرۆزکردنی کەسایەتییەکان، چونکە دواجار ملکەچی ئەو پیرۆزییە دەبن، ئەو ملکەچییەش لەئەنجامی کەمی توانای مورید لە تەفسیرکردن و خوێندنەوەی کەسایێتی سۆفی، یان درکنەکردنی بە جەوهەری ڕوداووەکان، وایکردوە متمانەی بەخۆی نەمێنێت و تەسلیمی ڕاستێتی ڕوداووەکان بێت، چونکە دواجار ئەو وێناکردنەی مرۆڤ، کە پیرۆزی بەرهەمدەهێنێت، لەهەر کایەیێکدا، بەرەنجامی کەمی زانیاری مرۆڤە بەرانبەر بە خودی خۆی، ئینجا نەبوونی توانای تەفسیرکردنی پیرۆزکراوەکە (قەرەداغی، ٢٠١٢: ١٧).

موریدەکانیش خۆیان بەشێک بوونە لە پرۆسەی بەردەوامێتی گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە،

ئامانجی سەرەکیش لەم پرۆسەیە پەڕینەوەیە لە باوەڕی تاکێتییەوە بۆ باوەڕی دەستە جەمعی، چونکە بەردەوامیدان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، دروستکردنی وێناییێکی ئەفسانەییە بۆ کەسایەتییەکان و سەرسام کردنی بەرانبەریشە، لەم پرۆسەیەدا هەمیشە مەزنەکان مەزنتر دەبن و پیرۆزی کەسایەتییەکانیش زیاتر دەردەکەون، بەماناییێکی دیکە باوەڕدار و موریدانی سەر بەم کایە ئاینییە، دەیانەوێت زۆرترین باوەڕداری هاوشێوەی خۆیان بەرهەم بێنن، ئەگەر سەرنج بدەین ئەو حاڵەتە لەکۆی بیروباوەڕە ئاینییەکان پیادە دەکرێت، چونکە گونجاو نییە بیروباوەڕی ئایینی لەچوارچێوەی تاک سنووردار بکرێت، بەڵکوو بۆ بەردەوامی و درێژەدان بەم باوەڕە هەوڵ دەدات زۆرترین تاکی کۆمەڵگە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە (السواح، ٢٠٠٢: ٤٩).

**"شێخەکان هەمیشە لەپاڵ ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردنی موریدەکان، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان کردوەتە بەشێک لە سیستەمی پەروەردە کردن"**

گێڕانەوەی بەردەوامی کەرامات و بەسەرهاتەکان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کلتوری سۆفیگەری، سەرچاوە سۆفیگەرییەکان مەودایێکی فراوانیان بۆ ئەو بنەمایە تەرخانکردوە، سۆفی و وەلی و شێخەکان هەمیشە لەپاڵ ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردنی موریدەکان، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان کردوەتە بەشێک لە سیستەمی پەروەردە کردن، بەوەش پەیوەندی خۆیان و موریدانیان تۆکمەتر کردوە، چونکە دەستگرتن بەهەر نەریتێک و بەردەوامی و پەیوەستبوون پێیەوە، بەتێپەڕبوونی کات، کلتوری پیرۆزکردن بەرهەمدەهێنێت، باوەڕی ئایینی لەدەرەوە بۆ ناو خودی تاک دەگوازێتەوە، ئەزموونکردنی بەردەوام کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی بیروباوەڕ دەکات و زیاتریش پەیوەستی دەکات بەخۆیەوە (السواح، ٢٠٠٢: ٥٣-٥٤)

توێژەرێک دووپاتی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، پێیوایە دووبارە بوونەوەی هەندێک جوولە و چەمک لەسۆفیگەریدا بەدەنگەوەچوونی سروشتی ئایینی کۆمەڵگایە، وەکوو سەما و سروودی ئایینی و گوتنەوەی بەردەوامی چەمکی الله، الله ( الیاد، ١٩٨٧: ١٣٩/٣).

گێڕانەوەی بەردەوامی ئەو دیاردەیە، پێویستییەکە بۆ تێربوونی لایەنی ڕۆحی کۆمەڵگە، چونکە لەگەڵ پێداویستی و ئەفسانە میللییەکان تێکەڵ دەکرێن، بۆئەوەی زۆرترین سەرنج بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی ئاستی وشیارییان نزمە، خەیاڵ و خەیاڵگە، یان ئەفسانە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی مێژوو، بەمەش کەسایەتییێکی نموونەیی پیرۆز بەرهەم دێنن، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەفسانە، پێشکەشکردنی وێناییێکی بابەتییانە نییە بۆ گەردوون، بەڵکوو گوزارشتکردنێکی هەستەکیی مرۆڤە لەخودی خۆیەوە بۆ ئەو گەردوونە (مبروک، ٢٠١١: ٥٣) لە کلتوری سۆفیگەریشدا، بەرهەمهێنانی مێژوو پەیوەندی بەو وێناکردنە هەستەکییەی خودی مرۆڤەکانی دیکە هەیە لە بەرگێکی ئاینییدا.

هەموو ئەو بەسەرهاتانەی ئاماژەیان پێدرا، گوزارشتن لە پیرۆزی کەسایەتی سۆفییەکان، لەهەمانکاتیشدا نەمرکردنی چیرۆکەکانە بەمەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنی فێرخوازەکانی ئەو ڕێبازە و ڕاهێنانانیانە لەسەر باوەڕبوون بەو بەسەرهاتانە.

ئەگەر ئەو چیرۆکە کەراماتییانە لەپاڵ بنەماکانی دیکەی پیرۆزکردن، مەبەستداریش نەبێت، تێڕوانینێکی نموونەییانەیە، کە ناسنامەی سۆفی تەبەنی دەکات، وەکوو کەسایەتییێکی ڕۆحانی و پیرۆز جێگیری دەکات و وەکوو بونێکی ئەزەلیانەش تەفسیری دەکات، دواتر دەبێتە کەلەپوورێکی ڕێزلێگیراوی ئەوتۆی زیندوو، کە نەوە یەک لەدوای یەکەکان دەیپارێزن، لێرەوە پیرۆزی دوای مردنی سۆفیش بەردەوام دەبێت و خەڵکی سەردانی گۆڕەکانیان دەکەن و دەیکەنە مەزارگە (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٠٣)

مێژوو بەتەنها گێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان نییە، واتە تەنیا ئەو ڕووداوانەی لەشوێن و کاتێکی دیاریکراودا ڕوویاندابێت، بەڵکوو ئەوە تەنیا بەشێکە لە مێژوو، خەیال



و وڕێنە (وەهم) و زیادەڕەوی کۆمەڵگە کە تێکەڵاوی ئەو ڕووداوانە کراوە، بەشەکەی دیکە پڕ دەکەنەوە، ئەو خەیاڵ و وڕێنانەش پەیوەستن بەلایەنی سۆزداری کۆمەڵگە و ڕۆڵی زیادکردن و کەمکردنی ڕووداوەکان دەبینن، کاتێک باس لە قارەمانێتی تاکێکی کۆمەڵگەکەی دەکات، ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگەکەی ناگونجێت پەراوێزی دەخات، هەندێکیش کە لەناو ڕووداوەکەدا وجودیان نییە، بەڵام بەهۆی پێویستی لایەنی ڕۆحی کۆمەڵگە، زیادی دەکەن، بەڵام دواجار دەبێتە بەشێک لەڕاستی و مێژوو بەرهەمدەهێنێت، ئارکۆن دەڵێ: «ڕۆڵی ئەو پشتگیریکردنە زۆر بەهێزتر بووە لەو ڕۆڵەی کە ڕووداوە مێژووییە ڕاستەقینەکە بەشێوەی کردەنی ڕوویداوە» (ئارکۆن، ٢٠٠٦: ٢٣) جەخت لەوەش دەکاتەوە خەیاڵگەی موسوڵمانەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە دروستکردنی ژیاننامەی پیاوە مەزنەکان کە شێوەیێکی ئایدیالیستی و پیرۆزکراویان بۆ داڕشتون، زۆر نزیکە لە کەسایەتییێکی ئەفسانەیی، وەکوو ئەوەی کە موسوڵمانەکان بۆ ژیاننامەی (عەلی و محمد)یان دروست کردوە (ئارکۆن، ٢٠٠٦: ٢٤)

کلتوری سۆفیگەریش هەمان ناسنامە هەڵدەگرێت، ئەوەندەی ڕووداوە ڕاستییەکان ڕۆڵیان بینیوە لە بزواندنی مێژوو، ئەوەندەش خەیاڵ و خەیالگە و وڕێنە ئاینییەکان مێژوویان ئاراستە کردوە لەو کلتورەدا، چونکە دواجار ناتوانێت خۆی ببووێرێت لەکاریگەری ئەفسانە و پێداویستییە ڕۆحییەکانی کۆمەڵگە ئاینییەکە.

### ڕۆڵی پەیوەستەگی و ملکەچی مورید لە پیرۆزکردنی سۆفی-دا

لە کلتوری سۆفیگەریدا مورید بەشێکی سەرەکی مێژووکردی ئەو پیرۆزکردنەیە، چونکە بەشێکی زۆری بەسەرهات و چیرۆکە کەراماتییەکان بەرهەمی خەیاڵی ئەو پێکهاتەیە، یان خۆی کارەکتەرێکە لەو بەسەرهاتانە، یانیش بۆیان گێڕدراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەوپەڕی متمانە و دڵنیاییەوە لەفۆڕمێکی ڕاستێتی مێژوویدا پەخشی دەکات و دەیگێڕێتەوە.

دەتوانین بڵێین ئەو دڵنیاییەی مورید بەرهەمی ئەو زەمینەسازییەیە کە لەو کلتورەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەشێوەیێک کار لەسەر تێفکرین و دەستەمۆکردنی کراوە، کە بیر لەپرسیار و گومان نەکاتەوە سەبارەت بە کۆی ڕەهەندەکانی ئەو کلتورە، گوتەی سۆفییێک هەیە دەڵێت: «ملکەچی مورید بۆ شێخ، لەسەرووی ملکەچێتی بێت بۆ خودا» (العطار، د.ت: ١٧٨) چەندین دەق و گوزارشتی دیکەمان هەن جەخت لەو پەیوەستبوونەی مورید دەکەنەوە بەرانبەر شێخ و سۆفییان، ئادابەکانیشیان هەر لەلایەن ڕابەرانی سۆفیگەری دیاریکراوە، دەقگەلێکی زۆری گەورە سۆفیانمان هەن پشتڕاستی پێویستی پابەندبوون و ملکەچی مورید بۆ شێخ دەکەنەوە.

شێخ عبدالقادری گەیلانی ئەوەی دوپات کردوەتەوە، ئەگەر مورید باوەڕی تەواوی بەشێخ نەبێت، هیچ سودێکی لێنابینێت (الشعراني، ١٩٨٨: ١٧٤/١) هەروەها دیارترین گوتاری سۆفییانە لەپەیوەستبوونی مورید بەڕێبازەکەی، جەخت لەمە دەکاتەوە، کە مورید دەبێت ملکەچ و پابەندی تەواوی شێخ بێت، ئەمەش پێکهێنانی کەسایەتییێکی سادە و لاوازە بۆ مورید، کە ئامانجی دەستەمۆکردن و بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی ڕەهایەتییە بۆ شێخ، لەکاتێکدا شێخی سۆفی کەسایەتییێکی ئاڵۆزە و لەلایەن موریدەوە ناتوانرێت تەفسیر بکرێت، ئەو تەفسیر نەکردنە و نەبوونی توانای خوێندنەوەی واقعییانە بۆ هەر کاێک، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پیرۆزی بەرهەمهێناوە، ئەمەش وایکردوە دەسەڵاتی شێخ بەشێوەیێکی ڕەها دەستبگرێت بەسەر بیرکردنەوە و مەعریفەی مورید، بۆیە لەلایەن موریدانەوە چەندین چیرۆک و بەسەرهاتی ئەفساناوی بۆ شێخ و گەورە سۆفییان بەرهەم دەهێنرێت، کە لەپێشتردا ئاماژەمان پێدا و دەبێتە

> “
> **دەقگەلێکی زۆری گەورە سۆفیانمان هەن پشتڕاستی پێویستی پابەندبوون و ملکەچی مورید بۆ شێخ دەکەنەوە**
> ”

بەشێک لە یادەوەری مورید و فۆڕمێکی پیرۆز وەردەگرێت.

ئەو ملکەچی و پەیوەستەییە لە کلتوری سۆفیگەریدا بەشێکە لەئادابی مورید، سەرچاوە سۆفیگەرییەکان لەڕێنمایی شێخەکانەوە چەندین یاسا و سیستەمیان بۆ مورید دیاریکردوە، کە نابێت لە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی شێخ لابدەن، زۆرێک لەسەرچاوە سۆفیگەرییەکان ئەم پەیوەستبوونە ڕوون دەکەنەوە (بڕوانە: الرازي، ٢٠٠٢: ٢٨١-٢٩٠؛ الشعراني، ١٩٨٨: ١٨٣/١-٢٠٥)

گوتاری گەلێ سۆفییانیش هەوڵی تۆخکردنەوەی ئەو پەیوەستییە دەدەن، گوتەییێکی شێخ عەدی جەخت لەمە دەکاتەوە، کە ڕێنمایی موریدەکانی دەکات و دەڵێت: «ناتوانی سوود لەشێخ ببینی ئەگەر باوەڕبوونت پێی لەسەرووی هەموو باوەڕبوونێکەوە نەبێت، لەکاتی ئامادەنەبوونی دەتپارێزێت، پەروەردەت دەکات بە ئەدگار و ڕەوشتەکانی، بەدەرکەوتنی ناخت ڕۆشن دەکاتەوە، ئەگەر باوەڕبوونت بەشێخ لاواز بێت، ئەوا پێچەوانە دەبێتەوە و تاریکایی ناخت دادەگرێت، هیچ سودێک لەشێخ نابینی ئەگەر لەبەرزترین پلەی پیاوچاکانیش بیت» (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٢٩؛ الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٠٣).

لەپانتایی ئەو ڕەوتە ئاینییەدا گوێڕایەلی مورید گەیشتوەتە ئاستێک بەبێ ڕەزامەندی پێشەواکەی ناتوانێت کرداری چاکیش ئەنجام بدات، تەنانەت دەبێت بەشێک لەئەرکە ئاینییەکانیش بەئاگاداری و ڕێنمایی ئەوبێت، ئەوەتا گەورە سۆفییێک دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، دەڵێت: «موریدی ڕاستگۆ لەگەڵ شێخەکەی، دەبێت وەکوو مردوویێک بێت لەدەستی مردوو شۆر بەبێ قسەکردن و جوولە، بێ ئاگاداری شێخەکەی نابێت دەست بۆ هیچ زانستێک ببات، تەنانەت خوێندنی قورئانیش» (الشعراني، ١٩٨٨: ١٨٩/١)

ئەمەش مورید ناچار دەکات هەمیشە سیستەمی گوێڕایەلی جێبەجێ بکات، چونکە ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودایە، ئەو خۆشەویستییەش لەڕێگەی پەیوەستبوون بەشێخ و دژایەتی دوژمنەکانی شێخ دەستەبەر دەکرێت (ابن الملقن، ٢٠٠٦: ١٢١) لەتێگەی ئەواندا پەیوەندییێکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان خودا و کەسایێتی سۆفی، ئەوەتا گوتارێکی سۆفییانەمان

> **«شێخ عبدالقادری گەیلانی ئەوەی دووپات کردوەتەوە، ئەگەر مورید باوەڕی تەواوی بەشێخ نەبێت، هیچ سودێکی لێنابینێت»**

هەیە دەڵێت: «ئەگەر سۆفی و پیاوچاکانت خۆشوویست ئەوا خودات خۆشدەوێت، ئەگەر ئەوانیش تۆیان خۆشویست ئەوە خودا تۆی خۆش دەوێت» (الشعراني، ٢٠٠٥: ١٣٦).

سۆفییێکی دیکە دەڵێت: « پێویستە مورید بەتەنیا بگەڕێتەوە بۆ گوتەی شێخ، نەک کەسێکی دیکە، تەنانەت ئەگەر قسەکانی پێچەوانەی بەڵگە و بیروڕای زانایانیش بێت، ئەگەر مورید لە فرمانەکانی شێخ هەڵگەڕایەوە و توانجی لێدا، نابێت کەس باوەڕی پێبکات، چونکە بەدڵنیاییەوە تۆمەت بۆ شێخ دروست دەکات» (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٨٤) ئەو گوتارە داخستنی هەموو دەرچەییێکی گومانە لەکەسایێتی شێخ، پێش ڕوودانی کارەکە شوێنکەوتووان دڵنیا دەکاتەوە لەهەر تۆمەتێکی دروستکراو بۆ ئەو کەسایەتییە، چونکە زانست و ئامۆژگاری، تەنانەت ڕەفتارەکانی ئەو کەسایەتییە لەخۆوە نییە و لەڕێگەی ئیلهامەوە کردارەکانی دیاریکراوە، پەیوەستیشە بەو چوارچێوەی بۆی دیاریکراوە، سوهرەوەردی لەم بارەیەوە دەڵێت: «شێخ ئەمینە لەئیلهامەکەی بۆ مورید، وەکوو چۆن جبرائیل ئەمین بوو لە وەحی بۆ پێغەمبەرەکەی» (السهروردي، ٢٠٠٠: ٢٠٧/٢)

جەخت لەمە دەکاتەوە شێخ ناپاکی ناکات لە ئیلهامەکانی، بەهەمان شێوەی جبرائیل کە ناپاکی نەکرد لە پەیامەکەی، چونکە شێخ پەیڕەوکاری پێغەمبەرە (د.خ) هیچ شتێک لەخۆیەوە دەرنابڕێت، وەکوو ئەوەی کە پێغەمبەر هیچ شتێکی لەخۆیەوە دەرنەبڕیوە (السهروردي، ٢٠٠٠: ٢٠٧/٢).

لەلاییێکی دیکەوە گوتاری سۆفییەکان بەردەوام ئامانجی جێگیرکردن و بڕواداری موریدە، تا بتوانێت سنوور بۆ هەر هەوڵێک دابنێت، کە لەدەرەوەی ڕێنماییێک شێخی سۆفی مورید ئاراستە بکات، هەمیشە دووپاتی سەرچاوەی زانینی مورید دەکاتەوە بە خۆتەرخانکردن و گوێڕایەلی بۆ شێخی سۆفی، بۆیە پێویستە مورید گوێڕایەلی شێخ بێت بەبێ هیچ لێکدانەوەییێک، ملکەچی فرمانەکانیشی بێت بۆ هەرکارێک، تەنانەت ئەگەر شێخ لەکارەکەیدا هەڵەشی کرد (الشعراني، ١٩٨٨: ٣٦/٢) تەنانەت زانیارییەکانی مورید کورتکراوەتەوە بەتەنیا لەو زانیارییانەی لە شێخەکەی وەریدەگرێت، چونکە ناگاتە هیچ چاکەییێک تەنیا بەهۆی ئەوەوە نەبێت

(الشعراني، ١٩٨٨: ٦/٢) ئەگەرچی ئەم گوتارە بەشێکە لەڕێزگرتن و پابەندبوون بەڕێنمایی و ئادابی سۆفیگەری، ئەرکی لەپێشینەی بڕوادارانە، فەرامۆشکردنیشی دەرچوونە لە فەرمایشتە ئاینییەکان (بڕوانە: السهروردي، ٢٠٠٠: ٢/٢٠٦-٢١٧) ئەو ڕێزگرتنەش بەرهەمی توانایی شێخە لەبەخشندەیی بەرانبەر مورید، بۆ نموونە شێخ عەدی توانای ئەوەی هەبووە کە تەنیا بە ئاماژە کردنێک، موریدەکانی فێری قورئان بکات (التادفي، ١٩٥٦: ١١٠) ئەو بەخشندەییە زەمینەسازییەک بووە بۆ ڕێز و ملکەچی مورید، دواجار سنوری ئەو گوتارە تێدەپەڕێنێت و مورید ناتوانێت لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو ئادابانەی سۆفیگەری بەعەقڵی خۆی بیر بکاتەوە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی سەهل دەپرسن یاوەری نزیک کێیە؟ لە وەڵامدا مورید دەستنیشان دەکات، بەجۆرێک دەیناسێنێت، کە داوای زۆر ناکات و نکوڵی لەهیچ شتێکیش ناکات، لەهەر دۆخێکدا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی شێخ ئامادەیە (الكلاباذي، ١٩٩٣: ٢٠) لێرەدا مورید کەسێکە خاڵییە لەبیرکردنەوە، پابەندە بە ڕەتکردنەوەی هەموو شێوازێکی پرسیارکردن لە کەرامات و ڕەفتار و کەسایەتی و پێگەی کەسایەتی گەورە سۆفییان، هەموو ڕەهەندەکانی گومانکردنیش دەسڕێتەوە، بۆیە دەبێتە ئامرازێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و دروستی دەرکەوتە ئاینییەکە.

هەموو ئەو نموونانە ڕەهەندەکانی متمانەداری مورید دووپات دەکەنەوە، چونکە بەجۆرێک پشت بەتواناکانی شێخ دەبەستێت، لەبەسەرهاتەکانی شێخەوە تەماشای مێژوو دەکات. ڕووداو لە عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ دادەبڕێت و خەیاڵگە دەکاتە سەرچاوەی دروستکردنی مێژوو، بۆیە لێرەدا مورید دەبێتە بەدیهێنەری ئەو مێژووەی کەخۆی تێیگەیشتوە، چونکە کەرامات و بەسەرهاتەکان لای ئەو حەقیقەتێکی ڕەهایان هەیە و دەیەوێت بەگێڕانەوەیان لای کۆی کۆمەڵگە بیانکاتە هەمان حەقیقەتی مێژوویی، نووسینەوەی مەناقبی گەورە سۆفییەکانیش بەشێکە لەو حەقیقەتە مێژووییە.

ئیدی ئەو جۆرە دەقانە، دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردن و پێکهاتەی کەسایەتی مورید دیاری دەکەن، مورید ملکەچی و پابەند بوون دەکاتە دید و تێڕوانینێکی قەبوڵکراو، دەستنیشانکردنی ئەو

> **"ناتوانی سوود لەشێخ ببینی ئەگەر باوەڕبوونت پێی لەسەرووی هەموو باوەڕبوونێکەوە نەبێت، لەکاتی ئامادەنەبوونی دەتپارێزێت، پەروەردەت دەکات بە ئەدگار و ڕەوشتەکانی"**

پەیوەندییەش (لەنێوان شێخ و مورید) زادەی دەرەنجامی خواپەرستی و زاهیدانەی شێخ و سۆفییەکانە، چونکە کارایی چەمکی پیرۆزکردن لەفیکری سۆفیگەریدا بۆ بەهێزی و پەیوەستی بە ئایین دەگەڕێتەوە و بووەتە کلتورێکی پیرۆز (جادالله، ١٩٩٠: ٤٩).

بۆیە شێخ دەبێتە ئەو ناوەندەی تەواوی تێفکرین و بیرکردنەوەی مورید دەگرێتەوە، ئەمەش شێوەیێکە لە ونبوونی ناسنامەی مورید، تادەگاتە ئاستی قبوڵکردنی هەر گوتارێکی سۆفییانە بەبێ تێگەیشتنێکی بابەتییانە، بەمەش شێخ دەبێتە دەروازەی خود دۆزینەوە و پەی بردن بەحەقیقەت.

سەرەنجام ترسێک دروست دەکات کاریگەری دەبێت بەسەر مورید، چونکە شێخ یەکێکە لەپایەکانی گەیشتن بەیەقین، دەتوانین بڵێین زێدەڕۆیی زاهیدانەی سۆفییەکان، ڕەنگدانەوەی بەسەر پەیڕەوکردنی ئایینیانەی شوێنکەوتەکان دەبێت، لە سەرسامبوون و پەیڕەویکردن لەڕێنماییەکانی پێشەوا و داهێنانی کەراماتی جۆراوجۆر و نیشاندانی پێشەوا وەکوو کەسێکی ناسروشتی، بەمانایێکی دی پەیوەستی سۆفی لەخوداپەرستیدا، ماقوولییەتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی لەلای بڕوادارانی بۆدروست دەکات.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین، بەرهەمهێنانی کەسایەتی پیرۆز، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕاستێتی پیرۆزی کەسەکە هەیە، زیاتریش پەیوەندی بەسروشتی تێگەیشتن و خەیاڵی کۆمەڵگەوە هەیە، کە دەیەوێت مانایێکی مێژوویی بۆ ئەو کەسایەتییانە دروست بکات، ئەگەرچی لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگەش کردەی درککردن بۆ ئەو مانایە جیاوازە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، لەلای بەشێکیان، بەتایبەتی بڕوادارانی سەر بەو پانتاییە، ڕاستێتییێکی ڕەهایە و بۆچوون و گومان هەڵناگرێت. هەموو ئەو سڕینەوەی گومانانەش لەئەنجامی ئەو بنەمایانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون و بووەتە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کەسایەتی پیرۆزکراوی خاوەن پێگەی نائاسایی، کە ئامادەییێکی سەرو مێژووییان هەیە.

### سەرچاوەکان

#### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

١- برۆنسن، مارتین ڤان. (٢٠١١). ئاغا و شێخ و

دەولەت، وەرگێڕانی کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی: سلێمانی.

٢- سعید، ئەبوبەکر عەلی. (٢٠٠٠). ڕوانینێک بۆ کلتور; مرۆڤ و کۆمەڵگە ، گۆڤاری ژیار، ژمارە (٥)، سلێمانی.

٣- قەرەداغی، ئومێد. (٢٠١٢)، کێشەکانی هزری ئایینی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران: سلێمانی.

٤- لەشکری: حەیدەر. (٢٠١٣)، لەشەریعەتەوە بۆ حەقیقەت – سەرهەڵدانی سۆفیگەری لەپانتایی کوردیدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە: هەولێر.

٥- مشەختی، کامەران ئیبراهیم. (٢٠١١)، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جەزیری) دا، دار سپیرێز للطباعة والنشر: دهۆک.

٦- نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ عەلاءالدین. (٢٠١٥)، تەصەوف چییە، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی بێخود: سەید صادق.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

٧- أبوزید، د. نصر حامد. (٢٠٠٢)، هكذا تكلم ابن عربي، الهيئة العامة للكتاب: القاهرة – مصر.

٨- ابن ابي اصيبعة، موفق الدين ابي العباس احمد بن القاسم الخزرجي. (د.ت)، عيون الانباء في طبقات الاطباء، شرح و تحقيق نزار رضا، دار مكتبة الحياة: بيروت.

٩- الياد، مرسيا. (١٩٩١)، مظاهر الأسطورة، ترجمة نهاد خياطة، دار كنعان للدراسات والنشر: دمشق.

١٠- الياد، ميرسيا. (١٩٨٧)، تاريخ المعتقدات والافكار الدينية، ترجمة عبدالهادي عباس، دار دمشق: سورية.

١١- بدران، د.محمد ابو الفضل. (٢٠١٣)، ادبيات الكرامة الصوفية، الهيئة العامة لقصور الثقافة: القاهرة.

١٢- برادة، علي حرازم. (١٩٩٧)، جواهر المعاني وبلوغ الاماني في فيض ابي العباس التجاني، ضبته وصححه عبداللطيف عبدالرحمن، دار الكتب العلمية: بيروت.

١٣- التادفي، محمد بن يحيى الحنبلي. (١٩٥٦)، قلائد الجواهر في مناقب عبدالقادر، مطبعة مصطفى البابى الحلبى واولاده: مصر.

١٤- ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس الحراني. (٢٠٠٤)، مجموع الفتاوى، جمع وترتيبه عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد للطباعة والنشر: المملكة العربية السعودية.

١٥- جادالله، منال عبدالمنعم السيد. (١٩٩٠)، أثر الطريقة الصوفية في الحياة الاجتماعية لأعضائها. رسالة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية.

١٦- الخشت، د. محمد عثمان. (٢٠٠١)، مدخل الى فلسفة الدين، دار قباء للطباعة والنشر: القاهرة.

١٧- ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد الاربلي. (١٩٧٧)، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، حققه احسان عباس، دار صادر: بيروت.

١٨- ابن خميس، الحسين بن نصر بن محمد الموصلي. (٢٠٠٦)، مناقب الابرار ومحاسن الاخيار، تحقيق محمد أديب الجادر، مركز زايد للتراث والتاريخ: دولة الامارات العربية المتحدة.

١٩- الرازي، محمد بن أبى بكر بن عبدالقادرشمس الدين. (٢٠٠٢)، حدائق الحقائق، تحقيق سعيد عبدالفتاح، مكتبة الثقافة الدينية: القاهرة.

٢٠- رستم، سعد. (٢٠٠٤)، الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات، دار الأوائل للنشر والتوزيع: دمشق- سورية.

٢١- ابن الزيات، ابي يعقوب يوسف بن يحيى التادلي. (١٩٩٧)، التشوف الى رجال التصوف وأخبار ابي العباس السبتي، تحقيق احمد التوفيق، دار البيضاء: المملكة المغربية.

٢٢- السبكي، عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي. (١٩٦٤)، طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق عبدالفتاح محمد الحلو و محمود محمد الطناحى، دار احياء الكتب العربية.

٢٣- السجلماسي، احمد بن المبارك السجلماسي المالكي. (٢٠٠٢)، الابريز من كلام سيدي عبدالعزيز الدباغ، دار الكتب العلمية: بيروت.

٢٤- السهروردي، شهاب الدين ابي حفص عمر. (٢٠٠٠)، عوارف المعارف، تحقيق عبدالحليم محمود و محمود بن الشريف، دار المعارف: القاهرة.

٢٥- السواح، فراس.(٢٠٠٢)، دين الانسان – بحث في ماهية الدين ومنشأ الدافع الديني، دار علاءالدين: سوريا.

٢٦- الشعراني، أبى المواهب عبدالوهاب بن احمد الانصاري. (٢٠٠٥)، الطبقات الكبرى المسماة بلواقح الانوار في طبقات الاخيار، تحقيق سليمان الصالح، دار المعرفة: بيروت.

٢٧- الشعراني، عبد الوهاب بن أحمد بن علي الأنصاري. (١٩٨٨)، الانوار القدسية في معرفة قواعد الصوفية، تحقيق طه عبدالباقي سرور و محمد عبدالشافعي، مكتبة المعارف: بيروت.

٢٨- شغموم، الميلودي. (١٩٩٢)، المتخيل والقدسي في التصوف الاسلامي-الحكاية والبركة، منشورات المجلس البلدي بمدينة مكناس.

٢٩- شيمل، آنا ماري. (٢٠٠٦)، الآبعاد الصوفية في الاسلام وتاريخ التصوف، ترجمة محمد اسماعيل السيد و رضا حامد القطب، منشورات الجمل: بغداد.

٣٠- الطوسي، أبو نصر عبدالله بن على السراج. (١٩٦٠)، كتاب اللمع، تحقيق عبدالحليم محمود و طه عبدالباقي سرور، دار الكتب الحديثة: مصر.

٣١- عبدالخالق، عبدالرحمن. (د.ت)، الفكر الصوفي في ضوء الكتاب والسنة، مكتبة ابن تيمية: الكويت.

٣٢- العسقلاني، احمد بن علي بن حجر الكناني. (٢٠٠٨)، النور السافر في مناقب سيدي عدي بن مسافر، تحقيق وتعليق أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية: بيروت.

٣٣- العطار، فريد الدين ابو طالب محمد نيشابورى. (د.ت)، تذكرة الاولياء، دون مكان نشر.

٣٤- القادري، برهان الدين ابراهيم بن علي الديري. (٢٠٠٨)، الروض الزاهر في مناقب الشيخ عبدالقادر، تحقيق أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية: بيروت.

٣٥- القشيري، أبو القاسم عبدالكريم بن هوازن النيسابوري. (٢٠٠١)، الرسالة القشيرية، وضع حواشيه خليل المنصور، دار الكتب العلمية: بيروت.

٣٦- الكلاباذي، ابي بكر محمد بن اسحق. (١٩٩٣)، التعرف لمذهب اهل التصوف، ضبطه وعلق عليه احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية: بيروت.

٣٧- لوح، محمد أحمد. (٢٠٠٢)، تقديس الاشخاص في الفكر الصوفي، دار ابن عفان: القاهرة.

٣٨- مبروك، د.أمل. (٢٠١١)، الاسطورة والايديولوجيا، دار التنوير للطباعة والنشر: بيروت.

٣٩- المحمدي، عبدالقادر موسى. (٢٠٠١)، الاغتراب في تراث صوفية الاسلام، بيت الحكمة: بغداد.

٤٠- ابن المستوفي، شرف الدين ابو البركات الاربلي. (٢٠١١)، تاريخ اربل المسمى نباهة البلد الخامل بذكر بمن ورده من الاماثل، تحقيق محمد عثمان، دار الكتب العلمية: بيروت.

٤١- ابن الملقن، سراج الدين ابي حفص عمر بن علي. (٢٠٠٦)، طبقات الاولياء، تحقيق مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية: بيروت.


٤٢- النبهاني، الشيخ يوسف بن اسماعيل. (٢٠٠٢)، جامع كرامات الاولياء، ضبطه و صححه عبدالوارث محمد علي، دار الكتب العلمية: بيروت.

٤٣- الهجويري، أبو الحسن علي بن عثمان الغزنوي. (١٩٧٤)، كشف المحجوب للهجويري، ترجمة وتعليق اسعاد عبدالهادي قنديل، مكتبة الاسكندرية: مصر.

٤٤- وردى، د. على. (١٩٩٤)، اسطورة الادب الرفيع، دار كوفان: لندن.

٤٥- اليافعي، عبدالله بن أسعد بن علي بن سليمان. (٢٠٠٦)، خلاصة المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر، تحقيق احمد فريد المزيدي، دار الاثار الاسلامية: سريلانكا.

**تێبینی:** توێژینەوەیێکی ئەکادیمی زانستییە، لە ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٨ گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوکراوەتەوە.



# ڕەشبینیی لە دیدی شۆپنهاوەری فەیلەسوف

سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

ئارسەر شۆپنهاوەر (١٧٨٨_١٨٦٠) لەشاری دانزیکی ئەڵمانیا لە باوکێکی دەوڵەمەند و دایکێکی نووسەر (جوانا شۆپنهاوەر) لە دایکبووە. بەیەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین فەیلەسوفی سەدەی نۆزدەهەم دەژمێردرێت. بە فەیلەسوفی ویست و ئەهریمەنی ڕەشبین ناوزەد کراوە. لە بوارگەلێکی جیاوازی وەکوو مۆڕاڵ، ئێپستیمۆلۆگی، ئەدەبیات، هونەر کاریکردووە. کاتێک باوکی شۆپنهاوەر خۆی دەکوژێت دایکی بەدوای حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەکەوێت و کۆچ دەکات بۆ شاری (فیمار) کە لە گەڵ ئەو ژیانەی خۆی دەیویست دەگونجا، شۆپنهاوەر بەم کارەی دایکی پەستی و خەشمێکی قووڵ لە دەروونیدا چەکەرە دەکات لەگەڵ دایکی ناکۆکییەکی دژوار دەکەوێتە نێوانیان، لە ئەنجامدا شۆپنهاوەر ڕق و کینەیێکی بێ سنوور هەڵدەگرێت بەرامبەر ژنان و بڕیاردەدات بە دوورەپەرێزی و گۆشەگیری بژیت، بەبێ دایک و خێزان و هاوسەر و هاوڕێ و نیشتیمان.

شۆپنهاوەر لە ساڵانی ( ١٨٠٨_١٨١١) لە زانکۆی بەرلین لەلای هەردوو فەیلەسوفی پۆست _ کانتییەکان (یۆهان گۆتەلیب فیختە ١٧٦٢_١٨١٤) و ( شلایارماخەر ١٧٦٨_ ١٨٣٤) خوێندویەتی و پلەی دکتۆرای وەرگرتووە.

پەیامی شۆپنهاوەر لەپەیامی بوزا نزیکە، بوزا خەڵکی فێری ئەوە دەکرد ژیان لە دووتوێی نەهامەتیدایە، بەڵام لە ئاستێکی قووڵتر شتێک نییە ناوی (خود)بێ ئەگەر درکمان بەو مەسەلەیە کرد، دەتوانین بە ڕۆشنایی (ڕۆشنگەری _ تنویر) بگەین. ئەو لێکچوونە هەروا بە ڕێکەوت نەبووە بە پێچەوانەی زۆربەی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا، چونکە شۆپنهاوەر بەشێکی زۆری فەلسەفەی خۆرهەڵاتی خوێندبۆوە، تەنانەت لە ژووری کارەکەیدا پەیکەرێکی بوزا و لە پەنای ئەویشدا پەیکەرێکی بیرمەندی مەزن ئیمانوئێل کانتی دانابوو.

گرنگترین پەرتووکی (دنیا وەک ویست و وێناکردن) لە ساڵی ١٨١٨ بڵاوکردۆتەوە، بیرۆکەی بنەڕەتی پەرتووکەکە، پێکهاتووە لە: واقیع دوو ڕواڵەتی هەیە. واقیع لە یەک کاتدا هەم وەکوو ویست هەم وەک وێناکردن. ویست ئەو هێزە ئەکتیڤ و نادیارەیە کە لەهەموو شتێکی بووندا هەیە ئەو وزەیەیە کە دەبێتە مایەی گەشەسەندنی ڕووەک و ئاژەڵەکان، ئەو هێزەیە لەهەموو بەش و پارچە و گەردیلەیێکی سروشتدا هەیە. بەڵام ڕواڵەتەکەی دی جیهان وەکوو وێناکردنە، ئەو جیهانەیە کە ئێمە تیادا دەژین. جیهانی وێناکراو بناغەی واقیعی عەقڵی ئێمەیە. هەموو ئەوەی هەستی پێدەکەی جیهانی وێناکراوە. ئەمە ڕێگاییێکە کە تۆ واتا بۆ

هەموو شتێک دادەنێت، ئەمەیش پێویستی بە هۆشیاری هەیە. عەقڵی تۆ ئەزموونەکەت ڕێک دەخات بۆ بەخشینی واتا.

ئەگەر لە هەقیقەتدا دونیا ویست بێت، ئەوا دەبێ لێوانلێو بێ لە ئازار و ئێش، چونکە ویست خۆی بە واتای حەزو ئارەزووە و هەمیشە داوای زیاتر و زیاتر دەکا لەوەی لە ژێر دەستدایە، لە تێرکردنی هەر حەزو ئارەزوویێکیشدا چەندان حەزو ئارەزووی دی بەدوایدا سەرەتاتکێ دەکەن ئەوانیش تێر نابن، هەروەها ویست پامالّی هەستەکانمانی کردووە و مادامەکیش خۆمان ملکەچی گردبوونەوەی حەزو ئارەزوو ئامانجە مەترسییەکانیانین، هەروەها ملکەچی (ویست) یشین ئەوا قەت ناگەینە بەختەوەری و ئاشتی هەمیشەیی. شۆپنهاوەر مرۆڤێکی خەمۆکی بوو، چونکە ژیان لە دیدی ئەودا شەڕ و خراپەیە پاڵنەرە بنچینەییە ڕاستەقینەکەشی ئازارە، خۆشی و چێژیشی تەنیا ڕێبەندییێکی نەرێیی ئازارە، خۆشی و چێژەکان کاتەکین و بەخێرایی تێدەپەڕن، ئەرستۆ دەڵێت (مرۆڤی زانا و حەکیم بەدوای خۆشی و چێژدا ناگەڕێن، بەڵکوو بەدوای ڕزگاربوون و قوتاربوون لە ئازار و خەمدا دەگەڕێن).

ئێمە بە تەواوی هەست بەو خۆشی و سوودانە ناکەین کە هەمانن، نە بەهاو نرخیشیان دەزانین و نە هەقی خۆشیان دەدەینێ، بەڵکوو بەشێوەییێکی نەرێیی ڕازیمان دەکەن، بەوەی ئازارەکانمان هێوردەکەنەوە و جڵەوگیریان دەکەن. ژیان پڕێتی لە ئارێشە و کێشەوگرفت هەر کە مرۆڤ هەستی بە پشوودانێک و حەساندنەوەییێک کرد لەو ئێش و ئازارەی کە دوچاری دەبێت، یان ئەو پێداویستییەی کە هەیێتی پڕی کرد هێندە ناخایەنێت بەدوای شتێکی دیکەدا دەگەڕێت، تاکوو ئەو وەڕسیی و بێتاقەتییەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە، جارێکی دی دەستدەکاتەوە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئازار و خەمی زیاتر. بەم جۆرە سەرنج دەدەین ژیان وەکوو سەماکارێک لەنێوان وەڕسبوون و ئازاردا دێت و دەچێت؛ ئێمە هەتا لە ژیاندا سەرکەوتووبین ئەوەندەش


> **شۆپنهاوەر بەشێکی زۆری فەلسەفەی خۆرهەڵاتی خوێندبۆوە، تەنانەت لە ژووری کارەکەیدا پەیکەرێکی بوزا و لە پەنای ئەویشدا پەیکەرێکی بیرمەندی مەزن ئیمانۆئێل کانتی دانابوو**

وەڕسبوون داماندەگرێ. هەروەها زۆریی زانین لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی زۆریی ئازارەکانی، دەوڵەمەندیی زانین کێشەکانی مرۆڤ چارەسەر ناکات، چونکە تاکو دیاردەی ویست تەواوتر بێت ئازار و خۆشی ڕوونتر دەبنەوە، مرۆڤ تاوەکوو مەعریفەت و زانینی زیاتر و دەوڵەمەندتر بێت ئەوا ڕادەی هەستکردن بە ئازار لەلای زیاترە، بۆیە بلیمەت و



> **هەندێک لە بڕگەی نووسینەکانی بە ئەندازەیێک ڕەشبینانەبووە خوێنەرانی بردۆتە سەر ئەو باوەڕەی پێیان وابێت ئەگەر شۆپنهاوەر ڕاستگۆ بوایە لەگەڵ خۆی، دەبوایە خۆی بکوژێت**

بەهرەمەند لە پێشترین کەسانێکن لە ناو خەڵکدا کە ئازار دەچێژن. دیسان بیرەوەری و دووربینیش ئازارەکانی مرۆڤ زیاتر دەکەن، چونکە لایێکی گەورەی ئازارەکانمان لەناو بیرکردنەوەکانماندا لە ڕابردوودایە، یان لە لێکدانەوەی ئەوەدایە کە لە ئاییندەدا چی ڕوودەدات. ئازار لە خۆیدا کورت خایەنە، مرۆڤ لە بیرکردنەوەی لە مردن زیاتر دەترسێ و ئازار دەچێژێ وەک لە ئازاری مردنەکە خۆی، لە سەروو هەمووشیانەوە لە ژیان، چونکە ژیان جەنگانە بۆیە شەڕو خراپەیە، سەیری هەر گۆشەیێکی ژیان بکەیت لە بەیەکدادان و ململانێ و زۆرانبازی زیاتر چاوت بەهیچ شتێکی دی ناکەوێت. مرۆڤ



بۆ دەستخستنی بژێوی ژیان و گوزەران ودەستەبەرکردنی هەناسەکانی دەبێت چرکە و ساتەکانی تەمەنی خۆی بە ژیان بفرۆشێت و تا دوا هەنگاونانی لە ژیاندا کار و هەوڵ و کۆششی سەخت بکات. ئەمەیە چارەنووسی مرۆڤایێتی لە دونیادا. لەم جیهانەدا ئێمە ملمان لەژێر بەزەیی و میهری قەسابدایە، کە هەموومان یەک لە دوای یەک سەر دەبڕێت و لەناومان دەبات. نائومێدی و چاوەڕوانی خۆشبەختی و هەژاری و کەم ئەندام بوون و نەخۆشی و لاوازی و پیری و ئارێشە و ململانێ سەرتاپای ژیانی مرۆڤی تەنیوە و گەدەی برسی مەرگیش لەهەموو لایەکەوە گەمارۆیداوە و ئامادەیە لەهەر ئان و ساتێکدا بێت قووتی بدات. بەڵام هەندێک ئەزموون هەیە توانا و هێزمان پێ دەبەخشن، تاکوو بەرگەی ژیان بگرین، بەشی زۆری ئەو ئەزموونانە لە هونەرەوە سەرچاوە دەگرن.

هونەر ساتێکی نەگۆڕمان پێشکەش دەکات ئەگەر کەمیش بێت، بۆ خۆدزینەوە لە قاڵبی جەنجاڵی و هەوڵ و حەزو ئارەزوو هیواکانمان، مۆسیقا باشترین و چاکترینی ئەو هونەرانەیە دەرفەتی خۆدزینەوەمان لە خەم و حەسرەت و چاوەڕوانی بۆ دەرەخسێنێ، بەلای شۆپنهاوەرەوە مۆسیقا کۆپییەکە لە خودی ویست کەتوانای جوڵاندن و بزواندنی هەست و سۆزی مرۆڤەکانی هەیە. بۆیە مۆسیقییەکان و ئاوازسازەکان شۆپنهاوەریان خۆشدەوێ، چونکە بڕوای وابوو مۆسیقا لوتکەی هونەرەکانە. شۆپنهاوەر دیدگاییێکی زۆر ڕەشبینی هەبوو بۆ ژیان، خاوەن دەروونێکی وێران و ماندوو بوو کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئاشکرای بەسەر نووسین و بەرهەمەکانییەوە هەبوو، هەندێک لە بڕگەی نووسینەکانی بە ئەندازەییێک ڕەشبینانەبووە خوێنەرانی بردۆتە سەر ئەو باوەڕەی پێیان وابێت ئەگەر شۆپنهاوەر ڕاستگۆ بوایە لەگەڵ خۆی، دەبوایە خۆی بکوژێت.



# دیدار

# دکتۆرە عەتیە

## ئێمە نەوەی (خانی لەپ زێڕین)ین



## دکتۆرە عەتیە:

# لەدوای تێکچوونی گفتوگۆ، لەناو هەولێر بەسەیارەیێک منیان ڕفاند و دوو گوڵەشیان لێدام

بزیشکی ڕاوێژکار (دکتۆرە عەتییە حەمە سەعید ساڵحی) کە پسپۆڕە لەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی، شێرپەنجەی ئافرەتان بەگشتی (مەمک، هێلکەدان، ڕەحم) ساڵی ١٩٤٣ لەکۆیە لەگەڕەکی قەڵا لەدایکبووە. تەنیا قۆناغی سەرەتایی لەکۆیە خوێندووە، قۆناغەکانی ناوەندیی و ئامادەیی و زانکۆی لەبەغدا تەواو کرووە. ساڵی ١٩٦٧ قۆناغی زانکۆی بڕیوە، هەر لەهەمان ساڵیشدا لەبەغدا دامەزراوە و دوایی چەند مانگێک ڕاژەکەی دەگوازێتەوە هەولێر و لەنەخۆشحانەی کۆماری دەستبەکار دەبێ. زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆربەباشی دەزانێ و فارسیەکەشی وەکوو خۆی دەڵێ باشە بەڵام «مەزبوتم نەکردییە« لەئێستادا تەمەنی ٧٩ ساڵە، بەڵام (بەپێکەنینەوە) دەڵێ: بڕواناکەم ئەوەندەبم و تەمەنم «پەنجا» ساڵە! دەشڵێت: «زۆرم پێخۆشە مرۆڤ بەهەیئەتی خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر کەوتە ناوجێ یەکسەر بمری و هەناسەکی کۆتایی بیت، چونکە ئەگەر دەست و لاقت نەما، بەڵام مێشکت ما، کەواتە هەر بەخەم و خەفەتەوە دەژی» دکتۆرە عەتیە، لەدیمانەیێکی کراوەیی گۆڤاری دیوان، وەڵامی چەندین پرسیار لەسەر کۆیە و مۆزەخانەی خانی لەپ زێڕین و بواری پسپۆڕییەکەی و ژیانی تایبەتی خۆی، ڕاشکاوانە دەداتەوە.

**دیمانە: محەمەد گۆران**

**– دکتۆرە با لەکۆییەکانەوە دەستپێبکەین! کۆیی لەبەرچی تەمەن درێژن و درەنگ پیر دەبن؟ بەتایبەت ژنە کۆیی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، بەڵام هەر گەنج و جوانن؟**

+ (دوای پێکەنینەکی درێژ) من مەدحی کۆییان ناکەم، بەڵام تەنیا ئەوە دەڵێم: هێمن موکریانی دەڵێ: (چلۆن بۆ سورمە نابێ خاکی شارێ --- کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێ) جاهەر لەزۆر زووەوە ڕۆشنبیریی لەکۆیە هەبووە. یەکەم ئافرەتیش لەکۆیە کە چۆتە مەکتەب لەگەڵ کوڕان ساڵی ١٩٢٣ نەجیبەخانی کچی مەلای گەورە بووە، کە ڕەفیقی داکم بوو، چونکە داکیشم بەمنداڵی هەر کچە مەلازادە بووە، هەمووجار دەیگوت لەبابم تووڕەمە! دەمگوت لۆ تووڕەی؟ دەیگوت: «ئاخر نەیهێشت منیش لەگەڵ نەجیبەخانی بچم لەگەڵ کوڕان بخونم و دەیگوت ئەوەتا مەکتەبمان لەمزگەوتی خۆمان هەیە، دەرست پێ دەڵێن و قورئانت فێر دەکەن، بەڵام من دەمویست وەکوو نەجیبەخان بچمە قوتابخانە« بۆیە دەتوانین بڵێین کە ژنانی کۆیە لەبەر ئەوە پیر نابن، چونکە ڕێزیان لێ گیرایە و هەستیان بەزاتی خۆیان کردووە و سەرکوت نەکراینە.

**– ئەگەر وەسفێکی پیاو و ژنە کۆیمان بۆ بکەی، چۆنی دەکەی؟**

+ کۆیە پیاوی زۆر مەرد و عەجایبی لێیە، هەبووە ژنەکەی لەپێ کەوتووە و تا ژنەکەی لەناوجێ مردووە، خزمەتکاری ژنەکەی خۆی بووە و بەخێوی کردووە، بەڵام جاران لەکۆیە هەر پیاو زۆرتر ماندووبوون و نەخۆش دەکەوتن، ژن هەندە نەخۆش نەدەکەوتن، ژن دایمە جلکی جوانی لەبەر کردووە و مەجلیسی خۆی لەگەڵ جیرانان دانایە، بەکۆمەڵ چوونەتە هەیبەت سوڵتان و شێخی شێخ موسڵی و کێلەسپی و ئۆمەرمەندان و وەکاشە، چەند شەو ماونەتەوە، مەولوود و قسەی خۆش، ڕایانبواردیە ژنی کۆیە، جا فەقیر و دەوڵەمەند، مەیدانیان خۆشبووە. لەکۆیە ژن قەت خۆی لەپیاو بەکەمتر نەزانیوە، کاتەک پیاوی ببینیبێ خۆی داپۆشیبێ و شەرمی لێکردبێ، شتی وانەبووە، هەردەم کەسێتی خۆیان هەبووە. ئەمە مانای ئەوەیە ژن قیمەتی دراوەتێ، قەت دووەم نەبووە لەکۆمەڵگە و لەدوای پیاو هاتبێ.

**– شوونەکردن و قەیرەیی کچان لەکۆیە وەکوو دیاردەی لێهاتووە، بۆچی کچە کۆیی ڕێژەی قەیرەیی تێدا بەرزە، ئایا بەزەحمەتن و بەهەموو کەس ڕازی نابن؟ یان هۆکاری دیکەی هەیە؟**

+ وەڵاهی سوالەکی زۆر جەرگبڕت لێکردم و ڕاستیش

دەکـەی، ئـەو ئیشە لەقەومی من زۆر واریـدە، ئێستا چەندەها ئامۆزا و پورزام دانیشتوونە، چەندانی دیکەی ئەملاوئەولا، تەمەنەکەی لە ٤٠ ساڵی تێپەڕیوە، بەشەکی هەبوونییە، باشە ئەوە گوتمان منەتیان بەوەی نییە، دواتر لەپاڵ ئەوە داکوباب ئەوانیش کاتەک یەکێ هاتووە بۆ داوای کچەکان، ئەوە کو دەیدەمە ئەوەی؟ ئەو شتەش هەبووە. چاوەڕانیان کردووە یەکێ بێتن لەئاستی خۆیان بێ، هەم لەخوێندەواری و هەم لـەسـەروەت و سامان نزیک بن، بۆیە بەکوڕە هەژاریان نەکردووە و ئەمەش شتەکی هەڵەیە، چونکە کوڕە هەژار خاوەن بڕوانامەش بووە، بەڵام کە هاتووەتە پێشێ، شوویان پێ نەکردووە، کەواتە مانەوە.

ئەو نەوەیەی ئێستاش، کچان مەجالی خوێندنیان زۆرتر بووە، بەتایبەت لەناو کۆییان دەڵێم، بەنزیکە ٦٥٪ کۆمەڵی کوردەواری خوێندەوارییان نییە، ئەمەش گرفتەکی دیکەیە، چونکە ئەو نەوەی کە خوێندەواری نەبێ چۆن دەتوانی بێ داخوازی خوێندەوارەکان بکاتن؟ جا ئەوەیە لەناو کۆییان بۆتە دیاردە بەتایبەت لەناو ئەو خێزانانەی خوندیتیان، مامۆستاشن و شوویـان نـەکـردووە، زۆر غەمیان لێ دەخۆم، زۆریشم قسە لەگەڵیان کردووە و پێمگوتن ئێوە تەماشای ئەوە مەکەن کوڕە بڕوانامەکەی لەئێوە نزمترە، چونکە جاریوایە کوڕە هەبوونە بەڵام بڕوانامەی نییە، کچەکە دەڵێ کو شووی پێبکەم، ئەوە دەرچووی زانکۆ نییە؟ گوتوومە پێی بکە هیچ نەبێ منداڵێکت دەبێ و دواڕۆژ تەنیا نامێنییەوە.

**– کۆیە دەنگخۆشی زۆرە، لەگۆرانیبێژ و مەقامزانەکانی کۆیە، زیاتر حەز بەدەنگی کامیان دەکەی؟**

+ کەس ناگاتە تایەر تۆفیقی، بەڵام ئەویش ناتانی خۆی لەحەسەن زیرەکی بدات، چونکە لەناو میللەتی کورد حەسەن زیرەک شتەکی غەریب بوو، ساڵی ١٩٥٦ لەبەغدا هاتە ماڵمان و هەر ئەو جارەشم بینیوە، بۆنەیەک هەبوو و خەڵکێکی زۆر داوەتی نانخواردن کرابوون، گەنجەکیان لەگەڵدابوو، گوتیان ئەوە حەسەن زیرەکە، دەنگی خۆشە و لەئیزاعە و ڕادیۆی بەغدا دامەزراوە، هەر ئەو کاتەش گوتیان مام جەلال وایکردووە لەوێی دامەزرێنن.

حەسـەن زیـرەک شتەکی زۆر غەریبە، کاتەک گۆرانی

## ئێمە نەوەی خانی لەپ زێڕینین، بۆیە مۆزەخانەکەم بەناوی (خانی لەپ زێڕین) کرد

## من موریدی حاجی قادری کۆیم، با کەس وا نەزانێ حاجی قادر کچی نەبووە، عەتییە کچیەتی!

دەڵێ، ئەگەر وردبییەوە لێی هەستدەکەی پێش مۆسیقا، دەنگی خـۆی مۆسیقایەکی دیکـەیـە، دەنگەکـەشی بەجۆرێکە کە گوێت لێی دەبێ، بەڕۆح دەتباتەوە گوند و سەراپای دیمەنەکانی ژیانی گوندت دێنێتە بەرچاو، هەر لەشوانکارەیی و گاوانی، هاتنەوەی مێگەڵی حەیوان و گاڕانی مانگا، بێریی و مەڕدۆشی.

**– کۆیاتی و خۆیاتی! ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟ چونکە دەگوترێ کۆیی لەدەرەوەی کۆیە، خۆیاتی دەکەن، بەڵام لەناو کۆیە هەمووی چاودێرە بەسەر یەکتر و بەقسە و قسەلۆکن؟.**

+ ئـەو قسەیەش دەبـێ ڕاستبێ کە دەڵـێن کۆیاتی و خۆیاتی، ئەمە لەدەرەوەی کۆیە، چونکە هەست بەغەریبی دەکەن کە دەچنە شارەکی دیکە. من کە لە ٢٠٠٣ هاتمەوە کوردستان ئاماریکم کرد، دانیشتوانی کۆیە ببووە ١٢٠ هـەزار کـەس، بـەڵام لەساڵی ١٩٦٩ کە ئەوکاتە لەکۆیە بووم، ژمـارەی دانیشتوان ٧٨٠٠ کەس بوو، بزانە لەو جیاوازییە زۆرەی؟ دەوروبەری کۆیە کە نزیکەی هەشت سەت گوند دەبوون و لەهەشتاکان بـەدواوە کە دۆخی سیاسی تێکچوو، گوندەکان تێکدران و هەموویان ڕادان، چۆلیان کرد و هاتنە ناو کۆیە، بۆیە ئەو نەوەیەی ئێستا کە لەکۆیە لەدایک دەبێ و دەڵێ من کۆیم، ئەوان بەئەسڵ کۆیی نین و هی گوندەکانی دەرەوەی کۆیەن، بەڵام ئێمە کە ئەسڵەکەی کۆیەن، بەجلوبەرگ و قسەکردن دەزانین کێ کۆییە و کێ دەرەوەی کۆیەیە؟.

لەبەر ئەوە کۆیە زۆر بەخێرایی دیمۆگرافیا و کۆمەڵگەکەی گۆڕا، لەدوای دووبەرەکی ناوەڕاستی نەوەتەکان، ئێستا هەولێری و عەرەبیشی تێدایە، پاش ئەوەی زۆنی زەرد و سەوز دیاری کرا، ئەوانەی هاتن ناویان لێنرا ئاوارە و ئێستاش بەخۆیان دەڵێن ئـاوارە! لەکاتەکدا چارەگە سەدەکە لەوێ دەژین. لەکۆیە دامـەزراون و خانوویان هەیە و منداڵیان گەورەبووە، تازە ئاوارەی چین؟! دەبێ ئەخلاقیاتیان وەکوو کۆیە بێ، نەوەک چلکاوتان بێتە دەرێ و خۆڵ و خاشاک فرێ بدەن! ئاخر کلتووری کۆییان کەی ئاوابووە؟. بۆیە ئەو کۆیاتی و خۆیاتییە لەگەڵ گۆڕانی دیمۆگرافیا و کۆمەڵی کۆیە، ئەویش ئێستاکە وەکوو خۆی نەماوەتەوە.



دکتۆرە عەتیە لەگەڵ مام جەلال

**– بەچ دابونەریتەکی کۆییان سەرسامی؟**

+ سەرسامم بەجلوبەرگی ڕەسەنی ژنان و پیاوانی کۆییان، جاران عەیب بوو پیاو سەری ڕووت بێ، دەبووایە لەگەڵ جلە کوردییەکە شتەکی لەسەر بباستایە، جا جەمەدانی بووایە یاخود سرکەیی و مشکی و جورجییەتی ڕەنگاوڕەنگی بەگوڵینگ، شتەک بوو دەهۆنراوە بۆ پیاوان و لەسەریان دەئاڵاند، هەروەها ژنە کۆیی، هەر عەیب بوو ماکسی لەبەر بکات و بێتە دەرەوە، ئێستاشی لەگەڵدابێ ژنە کۆیی ڕەسەن، پێی عەیبە بەماکسی بێتە دەرێ، ژنە کۆیی لەگەڵ جلی کوردی ناوقەدیان هەبووە و پشتێنیان بەستییە، چارۆگەی کۆییان گەلەک جوان بووە، ئێستا هەموو ورگی هەیە، ئێ کەواتە ئەوە کۆیی نییە! ژنە کۆیش قەڵەویان هەبووە، بەڵام پشتێن واتا ناوقەدت دیاربێ، بۆیە تا پێیان کرابێ ڕەچاوی ئەوەیان کردووە و نەیانهێشتووە قەڵەوبن.

**– دکتۆرە ئەوجارە دێینە سەر ژیانی تایبەتی خۆتان و بەو پرسیارە دەستپێدەکەین: تا چەند لەژیانی منداڵی و گەنجی خۆت ڕازی؟ هیچ شتەک هەیە لەو قۆناغە ئەسەفی بۆ بکێشی؟**

***لە هەشتاکاندا کە هەوڵی تیرۆرکردنم درا، هۆکارەکە ئەوەبوو کە من لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا بووم***

+ ئەو ژیانەی من لەبیرمە هەتا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٥٠ چوومە مەکتەب، یەکەم ئازارم ئەو کاتە بوو کە سەبرییەی خوشکم لەدایکبوو، منیان لەدایکم جیاکردەوە و بردمیانە ماڵی مامی بابم، هەر دەگریام بۆ داکم، تومەز دایکم منداڵی دەبوو. سەبریە دووساڵ و چەند مانگەک لەمن بچووکترە، بەڵام لەبیرمە و لەمێشکم تەبع بووە. ئەو ڕۆژەم بیرە کە لەدایکبوو. دواین شت کە لەبیرمە، منیان هێناوە کن داکم، کچی مامی بابم (بەدیعە خان) منی لەباوەش کردبوو و منیش پرچیم دەڕنییەوە، کە بردمییەوە بووکە شووشەکیان دامێ گوتیان ئەو بەبە ئەو بووکە شووشەی لۆ هیناى، خەنی بووم! لەو کاتەوە تاکوو بوومە دکتۆر، ژیانەکی ئارامم هەبووە، تاکو گەیشتینە ساڵی ١٩٦٣ برام گیرا و کوشتار زۆربوو لەقەومەکەمان، بۆیە دەتوانم بڵێم لەو کاتەوە تاکو ئێستا ئیسراحەتم لەخۆم نەکردووە، دەنا لەمنداڵییەوە تاکوو ١٩٦٣ وابزانم کەس وەکوو من بەخۆشی نەژیاوە، چونکە باوکم لەشەشی سەرەتایی ئێمەی بردە بەغدایێ لۆ خوندنێ.

ئەگەر شتەک لەژیانی خۆم ئەسەفی بۆ بخۆم، ئەوەیە کە زۆر ئەزیەتی دایکوبابم دایە و زۆر بەئێمەوە ماندووبوون. ئەوکاتە هەستمان پێ نەدەکرد کە لەبەغدایێ چەند بەئێمەوە ماندوونە و ئەو مەسرەفەمان دەکەن، ڕێگا خراپ بوو، ئەو سەفەرە دوورودرێژەیان بۆ بینینی ئێمە دەکرد، دڵمان ڕادەگرتن. ئێمەش کە گەیشتینە مەبەستی خۆمان، بەرامبەر بەو ئەرکەی کێشایان، خزمەتمان نەکردن، بۆیە ئەسەفم بۆ ئەوەیە هەتا گەیشتینە ئامانجی خۆمان، هەر لێمان ویستن، دواتر پێ ڕانەگەیشتین پاداشتیان بدەینەوە.

**– پرۆسەی هاوسەرگیریتان لەگەڵ شێخ (دکتۆر نوری تاڵەبانی) وەک فارس دەڵێ سوننەتی بوو یاخود پێشتر ناسین و یەکتربینین هەبوو؟**

+ بێگومان پێشتر دایکوبابم ماڵی شێخیان دەناسی، براکەم (دکتۆر ساڵح) لەگەڵ شێخ نوری ساڵەک پێکەوە ژیاینە لەخانووەکی بەغدایێ لەسەردەمی خوێندنیان، شێخ ئەوکاتە لەکۆلێژی ماف بووە و دکتۆر ساڵحیش لەئامادەیی بووە. ئینجا کە هاتنە داخوازی، من دکتۆربووم، لەشاری پزیشکی دەوامم دەکرد و ئەویش بڕوانامەی حقوقی وەرگرتبوو و بەسەردان هاتبووەوە لەفەڕەنسا، ئیدی کەسوکاری ویستویانە ژنی بۆ بهێنن و نەیانویستووە بچێتەوە فەڕەنسا، چونکە بەسەفەر هاتبووەوە دایک و وانی ببینێ، دواتر هەر ئەوەبوو و نەگەڕاوە. دایکیشم زۆر سوور بوو لەسەر ئەو کارە و دەیگوت کەس ناگاتە شێخ نوری، منیش دەمگوت شوو ناکەم بەیەکێ نەیناسم، دەبێ بڕۆم لۆ خوندنەکەم، دواتر یەکترمان بینی، گوتم با ئەوەت پێبڵێم، من دەبێ بڕۆم بۆ خوندنم، قەولی پێدام و گوتی دێم لەگەڵت، ئیدی ڕازی بوو، ئەوەبوو ساڵی ١٩٧١

هاوسەرگیریمان کرد.

دواتر هەر بەتەنیا سەفەرم کرد و ڤیزایان بەو نەدا، چونکە خۆماڵی کردنی نەوتی لەعێراقدا بەسەرداهات و ڤیزا ڕاوەستا، شەش ساڵ بەتەنیا لەئینگلترا بووم، بەڵام هاتوچۆمان دەکرد و شەش مانگ جارەک یەکترمان دەدیت. لەماوەی ئەو شەش ساڵەی خوێندنم دەکرد و دوو منداڵیشم بوو (کۆسار و نسار) ئەو دوو منداڵەم بەخێوکردنیان بەمل داکم و بابم داهاتن، پاشتر کە هاتمەوە، کچەکی دیکەشم بوو، کۆسار و نسار نزیکەی ساڵەکی دیکە لای داکم بوون و پاشتر هێنامنەوە لای خۆم.

**– لەنێوان پیشەی دکتۆری و ئەرکی دایکایەتی تا چەند توانیوتانە باڵانس ڕابگرن؟**

+ وامزانی توانیتم بەڵام ئێستا بۆم بەدەرکەوت، نەکوڕەکەم و نەدوو کچەکەم ڕازی نین و دەڵێن ئەتو لۆ خۆت ژیاوی، لۆ شەهادەی خۆت ژیای، لۆ عالەم ژیاوی و داکاتیت نەکردیە؟ ئێ باشە من لۆ داکاتیم نەکردووە؟ ئەدی ئێوە لەسکی من بووینە و من ئیشم کردووە و خوێندوومە لەئینگلتەرای؟ ئیدی هەرچەند من بەرگری لەخۆم دەکەم، بەڵام بێسوودە و ئەوان دەڵێن ئەمە ئەتومان نەدیتییە، بەژیانت لەنانخواردن لەگەڵمان دانەنیشتی و ئەگەر داشنیشتبی زۆرکەم بووە، ئەمنیش دەڵێم ئەدی ئەو کەسانەی کە هیچ ناکەن و داکاتیش ناکەن، چونکە ئەوانەی ئێستا پێرادەگەن یەکێ شەش حەوت خزمەتکار و بەخێوکەریان لەماڵەوە هەیە و بۆخۆشیان لەنادیان دەسوڕێنەوە و ڕادەبوێرن، خۆ من وام نەکردووە، چوومەتە نەخۆشخانە و میللەتی هەژارم چارەسەر کردووە.

ئەوانیش ڕاستدەکەن، جاریوا هەبووە تاکوو سەعات پێنج و شەشی ئێوارە نەهاتوومەتەوە، هەرخەریکی کار بوومە، نەوەک بەپارەش، بەڵکوو بەخۆڕایی لەنەخۆشخانەی حکوومی کارم کردووە و میللەتەکەم پێویستی بەمن هەبووە.

**– دکتۆرە تا چەند لەکابانی و ئیشوکاری ناوماڵ، سەرەدەری دەکەی و لەخۆت ڕازی؟**

+ (بەپێکەنینەوە) من بەمنداڵی زۆرم حەز لەنانکردنێ بوو، ماڵی بابم زۆر قەرەباڵغ بوو، دەبووایە هەفتەی دووسێجار نانی تیری بکرێ، ئەمنیش لەگەڵ ژنەکان دادەنیشتم و خوانەی گچکەشم هەبوو، بەڵام قاپشۆری و شیولێنان، ئەوانەم هیچ نەکردووە، شتەکی دیکەشم حەز لێبوو کە یاپراغ دەکرا، دەبووا کودووەکان من ناوەکەی دەربهێنم، زۆرجوان دەرم دەهێنا و ئامادەم دەکرد (کفتەی حەلەب) یشم زۆر بەجوانی دەکرد، بەڵام دەبوو هەموو شتەکانم بۆ حازر بکەن، من بەس دروستم دەکرد.

**– زیاتر حەز بەچ خواردنەک دەکەن؟**

+ ماست و پەنیر، ڕۆژێ سێجار بخۆم کێشەم نییە، حەزم لەگۆشت نییە و کەمی گۆشت دەخۆم، جاروبار باڵەکی مریشکی دەخۆم، گۆشتی حەیوانیش جارجارە ئەگەر سوور کرابیتەوە، ئەگەرنا بەکولاوی نایخۆم.

**– جگە لەپیشەی دکتۆری، حەزێکی زۆرتان بۆ کلتوور و ڕەسەنایەتی کوردەواری هەیە و لەئێستاشدا مۆزەخانەی (خانی لەپ زێڕین)ت لەکۆیە کردۆتەوە کە شوێنەکە لەبنچینەدا ماڵی باوکتە، ئەو خانووەی منداڵیت لێ بەسەربرد. بیرۆکەی ئەمەتان چۆن لا گەڵاڵە بوو؟**

+ لەمنداڵییەوە لەمارێ، بەبەردەوام ئەو ژنانەی بەخێویان دەکردم، بووکۆکەیان بۆ دروستدەکردم، لەناو ماری خۆمان، مارەکی تایبەتم لەهەیوانی خوارێ هەبوو، وەستا



ئیسماعیل شۆفێرمان بوو، ئەو بۆی دروستکردبووم. بووکەکەی من سەروکڵاو و جلی تەواوی لەبەربوو، من لەگەڵ کچە ئامۆزاکەم (ناهیدە عەبدولڕەحمان چەلەبی) بەردەوام گەمەمان دەکرد و من لەو بزێوتر بووم، یاری پەتپەتێنم زۆر دەکرد. جاریوا هەبووە یەک سەعات لەسەر یەکدی پەتپەتانێم دەکرد و داکم دەیگوت ئەوە هەموو لەنان خواردنێ بوونەوە و ئەتو هێشتا نەهاتی، منیش گوێم نەدەدایێ.

هاوینانیش دەچووینە گوندی (میر سەید) گوندەکی گەورەیە و لەودیوی هەیبەت سوڵتانە و هی بابی داکم (باپیر)م بوو، ماری خارەکانم، پلکم، نەنکم، هەموو لەوێ بوون، گاڕان و مێگەلیان هەبوو، زۆر سەرسام بووم بەوەی بەیانیان هەموویان تێکرا لەدوای پێنجی بەیانی لەخەو هەڵدەستان، ژن و پیاوەکان دەچوونە کانی، نوێژیان دەکرد و ئیدی هەرکەس خەریکی ئیشوکاری خۆی دەبوو، جا ئێواران



کاتەک گاران و مێگەڵ دەهاتنەوە، دەنگیان هەمووی لەمێشکم مایە. دوایێ حەیوانیان دەدۆشی و شیرەکەیان دەکردە ماست و پەنیر، منیش ڕادەوەستام لەدیاریان، خارۆژنم مەشکەی دەهەژاند و ڕۆنەکەی لێ دەگرت، لەگەڵ نانی گەرم، شەش حەوت منداڵی خۆی و من و برام، دادەنیشتین و نانمان دەخوارد. بۆیە لەزۆر زووەوە سرووشتی کوردەواری لەمێشکم چەسپا.

لەماری بابیشم، جووڵەی بازرگانی توتن و لۆکە هەبوو، جاروبار دەچووینە لای باپیرم، دەباخانەی هەبوو، ئەو هەموو خەڵکە لەناو قۆرتەکان دەباخیان دەکرد، پێستی حەیوانی خۆش دەکرا و دەیانناردە موسڵێ، ئەو شتانە هەمووی کلتووری میللەتە. هەموو ئەو شتانەم لەتەمەنی شەش حەوت ساڵی بینیوە، من لەتەمەنی پێنج ساڵی و شتەک بوو، چوومە مەکتەبێ، کە هاوین دادەهات خەنی دەبووم، تاکوو بچمە گوند و تێکەڵی ژیانی ئەوێ ببم. خارم دەهات، دەگریام دەبووایە هەر بمبات، داکم دەیگوت کاکی (بابم) پێی خۆش نییە، بەڵام خارم دەیبردم لەگەڵ خۆی، ئیدی لەخۆشیان دەکەوتمە جیهانەکی دیکە. هەمووم بەچاوی خۆم دەدیت کو تووتنەوان، تووتنەکە لێ دەکاتەوە و بەداوێ و شیشەی وەدەکا و کو دەبتە فەردە تووتن.

مەشکە هەژاندن و لێگرتنی دۆ و کەرە، ئیدی هەر شتەک

***زۆر سەرسام بووم بەوەی بەیانیان هەموویان تێکرا لەدوای پێنجی بەیانی لەخەو هەڵدەستان، ژن و پیاوەکان دەچوونە کانی***

پەیوەندی بەکلتووری کوردەواری هەبووایە، تەنانەت لەماڵەوەش، هەر شتەکی قەدیم بووایە، باوکم دەیگوت ئەوە لەبۆ تو عەتییە، ئەوە هی دایکمە، منیشی هەر بەناوی ئەوەوە کردبووە، ئێستا کەس دەزانی هەیاسە و کەمبەری چییە؟ دەیگوت ئەوەی بزر نەکەی، هی دایکم بووە. ئیدی بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات لەو هەموو شتەی کە لەمنداڵییەوە خەریکی کۆکردنەوەی بووم، لەشوێنەکی پارێزراو دایان بنێم و بیکەمە مۆزەخانە لەکۆیە، بەڵام دواتر بەهۆی باروزرووفی کوردستان، بەسەردا ڕۆیشتم.

لەدوای ٢٠٠٣ هاتمەوە و بیرۆکەکەشم هەر مابوو، هەموو شتە گرنگ و سەرەکییەکان لەهۆدەکی ماڵی بابم وەکوو خۆی دانرابوون و نەفەوتابوون، بەڵام ئەو شتانەی لەهەولێر لەماڵەکەم لەژێر زەمین دامنابوو، لەدوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەمووی فەرهود کران و هیچ نەما.

ئیدی کە هاتمەوە سەرلەنوێ دەستمپێکردەوە و ئەو خانووەی کۆیەش بابم بەناوی کچەکەمی کردبوو، گوتم کاتی هاتووە مۆزەخانەکە بکەمەوە و بەناوی (خانی لەپ زێڕین)یش دەکەم، چونکە ئێمە نەوەی خانی لەپ زێڕینین، بەمجۆرە لە ٢٠٠٥ بەڕێوڕەسم کردمانەوە. هێشتا زۆریش ماوە کاری تێدا بکرێ، بەتایبەت قەڵاکەی دمدم و مێژووی شەڕەکە و خان و شاعەباس و تەواوی کەلوپەلەکانی پەیوەست بەو مێژووە لەبەرنامە دایە لەو مۆزەخانەیە جێگەی بۆ دابنرێ شوێنی بۆ بکرێتەوە.

**– ئێوە کە دەڵێن نەوەی (خانی لەپ زێڕین)ین کەواتە دەبێ بەبنەچە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ورمێ) بووبن و لەوێوە هاتبنە ئەو بەشەی کوردستان (باشوور)؟**

+ بێگومان ساڵح و غەفوور لەوێوە هاتوونە، باپیرە گەورەی ئێمە کە ساڵح ئاغا بوو، هی غەفوورییەکان کە غەفووراغا بووە، ئیدی کە هاتوونەتە کۆیە لەحەمامۆکی کارێزیان لێ دایە و پێی دەڵێن کارێزی مام خدری. بەمجۆرە لەپاش شەڕی قەڵای دمدم و گرتنی قەڵاکە لەلایان شاعەباسی سەفەوی، بنەماڵە و بەگزادەکانی برادۆست پەرشوبڵاو دەبن و ساڵح و غەفوور دێنە کۆیە، غەفوور ئاغایەتی و ساڵحیش کشتوکاڵ دەکات.

**– بەو پێیەی کە لەنەوەکانی خانی لەپ زێڕینن و وەکوو بنەماڵە پاشخانەکی سیاسیتان هەیە، ئەی چۆنە ڕاستەوخۆ بەشداری کایەی سیاسی نەبوونە؟**

+ من بەردەوام لەناو کایەی سیاسیدا بوومە، کاتی خۆیشی بەتایبەت لەهەشتاکاندا کە هەوڵی تیرۆرکردنم درا و ئەو هەموو تۆمەتەم بۆ دروستکرا، هۆکارەکە ئەوەبوو کە من لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا بوومە و بۆ بەعس ئیشم نەدەکرد. لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ یەکێ

لەبەندەکانی ڕێککەوتنەکە ئەوەبوو کەوا کورد نوێنەری لەپەرلەمانی عێراق لەبەغداشدا هەبێ و سەدام واژۆی لەسەر ٣٠ پەرلەمانتاری کورد کردبوو، سێیەم ناو لەو لیستە من بوومە. جا (کەمال محێدین) بۆی گێڕامەوە و گوتی بەمام جەلالم گوت: ئەی ئەگەر گفتوگۆ نووشستی هێنا و بۆوە شەڕی کورد و ڕژێم، ئەوکاتە دەبێ دکتۆرە عەتییە و دکتۆر نوری کوردستان و هەولێر بەجێبهێڵن؟ مام جەلال گوتبووی: ئەوکات وەکوو عامی خەڵک با ئەوانیش کوردستان جێبێڵن. ئەوەبوو ڕاستەوخۆ لەدوای تێکچوونی گفتوگۆ، لەناو هەولێر بەسەیارەک منیان ڕفاند و دوو گولەشیان لێدام، بەڵام خۆشبەختانە بەزیندوویی مامەوە و دواتریش بەهەمووو شێوەک هەوڵیاندا و فشاریان هێنا، بەڵام نەیانتوانی وابکەن لاواز دەرکەوم و سەریان بۆ نەوی بکەم. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لەپاش لێدان و هەوڵی تیرۆرکردنم، بەعس نکۆڵی لەوەکرد دەستی ئەوانی تێدابێ و گوتیان: ئەوانەی لەپشت ئەوکارە بوون، جەماعەتی «موخەریب»ن منیش پێمگوتن: هەرکەس هەوڵی کوشتنی منی دابێ، ئەوە دژی کوردە، جا هەر دەستە و تاخمێک بن!

بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لەو کاتەدا، دکتۆرەکانی هەولێریش حەزیان بەچارەی من دەکرد، جا ئەوەش مەسەلە و هۆکارێکی دیکەی پشت پەردەی ئەو هەوڵە نەزۆکەی تیرۆرکردنم بوو، چونکە تەنیا من لەو کاتەدا وەکوو نێرکە کاردی مابوومەوە و لەگەڵ بەعس ئیشم نەدەکرد.

پێش ئەوەش جارێکی دیکە سیاسییەکی گەورە و ناوداری عێراق کە حەزناکەم ناوەکەی بهێنم، ساڵی ١٩٦٤ منی بەگرتندا. لەکۆلێژ پێکەوەبووین و نووسراوەکی پێشمەرگە کە لەسەرەوە هاتبووە بەغدا و لەناو کتێبی قوتابییەک دۆزراوە، ئەو سیاسییە کە ئەوکات پێکەوە قوتابی بووین، منی پێ تۆمەتبار کرد و گوتی لەتۆ زیاتر کەسی دیکە نییە، ئەوەبوو منیان گرت. منیان بردە وەزارەتی بەرگری و خوالێخۆشبوو (وەسفی تاهیر) منی ڕزگار کرد. مەبەستم ئەوەیە ئەو کاتە تێدابووم و لەڕێکخستندا بەئاگاداری مام کارمان دەکرد.

ساڵی ١٩٦٦ کە ئیدی بزووتنەوەی کوردی بەرەو کەرتبوون ڕۆیشت، چیدی عەقڵم دۆخەکەی نەگرت و دواساڵی کۆلێژیش بووم، ئەوەبوو دەست لەکار کێشانەوەم نووسی و بەڕێز (کەمال محێدین غەفووری) هاتە کۆلێژ و گوتی (مام جەلال) توڕە بووە و دەڵێ ئەوە عەتیە چی دەکا؟ من ئەوکات بەرپرسی ڕێکخستنی کۆلێژە زانستییەکان بووم لەبەغدایێ، ئەوەبوو هەرچەندی ئەو گوتی و ویستی پاشگەزم بکاتەوە، بەڵام من پێداگریم لەسەر بڕیارەکەی خۆم کرد.

## لە منداڵییەوە تاکو تەمەنم بووە ٢٠ ساڵ، وابزانم کەس وەکوو من بە خۆشی نەژیاوە

**– دکتۆرە با چەند پرسیارەکیش لەسەر پسپۆڕی و نەخۆشی ژنی کورد بکەین؟ بەو پرسیارە دەسپێدەکەین، ئایا لەبەرچی نەوەکانی ڕابردوو (دایک و داپیرانی) ئێمە، هەیانبووە تاکو پانزە سکی کردووە و هەر پانزە منداڵەکەش بەسرووشتی لەدایکبوونە؟! ئەی لەبەرچی ژنانی کورد لەئێستادا لەکاتی دووگیان بوون، دکتۆر هەر زوو دەڵێ: «ئەگەر زوو نەشتەرگەری نەکرێی، خۆی و کۆرپەکەی تێدا دەچن! هەر بەڕاستی ئەو ژنانە پێویستیان بەنەشتەرگەری هەیە، یان دکتۆرەکان خۆیان هیلاک ناکەن و بۆ قازانجی ماددی و مەعنەوی، دەیانخەنە بەر ڕەحمەتی چەقۆ؟**

+ زۆر سوپاست دەکەم کە ئەو پرسیارە گرنگەت لەمن کرد، ئەمڕۆ نەخۆشێکم هەبوو با باسی ئەوەت لۆ بکەم، ئەوە دووەمجارە دێت، ساڵی پاریش مانگی پێنج هاتووە، پێمگوت: بەسە چیدی دەرمان وەرمەگرە، چوارجار نەشتەرگەری کرای، نەشتەرگەرییەکی دیکەش لەدامەنی بەسەقەتی کرای، ئاخر من تێناگەم، مادام چوارجار لەسەرێ نەشتەرگەری کراوی، بۆچی لەخوارێش کرای؟! جا قسان وەرناگرن ژن، بووەتە مۆدە! دەڵێ من بۆخۆم



باخچەی نەخۆشخانەی (جمهوری) فێرکاری د. عەتیە و د. سەمیرە کرۆستۆ ١٩٨٦

چـووم داوام کرد نـەشـتـەرگـەری بکرێم و گوتم لۆم دەربهێنە! دکتۆرەکە قەت ناڵێ نا، چونکە دکتۆر نایەوێ چاودێری ژنەکە بکات کاتێ ژان دەیگری، زۆر زەحمەتە بەرپرسیارەتی هەڵگرتنی ژنەک کاتێ ژانی بێتێ، چونکە چ لەمارێ بیت پێویستی بەچاودێریکردن هەیە، ئەگەر لەخەستەخانەش بیبێت دیسانەوە پێویستی بەشەش حەوت سەعات چاودێری کردن هەیە.

بۆیە ئـەوە ٣٠ ساڵی ڕێکە ژنیان بەو دەردەی بردیە، دەرێ یان بەخۆت دەمـری، یاخود منداڵەکەت دەمری، یان هەردووکتان پێکەوە دەمرن، یان ئەمن هەقم نییە؟! دکتۆری کو وادەبێ؟ خەتای دکتۆرەکانە! دوێنێ ژنەکی دیکە لەو گوندانەی دەوروپشت هاتبوو، کێشی ١١٠ کیلۆیە و ١٦ منداڵیشی تائێستاکە بووە، تەمەنیشی لەحەفتا ساڵی ڕەتی داوە، هەر ١٦ سکەکەی بەنۆرماڵ و سرووشتی بووە! کاتێ فەحسی بۆ دەکەی، وادەزانی ئەو ژنە، هەر کچە و منداڵیشی نەبووە! دەزگای زاوزێی و ڕەحمەکەی خاوێن، بۆیە بەیەکێ لەکەسوکارەکەیم گوت، من هەقە پارەشی بدەمێ کە توانیوێتی ئاوا خۆی بەپاکوخاوێنی

> **لە دەنگخۆشی کەس ناگاتە تایەر تۆفیق، بەڵام ئەویش ناتانی خۆی لە حەسەن زیرەک بدات**

ڕابگرێ، بۆیە من پارە و هەقی خۆم لێی ناوێ، تەنیا پشت ئێشەی هەبوو، ئەویش هی کێش و ماندووبوونەکەیەتی. ئایا هیچ دکتورەک هەیە ئاوا بەنەخۆش بڵێ؟ یان لیستەک دەرمانی بۆ دەنووسی؟ چونکە ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ دەرمانخانەکان، کەواتە دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەت و دەڵێم دکتۆر بەرپرسە لەو مەسەلەی.

مـن ناشلێم کە هیچ ژنـەکی دووگـیـان نەشتەرگەری ناوێ، بەڵام لەهەر سەت ژن، هەشتاوپێنجی بەنۆرماڵ و سرووشتی منداڵی دەبێ، پانزەکەی دیکەش دەبێ، بەڵام منداڵەکە ئازاری دەبی یان سەرەوبنە یا گەورەیە، دیسانەوە هـەر دەشـبی، بـەڵام ئـەوەی کە نابیی زۆر دەگمەنە. لەچوارسەت ژن، یەکێک حەوزی تەسکە، بەڵام ئێستا بەهەمووان دەڵێن حـەوزت تەسکە! ئـەوە چبوو ژن هەمووی حەوزی تەسکبوو؟! نەخۆشم هەیە بەژنی ١٣٥سم، سێ منداڵی بەسرووشتی لەدایکبووە!

**– جیاوازی چییە لەنێوان منداڵەک بەشێوەی سرووشتی لەدایک بووبێ و منداڵەک بەشێوەی بلووری بووبێت، بەتایبەت لەڕووی تەندرووستییەوە؟**

+ توێژینەوەی ٤٥ ساڵ کراوە و ئەوە سەلمێنراوە کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان منداڵەک بەسرووشتی لەدایک بووبێ لەگەڵ منداڵەکی بلووری نییە، چونکە زۆر لەو منداڵانەی بەتایبەت لەکوردستان بەبلووری لەدایکبوونە، بلووریشی نـاوێ و هـەمـووی درۆیــە، مـەرکـەزێکـە دانراوە بۆ پارە پەیداکردن، ئەسڵەن ئەو کەسانەی کە لەو شوێنانە کاردەکەن، هەر لێی نازانن، بەڵام ئەگەر لەمەرکەزێکی باوەڕپێکراو و لێزان وەکوو ئەو شوێنانەی ئێمە لەهەشتاکان لەئینگلتەرا ڕاهێنانمان لەسەر کردووە، تۆیەکە بەجوانی هەڵبژێردرابێ و هێلکەکە بەجوانی دانرابێ، کۆرپەلەکە کە دایدەنێنەوە، جەنینەکە تەواوبێ، چونکە دەبێ هەمووی ڕێکبخەی و لەو جەنینانە یەکەکی دەربهێنی و کرۆمۆسۆماتی بۆ بکەیەوە، ئەوجا دایبنێیەوە، نەوەک بەسەقەتی دابنرێتەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی منداڵەکە بەسرووشتی لەدایک بووبێت.

**– سەبارەت بە «گۆڕینی تۆوی پیاو و وەرگرتنی تۆوی خەڵکی بەنگلادیشی و وڵاتـان، دواجـار چاندنی لەناو ڕەحمی ژنی کورددا؟» ئەو قسانە زۆرجار لەلایەن خودی دکتۆرەکانەوە دژەی پێدەکرێ و لەمیدیادا باسی لێوە دەکرێ، حەقیقەتی ئەم مەسەلە چۆنە و تا چەندە ڕاستە؟!**

+ زۆرجـار مـن نەخۆشم هـەبـووە بەتایبەت پـیـاوان، پێمگوتووە منداڵت نابێ، ژنیش هەبووە، هاتووە و تەمەنی چلوپێنج زیاتر بووە و دەرزی و دەرمانی زۆر وەرگرتووە و لەپشکنینی تاقیگە دەرچووە کە هێلکەدانەکەی ژیانی تێدا نییە و هێلکۆکەی نەماوە، دواتر چۆتە تورکیا و لەوێ هێلکۆکەکی پیتێنراویان بۆ دانایە (هی خۆی نییە) جا یاخود لەگەڵ تۆوی پیاوەکەی تێکەڵکراوە ئینجا بۆیان دانـاوە یاخود جەنینە و دانرایە، چونکە ئێستا هەموو شتەک دەکرێ و ئەو جۆرەیان لەتاقیگەی بەستوو – ٨٠ دادەنرێ، لەناو فرێزەرەک دادەنرێ و هەتا پێنج ساڵی دیکەش دەتوانن داینێنەوە بۆ ژنەکی دی، دەبتە کۆرپە. ئینجا هاتۆتەوە، منداڵی بووە و خۆی بادەدا، ئێ منداڵەکە هی خۆت نییە و لۆت دانرایە! چونکە ڕەحمەکە وەک داینگەیەک تەنیا کۆرپەکەی پەروەردە کردووە!

پیاویش هەبووە ژنی هێناوە، ژنەکە توانای منداڵبوونی هەبووە، دوای ماوەیەک هاتوچۆ بەپیاوەکەم گوتووە ئەتوو بەچاندنیش منداڵت نابێ، چونکە پاش هەموو تەحلیلکارییەک، تۆوەکەی هێشتا نابێتە سەرکەتەشی، خانەی هەبووە بەڵام چەندجار دەرزی لێدراوە تۆوەکە نابێتە تۆوەکی سەرکەتەشی، جا هۆکارەکە هەرچییەک بووبێ، تۆوەکەی شیاو نییە بۆ دروستکردنی منداڵ،



**دکتۆرە عەتیە و دکتۆر نوری هاوسەری**

دواتر ڕۆیشتووە و پاشماوەکی هاتۆتەوە، وەڵا منداڵمان بوو! کوو بووتان؟ دامانناوە! لێم پرسیوە تۆوی خۆت بوو؟ دەڵێ: ئەوجا من هەقم چییە ئەگەر تۆوی منیش نەبێ!؟ ئەوە وەڵامەکەیەتی! ئەو شوێنەی بۆیان کردووە، تۆویان لەناو فریزەر هەیە، بەڵام ئەو تاقیگەیەی کە تۆو هەڵدەگرێ، دەبێ جیناتی ئەو تۆوە بزانێ، ئایا نەخۆشە، ڕەنگی چاو و پرچی چۆنە؟ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بابە بگونجێ.

**– بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا ئەو تۆوە هی کێیە لەوێ دانراوە؟**

+ ئەوانەی لەوێن دەزانن هی کێیە، قوتابی زانکۆ هەیە جاروبار پێویستی بەپارەیە و تۆوی خۆیان دەداتێ، ئەمە بەزۆری لەئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپی باوە و هەیە، بێگومان ڕاستە ئەو تۆوە لەناو ڕەحمی ژنە پەروەردە و گەورە دەبێ بەڵام نابتە منداڵی ڕاستەقینەی پیاوەکە. جا مەبەستم ئەوەیە پیاو هەبووە هاتووە و من پێمگوتووە تۆوەکەت نابێتە منداڵ، یان هەر نییەتی و بەهیچ شێوەک منداڵی نابێ، هەڵساوە چۆتە وڵاتەکی دەورووبەر و تۆوی یەکێکیان لەناو ڕەحمی ژنەکەی داناوە و بۆتە منداڵ، لەولا ڕا هاتۆتەوە کنە من و دەڵێ: ئەوە منداڵم بوو! منیش پێمگوتووە کە مەسەلەکە چۆنە و تۆوی کەسێکی دیکەیە لەڕەحمی ژنەکەی دانراوە؟ دەڵێ جا من هەقم چییە؟! گرنگ ئەوەیە منداڵەکە لەناو سکی ژنم هاتۆتە دەرەوە! ئەوەیە عەقڵییەتەکەی! من لە ٢٠٠٣ هاتوومەتەوە و بەهەموو شێوەک هەوڵم داوە، خەڵکەکەم وشیار بکەمەوە

و ڕۆشنبیریان لەسەر ئەو بابەتانە زیاتربێ، بەڵام کە بەقسەم نەکەن چییان لێبکەم؟

**– گەورە کچ لەتەمەنی چەندساڵی شوو بکات منداڵی نابێت؟ چونکە لەناو کوردەواری وا باوە، کە لەدوای ٣٥ ساڵی، ئیدی ئافرەتەکە بچێتە پرۆسەی هاوسەرگیریش منداڵی نابێ؟ ئایا لەڕووی زانستی، ڕێژەکی سەدی هەیە کە بڵێ گەورەکچ لەوەندە ساڵی شووبکات منداڵی نابێت؟**

+ جارێ هەر ژنە قابلیاتی خۆی هەیە، بەتایبەت لەمەسەلەی منداڵبوون، ئەگەر بەراورد بکەی بەمریشک، دەبینی مریشک هەیە هەر دووسێ ساڵ هێلکەی دەکات، مریشکیش دوازدە سێزدە ساڵ دەژی و هێلکەش هەر دەکات!. ئەمە پاشەکەوتی هێلکۆکەی زۆرترە لەمریشکێکی دی.

مەسەلەی گەورەکچ (قەیرە) دەتوانی بڵێی سەت لەسەت ئەگەر بووە پەنجا ساڵ و شووبکات، منداڵی نابێ، چونکە من خزمی خۆم هەبووە لەتەمەنی چلوپێنج ساڵی شووی کردووە، بەخۆم گوتوومە کو دەبیی؟ پاشتر کوڕەکی بووە؟ بەسرووشتیش بوویەتی! کچ هەیە بەخاوێنی ژیاوە و لەتەمەنی خۆیدا حەبی نەخواردووە و نەشتەرگەری نەکراوە، لەکەشوهەوایەکی پاکوخاوێن ژیاوە، بێگومان ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر مانەوەی جەستە بەتەندرووستی باشەوە دەبێ.

**– لەبەرچی نەخۆشەکانی ئەو سێ شارەی هەرێم، دەچنە وڵاتانی دەوروبەر، بێگومان ئەوانەی دۆخی مادیان باشتربێ ئەوڵاتریش دەڕۆن و تاکو هیندستان و ئەوروپا و ئەمەریکا ناوەستن؟ ئایا هۆکارەکە ئەوەیە دکتۆرەکانی ئەوان لەوانەی ئێرە باشترن، یاخود تاقیگە و جیهازەکانی ئەوان لەوانەی کوردستان، چاکترن؟**

+ نەخێر، دەڵاڵی باشمان هەیە! ئەو دەڵاڵانە لەگەڵ نەخۆشخانەکانی تورکیا و ئێران پێکهاتوون. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە ئێران لەڕووی دکتۆری زۆر پێشکەوتووترە تەنانەت لەعێراقیش. بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩١ کاتەک بەئاوارەیی چووینە ئێران، لەتاران ئەو شتەم زانی کە ئەوان زۆر پێشکەوتوون لەتوب، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە دکتۆرە هەرە باشەکانی ئێران هی سەردەمی شا

**مەسەلەی گەورەکچ (قەیرە) دەتوانی بڵێی سەت لەسەت ئەگەر بووە پەنجا ساڵ و شووبکات، منداڵی نابێ**

بوون و لەدوای دۆخی ١٩٧٩ کە بەسەر ئەواندا هات، دکتۆرەکانیان زۆربەی چوونە دەرەوە بەتایبەت ئەمەریکا بەڵام دواتر وردە وردە هاتنەوە ئێران.

لێرە لەهەرێم کۆی سیستەمەکە کە دکتۆریش بەشێکە لەکۆی سیستەمەکە تێکچووە، باشترین دکتۆری ئێرانی هاتۆتە ئەو شارە کاربکات، هەر ئاوڕیشیان لێ نەداوەتەوە کە لەدنیایێ عەقڵی زانستی بەپارە ڕادەکێشنە لای خۆیان، نەوەک بۆ بێگانە لێرە بەربەرەکانی ناوەخۆش هەیە، من چما پێم نەکەن، تاکوو بەناچاری خانەنشین بووم، ساڵی ٢٠١١ تازە چەندین دکتۆر لەبن دەستی من دەرچووبوون و گەیشتمە بەرهەمی ئەو کارەی کە ماوەکی زۆربوو لەپێناویدا هەوڵماندا، بەڵام دواتر هەر لەوساڵیشدا خانەنشینیان کردم! لەبەر ئەوە هۆکارەکان یەکودوو نین، زۆرن، کە وایکردووە نەخۆش بۆ چارەسەری ڕاکاتە دەرەوە.

**– هەستناکەن لەشارەکانی هەرێمدا، ئێستا پیشەی دکتۆری وەکوو لقێکی زانستی لەپێناو خزمەتی مرۆڤایەتی،**

***لە کۆیە ژن قەت خۆی لە پیاو بەکەمتر نەزانیوە، کاتەک پیاوی بینیبێ، خۆی داپۆشیبێ و شەرمی لێ کردبێ***

**ئەرکەکەی بۆ بەبزنسکردن لەلایەن دکتۆرەکانەوە گۆڕاوە؟**

+ بەتایبەت لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا پیشەکە شێوا و خەڵکێکی زۆر، نمرە و کەفائەی پزیشکی نەبووە و چووەتە وڵاتانی دەرورەبەر و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بڕوانامەی پزیشکیان پێدراوە و هاتوونەتەوە و بوونەتە دکتۆر. من ناڵێم پزیشکی هێندە گرنگە بەڵام قوتابی زیرەک لەناو پۆل و قوتابخانەدا دیارە.

ئەگەر سەردەمی ئێمە بەئێستادا بەراورد بکەی، فەرقەکە یەکجار زۆرە، لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئێمە بەنمرەی ٧٥٪ چووینە کۆلێژی پزیشکی، بەڵام ئێستا بە ٩٨٪ و ١٠٠ ئینجا وەردەگیرێن! من لەبەغدا لەئامادەییەکی نموونەیی بووم لەئەعزەمییە، ساڵی من سێ کەس لەو ئامادەییە گەورە و نموونەییە لەکۆلێژی پزیشکی وەرگیراین، من بەتێکڕایی ٧٥٪ وەرگیرام، کچەکمان لەگەڵبوو (لەمیا ئیبراهیم شێخ) ئەو بەرزترین نمرە ٧٦٪ هێنا! لەهەموو ئەعزەمییە ئەو یەکەم بوو، شتەکی زۆر



**دکتۆرە عەتیە لەگەڵ توفیق وەهبی و خێزانەکەی**

جالب بوو!

**– دکتۆرە (جالب) وشەیەکی فارسییە و لەکاتی قسەکردندا زۆر بەکاری دەهێنی، چۆنە ئەوە؟ فارسیزانیشی؟**

+ دوو وشەی فارسیش دەزانم (بەپێکەنینەوە) بەمنداڵی باوکم شیعرەکانی (سەعدی شیرازی) بۆ دەخوێندمەوە و زۆری حەز لەشیعرەکانی سەعدی بوو، بەڵام من بۆخۆم موریدی حاجی قادری کۆیم، با کەس وانەزانێ حاجی قادری کۆیی کچی نەبووە، عەتییە کچیەتی!

**– ئەگەر کورد نەبووای، حەزت دەکرد لەخوێنی چ نەتەوەکی دیکە بووای؟**

+ هەر کورد، فەخری پێوە دەکەم کە کوردم، چونکە کورد میللەتەکی زۆرزۆر کۆنە لەسەر گۆی زەوی. بڕۆ قەڵای شیلەی ببینە لەدەشتی کۆیە و بزانە قەڵای شیلە تەمەنی چەندە؟ ڕێکخراوی شوێنەواری جیهانی و ڕێکخراوی شوێنەواری عێراقی پێکرا لەساڵی ١٩٥٣چوونەتە شوێنەکە و ماوەکی زۆر خەریکی توێژینەوە بوونە لەسەری، دەڵێن: تەمەنی قەڵای شیلە ١٣ هەزار ساڵ پێش ئێستایە، واتا لە (چەرمۆ)ش کۆنترە!

کاتەک دەچییە شوێنەکە و قەڵاکە دەبینی، سەرت لەو شارستانییەتە سوور دەمێنێ، ئاوەدانی و باڵەخانەکە کەوتۆتە ژێر گردەکە، ئەو هەموو بەردە چۆن دانراوە؟! دیوارەکانی مەترونیۆیکە؟ قاڵدرمەی ناوی؟ هەریەک لەوانە بۆخۆی جێگەی تێڕامانە.

هەر لەکۆیە و ئەودیوی هەیبەت سوڵتان، لەوێ گۆڕستانەکی لێیە (کۆدەلە) دارەکانی ناوی تەمەنیان چەند هەزار ساڵێ تێپەڕکردبێ، ئەندازەی گۆڕستانەکە، جۆری ناشتنی مردووەکان وەک ئیسلام نییە، کەواتە زۆر پێش هاتنی ئیسلام بووە، بۆیە هەموو ئەمانە پێماندەڵێ کە نەتەوەی کورد لەزۆر کۆنەوە خاوەن شارستانییەتی خۆی بووە، ئەمە مێژووەکەی؟ ئەی زمانەکەی؟ یەکە لەزمانە ڕەسەنەکانی دونیا، بۆیە فەخر بەکورد بوونمەوە دەکەم.

# هونەری

- **عەلی کەریم: یەکەم کاری شانۆ لەکەرکوک ساڵی ١٩٥٧ بووە، لەستادیۆمی کۆمپانیای نەوت**

ڕەوەست نەوزاد

- **دراما تۆرگ**

هیوا سعاد

بەشی یەکەم

# دراما تۆرگ



هیوا سعاد

لەسەرەتاوە دەمەوێ بپرسم، ئەوە ئێمەین باری شانۆمان قورس کردووە و ڕۆژانە زاراوەی نوێ بەکاردەهێنین، هەندێ لەو زاراوانەش گەرچی لە ناوەڕۆک لەیەک دەچن، بەڵام وەکوو ناو جیاوازیان هەیە، یان ئەوە شانۆیە، بەو کەشە فراوانەی بەری هەموو گۆرانکارییێک دەگرێت و باوەش بۆ هەموو زاراوە و لێکۆڵینەوەکان دەکاتەوە و شانۆکاران هەمیشە لە هەوڵی نوێ بوونەوە و دۆزینەوەی هۆیەکانی بەردەوامی و پەرەپێدانی شانۆن.

شانۆ ژیانە، شایستەی ئەوەیە هەمیشە گۆڕانکاری و نوێکاری تێدا بکرێت،



لەبەر ئەوەی هونەرێکی زیندووە، نەک هونەرمەندان بەڵکوو مرۆڤایەتیش هەمیشە هیواخوازن ئەم هونەرە هەمیشە لە لووتکە و جێگای شایستەی خۆی بێت، چونکە هونەرێکە هەمیشە وەک ئاوێنەیێک وابووە بۆ ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی خەم و ئاواتەکانی، لێرەدا گرنگی شانۆمان بۆ دەردەکەوێت و دەزانین بۆچی شانۆکاران هەمیشە بەدوای زاراوە و هۆکارەکانیدا دەگەڕێن، هەرچەندە وەکوو باسم کرد هەندێکیان زاراوەی نامۆن، زۆرجاریش چەند تێگەیشتنێکی بۆ دەکرێت (کە دەڵێم نامۆ مەبەستم ئەوەیە لە هەندێ وڵاتی پێشکەوتوو لەبواری شانۆ وەکوو زەرورەت دەردەچێ، کەچی لە وڵاتی دی چەندین لێکدانەوەی بۆ دەکرێت) باوترین زاراوە کە لەلای خۆمان چەندین شیکردنەوە و تێگەیشتنی بۆ دەکرێت لەکاتی ئێستەدا (دراماتۆرگ)ە.

ڕاستە ڕەگێکی مێژوویی هەیە، بەڵام لەرووی بەکارهێنانەوە خەریکە بەزاراوەیێکی نوێ دادەنرێت، چونکە زۆرجار شانۆکارانمان بەشێوەیێکی دروست بەکاری ناهێنن، یان ئەم زاراوەیە لەکاری شانۆیی بۆ یەکێک دادەنێین کە هەرگیز ئەو کارە ناکات، بگرە لێشی تێناگات، بۆیە حەزم کرد لە مانای دروستی ئەم زاراوەیە بکۆڵمەوە و لەکاتی سەردانی کردنم بۆ وڵاتانی ئەوروپا حەزم کردووە بزانم ئایا هەموویان یەک تێگەیشتنیان هەیە، یان ئەم زاراوەیە پێناسە و شیکردنەوەی جیای بۆ دەکرێت، سەرەتا دەمەوێ بڵێم

(دراماتۆرگ) وشەیەکە لە گریکەکان وەرگیراوە (Dramaturgein) بەواتای نووسەر، یان دروستکەری دراما، یان پێکهێنەری دراما، بەپێی فەرهەنگی ئەڵمانی (theater leyikon) دراماتۆرگ بە سێ زاراوە ناسێنراوە:

١.(Dramaturg) ئەو کەسەیە کە هەمان کاری دراماتۆرگی دەکات.


٢.(Dramaturgi) ئەو دەستکاریانە کە دراماتۆرگ لە دەقی شانۆییدا دەیکات و ئامادەی دەکات بۆ نمایش.

٣.(Dramatisierung) مانای بە دراماکردن، یان ئامادەکردنی درامی، یان ئامادەکردنی دەقێکی درامی لە چیرۆک و ڕۆمان، بە مەرجێک هەموو یاساکانی درامای تێدابێت. بۆچوونەکان بۆ پێناسەکردنی دراماتۆرگ و ڕۆڵی لە شانۆی هاوچەرخدا جیاوازی هەیە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد هاتووە: دراما تۆرگ پیاوی درامایە و خاوەنی تێبینی هونەریە، هەندێکی دیش دەڵێن: ئەمە وەزیفەیێکی پیشەگەرییە لە جیهانی شانۆدا، تیپ و گروپەکان لەکاتی پێویستدا هانای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و دەستکاری لە دەقی دیاریکراودا بکەن بە شێوەیێک بگونجێ بۆ نمایشکردنی کاری دراماتۆرگ.

(باتریس بافیس) دەڵێ: ئەوەیە کار لەسەر بنچینەکانی ڕەخنە بکات و دووبارە بۆچوونی هەبێت و ڕێچکەکانی تیۆرەکانی شانۆیی دیاری بکات، ئەمەش بەڕای من زۆر نزیکە لە بۆچوونی ئەڵمانی کە (دراماتیکەر)یان هەیە، کە ئەو کەسەیە شانۆیی دەنووسێ و (دراماتۆرگ)یش هەڵدەستێ بە شیکردنەوە و گونجاندن و ئامادەکردنی بۆ ئەوەی بکرێتە نمایشێکی شانۆیی، لە ئەڵمانیا لە ڕێگای هونەرمەند (ئیحسان عوسمان) (یان نادۆڵن)م بینی کە یەکێکە لە دراماتۆرگە بەناوبانگەکانی

**باوترین زاراوە کە لەلای خۆمان چەندین شیکردنەوە و تێگەیشتنی بۆ دەکرێت لەکاتی ئێستەدا (دراماتۆرگ)ە**

ئەڵمانیا و لە شانۆی پۆتسدام کاردەکات، پرسیاری ئەوەم لێکرد کاری ئەو چییە وەکوو دراماتۆرگ، گوتی: من ڕێبورتواری شانۆکە دادەنێم، واتە بۆ ماوەی ساڵێک ئەو شانۆیە چی پێشکەش بکات، دەقەکان هەڵدەبژێرم و هەڵدەستم بەکاری شیکردنەوە و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی دەق، ڕێنمایی ئەکتەرەکان دەکەم بۆ ئەوەی زیاتر لە کەسایەتییەکانیان نزیک ببنەوە، هەروەها



لێکۆڵینەوە ئامادە دەکەم لەسەر تێکڕای کارەکان بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوو کاری باشتر بکەین.

# عەلی کەریم: یەکەم کاری شانۆ لەکەرکوک ساڵی ١٩٥٧ بووە، لەستادیۆمی کۆمپانیای نەوت

مێژووی شانۆی کوردی لە کەرکووک، یەکەم نمایشی شانۆیی و ڕۆڵی هونەرمەندە کەرکووکییەکان لەبزاڤی شانۆی کوردی لە سلێمانی و هەولێر، سەردەمی زێرینی شانۆ شانۆی سەرشەقام، ئەمانە و چەندان بابەتی تۆی پەیوەست بە شانۆ و مێژووی بزاڤەکە لە زاری هونەرمەند (عەلی کەریم)ەوە

**ڕەوەست نەوزاد**

لەم بارەیەوە عەلی کەریم-ی هونەرمەند دەڵێ: من هیچ بەڵگەیێکم لەبەردەستدا نییە، بڵێم لەو ساڵ و ڕۆژە شانۆی کوردی لە کەرکوک دەست پێدەکات، چونکە هیچ سەرچاوەیێک نییە بۆ سەلماندنی مێژووی شانۆی کوردی لە کەرکوک، بەڵام باسی ئەوە کراوە، کە لە هەولێر و سلێمانی کەی دەستی پێکردوە، بەڵام قسەکان جیاوازن، یەکێکیان دەڵێت: گوایە، لەسلێمانی لەساڵی ١٩٢٦ و لە هەولێریش، گوایە ١٠٠ ساڵ بەر لەئێستە شانۆ سەری هەڵداوە.



عەلی کەریم گوتی: بۆ کەرکوک، لەسەر زمانی ئەو کەسەی کە یەکەمجار لەو شارە کاری هونەریی کردووە، فۆتۆگرافەر (نوری هونەر) م وەک سەرچاوە وەرگرتووە، کە تا ئەم دواییەش لەشەقامی مەولەوی سلێمانی فۆتۆگرافەر بوو، ئەو بۆی باس کردووم ئەگینا خۆم نەمبینیوە.

یەکەم کاری شانۆ لەکەرکوک ساڵی ١٩٥٧ بووە لەستادیۆمی کۆمپانیای نەوت، واتە یەک ساڵ پێش شۆڕشی ١٤ ی تەمموز لەڕۆژی نەورۆز کە کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم هەوڵیانداوە یادی نەورۆز بکەنەوە و شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) پێشکەش بکەن، بەڵام پۆلیسی ئەو سەردەمی پاشایەتی نەیانهێشتووە و بڵاوەیان بە خەڵکەکە کردووە.

ساڵێک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ ی تەمموز بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم وەکوو کەسێکی نیشتمانپەروەری ئەو سەردەمە، لە کەرکوک بڕیاری هاوبەشی کورد و عەرەب دەدرێت، بەومانایەی کە کوردیش مافی بووژانەوەی ڕۆشنبیریی و شانۆیی و ئەدەبییان هەیە، بۆیە ئەوکات لەناو کورد-دا تەنیا پارتی هەبوو توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و کۆمەڵێک گروپی هونەری ژنان و قوتابیان و لاوان و مامۆستایانی سەریانهەڵدا، بەڵام ئەوەی کە بتوانین ناوی شانۆگەری لێبنێین، ئەوەبوو کە خواڵێخۆشبوو خالید دلێر لەگەڵ زێبەخانی خوشکی و نوری هونەر، تیپی هونەری خەباتیان لەکەرکوک دانا، کە هەر بەناوی ڕۆژنامەی خەبات بوو، مامۆستا خالید دلێر خۆی سەرپەرشتی دەکرد، لەیادەکانی پارتی و نەورۆز و یادەکانی دیکەدا لەگەڵ ئاهەنگگێڕاندا شانۆگەریشیان پێشکەش دەکرد. لەو شانۆگەریانەی لەساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ و ١٩٦١ پێشکەشکران بریتیبوون لە (فالچی - کاوەی ئاسنگەر - شەوی کۆتایی).

سەبارەت بەو شانۆگەریانە عەلی کەریم دەڵێ: شانۆگەری فاڵچیەکە زۆرجار لەسلێمانی و لەهەولێریش نمایشکراوە (کاوەی ئاسنگەر)یش وابزانم هەزارجار کورد کردویەتی و (شەوی کۆتایی)ش من خۆم مێردمنداڵ بووم بەدەستی باوکمەوە بووم بەپێوە وەستابووم لەبارەگای خەبات باخێکی

گەورەی لێبوو لەسەر چوار شەهیدەکەی ١٩ ی حوزەیران بوو کە ئەو شەوی کۆتاییەکەی وەسیەتەکە بوو کە خوداحافیزی لەیەکدی دەکەن و هەر سێ شانۆگەریەکە لەدەرهێنانی نوری هونەر بووە، ئەکتەرەکانیش کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم و تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر بوون، کە دوایی بەگەورەیی هەموویانم بینی وەکوو شێخ مەلیکی شێخ ڕەئوفی خانەقا و جەوهەر عەبدول توتنچی، عەبدولخالیق عەبدولرەحمان و نورەدین عەبدولڕەحمان و حەسیب محەمەد بەگ کە هونەرمەندێکی شێوەکاری بوو لەگەڵ چیرۆکنووسی بەناوبانگی کورد (کاکە مەم بۆتانی) ئەمانە ئەو ئەکتەرانە بوون کە لەو سێ شانۆگەرییە بەشداریان کردبوو.

عەلی کەریم باسی لەوەشکرد کە بوژانەوەیێکی کتوپڕ ڕوویدا لەبواری هونەر و ئەدەبدا.

گوتی: ماوەیێکی باش بوو دیسان ئاهەنگگێران بەکوردی و شانۆگەری و ئەو کارانە دەکران، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو بڵێین بوژانەوەیێکی کاریگەر بێت، چونکە لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز کە ئەو بووژانەوەیە بوو، لەساڵی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، بۆیە بووژانەوەیێکی دیکەی هونەری و ئەدەبی لەکەرکوک لە دوای ١١ ئازار ڕوویدا، ئەوکاتە خۆشم گەنج بووم، ئەوەش تەکانێک بوو بۆ بوژانەوەی ئەدەب و هونەری کوردی، بەتایبەتیش شانۆ و دراما، ئەمەش دوای ئەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دروست بوون تەنانەت ژنانیش بەشی هونەریان هەبوو لاوانیش، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک بەرهەم بەرهەمهێنرا کە دەتوانین بڵێین ماوەی بوژانەوەی ئەدەب و هونەی کوردی بوو لەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار تا هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەساڵی ١٩٧٤.

دەرهێنەرەکانی ئەو دەمە دکتۆر سەرما کاکەیی و مەهدی ئومێد و فازڵ جاف و جەمیل جێما و بوون ئەو بەرهەمانەشی کە پێشکەشیان کرد کتوپڕی هەر لەدوای بەیاننامەکە (دایکی شەهید) بوو کە دەنگدانەوەیێکی زۆری هەبوو، جگە لە کەرکوک لە شاری سلێمانیش نمایشکرا دوای ئەوە شانۆگەری (پێشمەرگە) و (بەهاری دزراو) و (کچە لاڵەکان) و (شانۆیی یەک دوو سێ) و (تەقینەوەکە) کە لەسەرتاسەری کوردستان خەڵاتی باشترین ئەکتەر و دەرهێنەر و بەرهەم و دەقی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بەدەستهێنا، ئەو فێستیڤاڵە ناوی میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی بوو لە بەغدا ٢٤٠ هونەرمەند بەشداریان تێدا کرد کە بریتیبوون لە ١٤ گرووپ تیپی هونەریش هەر لە زاخۆ تا خانەقین بەشدارییان تێداکردبوو.

عەلی کەریم باسی شانۆگەری (یەک، دوو، سێ) کردو گوتی: چەند ساڵێکە بۆتە باو، باسی شانۆی سەرشەقام دەکرێت من سێ چوار بەشی مێژووی شانۆی جیهانیم خوێندۆتەوە، نەمبیستووە، حەزیش دەکەم یەکێک یارمەتیم بدات سەرچاوەیێکم بۆ بێنێت، شانۆیێک هەبێت بەناوی شانۆی سەرشەقام، لەسەردەمی گریکەکان شانۆی گەڕۆک هەبووە، بەڵام شانۆی سەرشەقامم نەبیستووە، بێ ئەوەی بزانم شانۆی شەقام چییە، من خۆم پاڵەوانی ئەو شانۆگەرییە بووم کە من و کاک جیهاد و عەبدولڕەحمان پشدەری بەشداریمان تێدا کرد. ناوەڕۆکی کاری شانۆگەرییەکەش ململانێ بوو لەنێوان پارەدار و کەسێکی هەژار، سێ جار ئەو شانۆگەریەمان پێشکەش کرد. ڕۆژێکیان نەورۆز بوو خەڵکێکی زۆر هاتبوون، جارێکیشیان لەسەربانی ماڵێکی ڕووخاوی کەلاوە بوو، جارێکی دیش لەسەر جادەی گشتی بانی مەقان - چەمچەماڵ بوو کە نەورۆز بوو ئۆتۆمبێل هاتووچۆی نەدەکرد خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆبۆوە، نمایشەکەش لەسەر ستەیج بوو، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵک زۆر دانیشتبوون، کە دەتوانم بڵێم دوو تا سێ کیلۆمەتر خەڵک دانیشتبوون، حیوارێکی درێژم هەبوو، مامۆستا

## لەگەڵ جیهاد دڵپاک نەماندەزانی نواندن لەبەردەم کامێرا چۆنە، هەر وامانەدەزانی وەکوو شانۆ وایە

سەرما کاکەیی پێی گوتم: عەلی ئەگەر دەتوانی بیبڕە و بڕۆ ناو خەڵکەکە، منیش لەسەر ستەیجەکە دابەزیم و وردەوردە بەدەم قسەکردن و حیوارەوە چوومە ناو خەڵکەکە.

شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە بوو بەنوکتە، یەکێک لەخێزانەکان کە ژنێکیان لەگەڵ بوو، گوێم لێبوو گوتی: ئەرێ ئەوە کوڕەکەی کەریم نییە، چییە ئەوە شێت بووە! چونکە بەناو خەڵکدا دەڕۆیشتم و دەهاتم و قسەم دەکرد دواییش بەهەمان حیوار گەڕامەوە و چوومەوە سەر ستەیجەکە و دەستم پێکردەوە، واتە ئێمە دەمێکە، لە ساڵی ١٩٧٣وە ئەو کارەمان وەکوو شانۆگەری کردووە.

سەبارەت بەدراماش عەلی کەریم گوتی: بەهاری دزراو، کە ناسر حەسەن دڵێ درامایە، من بەدرامای نازانم، دەماننووسی چیرۆکی تەمسیلی، چونکە هیچ خاسیەتێکی درامای تێدا نەبوو، هەر هەمان دیکۆر کە لێرە لەسەر ستەیج دەکرا لەوێش هەبوو، من خۆم بینیبووم حوسێن نەسرڕاوی دەرهێنانی بۆ کردبوو، تەنیا مەرەزە نەبێت

کە کوڕێکی ئەرمەنی کاری دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بۆ کردبوو، ئێمە شانۆگەریمان نەبوو، شانۆگەری بەهاری دزراو کوڕێکی تورکمان نوسیبووی بەناوی (الربیع المسروق) ئێمە ئامادەمان کردەوە دیمەنی دەرەوە و سینەماییمان تێکرد، تەنانەت بیرم دێت یادی بەخێر لەگەڵ جیهاد دڵپاک نەماندەزانی نواندن لەبەردەم کامێرا چۆنە، هەرواماندەزانی وەکوو شانۆ وایە، ئیدی هەڵبەز و دابەزمان دەکرد وێنەگرەکە پێی گوتین: عەرەبەکان پارەمان دەدەنێ تەنیا کلۆزێکیان وەرگرین وتمان ئێمە کلۆزمان ناوێت حەزدەکەین بەو تەکوینە شانۆگەرییە دەرچین، کەرکوک لەوەدا دەستپێشخەری کرد، لەسەرئاستی کوردستانی باشووردا کە دیمەنی دەرەوەی تێدابوو، بەکامێرای سینەماییش ئەنجامدرابوو.

مەرەزە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەی سیناریۆ نووسراو زۆربەی دیمەنەکانی لەگەرمیان و دەوروبەری دێهاتەکانی کەرکوک بوون، لەسەر ئاوی باسەرە، درامای مەرەزە دەنگوسەداییێکی زۆری دایەوە، کە تائێستەش خەڵکی

**چەند ساڵێکە بۆتە باو، باسی شانۆی سەرشەقام دەکرێت من سێ چوار بەشی مێژووی شانۆی جیهانیم خوێندۆتەوە، نەمبیستووە، حەزیش دەکەم یەکێک یارمەتیم بدات سەرچاوەییێکم بۆ بێنێت، شانۆییێک هەبێت بەناوی شانۆی سەرشەقام**

باسی دەکەن، چیرۆکی جەلیل زەنگەنە بوو، حیواریش هی من و عەبدولڕحمان مەلا سەعید بوو کە شێوەییێکی درامای تێدابوو، لەوسەردەمدا ئەگەر دراما کرابێت (مەرەزە) بوو.

گوتیشی: بۆیە باسی (ناسر حەسەن)م کرد، چونکە جارێکیان لەچاوپێکەوتنێکیدا باسی درامای کرد، منیش ئەو وەڵامەم داوەتەوە، چونکە دراما تا ئەو دەمە نەبووە.

ئێستەشی لەگەڵدا بێت لەشانۆدا کەرکوک لەڕیزی پێشەوەیە، ئێستە سێ گروپ و تیپ لەکەرکوک هەن یەکێکیان شانۆی کەرکوکە، ئەویدیکەیان گروپی هەوار، یەکێکی دیکەشیان ئاشتی – یە. بەرهەمەکانیان شایەدحاڵن، لەمن باشتر ڕەنگە کاک حەمەسوار عەزیز ئاگاداری ئەوە بێت و باشتریش بیزانێت. بۆ نموونە ئەو کچەشمان هەیە هەوار فارس بەڕاستی یەکێکە لەکچە جەریئەکان. سەبارەت بەئەدەب لەکەرکوک، هەر لەدوای ١١ ی ئازار بوژانەوەییێکی زۆر هەبوو کۆمەڵێک کەس دەرکەوتن، محەمەد موکری و لەتیف حامید و زۆر کەسی دی.

پرسیار و سەرنج بەشداربووانی کۆڕەکە:

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سمکۆ عەبدولکەریم بەشداری لەگفتوگۆیەکە کرد و گوتی: کۆڕەکە بابەتێکی پوخت و خێرا و باش بوو بۆ ئێمە. من دوو پرسیارم هەیە یەکێکیان باسی شانۆگەری (یەک، دوو، سێ)ت کرد هەندێک شتت ڕوونکردەوە، بەڵام ناوی شانۆگەریەکە بەمانای چی دێت؟ لە کاتێکدا ناوەکە نوێگەری پێوە دیارە، پرسیاری دووەمم ئەوەیە ئێمە لەسەرەتای هەشتاکان کە سەیری تەمسیل و درامای کوردیمان دەکرد لەتەلەفزیۆنەکان، بەشێکی زۆری ئەکتەرەکان ئەوانەبوون کە خەڵکی کەرکوک بوون، بەڵام ئێمە هەر بەخەڵکی سلێمانیمان دەزانین، دواتر دەرکەوت بەشێکی زۆری ئەو ئەکتەر و هونەرمەندە باڵایانە خەڵکی کەرکوک بووینە، لەڕووی هونەرییەوە هونەرمەندانی کەرکوک بۆچی زیاتر بەئاڕاستەی سلێمانی ڕۆیشتوون، کەمتر لەوەی تێکەڵی هەولێربن؟

دواتر نوسەر و ڕەخنەگری شانۆیی حەمەسوار عەزیز بەشداری گفتوگۆکەی کرد و گوتی: هونەرمەند عەلی کەریم مێژوویێکی گەورەی لەشانۆی کوردیدا هەیە یەکێکە لەو کارەکتەرانەی کە شانۆی کوردی و شانۆی کەرکوک و شانۆ و درامای سلێمانیش قەرزاریانە، زۆر گرنگە ئەو مێژووە بەشێوەییێکی ئەکادیمی و بەسەرچاوەی باشتر بنووسرێتەوە، چونکە بەداخەوە کاتی خۆی من نامیلکەییێکم لەسەر مێژووی شانۆ لەکوردستان بڵاوکردەوە ئەوکاتە لەفێستیڤاڵی شانۆی هەولێر بوو بەڕێزت هاتی گلەییت لێکردم گوتت بۆ باسی شانۆی (کەرکوک)ت نەکردووە، کە ئەو گلەییەت لەشوێنی خۆیدا بوو لەبەرئەوەی من هیچ سەرچاوەییێکم لەبەردەست نەبوو لەسەر شانۆی کەرکوک کە بەداخەوە لەسەر شانۆی هەولێریش هیچ سەرچاوەییێک نییە، ئێستا لەسەر شانۆی سلێمانی و دهۆک چەند کتێبێک هەیە کە باسی مێژووی شانۆ دەکات، بەڵام بەداخەوە نە لەهەولێر و نە لە کەرکوک ئەم شانۆیە لەکتێبێکی زانستی و بەسەرچاوەی باشەوە تۆمار نەکراوە لە کۆتاییشدا هەموو ئەمانە لەکتێبێکی تایبەت کۆنەکراونەتەوە بۆ ئەوەی مێژووی شانۆ لەباشووری کوردستان تۆماربکرێت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە خەریکی لێکۆڵینەوەن، بەداخەوە ئەمە هەڵەییێکی گەورەیە هیوادارم بەڕێزت لەبەر ئەوەی شارەزاییت لەسەر شانۆی کەرکوک هەیە، ئەم بابەتە فراوان بکەیت، بۆ ئەوەی بەشێوەییێکی فراوانتر و باشتر بنووسرێتەوە، چونکە کەرکوک پشکدارییێکی گەورەی

لەشانۆی کوردیدا کردووە.

حەمەسوار ڕاشیگەیاند: بۆ من زۆر تازە بوو کە ئێوە ساڵی ١٩٧٣ نمایشێکتان لەدەرەوە کردووە کە بەتێگەیشتنی ئێستە، خەڵک بەشانۆی شەقام ناوی دەبەن، هەرچەندە من ڕێک لەگەڵ بەڕێزتم لەئەدەبیاتی جیهانیشدا شتێک نییە بەناوی شانۆی شەقام، بەڵکوو پێرفۆرمانس هەیە شتێکە ئەوان ئەو نمایشەی کە لەدەرەوەی هۆڵ پێشکەشی دەکەن پێی دەگوترێت پێرفۆرمانس، مەرجیش نییە هەمووکات شانۆ بێت، چونکە نمایشی شەقامە، هەندێ درامای تێدایە و دەبێتە نمایشی شانۆی شەقام، هەندێکی دیکەش کە درامای تێدانییە دەبێتە پێرفۆرمانسی شەقام، وەکوو ئەو گروپانەی لەسەر شەقام عەزف دەکەن، یان یاری ئەکرۆبات دەکەن، یان کاری سیحر دەکەن، ئەمانە هەمووی پێرفۆرمانسە، لەشەقام پێشکەشی دەکەن، ئەمانە شانۆ نین، بۆیە بۆ توێژینەوە لەسەر لەشانۆی شەقام، دەبێ بەو ئەزموونانەدا بچینەوە، بۆ نموونە ئەو ئەزموونەی بەڕێزت کە تێیدا ڕۆڵی سەرەکیت هەبووە، خۆزگە بەدووروردرێژی بینووسیتەوە، بۆ ئەوەی ڕەخنەکار و شرۆڤەکاران بچنەوە سەری و بزانن دەکرێت وەکوو یەکەم نمایش کە هیچ نەبێت پێی بڵێن دەرەوەی هۆڵ بخرێتەڕوو.

دواتر ئەیوب بەشداری لەگفتوگۆکە کرد و گوتی: هونەرمەند (عەلی کەریم)مان لەدرامای ژاڵە ناسی کە لەساڵی هەشتاکان نمایش دەکرا وتەیێک هەیە دەڵێت (اعطيني مسرحا، اعطيك شعبا مثقفا) ئەمە گرنگی شانۆ لەژیانی میللەتان دەردەخات، بەڵام بەداخەوە ڕاپەڕینی کوردستان جاڕدانی مەرگی شانۆی کوردی بوو، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەر لەڕاپەڕین دەبینین مانگانە، یان هەفتانە شانۆگەری بەشێوەیێکی ڕێکوپێک و بەردەوام هەبووە، خەڵکی بۆ شانۆ دەچوون بلیتیان دەکڕی، کە ئەوکات بلیت بەدینارێک بوو کە دینارێکی ئەوکاتی لەوانەیە ٥٠ هەزار دیناری ئێستە زیاتریش بووبێ، ئەوکات ئێمە قوتابی بووین لەئامادەیی پارەمان قەرز دەکرد دەچووین بلیتی شانۆمان دەکڕی، ئەوکات هۆڵی شانۆ جمەی دەهات، بەڵام ئێستە هۆکاری کەمبوونی بریتیە لەزۆربوونی کەناڵ و هونەرمەندەکانیش بەسەر چەند لایەنێکدا دابەش بووینە، یان ئەو کەناڵانە هەندێک دراما نمایش دەکەن ئاستی خەڵک نزم دەکەنەوە نەک بەرزی بکەنەوە، پرسیارەکەم ئەوەیە، چ بکرێت بۆ ئەوەی شانۆ ئەگەر وەکوو بەر لەساڵی هەشتاکانیشی لێنەیەت کە ئەوکات ڕژێمی بەعس بەو دەسەڵاتە زەبر و زەنگەی کە هەیبوو ئەو شانۆگەریانە پێشکەش دەکران بۆ نموونە شانۆگەری (حەمەدۆک) و (ئەفسانەی چیای ئاگرین) و (کەونە دەرگا) کە هەموویان شانۆگەری ئامانجدار بوون و خەڵکیان بەئاگا دەهێناوە و هاندەدا.

هونەرمەند عەلی کەریم وەڵامی پرسیار و تێبینی ئامادەبوانی دایەوە و گوتی:

بۆ پرسیاری شانۆگەری (یەک دوو سێ) ئەوە خۆی ناوەکەی هەر ئاوا بوو، ئەو دەمە کە ساڵی ١٩٧٣ بوو بزووتنەوەی ڕوانگە هەبوو ئێمەش ویستمان ئەوە بکەین، خۆی ئازایەتییەکەش هی دکتۆر سەرما کاکەیی بوو، بەڵام پێشنیاری ئێمەشی تێدابوو کە ناومان نا (یەک، دوو، سێ) ئەگینا بابەتەکە وەکوو بابەت هیچ نەبوو، بیرمە لەسەر ستەیج کۆمەڵێک کەس جلوبەرگیان لەبەردابوو کە پارەی




دینار و پێنج دینار و ئەم شتانەیان پێوەبوو حیوارەکەی من لەگەڵ ئەمانە بوو وەکوو هەژارێک لەگەڵ پارەدارەکان، هەر ئەو ئیحایە نوێگەریەش ئەوەی بەمندا کە دابەزمە خوارەوەو بچمە ناو خەڵکەکە، من بەعەرەبی١٠ ساڵ بەر لەئێستا بەتێروتەسەلی ئەو مێژووەم نووسیوە و بڵاومکردۆتەوە، ئێستەش تۆزێک تەمبەڵ بوومە و تاقەتی ئەو شتانەم نەماوە.

گوتیشی: کاک حەمەسوار باسی شانۆی سەرشەقام دەکات، زۆر سوپاسی دەکەم کە ئەو متمانەیەی پێیەخشیم، شانۆی ئاوێر مەشینمان هەیە خاوەنی شانۆی هەتاوە، ئەو قەت لە هۆڵی داخراو شانۆ پێشکەش ناکات،

لەگەراجێک، یان لەشوێنیکی گشتی، یان لەباخچەیێکی گشتی دەیکات، بەڵام ستەیج دادەنێت بۆ نواندنەکە، قەتیش پێی ناڵێت شانۆی شەقام، ناوی شانۆی هەتاو، یان خۆر.

سەبارەت بەسەرنج و پرسیارەکانی کاک ئەیوب و وتە عەرەبیەکە، سەبارەت بەشانۆ و هونەرمەند عەلی کەریم گوتی: کاک ئەیوب بڕوام پێبکە گوتم کە جاران زۆرشتی عەبەسیم دەخوێندەوە و زۆر کاریگەر بووم پێیان، من قەت لەگەڵ ئەمانەنیم و ئەم وتەیەش هەڵبەستراوە، چونکە شانۆ و هونەریش بەگشتی چێژن، مادام ئیقاعی تێدایە و پێکهاتەی وێنەیی تێدایە، وەکوو گۆرانی وایە، چێژ دەبەخشێ، شانۆ شوێنێک نییە بۆ وەعزدان و خەڵک فێرکردن، هاندانی خەڵک بۆ شۆڕش و ئەم شتانە، شتی وادەبێت، بەڵام دەمێنێتە سەر ئەو تاکەی کە چەندێک سەیری هونەرەکە دەکات، بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٢ بابەتی (هەڵاتنی مانگ)مان پێشکەشکرد دوو کاست بووین کاستێک من و کاک جیهاد بەیەکەوە بووین، کاستێکی دیکەش عەلی نوری و عومەر

**لەهەموو جیهاندا شاری فرەنەتەوە دەوڵەمەندتر و ڕۆشنبیرترە، چونکە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی هەیە**

دڵپاک بەیەکەوە بوون، ئەو ڕۆژە ئێمە بۆ ئەوکارە لەوێ نەبووین هەر ئەوەندەمان زانی هەندێک شت ڕوویدابوو، دۆخەکە زۆر ناخۆش بوو، باسی سلێمانی دەکەم، هەرچەندە لەکوردستان دۆخەکە هەمووی وابوو، دە دوانزە کەس هاتنە ژوورەوە کە خەریکە کاری نمایشەکە دەستی پێدەکرد یەکێک کە دیاربوو کاپتنیان بوو گوتی: وێنەی ئەو گەوادە داگرن بەوێنەکەی سەدامی گوت، من و کاک کاوەش گوتمان بۆچی، ئەویش گوتی ئەمە چییە بۆ ئەم وێنەیە لێرە بێت لەم شوێنە پیرۆزە، ئاوا قسەی کرد، ئێمەش گوتمان ئاخر ئەگەر ئێوە ئەمە بکەن و بڕۆن ئێمە دەگرن، ئەویش گوتی: ڕاست دەکەی، دانیشتن و لەهۆڵەکە مانەوە، تا شانۆگەریەکە تەواو بوو ئەوەندەی دی هانیدان، چونکە لەسەر ئەوەبوو کە من جەنەڕاڵێکی ئەمریکی بووم هاتبوومە وڵاتێک و داگیرم کردبوو، زوڵم و زۆرم لەخەڵکەکە دەکرد، ئیدی ئەوەندەی دی خەڵکەکە تورە بوون، کە ئێمە لەو نمایشە تەواو بووین، خەڵکەکە لە هۆڵەکە چوونە دەرەوە، تا چایخانەی شەعب هەرچی وێنەی سەدام و شتی حکومەت بەدیوارەوە بوو، هەموویان دڕی، بەسرودی ئەی ڕەقیبیشەوە ئەو کارەیان دەکرد، خەڵکانێکیش هەبوون هاندەربوون، ئەوان هەر ئەوەندە لەشانۆ تێگەیشتبوون، ئەگەرنا چالاکی هونەریی و شیعر و گۆرانی و موزیک تەنیا چێژ بەخشینە.

سەبارەت بەلاوازبوونی شانۆ دوای ڕاپەرین، عەلی کەریم ڕوونیکردەوە و گوتی: ڕاپەڕین خەڵکی فێری جنێو و دزی و هەموو شتێک کرد، پاکی و بێگەردی لەلای مرۆڤ نەما، لەبەرئەوە هەموو شتێکیان تێکدا، ئەگینا ماقووڵە دوای ٣٠ ساڵ باسی سەردەمی زێڕینی شانۆ بکەییت، من گاڵتەم پێدێت کە دەڵێن سەردەمی زێرینی شانۆ، ئەگەرچی خۆم یەکێک بوومە لەوان. کە دەچیت داوا دەکەیت کورتە فیلمێک بکەیت پارە نییە دەتەوێت دراما بکەیت پارە نییە، پێنج مانگە بەڵێنیان بەمن و لوقمان غەریب داوە پارەمان بدەنێ دراما بکەین بۆ ئەو ڕەمەزانە، ئێ تەواو، ئەوە ڕەمەزان هات و هیچیش نەکرا، لەبەرئەوە ڕاپەرین هەموو شتێکی تێکدا.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە هونەرمەندانی کەرکوک زیاتر ئاراستەیان بۆ سلێمانی بوو بۆ هەولێر نەبووە، لەناو سلێمانیش توانەوە، عەلی کەریم گوتی: ئاراستەکە خۆی لەڕاپەرینەوە هات، خەڵکانێک نەیاندەتوانی بڕۆنە کەرکوک، هەندێکیان هاتن بۆ ئێرە، هونەرمەندێکی باش کە ئێستا باش نییە، مەهدی ئومێد بوو، هەر لەو فێستیڤاڵی بەغدایەی ساڵی ١٩٧٤ شتێکی زۆر جوانی پێشکەش کرد (گومەزێک لەدوکەڵ) هەروەکوو تەحسین شەعبان، هات ئێمەش بەحوکمی ئەوە کەوتینە سلێمانی کە ئەوان شانۆگەرییان زۆر پێشکەش دەکرد، ئێمەش ئاوا دەچووین بۆ سلێمانی ئەمە بووە مایەی ئەوەی تێکەڵاوبوونێک لەگەڵ ئەوان دروست ببێت هەر کەچووینە سلێمانی و بەوەزیفەوە گواسترایینەوە، لەوێش تیپی نواندنی سلێمانی باوەشیان بۆ ئێمە کردەوە ئیدی بووە مایەی ئەوەی کە ئێمە لەوێ ڕۆڵ ببینین، ئینجا دواتریش حوسێن میسریش هات، من و کاک جیهاد و کاک جەلیل و حوسێن میسری کەوتینە کارکردن کە باسیشم کرد کەرکوک لەڕیزی پێشەوەیە، لەبەر ئەوە ناڵێم کە کەرکوکیم من ئەوە ٤٣ ساڵە لەسلێمانیم، کەرکوکیش شارێکی فرەنەتەوەیە، لەهەموو جیهاندا شاری فرەنەتەوە دەوڵەمەندتر و ڕۆشنبیرترە، چونکە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی هەیە، تۆ لەو فێر دەبیت و ئەو لەتۆ فێردەبێت، کاریگەری و کاریگەر بوون هەیە. لە هەولێر کریستیان و تورکمان هەیە، بەڵام نەچوونەتە ناو ململانێی ڕۆشنبیریی لەگەڵ کوردا، بەڵام لەکەرکوک هەبوو یەکەمجار لەکەرکوک پێش ڕوانگەش عەرەبی تێدا بوو کورد و کریستیانی تێدابوو ئەوکاتە ئەوان بەرەو نوێخوازی دەڕۆیشتن و هەوڵی جدیان هەبوو.

# خوێندنەوەی کتێب

- **خوێندنەوەییێک بۆ کتێبی (ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟)**

موحەممەد گەلاڵەیی

- **کتێبی (دیوێکی تری جەواهیری)**

سەدیق سەعید ڕواندزی

- **تەها حوسێن لەوپەڕی نائومێدییەوە بۆ پێشەنگی ئومێدخوازان**

سەنگەر زراری

## خوێندنەوەیێک بۆ کتێبی

# (ئەریَ کورد بوونە بەردەباز؟)



**موحەممەد کەلالەیی**

کتێبێکی دانسقە بەناونیشانی: (ئەریَ کورد بوونە بەردەباز، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق، کورد و جەنگی سارد ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا ٢٠ی ئازاری ١٩٧٥) کە بەزمانی ئینگلیزی لەلایەن (بریان ڕۆبەرت گیبسن) نووسراوە وەکوو نامەیێکی دکتۆرا لە ساڵی ٢٠١٣ لە بەشی مێژووی نێودەوڵەتی قوتابخانەی لەندەن بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە وڵاتی بەریتانیا بەرگری لێکراوە، وەکوو کتێب لە ساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دوای چوار ساڵ لەلایەن (شەفیقی حاجی خدر) وەرگێڕی بەدیمەن و لێهاتووی کوردستان لە شاری هەولێر بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و بڵاوکراوەتەوە.

**ناوەڕۆکی کتێبەکە:**

کتێبەکە لە پێشباری وەرگێڕ، پێشەکییەکی کورتی نووسەر بۆ وەرگێڕانی کوردی، دەستپێکێک و هەشت بەندی سەرەکی، واتە ناوەڕۆکی کتێبەکە و لیستی سەرچاوەکان بۆهەر بەندێک پێکدێت، بەڵام وەرگێڕ بۆ ئەو هەموو و زانیاریانەی لە کتێبەکەدایە نەوەستاوە، بەڵکوو چوار پاشکۆی لێ زیادکردوە، وەکوو بەشێک لە بیرەوەرییەکانی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا هێنری کیسەنجەر دەربارەی پەیوەندی کورد و ئەمەریکا لە ساڵانی نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ دوو پاشکۆی دی کە دوو لێکۆڵینەوەی کورتن، هەروەها دوو بەشی کورت لە بیرەوەرییەکانی بیرمەندی کورد مامۆستا مەسعوود موحەممەد، ئەم وردەکارییە لە زمانی وەرگێڕان بۆ دانانی چوار پاشکۆی پڕ لە زانیاری کتێبەکەی زیاتر دەوڵەمەندتر کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەبنەڕەتدا کتێبەکە زۆر دەوڵەمەندە بەزانیاری نەبیستراو، هەموو نامەکانی ماستەر و دکتۆرا، یادداشتی سیاسییەکان، کتێبی نووسەرانی کورد، عەرەب، تورک و فارس دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کورد کە نووسراون لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە باسی سەرەکیان پەیوەندی کوردە بە جیهانی دەرەوە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨-١٩٥٧ دا هیچیان بەقەد ئەم کتێبە گرنگ و بایەخی مێژووییان نییە، هەر ئەوەی تا ئێستە نووسراون هەموویان بەڕێژەیێکی بەرز خاڵین لە زانیاری وردی ڕاستێندراو، بەتایبەتی لە چارەنووسی کێشەی کورد لە پەیوەندییە نهێنییەکانی وڵاتانی زلهێز و هەرێمیدا، کە چۆن یاری بە کێشەی گەلێک کراوە لەنێو ڕێڕەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەر مێزەکانی بەردەمیان نا، بەڵکوو لە پشتەوەی دەرگاکانی پەیوەندییە نهێنییەکانیان کە لە دووتوێی ئەم نووسینەدا چەند باسێکی خێرا دەخەینەڕوو، بەڵام با جاریَ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە هەر تەنها کورد بوونەتە بەردەبازی نێوان زلهێزان و هێزە هەرێمییەکان!

**لە مێژوودا؛ هەر کورد بەردەباز بووە؟**

لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا چەند نموونەیێک هەن، دەمەوێت لەگەڵ ئێوەی خوێنەردا هاوبەشی پێبکەم، لە مێژووی کۆندا ڕووداوێک کە نزیکەی ٤٠١-٣٩٩ ی پێش زایین ڕوویداوە لە ژێرناونی هەڵمەتی (دە هەزارەکە) کە یەکەیێکی چەکداری بەکرێگیراوی یۆنانی بوونە، پاڵپشتی کۆرشی بچووکیان کردووە بۆ ئەوەی لەسەر عەرشی ئیمپراتۆرێتی ئەخمینی وەکوو ئیمپراتۆر لە دژی براکەی دایبنێن، بەڵام هێزەکە پێش ئەوەی بگەنە شاری

بابل سەرکردەکەیان لەڕووبەڕووبونەوەی ئەخمینیەکان تێک دەشکێ و ئەو هێزە دە هەزار کەسییە لەلایەن (زێنەفۆن یان گەزنێفۆن) کە نووسەری هێزە دەهەزارییەکەی یۆنانی بووە سەرکردایێتی دەکرێت، بۆیە دوای تەنگ و چەڵەمەیێکی زۆر کە ڕوبەڕووی بوونەتەوە لەناوچەکانی کاردۆخینشین (کوردستان) ئەرمێنیا و دواتر دەریای ڕەش، ئینجا بەرەو کۆنستانتیپۆڵ (ئیستانبۆڵ) و دواتر باشووری خۆراوای ئێستای تورکیا، لە کۆتاییدا هێزەکەی بەسەلامەتی دەگەیەنێتەوە نزیکی شاری ئیزمیری ئێستای تورکیا، گەزنێفۆن ئەم هەموو وردەکاریانە لە کتێبێکدا بەناوونیشانی (ئاناباس) بەزمانی لاتینی تۆمار دەکات، شایانی باسە ئەم کتێبە لەلایەن (عەلی فەتحی)یەوە کراوەتە کوردی و بڵاوکراوەتەوە.

یۆنانییەکان کە خاوەنی شارستانییەت و مەڵبەندی بیری هزر و لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکانی فەلسەفەی کۆن بوونە، بەڵام بەشێک لە سەرچاوە و وزەی مرۆییان دەبنە بەردەبازێک بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی دوو برا لەسەر عەرشی ئیمپراتۆرێتی ئەخمینی فارسی، لەکاتێکدا ئەخمینییەکان شاری ئەسینایان سووتاند، کە مەڵبەندی ئەو شارستانیەتە گەورەی یۆنان بوو، سەرئەنجام یۆنانییەکان لە باکووری بابلدا شکستیان هێنا، بەڵام قەدەر وابوو نووسەرێکی بەهێزی یۆنانییەکان بەهاواریانەوە هات و سەرکردایێتی کردن و ڕزگاری کردن، ئەمە نموونەیێکی باڵایە بەهەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی مێژووی هەر میللەتێکدا.

نموونەیێکی دی لە مێژووی ئەوروپای نوێدا سویسرییەکان بوون، کە بۆ ماوەی سێسەد ساڵ بوونە داردەست و کرێگرتەی شەڕی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئەوروپا، کە ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی و فەرەنسی لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی باکووری ئێستای ئیتاڵیا، بەتایبەتی هەرێم، یان دەوڵەتۆچکەی ناپۆلی، تا شەڕی سی ساڵەی ئەوروپییەکان کە لەماوەی ١٦١٨-١٦٤٨ی خایاند، سویسرییەکان بوونە بەردەبازی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە، بەڵام دوای گرێدانی کۆنفرانسی ئاشتی لە ئەوروپا بەنێوی وێستڤالیا لە ١٦٤٨-دا، سویسرییەکان نموونەیێکی جیاوازتریان پێشکەشکرد، بەڵکوو ڕێککەوتنێکی سەرانسەری نێوخۆیان پەسەندکرد کە توانیان خۆیان لە چەکی بەردەبازبوون دووربخەنەوە و ڕووبکەنە جیهانێکی پێشکەوتووی ئەوروپا و جیهانی ئەوکات، بۆیە سیستەمێکی فیدڕاڵی ناوخۆییان هێنایە ئاراوە کە خۆی بینیەوە لە ٢٦ کانتۆن، بۆ نموونە هەرێمی بازڵ کە شارەکەی کانتۆنێکی سەربەخۆیە، هەروەها گوندەوارەکانی (الريف) بازڵیش کانتۆنێکی سەربەخۆیە، ئەزمونی تاڵی سویسرییەکان کە بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ بەردەبازی فەرەنسی و ئیسپانییەکان بوون لە سەرانسەری جیهاندا گۆڕدرا بۆ ناوەندێکی ئاشتیخواز، ئەمە بێجگە لەوەی براندی کاتژمێر و شۆکەلاتەی سویسری لە جیهاندا بێ هاوتایە، کە داهاتێکی گەورەی ساڵانە دەخاتە خەزێنەی سویسرییەکان،



> **زلهێزەکان هەمیشە وڵاتە هەرێمییەکان کە کوردی بەسەر دابەشکراوە بێ پێچ و پەنا دڵنیایان کردونەتەوە کە دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیین**

بێجگە لەوەی کە سویسرییەکان بەردەباز بوون یەکێ لە زمانە فەرمییەکانی ئەمڕۆیان زمانی فەرەنسی و ئیتاڵییە کە سوودێکی زۆری لەڕووی کلتووریی و پێشکەوتنی فەرهەنگی و شارستانییەت پێگەیاندون.

لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا؛ ئەرمەنییەکان بەردەبازی زلهێزانی جیهان و هەرێمی ئەوکاتی دونیای پێش هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوون، هەریێک لە ئیمپراتۆریێتی قەیسەری رووسی ئەرمەنییەکانی وەکوو کارتێکی فشار لەدژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەکاردەهێنا، بەتایبەتی لەو شەڕانەی لەسەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ناوبراودا لەسەر چارەنووسی ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی ڕوویاندا، کە تێیدا ئەرمەنییەکان بەشێوەیێکی بەربڵاو تێیدا نیشتەجێبون و دەیوست ئەو ناوچانە لە خاکی عوسمانی بۆ ڕووسیای قەیسەری دابڕێنێت، کە لە بنەڕەتدا خاکی ئەرمەنی و عوسمانی نەبوون، بەڵکوو خاکی کوردستان و بەشە گەورەکەی لە باکوردا بوو، هەروەها ئیمپراتۆریەتی قاجاری ئێران ئەرمەنییەکانی وەکوو بەردەبازێک بۆ فشارکردن و لاوازکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەکاردەهێنا، سەرئەنجام ئەرمەنییەکان ڕووبەڕووی کۆچپێکردن و کۆمەڵکوژی هاتنەوە کە یەک لە وڵاتە هاریکارەکانی ئەو جینۆسایدە ئەڵمانەکان بوون، کە ڕاهێنانێکی زۆر نەژادپەرستانەیان بە سوپای عوسمانی کرد بوو، بۆیە خوێنەران کەم تا زۆر لەم ڕۆڵگێڕانەی ئەڵمانەکان لە جینۆسایدەی ئەرمەنەکان ئاگادار نەبوون، ئەمە ڕیشەی خۆی هەیە کە یەکێ لە ئەفسەرانی سوپای پروسی (مۆلتکە) هاوکار و ڕاوێژکاری سەربازی ئۆردوی عوسمانی بووە لەهەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەوانە: میرنشینی سۆران، لە ئەنجامیشدا لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا سوپای عوسمانی و ئەڵمانی بوونە هاوپەیمانی یێکدی، چونکە لەسەرەتای سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی ڕاوێژکارەکانی سوپای عوسمانی ئەڵمانی بوون!

لە نموونەکانی سەردەمیشدا گەلی (تەوارق_الطوارق) کە لەبنەڕەتدا موسڵمانی سوننە مەزهەبی مالیکن، دەگەڕێنەوە سەر ئەمازیغییەکان کە لە دووبەشی گەورە پێکدێت کە ئەلبەرانس و ئەلبوتران، صەناهیجەکان کە تەوارقەکان لەوانن، دەگەڕێنەوە سەر ئەلبەرانسەکان، ئەم گەل–ە وەکوو کورد لە باکووری کیشوەری ئەفەریقا تا ناوەڕاستەکەی بەسەر پێنج بەش لە دەوڵەتەکانی: جەزائیر، لیبیا، بۆرکینافاسۆ، مالی و نەیجیر دابەشکراون، دەوڵەتەکانی ئاماژە پێکراو لە شەڕەکانی باکووری ئەفەریقا لە ململانێ ناوخۆییەکانییاندا و هەژمونکردن بەسەر دەوڵەتانی دەوروبەریان وەکوو هێزێکی بەکرێگیراو بەکاریاندەهێنن، وەکوو دەوڵەتی لیبیا لەسەردەمی سەرهەنگ موعەممەر قەزافی لە شوبات تا تەشرینی دووەمی ٢٠١١ تەوارقەکان هێزێکی سەرەکی بیابانی بوون، بەرگرییان لە ڕژێمی قەزافی دەکرد و لە بەهاری عەرەبی دا ببوونە بەردەبازی ئەو ڕژێمە، ئەگەر هاوکاری ئاسمانی هێزەکانی ناتۆ نەبووایە لەسەر ئەرزی واقیع چۆکیان بە ڕاپەڕیوانی شاری بەنغازی خۆرهەڵاتی لیبیا دادابو! ئەو چوار نموونەیەی لەسەرەوە باسمانکردن وەکوو ئەزموونێکی مێژوویی هەریێک لەو گەلانە سوودیان لە هەڵەکانی پێشووی خۆیان وەرگرت، تەنیا تەوارقەکان نەبێت، یۆنانییەکان جارێکی دی ئەو هەڵەیەی بۆ کۆرشی فارسیان ئەنجامدا لە مێژووی خۆیاندا دووبارە نەکردەوە، بەشێوەیێک سەربازەکانی ببنە بەکرێگیراوی ئیمپراتۆریەتێکی دی کە وڵاتەکەیانی داگیرکردووە، سویسرییەکان بەهەمان شێوە بوونە نموونەیێکی بەرزی شارستانییەت تائێستەش زۆر لە میللەتان خۆزگە بە چارەنووس و بینینی وڵاتەکەیان دەخوازن، هەروەها ئەرمەنییەکان بوونە دەوڵەتێکی دانپێدانراو، بەڵام بەشێک لەو سەرکێشییەی باب و باپیرانیان بۆماوەتەوە کە ناتوانن لێی دەرباز بن، بەڵام ئەوەی وەکوو خۆی ماوەتەوە تەوارقەکانن کە وەکوو کورد دابەشکراو و پارچە پارچەکراون لەڕووی هەست و نەستی جڤاکی و سیاسیان، بۆیە بەشێوەیێکی زۆر خراپ بەکاردەهێنرین، ئەمە وەنەبێت کێشەی ئەو چوار نموونەیەی باسمکرد وەکوو: یۆنانییەکان، سویسرییەکان، ئەرمەنی و تەوارقەکان، بەدەست و ویستی خۆیان ئەو کارەیان کردبێت، نەخێر؛ بەڵکوو لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ئەو سەردەم و

## حکومەتی ئەمەریکی بەرەهایی پاڵپشتی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەناوچەکەدا ناکات

فشاری ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی ئەوکات لەسەر ئەو گەلانە بەدەوڵەتە هەرێمایەتیەکانیشەوە، کە ڕۆڵێکی نەرێنیان هەبووە لەسەر ڕۆڵپێدانی ئەو گەلانە، کە لە هەژموونکردن و بەرفراوانکردنی قەڵەمڕەوییان بۆ ویستی ئەو دەوڵەتە زلهێز و هەرێمییانە کار بکەن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، چیرۆکی ئەم گەلانە لەناو نووسینە مێژووییەکاندا زۆر بەربڵاو و کاریگەرن لە دروستکردنی ڕووداو گەلێکی بێ کۆتادا، با بزانین ئەرێ کوردیش بوونە بەردەباز؟

### ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟

پرسیاری سەرەکی ئەم کتێبە کە لە بنەڕەتدا نامەیێکی زانستییە، ئایا کورد بوونە بەردەبازی هەریێک لە ئێران، سۆڤیەت، ئەمەریکا، ئیسرائیل، چونکە هەریێک لەو دەوڵەتانە کە تەنها ئێران دراوسێی عێراق بووە، کوردی وەکوو بەردەبازی ویستە مێژووییەکانی بەکارهێناوە و بەهیوای گەڕاندنەوەی خەونە ئیمپراتۆریەتەکانی، بۆیە لێرەدا بۆ هەریێک لەم دەوڵەتانە چارەنووسی کێشەی کورد دەچێتە نێو ژوورە تاریک و ڕێڕەوی دیپلۆماتیان کە چۆن بەشێوەییێکی نهێنی لە ململانێی داپۆشراوی خۆیان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا بەکاری بهێنن، کە لەبنەڕەتدا چارەنووسی کورد و کێشەکەی بەهەموو پێوەرەکانی قانوونی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی کێشەییێکی ڕەوایە و شەرعیەتی خۆی هەیە و گەلی کورد گەلێکی ستەمدیدەیە، بۆیە بۆ هەریێک لەم دەوڵەتانە کورتەییێک لەژێر ڕۆشنایی خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەنووسین:

**ئێران:** حکومەتی شاهەنشاهی ئێران لە دوای ڕووخاندنی سیستەمی پاشایەتی عێراق لە ڕێگەی کودەتاییێکی سەربازی لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا دژایەتی و سەغڵەتبونی خۆی لەهاتنەسەرکاری حکومەتێکی مەیلداری کۆمۆنیستیانە لە خۆراوای سنوورەکانی حکومڕانی بکات دەربڕی بوو، ئەمە بێجگە لەوەی ئێران لە ئامادەکاریدا بوو بۆ ئەوەی لە کەنداو ببێتە هێزی یەکەم، دوای کشانەوەی بەریتانیا لە عێراق و مصر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٨دا، دوو هێزی گەورەی وەکوو: عێراق و مصر لەڕووی هێزی سەربازی و حەشیمەتی خەڵک و توانستە داراییەکانیان بەتایبەتی عێراق، بەهەر جۆرێک بێت پێکداهەڵپژانی لێدەهاتەکایەوە، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراقدا لە ١٩٦١-١٩٧٥ دا ئێران زۆر بەخێرایی دەیویست ئەو دەرفەتە زێڕینە وەکوو هەلێکی مێژوویی بەدوای نەبێتەوە هەتا ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت، بەتایبەتی لەسەرەوەربوونی دەسەڵاتی ئێران بەسەر شەتولعەرەبی کەنداودا، هەموو یارمەتییەکانی ئێران بۆ کورد وەکوو نووسەر (بریان ڕۆبەرت گیبسن) باسی دەکات: بۆ دەستخستنی دەسەڵاتی یەکەم بەسەر شەتولعەرەبدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی کورد بەرانبەر بە عێراقدا بوو، هەروەها ئامانجێکی دی ئەوە بوو کە خۆی ببێتە چاودێرێکی سەرەکی لە کەنداو و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی خۆراوا بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمەریکا لەناوچەکەدا بپارێزێت و هەر لە ڕێگەی شەتولعەرەبەوە ئێران ببێتە دەروازەی چوون بۆ ناو بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێز لە زەریای هیندی و ئارامدا، واتە: ئێران لە ڕێگەی دەستێوەردان لە کێشەی کورد و یارمەتیدانی بە چەک و لۆجێستی ئامانجی سەرەکییەکەی شەتولعەرەب بوو، بەڵام ئامانجی گەورەتری هەبووە، کە ویستویەتی ببێتە پێنجەم هێزی سەربازی لە دونیا و یەکێ لە دە ئابوورییە بەهێزەکانی جیهان وەکوو مەحموود ئێران پەنا لە کتێبەکەیدا (مێژووی هاوچەرخی ئێران)دا ئاماژەی پێدەکات، ئەمەش دوای ئەو چاکسازیانەی موحەممەد ڕەزا شای ئێران لەدوای ساڵانی ١٩٥٣-ەوە بەناوی شۆڕشی سپی لە ئێران ڕایگەیاند، کەواتە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکییدا ئامادەکاری بۆ ئەو کارە کردبوو، کە ببێتە هێزێکی گەورەی هەرێمی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەریتانیا بڕیاریدا لە کۆتایی

> ❝
> **ئەو کتێبانەی کە باسی سەرەکیان پەیوەندی کوردە بە جیهانی دەرەوە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨ دا هیچیان بەقەد ئەم کتێبە گرنگ و بایەخی مێژووییان نییە**
> ❞

سالی ١٩٧١ لە ناوچەی کەنداو بەیەکجاری دەکێشێتەوە. ئەمە بڕستی لە ئێرانییەکان بڕی بوو کە تا ڕۆژی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا موحەممەد ڕەزا شا ئارام نەبوویەوە، کە نووسەری ئەو کتێبەکە بە (فرۆشتنەکە) ناوزەدی کردوە، لەبەرئەوەی سۆڤیەتییەکان لە ڕێگەی عێراقەوە بێنە کەنداو و هەموو خەونەکانی بنەماڵەی پەهلەوی لە گۆڕبنرێت، ئەوکات لە باشووری ئێراندا سۆڤیەت دەبوو بەهێزێکی هەژموونکار و لە باکووریشدا دراوسێی بوو، هەموو هەوڵ و تەقەلاییکی بۆ ئەوە بوو کە هەر خۆی هێزی یەکەمی کەنداو بێت.

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:**

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتییەکانی(وایت ئایزنهاوەر ١٩٥٣-١٩٦١، جۆن ئێف کێنێدی١٩٦١-١٩٦٣، لیندۆن جۆنسن ١٩٦٣-١٩٦٩، ڕیچارد نیکسن ١٩٦٩-١٩٧٤ و جێراڵد فۆرد ١٩٧٤-١٩٧٧) لەماوەی سەرۆکایەتی پێنج ئیدارەی ئەمەریکی کە دووانیان دیموکرات و سێیانیان کۆماری بوونە، لە ١٩٥٨ تا ١٩٧٢ دا سیاسەتێکی گشتی پەیڕەولێکراویان بەرانبەر بە پرسی کورد هەبوە، کە کەمتر لەنیو دێڕ بووە (چاوەڕێبکە و ببینە) بەدرێژایی زیاتر لە چواردە ساڵ سیاسەتی دەخالەت نەکردنی لە کاروباری عێراق لەلایەن ئیدارەکانی ئەمەریکا کاری لەسەر کراوە، بەتایبەتی دووره پەرێزبوونە کە بەشێوەییکی ناڕاستەوخۆش دەستێوەردان بکەن، یان بەشێوییکی نهێنی پشتگیری لەشەڕی چەکداری کورد بکەن، بەڵکوو لە کۆبوونەوە نهێنییەکانیان لەگەڵ کاربەدەستانی بەغداد لە ٢٥ی نیسانی ١٩٦٣ دا، کە ڕۆژنامەی (الوطن)ی سعوودی لە ژمارەی ١٣١٩ی ڕۆژی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٤ بەپێنج بەش گفتوگۆیێکی بەدەست نووسراوی نهێنی کاربەدەستانی ئەمەریکای لە بەغداد لەگەڵ بەرپرسانی بەعسی لە حکومەتی عێراقی ئەوکات بڵاوکردۆتەوە، تێیدا بەرپرسێکی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی (سی ئای ئەی) بەناوی مستەر برۆس تایلۆر بە عەقید عەبدولمەجید خەلیل کە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بووە، دەڵێت: (حکومەتی ئەمەریکی بەرەهایی پاڵپشتی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەناوچەکەدا ناکات)

> **لایەنی عێراقی داوایان لە ئەمریکییەکان کردووە کە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا ئاگادار بکەنەوە کە پشتگیری کورد نەکەن و سنووریان لەسەر دابخەن**

هەروەها بەڵێنی ئەوەیان بە بەرپرسانی عێراق داوە کە حکومەتی ئەمەریکا لەبەر چەند خاڵێک یارمەتی کورد نادات کە کوردستان ببێتە دەوڵەت: وەکوو:

**یەکەم:** کوردەکان هیچ ئیمکانیەتێکیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ نییە.

**دووەم:** کوردەکان هیچ ئیمکانیەتێکی ئابووریيان نییە کە دەوڵەتێک دروست بکەن.

**سێیەم:** کوردەکان ڕۆشنبیری لێهاتوویان نییە بۆ ئیدارەدانی ئەو دەوڵەتە نوێیە.

**چوارەم:** دروستکردنی ئەو دەوڵەتە، بەپێی نەخشەکێشانی سۆڤیەتەکان دەبێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی دی شیوعی لە ناوچەکەدا بۆ هێنانەکایەی ئاژاوە و پێکدادان و لێڵبوونی بارودۆخی ئاسایش، ئەمەیش دژ بەو سیاسەتە پەیڕەولێکراوەی ئێمەیە بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکە.

ئەم چوار خاڵە سەرەکییەی ئەمەریکییەکان بۆ حکومەتی یەکەمی بەعس خستویانەتەڕوو دەرخەری ئەو هەقیقەتە مێژووییەیە، کە زلهێزەکان هەمیشە وڵاتە هەرێمییەکان کە کوردی بەسەر دابەشکراوە بێ پێچ و پەنا دڵنیایان کردونەتەوە کە دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردین، لەهەمان کاتیشدا هۆکارە بنەڕەتییەکانی دژبوونیان بۆ دەوڵەتێکی نوێ بە ناوی کوردستان زۆر بەڕوونکاریانە و بێ پێچوپەنا بۆیان ڕوونکردونەتەوە. کۆبونەوەکانی هەردوو لایەنی ئەمەریکی و عێراقی بۆ ماوەی سێ مانگ لە نیسان تا حوزەیرانی ١٩٦٣ بەردەوامی هەبووە، هەر لەو کۆبونەوانەدا لایەنی عێراقی داوایان لە ئەمەریکییەکان کردووە کە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا ئاگادار بکەنەوە کە پشتگیری کورد نەکەن و سنووریان لەسەر دابخەن، بەڵام ئەمەریکییەکان لە وەڵامدا پێیان دەڵێن: خۆتان پێیان بڵێن لەسەر ئەوەی یارمەتی کورد دەدەن، بەڵام ئەوان ڕەتی دەکەنەوە، کە ئەو دەرگایە لەگەڵ ئێران و تورکیا بکەنەوە، بەڵام ئەمەریکییەکان ئەو دڵنیاییە دەدەنە عێراقییەکان کە داوای ڕوونکردنەوەیان لە بەریتانییەکان کردوە کە یارمەتی کورد نەدەن، بەریتانییەکان دڵنیایانداوە کە کارێکی لەو جۆریان نەکردووە، بەهەرحاڵ لە کۆی گفتوگۆکانی لایەنی

ئەمەریکی و عێراقی، برۆس تایلۆر داوای لە حکومەتی عێراقی دەکات کە کێشەی کورد چارەسەر بکەن و بەپێی ئەو باروودۆخەی ئەوکاتی عێراق، هەروەها ئەمەریکییەکان دڵنیاییان داوەتە عێراقییەکان، کە ئەمەریکا یارمەتی کوردی نەداوە و نادات لەبەرئەوەی ڕووسەکان یارمەتی کورد دەدەن و دەزانن چۆن یارمەتیشیان داون.

بەهەر حاڵ یەکێک لە گفتوگۆ درێژەکانی نێو ئەم کتێبە، ئەو هەڵکشان و داکشانەی هەڵوێستی ئەمەریکایە لەبەرانبەر کێشەی کورد لە عێراقدا، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٢ ئەو هەڵوێستەی ئەمەریکا یەکلایدەبێتەوە کە بەشێوەیێکی ڕێکخراو یارمەتی کورد بدات، بەتایبەتی دوای شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ بەتەواوی پەیوەندییەکانی عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەپچڕێت، بەڵام لەسەرەتای ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمەریکا جارێکی دی بنیاد دەنرێتەوە، بەڵام ئەمەریکییەکان لە دوو سەرەوە کاردەکەن، لەلاییک بە چەک، پارە و کردنەوەی دەرگای پشتەوەی پەیوەندی دیپلۆماتی بۆ کورد دەخەنە سەرپشت و زۆرترین یارمەتی پێشکەشی کورد دەکەن لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ دا، ئەمەش بە ئامانجی سەرقاڵکردنی سوپای عێراق کە بەری بە شەڕی عەرەب-ئیسرائیل نەمێنێت کە لە تەشرینی یەکەمی ١٩٧٣ گەڕێکی دی شەڕ لەنێوان ئیسرائیل، سوریا و مصر هەڵایسا، بەشێکی زۆری بەرزاییەکانی جۆلان کەوتنە بندەستی دەوڵەتی ئیسرائیل، یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو شەڕەش کۆکردنەوەی چەکی ئەو دوو دەوڵەتە عەرەبیە بوو کە لەشەڕەکەدا بەتەواوی بەسەر ئیسرائیلدا سەرکەوتوو نەبوون، لە کۆتاییدا چەکەکان بۆ کورد نێردران، لەم کتێبەدا زۆر بەوردی باسی ئەو چوون و هاتنە مەکۆکیەی هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوە و بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەناوچەکەدا دەکات، بەتایبەتی لە دوورخستنەوەی سوپای عێراق لە سوریا و پێدانی چەکی دەستبەسەرداگیراوی عەرەب کە دروستکراوی یەکێتی سۆڤیەت بوو بۆ کوردی بنێرن، بۆئەوەی مەسەلەی یارمەتیدانی کورد بە چەک بەبەڵگەوە نەزانرێت کە ئەمەریکا یارمەتی کورد دەدات لە ڕووی پڕچەککردنییەوە، ئامانجی ئەمەریکییەکان بەشێوەیێک بوو کە لە ساڵی ١٩٧٣ بەرەو ژوور بەتەواوی هاتەدی، کاتێک سوپای عێراق مەترسییەکانی لەسەر ئیسرائیل کەمبویەوە و نەیتوانی ببێتە سوپاییێکی هەڕەشەکار لەسەر ئیسرائیلیەکان، هەروەها ڕوودانی کودەتای نازم گزار و پاکتاوکارییەکانی صەددام حوسێن و هەڵایسانەوەی شەڕی چەکداری کورد لە ١٩٧٤-١٩٧٥ دا، بەتەواوی ئەمەریکای یەکلایکردەوە کە ئێران لە ژێرەوە ڕاسپێرێت مامەڵەی فرۆشتنەکە لە ئیستانبوڵ لەگەڵ ئێرانییەکان دەست پێبکەن، بەتایبەتی دوای چەندین گەڕی کۆبونەوەی نێوان وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران، هەروەها نێوەندگیرییەکەی مەلیکی ئوردن حوسێنی کوڕی تەڵاڵ کە لەنێوان صەددام و موحەممەد ڕەزا شای ئێراندا وەکوو نێوەندگیرێکی بێ ناوونیشان لەهاتووچۆ دابوو تا هەردوولایەن بگەێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ و بەستنی ڕێکەوتننامەیێکی براوە بۆ کۆتایهێنان بەکێشەکانی هەردوو دەوڵەت لەسەر سنوور، کە لەڕووی مێژوویییەوە درێژکراوەی ململانێکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و صەفەوی بوو، ئەوکات و ئێستەیش بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی لەسەر خاکی کوردستان هەیە و قوربانیەکەیشی هەر کورد بووە، بەڵام ئەوکاتی ئێرانی شاهەنشاه شەتولعەڕەبی بۆ ئەو ململانێیە زیادکردبوو. لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەمەریکا سەرپەرشتی کاری فرۆشتنەکەی کردووە، ڕووی لە پرەنسیپەکانی وۆدرۆ وڵسن ١٩١٩-١٩٢٠ و بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی گەلان کە ناوەڕۆکەکەی مافی چارەی خۆنووسینە وەرگێڕا!

> “بەشداری ئیسرائیلییەکان لە پەیوەندیکردن بە کورد لەماوەی شەڕی ساردا، بە ئامانجی لێدانی یەکە ستراتیژییەکانی سوپای عێراق بووە، نەک یارمەتیدانی کورد”

**یەکێتیی سۆڤییەت:** ئەم کتێبە بەدیوێکی دیکەیدا تەرخان کراوە بۆ تیشکخستنە سەر هەژمونی زلهێزەکان لەسەر کێشەی کورد لەماوەی شەڕی ساردی نێوانیان بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥دا، هەروەها ئەو ململانێیەی کە لەسەر خاکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوانیاندا هەبووە بەتایبەتی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆر بەوردی چاودێری ئەو هەژموونکردنەی یەکدیان کردووە، بەتایبەتی دوای کشانەوەی بەریتانیا لە کەنداو، کاتێک بەریتانییەکان

بڕیارده‌ده‌ن که‌ هێزی سه‌ربازیان تا کۆتایی ساڵی ١٩٧١ له‌ که‌نداو پاشه‌کشه‌ی پێبکه‌ن و له‌ ترسی پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆشاییه‌ی له‌دوای کشانه‌وه‌ی به‌ریتانییه‌کان له‌ که‌نداو دروست ده‌بێت، بۆیه‌ ئه‌مه‌ریکییه‌کان به‌ په‌له‌ ڕۆڵێکی زۆر گه‌وره‌تر له‌خۆیان به‌ ئێران و عه‌ره‌بستانی سعوودی ده‌ده‌ن، به‌تایبه‌تی ئێرانی په‌هله‌وی که‌ ئه‌وکات له‌ڕووی چه‌ک و ژماره‌ی سه‌ربازه‌وه‌ زۆر له‌پێش عه‌ره‌بستانی سعوودیه‌وه‌ بووه‌، به‌ڵام هێشتا ئێران ترسابوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکییه‌کان و ئێرانییه‌کان له‌باره‌ی به‌یاننامه‌ی یانزه‌ی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان حکومه‌تی عێراق و کوردی یه‌کبوو، ئه‌مه‌ کاری سۆڤییه‌ته‌کان بووه‌، هه‌روه‌ها شیرینی ئه‌و ڕێکه‌وتنه‌ی کورد و عێراق، به‌رهه‌مه‌که‌ی هاتنه‌کایه‌ی ڕێکه‌وتننامه‌ی ستراتیژی عێراقی- سۆڤییه‌تی له‌ ١٩٧٢ دا بوو، ئه‌مه‌ ئێران و ئه‌مه‌ریکای، به‌تایبه‌تی موحه‌ممه‌د ڕه‌زا شای تۆقاند له‌وه‌ی که‌ ته‌کنه‌لۆژیای نوێی

## کورده‌کان ڕۆشنبیری لێهاتوویان نییه‌ بۆ ئیداره‌دانی ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ نوێیه‌

سه‌ربازی بکه‌وێته‌ ده‌ست سوپای عێراق، به‌تایبه‌تی له‌ یه‌کلاکردنه‌وه‌ی کێشه‌ی سنوور و شه‌تولعه‌ره‌بدا، هه‌روه‌ها هاتنی سۆڤییه‌ت بۆسه‌ر ده‌روازه‌ی که‌نداو و زه‌ریای هیندی، ئه‌مه‌ ئه‌مریکییه‌کانی زیاتر هاندا په‌نا بۆ ئیسرائیلی و ئێرانییه‌کان ببه‌ن بۆ به‌رگرتن له‌و باڵکێشبوونه‌ی سۆڤییه‌ت له‌ناوچه‌که‌دا، هه‌روه‌ها وه‌ستاندنی به‌شێوه‌یێکی زۆر خێرا، چونکه‌ نزیک بوونه‌وه‌ی سۆڤیه‌ت له‌ ده‌روازه‌ی که‌نداو و زه‌ریای هیندی له‌ ئامانجی دوورمه‌ودادا هه‌ڵته‌کاندنی پێگه‌ و هێزی ئه‌مه‌ریکایه‌ له‌ناوچه‌که‌دا، به‌تایبه‌تی ئه‌وکاته‌ی ئه‌مه‌ریکا له‌ ڤێتنام به‌ره‌و دۆڕان و شکستێکی ڕاگه‌یێندراو ده‌چوو، بۆیه‌ هه‌وڵه‌کانی سۆڤییه‌ت له‌ ١٩٥٨-١٩٧٥ له‌ چه‌سپاندنی پێگه‌ی سه‌ربازی و ئابووری له‌عێراق و ناوچه‌که‌دا سه‌رکه‌وتوو نه‌بوو، چونکه‌ زه‌عیم عه‌بدولکه‌ریم قاسم به‌ته‌واوی ملی بۆ داواکارییه‌کانی سۆڤییه‌ت نه‌دا، له‌ ١٩٦٣ حزبی به‌عس و نه‌ته‌وه‌ییه‌کان که‌ مه‌یلداری ئه‌مه‌ریکا بوون به‌ کوده‌تاییک هاتنه‌ سه‌ر حوکم که‌ ئه‌مه‌ریکا هه‌رزوو مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ کردن، له‌ ١٩٦٣-١٩٦٨ تا هاتنه‌وه‌ی به‌عس بۆ جاری دووه‌م ئه‌مه‌ریکا (عه‌بدولڕه‌حمان عارف)ی به‌ سه‌رۆکێکی میانڕه‌و ده‌زانی و مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌ستپێکردبوو هه‌تا ژه‌نه‌ڕاڵه‌کانی سوپاکه‌ی بانگهێشتی کۆشکی سپی کردن، ئه‌مه‌ بێجگه‌ له‌وه‌ی حکومه‌تی به‌عس به‌ کوده‌تاییکی دی سه‌ربازی له‌ ١٩٦٨ که‌ هاتنه‌وه‌ سه‌ر حوکم ئه‌مه‌ریکا هه‌مان مامه‌ڵه‌ی جاری یه‌که‌می له‌گه‌ڵ کردنه‌وه‌، به‌ڵام به‌ڕێگه‌ی دیپلۆماتییه‌تی نهێنی و له‌ڕێگه‌ی ده‌رگای پشته‌وه‌ی که‌ناڵه‌کانی په‌یوه‌ندی دیپلۆماتی تا ته‌شرینی دووه‌می ١٩٧٥ ئه‌و دڵدارییه‌ی نێوان حکومه‌تی به‌عس و ئه‌مه‌ریکییه‌کان به‌رده‌وام بوو، تا ئه‌مه‌ریکا مامه‌ڵه‌ی فرۆشتنه‌که‌ی ته‌واوکرد. بۆیه‌ سۆڤییه‌ت ده‌ستی له‌بنی هه‌مانه‌که‌ ده‌رچوو، به‌شێوه‌یێک زه‌ره‌رمه‌ندی ناو پرۆسه‌که‌ بوو بێجگه‌ له‌چه‌ند سه‌فقه‌یێکی کڕین و فرۆشتنی چه‌ک له‌گه‌ڵ عێراق نه‌بێت.

**ئیسرائیل:** له‌م کتێبه‌دا به‌ته‌واوی ئامانجی ئیسرائیلییه‌کان وه‌کوو ده‌وڵه‌ت به‌دیارده‌خات، که‌ ته‌نیا یه‌ک ئامانجیان هه‌بووه‌ به‌لایه‌نه‌وه‌ زۆر ستراتیژی بووه‌، ئه‌ویش دروستکردنی بازنه‌یێکی دژبه‌ری ده‌وڵه‌تانی عه‌ره‌بی که‌ به‌ کوردستان و ئێران و تورکیا ده‌ستپێبکات و ببنه‌ به‌ره‌ی پشته‌وه‌ی هه‌ڕه‌شه‌ بۆسه‌ر ده‌وڵه‌ته‌کانی عه‌ره‌بی بۆ ئه‌وه‌ی بیر له‌ شه‌ڕکردن له‌دژی ئیسرائیل نه‌که‌نه‌وه‌، به‌تایبه‌تی عێراق، که‌ به‌لایانه‌وه‌ زۆر گرنگ بوو نه‌بێته‌ ده‌وڵه‌تێکی ته‌وه‌ری یه‌که‌م له‌ به‌رگریکردن له‌کێشه‌ی فه‌ڵه‌ستین، که‌ مه‌به‌ستی سه‌ره‌کیش دابڕاندنی سوپای عێراق بووه‌ له‌شه‌ڕی عه‌ره‌ب-ئیسرائیل که‌ له‌ ١٩٤٨ به‌رده‌وامی هه‌بوو، بۆیه‌ به‌شداری ئیسرائیلییه‌کان له‌ په‌یوه‌ندیکردن به‌ کورد له‌ماوه‌ی شه‌ڕی سارددا، به‌ ئامانجی لێدانی یه‌که‌ ستراتیژییه‌کانی سوپای عێراق بووه‌، نه‌ک یارمه‌تیدانی کورد له‌ بواری ڕاهێنان له‌سه‌ر پێدان و ڕاهێنانی چه‌ک، هه‌روه‌ها لۆبیکردن بۆ کێشه‌ی کورد له‌ناوه‌نده‌ گه‌وره‌کانی بڕیاری جیهاندا، به‌ڵکوو ئیسرائیلییه‌کان کێشه‌ی کوردیان وه‌کوو فشارێک بۆ ئامانجه‌ ستراتیژییه‌کانیان به‌کارهێناوه‌، له‌کاتی مۆرکردنی ڕێکه‌وتننامه‌ی جه‌زائیردا له‌نێوان

عێراق و ئێراندا، بەخێرایی لە پەیوەندییەکان و هاوکارییەکان پاشگەزدەبنەوە، هەتا ئەو برە چەکەی کە بڕیاربووە بۆ کوردی بنێرێت و بکڕێت کە بایی بیست ملیۆن دۆلار بوو، خۆی دەدزێتەوە لە بەخشینی ئەو برە پارەیە و ئامادە نابێت لەسەر بوودجەی خەزێنەی ئیسرائیل ئەو چەکە بکڕێت، دواتر هێنری کیسنجەر کە وەزیری دەرەوە و بەرپرسی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا بووە، ئەو برە پارەیە دەخاتە سەر هاوکارییە داراییەکانی ئەمەریکا بۆ لایەنی سەربازی ئیسرائیل، بەهەر حاڵ ئیسرائیلییەکان دوای ئەوەی بە مامەڵەی فرۆشتنەکەی دەزانن زوو لە یارمەتیدانی کورد دەکشێنەوە و دەچنەوە قاڵبی خۆیان. ئەو چوار لایەنەی لەم کتێبەدا باسکراون، کە دوو زلهێزی گەورەی جیهان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، هەروەها دوو دەوڵەتی هەرێمی وەکوو ئێران و ئیسرائیل، دەکەونە دوای بەرژەوەندییەکانیان لەسەر خاکی عێراق و کوردستاندا، هەریێک لەمانە کار بۆ ئامانجە درێژخایەنەکانیان دەکەن. ئێران کار بۆ وەرگرتنەوەی شەتولعەرەب و بوون بەسەرداری کەنداو دەکات، ئیسرائیلییەکان کار بۆ سەرقاڵکردنی سوپای عێراق بە کێشە ناوخۆییەکانی دەکات و بەربرانی لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل و نەبوونی عێراق بەدەوڵەتێکی داکۆکیکاری سەرسەخت لە کێشەی فەلەسیتن، لەبەرئەوەی عێراق خاوەن وزەییەکی دەوڵەمەند و سوپاییەکی ڕاهێنراوی پڕ چەک بووە، ئەمەریکا کاری بۆ ئەوە کردوە کە هەژموونی سۆڤییەت لە عێراق و کوردستان نەچەسپێ، ئەمەش بەدنەدانی موحەممەد ڕەزا شای ئێران، بەتایبەتی دوای ئەو سەردانەی ڕیچارد نیکسن بۆ ئێران لە ١٩٧٢دا، ئەمەریکا نەیدەویست پێگەیێکی دی سۆڤییەت کە کوردستانە لە ناوەندی تورکیا و ئێران و عێراق بێتەکایەوە، کە دوو دەوڵەتی یەکەم هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمەریکا بوون، یەکێتیی سۆڤییەت کاری بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەکرد، بەتایبەتی دوای خۆماڵیکردنی نەوت لە عێراق لەماوەی ١٩٥٨-١٩٧٢ دا کە دەیوست کۆمپانیاکانی سۆڤییەت بێنە شوێنی کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانی و ئەمەریکی، هەروەها پڕچەککردنی سوپای عێراق بە تەکنەلۆژیای سۆڤییەتی، لەهەمووشیان گرنگتر عێراق دەروازەی کەنداو و زەریای هیندی بوو پێگەیێکی سوپایی لەناوچەکەدا دابنێت. ململانێی ئەم زلهێزە جیهانی و دەوڵەتانی هەرێمی بۆ کێکی بەرژەوەندییەکانیان بووە لەسەر حسابی خوێن و قوربانییدانی کورد بۆ کێشەکەی، بەڵام کورد نەیزانیوە کە یارمەتیدانی ئەم دەوڵەتانە بۆ ئامانجە گڵاوەکانیانە کە بڕانەوەی نییە و تا ئەمڕۆش بەشێوەیێک لە شێوەکان بەردەوامی هەیە بە ئامراز و کاری جیاوازەوە.

**لەکۆتایی کتێبەکەدا:** بریان ڕۆبەرت گیبسن: پرسیارێکی کراوەی بەجێهێشتوە، کە دەنووسێت: لێرەدا پرسیارێکی بچووک ماوەتەوە بەوەی ئاخۆ ماکی ناسەقامگیریی هەمیشەیی عێراق لەدووتوێی دەستوەردانی زلهێزەکان لەماوەی جەنگی ساردا دەدۆزرێتەوە؟

**لە کۆتاییدا:** ئەم کتێبە سەرچاوەیێکی گرنگە بۆ خوێندنەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد، بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە بەشەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد و پەیوەندییە نێوەدەوڵەتییەکان و زانستە سیاسیەکان، لەهەمانکاتدا بکرێت بە سەرچاوەیێکی باوەڕپێکراو و کارکراوی یارمەتیدەر بۆ خوێندن و نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ دا.

***مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.**



# کتێبی
# (دیوێکی تری جەواهیری)

سەدیق سەعید پراندزی



ئینگلیز دەڵێ: (هەموومان وەکوو مانگ واین، ڕوویێکی شاراوەمان هەیە) بێگومان گەلێک جار، ئەو ڕووە شاراوە، دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی و ئیدی لە پەراوێزییەوە، ئەوڕووە شاراوەیەمان بۆ هەمووان دەردەکەوێت. ڕوویێک کە ڕەنگە زۆر دوور و جیاواز بکەوێتەوە لەوەی کەسەکەمان پێ ناسیوە.

هەموومان جەواهیریمان وەکوو شاعیرێکی گەورە و ئازادیخواز، کە لەبەرەی گەل و چەوساوەکان دابووە ناسیوە، بەڵام کاتێ لەخوێندنەوەی کتێبی (دیوێکی دیکەی جەواهیری) دەبینەوە، ئیدی ئێمە جەواهیرییەک دەناسین، کە سەد و هەشتا پلە جیاوازە لەو شوناسە مێژوویی و ئەدەبییەی پێی ناسراوەتەوە و ڕەنگە چیتر جەواهیری پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە نەبێت. کتێبی (دیوێکی تری جەواهیری) کە لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا لەلایەن دەزگای سەردەم چاپ و بڵاوکرایەوە، لەلایەن (ئەحمەد سەیدعەلی بەرزنجی) نووسراوە و تیایدا تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕووە شاراوەیەی ئینگلیز وتەنی وەکوو مانگ هەمانە و شاراوەیە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، لەکۆمەڵە وتارێکی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مێژوویی جەواهیری پێکهاتووە، بەڵام ژیانێک، جیاواز لەوەی خوێنەری کورد پێشتر ئەو شاعیرەی پێ ناسیوەتەوە. یەکێک لەدیارترین ئەو باسانەی لەو کتێبەدا هەیە ئەوەیە، کە پەیوەندی جەواهیری بە دەسەڵات و کارەکتەرە سیاسییەکان و بەرپرسان، زۆر بە وردی دەخاتەڕوو. بە جۆرێک وەک شاعیرێکی (دەربار و هەڵپەرست) دەردەکەوێت، نەک شاعیرێک کە شیعر وەک سەرمایەکی گەورەی ئەدەبی و کەسی ببینێت. جەواهیری، هەر لەسەرەتای نووسینی شیعرەوە، شیعری وەک کەرستەی ستاییش و پیا هەڵدان بینیوە و بەردەوام لەکۆشکی دەسەڵاتداران، شیعری بەسەر ئەم و ئەو هۆنیوەتەوە. هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە، کاتێ پۆستێکی لەکۆشکی پاشایەتی سەردەمی مەلیک فەیسەڵی یەکەم پێدەدەن، ئیدی هەواوهەوەسی ژیانی زەنگینی، لەعێراقێکی پاشایەتی و دواکەوتوودا، لەخۆبایی دەکەن و شیعر بۆ پاشا و کاربەدەستان دەنووسێت و ستاییشیان دەکات و پیایاندا هەڵدەڵێت. دوای مردنی فەیسەڵی یەکەمیش، ئەمجارەیان بۆ نوری سەعید و فەیسەڵی دووەم و وەسی شیعر دەنووسێت و بەوانیش هەڵدەڵێت، بەدوای ئەوانیش، زەعیم کەریم قاسم و کاتێ نێوانی لەگەڵ زەعیمیش تێکدەچێت، ئیدی دەڕواتە دەرەوەی وڵات و دواجاریش بەڕەزامەندی بەعسییەکان و دوای کودەتاکەیان دەگەڕێتەوە و ئەمجارەیان شیعر بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر دەنووسێت. جەواهیری، کە پێدەچێت شاعیرێکی دەربار و هەڵپەرست بووبێت، بەردەوام بەدوای پۆست و پلە و پایە و دەسکەوتەوە بووە، بۆیە جارێکییان سێ هەزار دۆنم زەوی، لەسەردەمی پاشایەتی فەیسەڵی دووەم لەلایەن (وسی)یەوە لەشاری کوت پێ دەدەن. زەوییەکەش هی جووتیارەکان و بە فەرمانی حکومەت لەسەرۆک هۆزەکان ستێنراوە و بەیەک ڕۆژیش کاروبارە یاساییەکانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئاودێری بۆ تەواو کراوە. جەواهیری شەرم و سڵی لەوە نەکردۆتەوە، کە ناو و پێگەی شیعریی خۆی بچووک بکاتەوە، داوای پۆست لەکاربەدەستان و دەسەڵاتداران بکات، تەنانەت ئەگەر بە کرووزانەوە و نووزانەوەش بێت. جەواهیری، دڵی هەر بەوە ئاوی نەخواردۆتەوە کە شیعر بۆ پاشا

و کاربەدەستانی عێراق بڵێت، بەڵکوو بۆ پاشاکانی ئوردن و مەغریب و سعودییەش، شیعری نووسیوە و پیایانیدا هەڵگووتوە، شیعری بۆ حافز ئەسەد و کوڕەکەشی نووسیوە. ئەمە وێرای ئەوەی لەکوێ هەستی کردبێت بەرژەوەندییەکی هەیە، شیعری بۆ نووسیوە و ستاییشی کردوون. بەم جۆرە ئەم شاعیرە، کورد وتەنی ( با لەکوێ هاتبێت لەوێ شانەی کردووە) و شیعری وەکوو کەرستەی ستاییش، پێدا هەڵگووتن، مەرامی کەسی و تایبەتی بەکار هێناوە و شیعری وەکوو دوایین خولیای ژیانی بینیوە. جەواهیری، پۆست و پایە و دەسکەوتی ماددی، زۆر پێ لەشیعر و شیعر نووسین گەورەتر و پیرۆزتر بووە. ئەوەی بەلایەوە گرنگ بووە ئەوە بووە، کە چۆن بەرژەوەندییەکانی دەستەبەر دەبن و چەند دەتوانێت لەگەڵ واقیعی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بگونجێنێت. ئەمەش هەمان ئەو قسەیەی کۆمەڵناسی ناوداری عێراقی (عەلی وەردی)م بیر دێنێتەوە، کە تاکی عێراقی بە تاکێکی دووڕوو، حەربا ئاسا دەناسێنێت، بەو مانایەی لەگەڵ هەموو بارودۆخەکان خۆی دەگونجێنێت و دەست بە کڵاوی خۆیەوە دەگرێت با نەیبات، بەڵام ئاخۆ ئەمە بۆ شاعیرێکیش دەبێت و ڕەوایە؟ ڕوویەکی دیکەی ژیانی جەواهیری کە هەر لەو کتێبەدا باسکراوە ئەوەیە، کە جەواهیری ژنی وەکوو ئامرازێک و کاڵایەک لەپێناو پیاودا بینیوە و هەمان ئەو ڕوانگە خێڵەکی و پەتریاکییەی هەبووە، کە زۆرینەی ڕۆژهەڵاتییەکان هەیانە. جەواهیری لەهەر شوێنێک ژیابێت و لەنگەری گرتبێت، بیری لەوە کردۆتەوە ژنێک بهێنێت و لەگەڵی بژیت. سەروەختێک لەکێڵگە چەند دۆنمییەکەیدا لەپارێزگای کوت دەژیت، کچێک دەهێنێت کە تەمەنی تەنها هەڤدە ساڵە، بەڵام خۆی لەتەمەنی پەنجا و هەشت ساڵی دابووە، واتا چل و یەک ساڵ لەکچەکە گەورەتر بووە. ئەمە لەگەڵ دنیابینی کەسێک یەکدەگرێتەوە، کە شاعیر بێت و شیعر لەپێناو ئازادی و خاک و ژن بە تێگەیشتنی خۆی بنووسێت؟ لەوە کارەساتریش ئەوەیە، جەواهیری دوای ئەوەی لە کێڵگەکەی نامێنێت و دەگەڕێتەوە بەغدا، ئەو ژنەی تەڵاق دەدات کە تەنها چوار ساڵ بوو هێنابووی. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە جەواهیری کاتێ لەوێ ژیاوە و تەنها بووە، ئیدی پێویستی بەوە بووە، ماکەکەی خۆی بە ژنێک تێر بکات، کاتێکیش دەگەڕێتەوە بەغدا بۆ لای ماڵ و ژنەکەی دی، ئیدی ئەو ژنە گەنجە تەڵاق دەدات و بەرەڵای دەکات. بێگومان کاتێ ئەو هەڵوێست و تێگەیشتنانەی شاعیرێک، بەراوردی پێگە و ناووشوناسی کۆمەڵایەتی و جەماوەری دەکەین، شۆک دەبین کە چۆن دەبێت ئەمە دنیابینی شاعیرێک بووبێت، کە ناوێکی گەورە و درەوشاوەی مێژووی ئەدەبی عێراقی و عەرەبی بووە؟ مەگەر ئەو دنیابینییە هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دنیابینی هەر کەسێکی دیکەی خێڵەکی و میللی وکۆنسەرڤاتیڤ؟ دواجار دەڵێم کە ئەو کتێبە دەخوێنینەوە، جەواهیرییەکی دیکە دەبینین، کە زۆر جیاوازە لەو جەواهیرییەی ئێمە ناسیومانە و پێی سەرسام بووینەوە شیعرەکانمان خوێندۆتەوە.




**"هەموومان جەواهیریمان وەکوو شاعیرێکی گەورە و ئازادیخواز، کە لەبەرەی گەل و چەوساوەکان دابووە ناسیوە، بەڵام کاتێ لەخوێندنەوەی کتێبی (دیوێکی دیکەی جەواهیری) دەبینەوە، ئیدی ئێمە جەواهیرییەک دەناسین"**

***پەراوێز: ناوی کتێب:** دیوێکی تری جەواهیری، نووسینی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم ۲۰۲۱.



# تەها حوسێن

# لەوپەڕی نائومێدییەوە بۆ پێشەنگی ئومێدخوازان



سەنگەر زراری

بێگومان لە سەردەمی ئێستەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ژیان بۆ کەسانی نابینا زۆر ساناترە وەک لە سەردەمانی پێشوو، ئێستە هەر هیچ نەبێ دەتوانن لە ڕێگای مۆبایل و تەلەڤزیۆنەوە گوێ لە باس و بابەت و کتێبان بگرن، تەنانەت لە ئەوروپا بەهۆی مۆبایل و بەرنامەکانی ڕێڕۆیشتن، بەبێ کێشە بە ڕێگاکاندا بێن و بچن. بەڵام سەردەمانی پێشوو لە زۆربەی هەرەزۆری کار و کردەوەکانیان، پێویستیان بە کەسانی دیکە هەبوو. هەرچەندە نکوڵی لەوە ناکرێ کە نابینایان بەگشتی کەسانی زیرەکن و هەست و زەینیان لە کەسانی چاوساغ زۆرتر و بەهێزترە و بەهرە و توانای زۆریان هەیە، بەڵام هێشتە هەر بۆ زۆر شت پێویستیان بە کەسانی دی هەیە، بۆیەش ڕەنگە زۆر جار نابینایان بە هۆی نابیناییەکەیانەوە لە ژیان نائومێد بن، وەکوو چۆن کەسانی چاوساغ بەهۆی پاڵنەری دیکەوە نائومێد دەبن، کێ چووزانێ؟! خۆ چیرۆکی ناخی زۆربەیان وەکوو چیرۆکی ئەدیب و نووسەر و بیرمەندی ناوداری عەرەبی «تەها حوسێن» بە ئێمە نەگەیشتووە تاباسی ئەو نەهامەتییانە بکات، کە زۆربەیان بەهۆی نابیناییەوە تووشی هاتوون، بەڵام ئەو بە زیرەکی و زۆرزانیی خۆی لە کۆتاییدا دەگاتە پێگەیێک، کە کەم چاوساغ پێی گەیشتوون.

تەها حوسێن لە بیرەوەرییە بەناوبانگەکەیدا (ڕۆژگار–الايام) ژیانی تایبەتیی خۆی دەگێڕێتەوە لە سەرەتاوە تا گەڕانەوەشی لە پاریس.

لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات کە لە گوند ژیاوە و ئەو نەهامەتییانەی بەدەست مەلای گوندەکەوە چەشتوویێتی، هیوایەتەکانی باوکی کە خوازیار بووە ڕۆژێک لە ڕۆژان کوڕەکەی ببێتە مەلاییێک لە ئەزهەر و لەژێر یەکێک لە ستوونەکانی ئەزهەر قوتابیی لێ کۆببنەوە و وانە بڵێتەوە، بەو شێوەیەی کە ئەوکات باوبووە، بەم جۆرەش ڕەوتی ژیانی بەردەوام بکات. هەر لەسەر ئەم حەز و ئاواتە، باوکی لەگەڵ براکەی دەینێرێتە ئەزهەر، ئەویش وەکوو هەرکەسێکی دیکەی خەڵکی عەوامی ئەوکات وێنەیێکی جوانی زانکۆی ئەزهەری لە خەیاڵدا هەیە، بەڵام دواتر کە دەچێتە ئەوێ و لەوێ دەست بە خوێندن دەکات، وێنەکە بە جۆرێکی دیکەیە، بەتایبەتییش لەبەر ئەوەی ئەو دیدێکی ڕەخنەگرانەی لەبیر و زەیندایە. بۆیەش هەرزوو لە ئەزهەر دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە زانکۆی میسر، لەوێش بەهۆی زیرەکییەکەیەوە

دەخوێنێ تا پلەی دکتۆرا بەدەست دێنێ و دەنێردرێتە پاریس بۆ خوێندنی لیسانس و دکتۆرا و دەبێتە یەکەم قوتابیی میسری کە لیسانسی باڵا بە زمانی لاتینی لە فەرەنسا بەدەست دێنێ.

تەها حوسێن بە نەداری و کوڵەمەرگی ژیاوە، تەنانەت لە منداڵیدا بەهۆی نەبوونی چاوەکانی و گوێپێنەدان بە پێداویستییەکانی و هەستنەکردن بە گرفتی بێ چاوی لەلایەن ئەوانی دیکە، بیری لە خۆکوشتن کردووەتەوە، بەڵام هەر ئەو کەسە دواتر دەگاتە ئاستێک، کە بە ڕاگری ئەدەبی عەرەبی ناو دەردەکات.

کتێبی ڕۆژگار، بە جۆرێک نووسراوە، کە ئازایەتی و بوێریی تێدایە و لەوێدا تەها حوسێن دان بە شکست و هەڵەکانی ژیانیدا دەنێت، باسی ژیانی منداڵی و ئەزهەر و ڕۆیشتن بۆ پاریس و چیرۆکی خۆشەویستی و ژنهێنان و باسی فەرەنسای سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووداوەکانی ئەوێ و بیرمەند و نووسەرە بەناوبانگەکانی فەرەنسا، کە لەوێ چاوی پێ کەوتوون، دەکات.

لە کاتێکدا کە وەکوو گوتمان ژیانی نابینایی بۆ ئەوکات گەلێ قورس بوو، بەڵام تەها حوسێن ئەو وێنەیە ئاوەژوو دەکاتەوە کە ئەگەر مرۆڤێک چاوەکانی لەدەست بدات، لە ژیان بێئومێد بێت و پێی وابێت دەبێ بە خەم و ئازارەکانییەوە بژییێت تا سەر دەنێتەوە، ئەو هاندەرێکە بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەتایبەتیش نابیناکان، ئەوەش دەردەخات کە بە ئاسانی نەگەیشتووەتە ئەم سەرکەوتنانە، بەڵکوو چەندین دۆخی نائومێدی و نیگەرانی و خەم و خەفەتی تێپەڕاندووە تا گەیشتووتە ئەو ئاست و پلەیە، هەر بۆ نموونە کاتێ باسی ئەوە دەکات کە چۆن نابینایێک ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی نان بخوات، یان ئەو کاتانەی لە ئەزهەر بووە، هەمیشە لە کاتی شەوان برایەکەی هیچ حیسابێکی بۆ هەست و سۆزی ئەو نەکردووە و شەوان چووەتە لای هاوڕێکانی و ئەوی بەتەنیا لە شوێنی مانەوەیان جێ هێشتووە و ئەویش لە ناو خەم و بیرکردنەوە بێبڕانەوەکانی و ترسدا ماوەتەوە و خەویش نەچووەتە چاوی، تا ئەو کاتەی براکەی گەڕاوەتەوە، بەڵام دواتر بەخت وردەوردە یاوەری دەبێت و بە پایەکانی ژیاندا هەڵدەزنێ و ناوبانگێکی جیهانی وەدەست دێنێ.

وەنەبێ تەها حوسێن هەر لە سەرکەوتن دابووبێ و هیچ کات نەگەڕابێتەوە سەر نائومێدییەکانی، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی نامەیێکی دکتۆرای لەبارەی ئەبو عەلای مەعەڕری نووسیوە (کە ئەویش کەسێکی نابینا و نائومێد بووە لە ژیان) جاربەجار ئەوەی بە خەیاڵدا هاتووەتەوە کە هەردەم پێویستی بە کەسانی دیکە هەیە، ئەمەش سەرەڕای بوونی ژن و منداڵ و ناوبانگ و بڕوانامەی بەرز، بەڵام جارجار خستوویەتییەوە دۆخە نائومێدییەکە: «هەمیشە ئەو وتەیەی ئەبولعەلای وەبیر خۆی دێناوە کە دەڵێ من کەسێکم تواناکانم پەیوەستە بە خەڵکانی دیکەوە، ئەمیش هەروا خۆی دەبینییەوە کە بێ کەسانی دی، دەسەپاچەیە...ل٣٠٣». بەڵام نائومێدییەکەی بە جۆرێک نەبووە کە ژیانی لێ تاڵ بکات و سەراپای ژیانی داگیر بکات.

“هەمیشە ئەو وتەیەی ئەبولعەلای وەبیر خۆی دێناوە کە دەڵێ من کەسێکم تواناکانم پەیوەستە بە خەڵکانی دیکەوە”




ڕۆژگار، یەکێکە لە بەناوبانگترین کتێبەکانی بیرەوەری لە سەدەی بیستەم، بە زمانێکی ڕۆمان ئامێز نووسراوە، دیدێکی ڕەخنەگرانەی هەیە هەم بۆ ژیانی خۆی و هەم بۆ ئەو بارودۆخەی لە وڵاتی خۆی و لە فەرەنساش تێیدا ژیاوە.

تەها حوسێن بیرەوەرییەکانی لەسەر زمانی خۆی، واتا بەشێوەی گێڕانەوەی کەسی یەکەمی تاک (وەکوو لە نووسینەوەی بیرەوەریدا باوە) نەنووسیوە، بەڵکوو لە ڕێگای کەسی سێیەمی نادیارەوە گێڕاویتییەوە، دەشێ ئەمەی بۆ ئەوە بێ کە ناتوانێ لە ڕێگای گێڕانەوەی خودی خۆیەوە بابەتەکان بگێڕێتەوە کە بەهۆی نابیناییەوە بەچاوی خۆی نەیبینیون، بەڵکوو بە هەستەکانی بیستن و بەریەککەوتن و هەستەکانی دی هەستی پێ کردوون. هەربۆیەش هەستەکانی

“بەرلەوەی بچێتە فەرەنساش هەرزوو بیرێکی ڕەخنەیی لە بیر و زەینیدا گەشە دەکات و لە ئەزهەر هەڵ دەگەڕێتەوە”

خەیاڵین و هەندێجار لە چاوی کەسانی دیکەوەیە و بەم جۆرەش بیرەوەرییەکانی وەکوو ڕۆمانێک، یان ژیاننامەی کەسێکی دیکە نووسیوە. ئەمەش لە لایێک بۆ دەربازبوون لەو گرفتی نابیناییە دادەنرێ کە خۆی بە چاوی خۆی ڕووداوەکانی نەبینیون و لە لایێکی دیکەش بووەتە مایەی ڕەخنەی دژبەرانی تەها حوسێن، بەوەی کە ئەم کتێبە یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی گێڕانەوەی بیرەوەری تێدا نییە، ئەویش گێڕانەوەیە لە ڕێگای خودییەوە.

> **یەکێک لە دیارترین ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی دەکرایەوە ئەوەبوو کە لایەنی زانستی و لایەنی خودی و هونەری تێکەڵ بە یەکدی دەکرد**

تەها حوسێن زۆر بە فراوانی تا ئێستەش ستایش دەکرێت و بیروبۆچوونەکانی بە نوێخوازی دادەنرێن، بەڵام بەدووریش نەبووە لە ڕەخنە، بۆ نموونە یەکێک لە دیارترین ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی دەکرایەوە ئەوەبوو کە لایەنی زانستی و لایەنی خودی و هونەری تێکەڵ بە یەکدی دەکرد. هەندێک دەڵێن بۆچوونەکانی لەبارەی جیهانی عەرەبی و داهاتووی کلتوور و فەرهەنگی میسری، لەژێر کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە لەکاتی خوێندنی لە فەڕەنسا بەدەستی هێناوە. بەڵام ئەوەندە هەیە کە تەها حوسێن بەرلەوەی بچێتە فەڕەنساش، هەرزوو بیرێکی ڕەخنەیی لە بیر و زەینیدا گەشە دەکات و لە ئەزهەر هەڵدەگەڕێتەوە و بۆی دەردەکەوێ کە ناوەکەی لە ئاستی ناوبانگەکەیدا نییە. داوای نوێخوازی دەکات و دژی کۆنەخوازییەکانی ئەوان دەوەستێتەوە.

> **لەسەر دەستی بیرمەندی دیار «محەمەد عەبدە» فێری یاخیبوون لە شێخەکانی ئەزهەر و بیری ڕەخنەیی دەبێت**

تەها حوسێن، لە سەردەمێکی هەستیار ژیاوە، بەتایبەت ئەم کتێبەش کاریگەریی ئەو سەردەمەی بەسەرەوەیە، ئەو سەردەمە، سەردەمی دروستبوونی گیانی نەتەوەخوازی، دروستبوونی حیزبی سیاسیی هاوچەرخ، هاتنەدەرەوە و ئازادیی زیاتری ئافرەت، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و سەرەتای نووسینەوەی دەستووری میسر بوو.

تەها حوسێن وەکوو چۆن بەوە بەناوبانگ بوو کە بەرگریی لە مافی ئافرەت و ئازادیی ئافرەت دەکرد، ئەمەی لە کتێبی «ڕۆژگار»یشدا لە بەرامبەر خێزانەکەیدا کردووە، چونکە بە جۆرێک سوپاس و ستایشی دەکات، نەک وەکوو ئەوەی خێزانی بێت، بەڵکوو وەکوو ئەوەی کەسێکی بێگانە بێت و چاکەیێکی زۆری لەگەڵدا کردبێت. بۆیە ناکرێ ڕۆڵی خێزانەکەی لە ژیانی تەها حوسێن، «سوزان بریسۆ» لەبەرچاو نەگیرێ، کە ئافرەتێکی فەڕەنسی بوو، کچێکی بە ناوی ئەمینە و کوڕێکی بەناوی موئنیس لێی بوو، ئەو ئافرەتە بە درێژایی ژیانی کتێبی بۆ تەها حوسێن دەخوێندەوە و لە ڕێگای خوێندنەوەوە تەها حوسێنی فێری زمانی فەڕەنسی و یۆنانی کرد، لە بەدەستهێنانی دکتۆرا و لیسانسەوە تا مردنیشی وەکوو کۆڵەگەیێک و سەربازێکی ون لەپاڵی بوو.

## ژیانی تەها حوسێن

تەها حوسێن (١٨٨٩-١٩٧٣ز) نووسەر و مامۆستای زانکۆ و ئەدیب و نووسەرێکی بەناوبانگی میسر و جیهانی عەرەبی بوو، یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییەکانی بزاڤی ئەدەبی نوێی عەرەبی و بیری نوێخوازی عەرەبی کە تا ئێستەش بیروبۆچوونەکانی جێی مشتومڕن.

کتێبی «ڕۆژگار»ی لە ساڵی (١٩٢٩ز) بڵاو کردووەتەوە، کەچی خۆی نزیکەی چل ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە کۆچی دوایی کردووە، بەمەش بەشێکی زۆری ژیانی و ئەو بەشەی کە تێیدا بەناوبانگ دەبێت، لە کتێبەکەدا نییە، کە ئەگەر هەبووایە، بێگومان کاریگەرییەکەی لە ئێستە زۆر زیاتر دەبوو.

لە ئەدەبی عەرەبیدا نازناوی «عەمیدی ئەدەبی عەرەبی»یان بە تەها حوسێن بەخشیبوو، ئەمەش بەهۆی زیرەکییەکەیەوە. ئەو لە نێوان چواردە منداڵی باوکی، حەوتەمینیان بووە.

لە زانکۆی ئەزهەر خوێندوویێتی، لەسەر دەستی بیرمەندی دیار «محەمەد عەبدە» فێری یاخیبوون لە شێخەکانی ئەزهەر و بیری ڕەخنەیی دەبێت و لەبەر بۆچوونەکانی لە زانکۆی ئەزهەر دوورخراوەتەوە. دواتر بەناچاری ڕووی لە زانکۆی تازە دامەزراوی میسر کردووە، لەوێ لەسەر شاعیری عەرەبی «ئەبو عەلای مەعەڕڕی» دکتۆرای وەرگرتووە. پاشان دەچێتە فەڕەنسا و لەوێ لیسانس لەبارەی ئیبن خەلدوون و دکتۆرای مێژوو بەدەست دێنێ.

لە ساڵی ١٩١٩دا، گەڕاوەتەوە میسر، ماوەیێک وەکوو مامۆستای زانکۆ کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٣٠ دەکرێتە ڕاگری کۆلێژی ئاداب. لە ساڵی ١٩٥٠دا کراوە بە وەزیری مەعاریفی وڵاتی میسر و لە ساڵی (١٩٧٣ز) کۆچی دوایی کردووە.

* ڕۆژگار (بیرەوەرییەکانی تەها حوسێن)- تەها حوسێن، لە عەرەبییەوە: شیروان هەڵەبجەیی، ناوەندی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی یێکەم (٢٠١٩).

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان ( بەشی ٤ )

د. ئەرسەلان بایز

# شەو لەکێوان

(٤)



د. ئەرسەلان بایز

دوای گەیشتنی پاسەکە بۆ شاری بۆکان، سەرنشینەکان هەریەکە و بەرێی خۆیاندا ڕۆیشتن.

(ئەو)یش دوای پرسین و وەرگرتنی ناوونیشانەکە بەرەو ماڵی کاک (سلاح) ڕۆیشت. لە ڕێگای خۆیدا، کاتێ بە شەقامەکاندا تێدەپەڕی، سەرنجی لەهەموو شتێک دەدا کە بەرچاوی دەکەوت. دوکان و بازاڕەکانی، شەقامە پاک و خاوێنەکان، جلوبەرگی ژنان و پیاوان. شێوەزاری قسەکردن. جیا لە وەسف و گۆرانییەکانی (حەسەن زیرەک).

(ئەو) پێشتر هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو شارە و وردە بابەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەبوو، بەڵام ئەمجارە کاتێ بە وردی دیقەتیدا پێیوابوو هەندێ جیاوازی لە کلتوری نێوان ئەمدیوو ئەودیوی کوردستان هەیە. شار و شارۆچکەکانی ئەودیو پاک و خاوێنتربوون لە شار و شارۆچکەکانی ئەمدیو.

(ئەو) شێوەزاری قسەکردنی موکریانی بە ناسک و ڕەسەنتر لەشێوە زارەکانی دیکەی کوردستان دەزانی. بەتایبەتی کاتێ کچە باڵا بەرز و پشتێن لە کەمەرەکانی قسەی پێدەکەن، چارشێوە ڕەنگاوڕەنگەکانی سەر قەد و باڵای ژنەکان سەرنجی ڕاکێشا، چونکە لەمدیو ئەو چارشێوانە نەبوون، بەڵکوو ژنان (عەبا)ی عارەبیان دەپۆشی. دیار بوو هێشتا مشکی و چەفیە بۆ تیلاکی پیاوان هەر باوی مابوو. کەچی لە کوردستانی ئەمدیو ماوەیێکە مۆدێلی بەسەرچووە. هەروەکوو شەرواڵ و مراد خانیەکان هێشتا لەودیو ڕەواجی مابوو، بەڵام لای خۆمان بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێت.

(ئەو) پێیوابوو بەشێک لەو دیمەنانەی بەرچاوی کەوتن. لەژێر کاریگەری کلتووری ئیمپراتۆریێتی ساسانی بوو. کەچی کوردستانی ئەمدیو لە ژێر کاریگەری شارستانێتی بیابانی عەرەبە. بە سۆراغ چووە نێو حەوشی حەسارێکی گەورە. لەوێ چەندین کەس لە حەسارەکە لەهاتن و چووندابوون. ڕووی لە دەرگای دیوەخانی ماڵەکە کرد. لەوێوە بۆی دەرکەوت بنەماڵەی (موهتەدی) خاوەن قۆناغێکی دێرین و ناووناوبانگ و موڵکێکی زۆرن، باوکیان وەزیری حکومەتەکەی سەردەمی کۆماری مەهاباد و (قازی محەمەد) بووە. کوڕەکان هەموویان پیاوی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیر بوون. کاتێ لە دیوەخانەکە چووە ژوورەوە هەواڵی (کاک سەلاحی) پرسی: ئەویش بە گفتولفتێکی شیرین پێشوازی لێکرد و بەخێرهاتنی کرد. دوای پشوویێک و چا خواردنەوەیێک نامەکەی دایە دەست. ئەویش پاش خوێندنەوەی جارێکی دی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد و پێی ڕاگەیاند هەر لەوێ بمێنێتەوە تاکوو کارەکەی بۆ ڕایی دەکات. (کاک سەلاح) هەڵگری بڕوانامەی کۆلێژی یاسای زانکۆی تاران بوو. لە تەمەنی (مام جەلال) شتێک بچووکتر بوو. پیاوێکی هەندێ بەلای کورت و تێکچەقی، دەمولفت شیرین

**لەو سەروبەندەدا (مام جەلال) نێوەندگیری نێوان نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی نوێی ئێرانی کرد**

بوو. قسەخۆش. زۆر شارەزا لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردستان. بە حوکمی باگراوندی بنەماڵەکەیان هەر لە گەنجێتییەوە خولیای کاری سیاسی بوون. لە تەمەنی گەنجێتیدا چەند جارێک چ بە سەردان و چ بەخۆ حەشاردان و چ بۆ کاری سیاسی سەردانی کوردستانی باشووری کردبوو.

لەماوەی ئەو دوو ڕۆژەی (ئەو) لەوێ بوو تەنیا بۆ ساتێکیش دیوەخانی کاک (سلاح) بێ میوان نەبوو، بەشێکی باشیش لەو میوانانە هەوادارانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) بوون. هەر سێ ژەمەکە چەندین (سینی) خواردن بۆ دیوەخانەکە دەهات بۆ میوانەکان، دوو سێ کەسیش خزمەتی میوانەکانیان دەکرد.

دەگێڕنەوە پیاوێکی نیشتیمانپەروەر و لەبز شیرین بەناوی (مەلا عومەری عەسری) زۆر دۆستی (کاک سەلاح) و بنەماڵەی (موهتەدی) دەبێت. خۆشی خەڵکی (بۆکان) بوو. ڕۆژانە چەندین سەعات دەچێتە دیوەخانەکە، نەریتی ئەو دیوەخانەش ئەوەبوو لەگەڵ هاتنی هەرمیوان و کەسێک بۆ دیوەخانەکە هەموویان بەپێی تەمەن و پایە لەبەری هەڵدەستانەوە. ڕۆژێکیان (کاک عومەر) ڕوو لە (کاک سەلاح) دەکات و دەڵێت: کاکە گیان...! پلەیێکیش بۆمن دیاری بکە. چونکە من مردم ڕۆژانە هێندەی هەڵسمەوە و دانیشمەوە. بابزانم پلەی من چییە و کێ لە من باڵاترە و بەندەش لە کێ باڵا ترم، تاکوو بەپێی ئەو پلەیە هەڵسمەوە، یان هەڵنەسمەوە.

تا ئەو ساتە وەختە، هێشتا دەوڵەتی ئێران بە تەواوی دانەمەزرابۆوە، سەرقاڵی دژایەتی گروپە چەپ و مارکسی و موجاهیدینی خەڵک بوون لە تارانی پایتەخت، هێشتا نەپڕژابوونە سەر ناوچەکانی دی و نەیتوانیبوو کوردستانی ڕۆژهەلات داگیربکەنەوە، بۆیە شارۆچکەی (بۆکان) ناوەندێکی بەهێزی حوکمڕانی حزبە کوردییەکان بوو. جیا لە بوونی چەندین بارەگای حزبە کوردی و فارسە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، ڕۆژانە دەیان چەکدار لەناو شەقام و کۆڵانەکان لە هاتووچوودا بوون. جارجارە ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن. خۆیان ساز و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی داهاتووی سوپای ئێران دەکرد. شیاوی باسە

**(ئەو) شێوەزاری قسەکردنی موکریانی بە ناسک و ڕەسەنتر لەشێوە زارەکانی دیکەی کوردستان دەزانی. بەتایبەتی کاتێ کچە باڵا بەرز و پشتێن لە کەمەرەکانی قسەی پێدەکەن**

ململانێیەکی توندیش لەنێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبوو. هەردوولاش خاوەن بارەگا و پێشمەرگەی چەکدار و ڕێکخستن و لایەنگری زۆر بوون. هەر هێندەت دەدیت پانزە بیست گەنجێک لەسەر یەکێ لە شەقامەکان کۆڕیان دەگرت و مناقەشەی فیکرییان لەگەڵ نەیارەکانیان دەکرد.

شیاوی باسە لەو سەروبەندەدا (مام جەلال) نێوەندگیری نێوان نوێنەرانی حزبە



کوردستانییەکانی ڕۆژهـەڵات و دەوڵـەتی نوێی ئێرانی کرد. چەندین دانیشتنی لەیەکتر تێگەیشتن و گفتوگۆ ئەنجام درا. چەندین شاندی حکومەتی ئێران هاتنە کوردستان و چەند جارێکیش وەفدی کوردستان چوونە تاران. بەڵام سەرەنجام ڕێکنەکەوتن، چونکە دەوڵـەتی ئیسلامی ئێران دەیویست وەکوو سەردەمی حکومەتی پێشوو کوردەکان لە مافە ڕەواکانی خۆیان بێبەش بکەن.

دوای دوو ڕۆژ مـانـەوە، پێش نیوەڕۆیێک (کـاک سـەلاح) کلاشنکۆفێکی دەستی دووی چینی بەیەدەگێکەوە ڕادەست کرد و پێیوت: ئەمەم بۆ پەیدا کردوویت. لەگەڵ گەڕانەوەشت سڵاوی من بە (مام جەلال) بگەیەنە.

(ئەو)ی دەروێش و گەرمە تەریقەتی کۆمەڵە، جۆری چەکەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو هێندەی بوونی بە خاوەن چەکی لا پیرۆز بوو. لەگەڵ وەرگرتنی چەکەکە لە ناخی خۆیدا گوتی: ئۆخەی دوای دوو سێ مانگ بووم بە خاوەنی چەکی خۆم. ئێستا (ئەو) پێشمەرگەیێکی چەکداری ڕاستەقینەیە. چەک دەزگیرانێکی خۆشەویست و بێ وێنە بوو. لەدوای وەرگرتنی چەکەکە



و سوپاس گوزاری زۆری (کاک سەلاح) لەو هەموو لوتف و خزمەتگوزارییە خۆی گەیاندە گەراجی گەڕانەوە. بەرە بەری بانگی ئێوارە گەیشتەوە سەردەشت و سەردانێکی مەکتەبی (ی.ن.ک) کرد.

(مامۆستا محسن) بەزەردەخەنەوە پێیوت: بێ چەک ڕۆیشتی کەچی بە چەکداری هاتییەوە. دواتر گوتی: هەواڵێکی خۆشیشم بۆت پێیە (شارا)ی دەزگیرانت هاتووە و ئێستا لە (ناوزەنگ)ە. هاوڕێیان ئاگاداریيان کردوومەتەوە کە ئەو مژدەیەت بدەمێ. هەواڵی هاتنی (شارا) خۆشی گەشتەکەی ئێرانی زیاتر کرد. ئێستا وەکوو پێشمەرگەیێکی خاوەن چەکی خۆی دەچێتەوە بەردەمی دەزگیرانەکەی.

پـانزە ڕۆژێـک دوای کـردنـەوەی دەورەی کادیران (کاک فەرەیدون) پێیگوت: کە نیازی وایە بەدوای (پاکیزەخانی) خێزانیدا بنێرێ و بە یەکجاری بێت بۆ لای.

(ئـەو)یش دەرفەتێکی باشی دەسـت کـەوت تاکوو بە دوای (شارا)ی دەستگیرانیدا بنێرێ. سەرپشکی بکات لەهاتنی یەکجارەکی بۆ شاخ، یان دیسـان چەندین ساڵی تر چاوەڕوانی بەیەک گەیشتن بن. دیـارە (شـارا)ش لەلای خۆیەوە بڕیاری پێشمەرگایەتی دابـوو، بۆیە لـەگـەڵ (پـاکـیـزەخـان) ڕێـکـەوتـبـوون، هـەر بەیەکەوەش هاتبوونەماڵێکی ناسیاو لە شاری قـەڵادزێ. هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە لەگەڵ چەند وڵاخدارێکی ناسیاو خۆیان گەیاندبووە گوندی (شێنێ) دواتر بۆ (ناوزەنگ).

* * *

(ئەو) لەگەڵ گەردی بەیانی لەخەو ڕابوو. لەگەڵ کلۆبەفر و هەورەکان لە شەڕێکی قورسدا بوو. دوو دڵ، ناڕەحەت، گڕکانێک لەناخیدا قوڵپی دەدا، بەڵام بێ دەسەڵات، هیچی لەگەڵ هەور و کلۆبەفرەکان پێ نەدەکرا. ئاخر کێ دەتوانێ شەڕی خوا بکات. هەر هێندە نەبێ لە ئازاری ناخی خۆیدا ڕقی لە ئاسمان و بەفر و ئەو دیمەنە جوانە سروشتیە دەبـووەوە، چونکە ڕێگربوون لە گەشتی گەڕانەوە و شادبوون بە (شارا). بەو شەبەقیە ژوورە بچووکە چەند مەترییەکەی کردبووە گۆڕەپان و مەیدانی وەرزشی هاتن و چوونی بەپەلە. جارجارەش بێ ئومێدانە لەبەرخۆیەوە منگەمنگێکی دەکرد

**(ئەو)ی دەرویش و گەرمە تەریقەتی کۆمەڵە، جۆری چەکەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو هێندەی بوونی بە خاوەن چەکی لا پیرۆز بوو**

و سەرەتاتکێی لەگەڵ درزی پەنجەرەکە دەکرد، تاکوو بزانێ لەشکری کلۆبەفرەکان کەی هیلاک دەبن و لە هێرشی خۆیان دەکەون. لەناخی خۆیدا هیواخواز و ئارەزوومەند بوو لە تەنیا خولەکێکدا هەگبەی پڕی هەورەکان لە بەفر و باران بڕژێتە سەر زەوی و دەرفەتی وەسڵی یاری بۆ بڕەخسێ. هەورەکانیش بێ باک و بێ ئاگا لە خەمی (ئەو) بە پێی نەریت و یاسای خۆیان هێمن هێمن، بێ هاتوو هاوار سەرتاپای ئاسمان و زەوییان تەنیبوو، بێباکانە فرمێسکی خۆیان هەڵدەڕشت و بەسەر شاخ و دۆڵ و دەشتەکاندا گوزەریان دەکرد.

چێشتەنگاو مژدەیێک، هیواییێک لەنێو لەشکری هەورەکان خۆی نیشاندا، بەشێک لە هەورەکان هەڵیانبرینگاند و ڕووناکییێک لە پانتایی ئاسمان دروست بوو. لەشکری بەفرەکان لە هێرشی خۆیان شەکەت بوون و پاشەکشەیان کرد و وەستان. یان بڵێین بەسەر دەشت و دۆڵ و شاخ و شارەکەدا گوزەریان کرد و تێپەڕین.

(ئەو)یش بەپەلە خۆی کۆکردەوە، کڵاشنکۆفەکەی کردە شان و دەرگای ژوورەکەی کلۆم دا، بەپەلە بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە کرێی خەوتنی شەوەکەی داو ماڵئاوایی لە کارمەندی هۆتێلەکە کرد، ڕێگای مەکتەبی (ی.ن.ک)ی لە شاری سەردەشت گرتەبەر. خرج خرج بەسەر بەفری سەر شەقامەکاندا دەڕۆیشت. بەپێی مەزەندەی (ئەو) نزیکەی دە پانزە سانتیمەترێک باریبوو. بێگومان لە کوێستان و شاخەکان زۆر زیاتر باریبوو، کرێکار و پاککەرەوەکانیش سەرقاڵی پاک کردنەوەی شۆستە و شەقامەکان بوون. تاک و تەراش دوکان و قاوەخانەکان کرابوونەوە، ژنە چارشێو لە سەرەکان، پیاوە پاڵتو لەبەر، لە ترسی کزە با ساردەکە دەمامک دارەکان بەلایدا تێ دەپەڕین. بەڵام (ئەو) هەر لە دونیای خەیاڵی خۆی و لە خەمی چۆنییەتی ڕێگاکردنەوەو گەڕانەوەی (ناوزەنگ) بوو.

کاتێ دەرگای ئۆفیسی مەکتەبی پێوەندییەکانی کردەوە، دووکەڵی جگەرەی ژمارەیێک پێشمەرگە و بۆنی زۆپا نەوتییەکە ژوورە بچووکەکەیان کردبووە نیمچە کورەیێک. مامۆستا (موحسین عەلی ئەکبر) بە گەرمی پێشوازی لێکرد و بە میوانەکانی ناساند. دیاربوو ئەوانیش هەر لە چاوەڕوانی دەرفەتی گەڕانەوە بوون بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ.

دوای نیوەڕۆ. بە نرخێکی چەندجار زیاتر لە نرخی ئاسایی خۆی، شڕە جێبێکی بچووکی لاندرۆڤەریان پەیدا کرد. چونکە ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە نەبوایە. لەو بەفرە زۆرەی سەرجادەکان دەچەقی و پەکی دەکەوت. یەکێ لە تەک ڕاننده و سیانیشیان لە ناوەڕاستی جێبەکە سواربوون. جێبەکە جیا لەوەی (دەبڵ)ی هەبوو لە هەردوو تایەی دواوەشی زنجیری بەست، ڕێگای نێوان سەردەشت و گوندی (بێوران) کە گڵ و چەو ڕێژ و هێشتا قیرتاو نەکرابوو، لەکاتی ئاساییدا هەر تەنیا بیست خولەکێک بوو. بەڵام بەهۆی ئەو بەفرە زۆرەوە هەر بەینە بەینە جێبەکە لەنێو بەفر و قوڕە زۆرەکە پەکی دەکەوت. بۆیە ئەبوو هەموویان بێنە خوارەوە و بە خاکەناس بەفری ڕێگاکەی بۆ پاک بکەنەوە، جارجارەش وردە بەرد بخەنە ژێر تایەکانی ئینجا بە پاڵدان لەو چەقینە دەربازی بکەن. یەکێ لەو هەموو جارانەی هاتنە خوارەوە و پاڵدان و سەرکەوتنەوە، (ئەو) تاکە یەدەگی (مخزن)ی سەر کڵاشنکۆفەکەی لێ ون بوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیزانی چۆن ونبوو. کاتێ سەرنشینەکانی دی بە دیار نەمانی ئەو (مخزن)یان زانی یەکێکیان بە ناوی (حامدی حاجی غالی) خەڵکی شارەزوور و پێشمەرگەیێکی کۆن و کارا و بە ئەزموون بوو، (ئەو) گوێی لێبوو بەلاقرتێوە بە پێشمەرگەکانی دی دەگوت: پیف لەو پێشمەرگە ئەفەندییە هەر لە ئێستاوە دیارە دەست و پێ سپیە و ناتوانێ ئاگاداری چەکەکەی خۆشی بێت. جا تۆ بڵێی چلۆن پێشمەرگەیێکی لێ دەربچێت.. وەڵلە شۆڕش بە تەمای ئەو جۆرە ئەفەندییانەی شار بێت

**“(شارا) خۆی ئەندامی کۆمەڵەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی شاربوو. لەیەکێ لە قوتابخانەکانی شاری هەڵەبجە مامۆستا بوو. گەلێ جار دەبووە پۆستەبەری ڕێکخستنەکانی نێوان سلێمانی و هەڵەبجە”**

(کەشکی لێ دەبێتە فەریک) لەبەر ئەوەی (ئەو) یەکەمین جاری بوو ئەو پێشمەرگەیە بناسێ. ئینجا هێشتا زۆر تێکەڵاو و شارەزای ژیانی شاخ و شۆڕش و پێشمەرگایێتی نەبوو، بۆیە ئەو تەعلیقە زۆر ناڕەحەتی کرد. نەشیدەتوانی وەڵامی بداتەوە. چونکە بەڕاستی ونکردنی مخزنی کلاشنکۆفەکە خۆشی ناڕەحەت کردبوو. بەڵام هێندە بەسەرخۆی نەدەهێنا. هەموو ناخۆشی و ونکردنی یەدەگەکە و تەعلیقەکەی (حامدی حاجی غالی) نەیانتوانی لە خەونی وەرگرتنی کلاشنکۆفەکە و گەڕانەوە و گەیشتن بە (شارا)ی سارد بکەنەوە.

دوای یەک سەعات و چارەکێک لەو هەموو دابەزین و سواربوونەوە، لە پاک کردنەوەی ڕێگای ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکە گەیشتنە گوندی (بێوران). ئیتر لەوێوە هەموویان بەدوای یەکدا ڕێگای ناوزەنگیان گرتەبەر، ئەو ڕێگایە جیا لەوەی چەند ماوەیێکی باشی دەویست بەفریش ڕێگاکەی سەختر کردبوو. بەڵام چ ڕێگاییێک شاخ و دۆڵ و دەشتەکان بە تارای سپی بووکێنی داپۆشرابوون. کزەباییێکی ساردیش وەکوو گوێزان سەری لووت و ڕومەتەکانی شەقار شەقار دەکرد و سمێڵەکانی دەبەستی و دەیکردە شەختە. بۆ ئەو یەکەمین جاربوو کە لەو کەش و هەوا ساردە بەو جۆرە بە پیادە بەڕێدا بڕوات. بەتایبەتی (ئەو) لە گەرمیانەوە هاتبوو. مەگەر بە دەگمەن ئەگینا بەفر لای ئەوان نەدەباری.

(کانی زەرد) یەکێ لە گوندە جوان و خۆشەکانی ئەو دۆڵە بوو، ڕێگاکەش بەنێو ماڵەکاندا تێدەپەڕی لوولەی زۆپای سەربانی ماڵەکان دووکەڵی شینیان لێ دەچووە ئاسمان. جیا لە تاک و تەرا ژنانی شەڕواڵ لەپێ کە لەکانی گوندەکە، بە کۆڵ خەریکی ئاو هێنان بوون، یان گەوەڕەکانیان پاک دەکردەوە، شوانکارەکانیش خەریکی هێنانە دەرەوەی مەڕومالات و پێدانی چرۆ (گەڵا)ی دارەکان بوون بە ئاژەڵەکانیان. بەشکێش لە خەڵکەکە خەریکی پاککردنەوەی سەربانی ماڵەکانیان و گێرانی باگردێن بوون. هێشتا هەورەکە بەری ئاسمانی ئازاد نەکردبوو، ڕووناکی بەرەو کزی و ڕێگاکەش خۆی درێژ دەکردەوەو هەر نەدەبڕایەوە. (ئەو)یش باڵەفڕەی زوو گەیشتن بوو. دۆڵە دیوار ئاساکەی نێوان (قاسمە

> **“ بەشی زۆری خواردنی ئێوارانیش نسکێنە، یان نۆکاو، یان ماکەڕۆنی بێ گۆشت، یان پەتاتەی کوڵاویان سوورە کراوبوو. کێ پارەی لە گیرفاندا بوو. کێ بیری لە پارە و ماڵ و گیرفانی دەکردەوە ”**

ڕەش) و گوندی (نۆکان)یش بە پانتایی خۆی ئاوی پێدا دەڕۆیشت. بۆیە ئەبوو چەندین جار ئەمبەر و ئەوبەر بکەن و لە ئاوەکە بپەڕنەوە. لەگەڵ بانگی خۆراوا شەکەت و ماندوو گەیشتنەوە (ناوزەنگ). بەڵام بۆ (ئەو) بارێکی دی بوو، جارێ بەر لەهەموو شتێ (ئەو) بێباک لەو سەرما و سۆڵ و بەفرە، چۆوە بارەگاکەی خۆیان و سەری خۆی بە ملدا شۆری. ئینجا ئەو دەستە جلە کوردییە قوماش ئەفسەرییەی لەبەرکرد کە ماوەیەک پێشتر بۆ ئەو ڕۆژە دیاری کراوە ئامادەی کردبوو. دواتر وردە وردە بەرەو ماڵی (شێخ دارۆ و نەرمین خان) چووە خوارەوە، چونکە دەیزانی (شارا)ی دەستگیرانی لەوێیە. (دارۆ) کوڕی شێخ سالح ی شاعیری گەورەی کورد و ڕچەشکێنی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بوو. (دارۆ) دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ بوو، برای شەهید (خاڵە شەهاب) بوو کە لە (١٩٨٠/١١/٢١) لە زیندانی ئەبو غرێب لە سێدارەدرا. پێشتر لەسەردەمی خوێندکاری زانکۆ لێپرسراوی شانەی کۆمەڵەی (ئەو) بوو، چوار ساڵ لە زیندانی (ئەبو غرێب)یش لەگەڵ (ئەو) بەیەکەوە بوون. (نەرمین خان)یش کچە خوشکی شەهید (مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید) بوو کە لەگەڵ (خاڵە شەهاب) لە سێدارەدرا. بەڕەچەڵەک کۆیی و ژنێکی وریا و سیاسی بوو، خۆی دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا بوو. ئەو زستانە چەند خێزانێک لەوێبوون، کە تەنیا ئەو چوار خێزانە (شێخ عەلی و فاتمە خان) (دارۆ و نەرمین خان) (ڕووناک خانی کچی شێخ جەناب) و (ئازادی سەگرمە و خێزانەکەی) جیا لە (هێرۆخان)ی لە یاد ماوە.

بەر لەوەی هێمن و لەسەرخۆ لە بارەگای دەورەی کادیران بەرەو ماڵی (شێخ دارۆ) بچێتە خوارەوە، سەردانێکی ماڵەکەی (کاک فەرەیدون و پاکیزەخان)ی کردو و بەخێرهاتنی لێکرد و سوپاسیشی کرد لە هێنانی (شارا) خان، دڵیشی کوت کوت بەپەلە لێی دەدا، ئاخر ماوەی زیاتر لە سێ مانگ بوو لە (شارا)ی دەزگیرانەکەی دابڕابوو. ئینجا بە بووکی هاتبووە (ناوزەنگ). کاتێ لە دەرگاکە چووە ژوورەوە (شارا) بە جل و بەرگی خاکی پێشمەرگانە دانیشتبوو، ئیتر باوەشیان بەیەکتردا کرد و بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد. دوای هەندێ باس و هەواڵی

کەس و کاری هەردوولا. دوای نان خواردن. پاش نوێژی خەوتنان و سوپاس و پێزانین بۆ میوانداربیەکە مۆڵەتیان لە (دارۆ و نەرمین خان) وەرگرت.

(ئەو) دەستی بووکی یەک شەوەی گرت و بەرەو ماڵەکەی خۆیان ڕێیان کرد. بەڵام چ بووکێک، نەچوونە ئارایشگا و لەبەرکردنی جلی سپی تایبەتی شەوی بووکێنی، نە ماکیاج و ئاڵا لەسەر کردن، نە ئاهەنگ و زەماوەندی گواستنەوە. نە هەلهەلە لێدان. نەبوونی کەسوکار. هێمن و بێدەنگ دەستی یەکدییان گرت و بەرەو کۆشکی یەک شەوە کەوتنەڕێ. بووکێک بە جل و بەرگێکی سادەی خاکی پێشمەرگانە و پێڵاوێکی لاستیک لەپێ. نێوانی هەردوو ماڵەکە سەدو پەنجا مەترێک دەبوو، بەڵام ئەبوو لە خوارەوە بەرەو سەرەوە برۆیت، بەدەم ڕێگاوە لەبەر ڕووناکی لایتی دەستی کەوتنە گفتوگۆ، چەند جارێک باوەشیان بەیەکتردا کردەوە. (ئەو) ڕووی لە (شارا) کرد و گوتی: ئیدی تا هەتایێ بووین بە موڵکی یەکدی و لە یەکدی جیا نابینەوە. ئیدی هیچ هێز و بەکرۆکەو کەسێک ناتوانێ لە یەکدیمان دابڕێت. بەدەم قسە کردنەوە گەیشتنە (تەلار و باڵەخانە)کەی خۆیان بەڵام ماڵی چی؟ ژوورێک پانتایی دوو بە سێ، کۆڵەگەیێک لە ناوەڕاستی ژوورەکە، فانۆسێکی نەوتی داگیرسابوو. دەرگا و پەنجەرەیێکی بچووکی بەنایلۆن داپۆشراو. دەرگای نزم. کاتێ بەڕۆژیش دەچوویتە ژوورەوە دەبوو سەری خۆت نزم بکەیت نەوەکانێ سەری خۆت لە بنمچی ژوورەکە بدەیت. جیا لەوەی دوای چوونە ژوورەوە دەبوو چەند خولەکێک بوەستی و چاوی خۆت هەڵگلۆفی تاکوو پێش چاوت ڕوون دەبێتەوە. شەوانیش ئەبوو لەگەڵ ئاوازی خش و هۆڕی مشک خۆت ڕابێنی. بەڵام بۆ ئەوان دوای ئەو هەموو ساڵەی چاوەڕوانی و خۆشاردنەوەو دەربەدەری و زیندان و دەزگیرانی، ئەو کونجە، لەنێو ئەو شاخانە و لەنێو دەریاییێک بەفر. لە خۆشترین هۆتێل و خانووی شارەکان دڵگیرتر بوو.

ژووری بووک و زاوایی ئەوان کە لە ڕووکاری سەرەوەی دۆڵەکە بوو پێیان دەوت (زینوێی سوور) پێشتر بەشێک لە زیندانی شۆڕش بوو. دواتر کرابوو بە دەورەی کادیران. خانووەکە لە سێ ژووری کراوە و جیا لە یەکدی پێکهاتبوو، ژوورە هەرە گەورەکە نزیکەی ٦ بە ٣ مەترێک دەبوو، ئەویش دوو کۆڵەگەی داری لە ناوەڕاستدا بوو. ئەو ژوورە پۆلی خوێندنی کادیرەکان بوو. ژوورێکی دی ٣بە٤ هەبوو. پێشتر کاک (فەرەیدون) کە بەڕێوەبەری دەورەی کادیران و ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو، بۆ خۆی و (پاکیزە)خانی خێزانی پاکی کردبووەو ببوو بە ماڵیان. ئەم ژوورە بچووکەش بۆ ئەو مابووەوە. هەریەک لە ژوورەکانیش زۆپاییێکی داری لە ناوەڕستدا بوو. ڕاستە ئەو ژوورە بچووکە بۆ (شارا)خان کە خۆی لە بنەماڵەییێکی زەنگین و ناوداری شاری سلێمانی بوو. لە جوانترین کۆشک و



تەلاری سلێمانیەوە لەسەر شەقامی (مەلیک مەحموود) و گەڕەکی (تووی مەلیک) هاتبووە ناو شاخ و پێشمەرگایێتی لە ئاستی ئەو نەبوو. بەڵام چی لەگەڵ فیکر و ئایدۆلۆژیا و ڕێبازی سیاسی دەڵێیت.

(شارا) خۆی ئەندامی کۆمەڵەی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شاربوو. لەیەکێ لە قوتابخانەکانی شاری هەڵەبجە مامۆستا بوو. گەلێ جار دەبووە پۆستەبەری ڕێکخستنەکانی نێوان سلێمانی و هەڵەبجە. هەر ئەو فیکرو بڕوایەش وای لەو کردبوو دەست بەرداری هەموو خۆشییەکانی ژیانی شار بێت و پێوەندی بە دەزگیران و شۆڕشەوە بکات و بەو ژوورە بچووکە تاریکە ڕازی بێت. شیاوی باسە

## هەواڵێكی خۆشیشم بۆت پێیە (شارا)ی دەزگیرانت هاتووە و ئێستا لە (ناوزەنگ)ە

ساڵێكیش پێش ئەو (شێخ دارای حەفید)ی برای پێوەندی بە شۆڕشەوە كردبوو و بارەگاكەی لە گوندی (شێنێ) بوو. دەبێ باس لەوەش بكرێت بنەماڵەی شێخانی حەفیدی سلێمانی بە درێژایی سەدان ساڵ هەڵگری ئاڵای ڕووناكبیریی و كوردایەتی بوون. (شێخ مەحموودی حەفید)یش بە مەلیكی كوردستان ناسراوە.

لە ساتەوەختی بەیەكتر گەیشتنیان وەكوو دوو هاوسەری خۆشەویست، ئیدی قۆناغی ژیانێكی نوێ، ژیانی خێزانی دەستی پێكرد كە شەش ساڵ پێشتر پەیمانیان بەیەكدی دابوو نەخشەیان بۆ داڕشتبوو. لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا هەر ڕۆژە و چلە پوشێكیان بۆ دروست كردنی هێلانەییێكی هێمنی خنجیلانە دەكێشا. ژیانێك وەكوو هەر مرۆڤە ئاساییەكانی دی خوازیاری بوون. بەڵام بۆ ئەوان، ئەو ژیانە هەروا ئاسان و سادە نەبوو، بگرە زۆر قورس و پڕ لە هیلاكی و چاوەڕوانی بوو، چونكە كار و سەوداسەوری حزبی و پێشمەرگایەتی و شۆڕش و زیندان و لەیەكدی دابڕان. چەندین جار پووشی كۆكراوەی هیلانەكەیانی بەبادەدا. بەڵام هیچ جارێك لە جارەكان لە بەباچوونی پووشەكانیان هیلاك و بێ ئومێد نەدەبوون. چونكە ئەوان بە بڕوا و لە ناخی دڵیانەوە. بڕیاری ئەوەیان دابوو كە هەردەبێ ڕۆژێك دابێت وەكوو دوو پەڵە هەوری ئاسمانی بەهاران بەیەكدی بگەن و تێكەڵاوی یەكدی بن. بۆیە ئیرادەیان لە شوینێكی قایم و بەهیچ بەكرۆكە و هێزێك نەدەلەقی. هەركاتێكیش بڕوا و ئیرادەت بەمەسەلەییێك هەبوو ئینجا، ڕۆژانە كارت بۆ كرد. بێگومان ڕۆژێك دادێت بگەیتە ئامانج. ئەوانیش لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە دڵنیابوون لەوەی ڕۆژێك دادێت بگەنە ئامانجی خۆیان. لە هێلانەییێكی گەرم ژیانێكی ئاسایی بژین. ڕۆژانی دواتر سەرباری ئەو هەموو سەرما و بەفرەی كە هەبوو دەستی یەكدییان دەگرت و وەكوو دوو باڵداری چیایی بەسەر شاخ و دۆڵەكاندا سەردەكەوتن و لە هەورازەكانیش بە خلیسكانێ لەسەر بەفر دەهاتنە خوارەوە، لەسەر گوێ چەم و كانیاوەكان پشوویان دەدا. دیمەنی سەرپۆشە سپیەكانی لووتكە و نسێی شاخەكان، كلۆبەفرە كۆبووەكانی سەردار بەڕووەكان، خشە خشی كزەبا ساردەكە و جارجارە شلپ و هۆڕ كەوتنی بەشێك لە بەفری سەردارەكان، بۆ خۆیان دیمەنێكی ناوازەیان دروست كردبوو. بەدەم ڕێگاوە یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەكانی سەردەمی خوێندنی زانكۆ و چۆن یەكدی ناسینیان، دواتر چوار ساڵی زیندان و ماوەی دوای مارەبڕین و دەزگیرانی، خۆحەشاردان لەچاوی دەزگا تۆقێنەرەكان، جارجارەش یەكدی لە باوەش گرتن و شەڕە تۆپەڵ و قاقا پێكەنینی خۆشی بەیەک گەیشتنیان.

ژیانی پێشمەرگایەتی و دەورەی كادیران زۆر سادەبوو، هەموویان بە بەڕێوەبەری دەورەكە و مامۆستایان، كادیر و پێشمەرگەكان ژن و پیا و جلی خاكی پێشمەرگەیان لەبەردابوو، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە لەسەریەك خوان دادەنیشتن. هەموویان بەیەكەوە یەك جۆر خواردنیان دەخوارد. بەشی زۆری خواردنی ئێوارانیش نسكێنە، یان نۆكاو، یان ماكەڕۆنی بێ گۆشت، یان پەتاتەی كوڵاو یان سوورەكراوبوو. كێ پارەی لە گیرفاندا بوو. كێ بیری لە پارە و ماڵ و گیرفانی دەكردەوە، ژیان لەوێ بخۆ و بڕۆ و خۆ چەكداركردن بوو بە هۆشیاری شۆڕشگێڕانە. بیركردنەوە بوو لە ئەنجامدانی چالاكی پێشمەرگە و شكستی دوژمن. هەتا دەورەكە تەواو بوو، چەندین سمیناری فیكری تێدا ئەنجامدرا و بەشێك لەو سیمینارانە (مام جەلال) و (كاك نەوشێروان) و بەشێكی دیش سەركردەكانی كۆمەڵەی ئێران دەهاتن و لەوێ وەكوو نیمچە (مونازەرە)ییێكی لێدەهات لەنێوان سەركردەكانی هەردوو كۆمەڵەی ڕۆژهەڵات و باشوور.

# وێستگەی دیوان

- **(١) پرسیار**

- **چۆن دەستم پێکرد؟**

حەسەن عالی باوەکر

- **گوڵەڕۆن**

فەرهاد جەمیل

- **گازینۆ عەنتەر .. یەکێک لە سیمبولەکانی شاری هەولێر**

عەلی عەنتەر

- **بۆ (پەرێشان)..؟**

مەسعوود پەرێشان




# چۆن فێری مۆسیقا بوویت؟

لەشەستەکان، لەسەردەمی عەبدوسەلام عارف، لێرەولەوێ خۆپیشاندان دەکرا، لەپڕ لەدەرگا درا، مامۆستا وشیار سەید ئەحمەد بوو، عەبدوڵڵای برای نورەدین ئیبراهیم- یان هێنایە ماڵمان، پێشتر دەمناسی، بەڵام یەکترناسینەکەمان بەو شێوەیە نەبوو، دەمزانی هەولێرییە و ناسیاومانە، ئەمەش لەرێگای کاکمەوە بوو، کە ئەوکات لە حزبی شیوعی بوو.

گوتیان ئەوە چەند شەوێک لێرە دەمێنێتەوە و دەبێ ئاگاداری بن، کەس نەزانێ، چونکە فرمانی گرتنی هەیە و خۆی شاردۆتەوە.



هونەرمەند شێرزاد سەرسپی

ماڵمان لەبەرانبەر ئەو مەخفەری تەیراوەی بوو، کە کەتبووە پشت باخچەی کورد و عەرەب، ژوورێک و نیومان هەبوو، کە دیتم دەمزانی موسیقییە گوتم: بریا (عود)ەکەشت لەگەڵ خۆت هێنابا، گوتی: چۆن عودی بینم من هەڵاتووم، ماڵیانم دەناسی گوتم: بچم عەدەکەت بۆ بێنم، گوتی: پێت دێ، چوومە ماڵیان عودەکەم لەناو گوونییەکی نا و لەپشتی خۆم هەڵدا، کەس نەیدەزانی ئەوە چییە، هەروایان دەزانی دانەوێڵەیە، گەیاندمە ماڵێ، ئەوە دوو ڕۆژی پێچوو.

ئەو، ماوەی دە ڕۆژ لە ماڵی ئێمە مایەوە، لەماوەی ئەو هەشت ڕۆژەی، ئەلف و بێی موسیقای فێری من کرد، من ئەوکاتە کە تەمەنم حەڤدە هەژدە ساڵ دەبوو، عاشقی موسیقا بووم، شێتی ئامێری عود بووم، کە عودەکەی بۆ لێدەدام بەردەوام دەیگوت: دەبێ وریا بین لەدەرەوە پۆلیس گوێی لەدەنگی ژەنینی عودەکەی نەبێت، ئەوە بەلای منەوە گرن نەبوو، گرنگ ئەوەبوو من فێری عود لێدان بم، دواتر من ڕاهێنانم کرد و بەتەواوی خۆم فێرکرد.

دوای ئەو دە شەوە شەوێکیان هاتن و بردیان، نازانم بۆکوێیان برد، بەڵام دوای هەنگێ گیرا.

بەمشێوەیە، دواتریش دوکانیکم لە ڕیزی کتێبخانەکانی نزیک دادگای کۆنی هەولێر بەکرێ گرت، کاری ئوتیم دەکرد، بە ئوتی ئاسن کە پڕی ڕەژووم دەکرد، هەر

کراسێکم بە پێنج فلس ئوتی دەکرد بیست و هەشت دینارم کۆکردەوە عودەکم پێکڕی.

فێری موسیقا بووم و بوومە ئەو شێرزاد سەرسپییەی کە خەڵک دەمناسێ و سەرکردایەتی مۆسیقای کوردیم کرد لە هەولێر بۆ ماوەیێکی دوور و درێژ، ئەوە هەموو هیمەتی ئەوی بوو، لێرەوە دەستی ماچ دەکەم، دەستیشم ماچکرد. کە هاتەلام من بەڕێوەبەری کۆشکی هونەر بووم، هەر هێندەم زانی دەرگا کرایەوە، بینم ئەو پیاوە جوانەبوو، کە لای من جوانترین مرۆڤە، کە بینیم سەرسام بووم هەر هێندەم پێکرا دەستیم ماچ کرد، گوتی: شانازیت پێوە دەکەم کە زانیم تۆ کۆشکی هونەر بەڕێوە دەبێت، گوتم: ئەوە هەمووی لە سایەی تۆوە، تۆ نەبایت من ئەو هونەرمەندە نەدەبووم.

من لە ژیانمدا ئارەزووی ئەوەم کردوە واحید مەرجان ببینم، ئەو سەردەم مۆسیقییەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران وەکوو واحید مەرجان و مستەفا ڕەئوف، ڕۆژێکیان چوومە ئەو قوتابخانەی بەرانبەر ئەنجومەنی وەزیرانی ئێستا، گوتیان واحید مەرجان لەوێ دەوام دەکات، چوومە بەردەمی ئەو قوتابخانەیە، تاهاتە دەرەوە، کاتێک بەخۆی و کەمان و پرچە ڕەشەکەی بینیم بەپێشمدا تێپەڕی، وەک ئەوە وابوو کەسێک عەشیقەکەی خۆی ببینێ، هیوایەتم ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ ئەو هونەرمەندەی مۆسیقا لێبدەم، کەچی دواجار واحید مەرجان ئەو هونەرمەندە گەورەییە و مستەفا ڕەئوف بوونە ئەندام لە تیپەکەم ( تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر).

> **هەر کراسێکم بە پێنج فلس ئووتی دەکرد بیست و هەشت دینارم کۆکردەوە عودەکم پێکڕی**



**هونەرمەندان شێرزاد سەرسپی و کۆچکردوو مستەفا ڕەئووف**

# چۆن دەستم پێکرد؟

حەسەن عالی باوەکر

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی١٩٧٥ و ئاواربوونمان بۆ وڵاتی ئێران دووساڵ لەوێ ماینەوە وردەوردە هەستی کوردایێتیم لادروست دەبوو، هەستم دەکرد دوای هەرەسی شۆڕش نائومێدی لای تاک بەتاکی خەڵک دروست ببوو منیش زۆر هەستم بەوە دەکرد، دوای گەڕانەوەش لەئۆردوگای زۆرەملێی بەستۆرە نیشتەجێ بووین، (شۆڕش)یش بە ڕابەرایێتی یەکیەتی نیشتیمانیی کوردستان زۆر لەمێژ نەبوو هەڵگیرسابووەوە، تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکانی شۆڕشگێڕ وای لێکردم هەستی کوردانەم زۆر بەهێزبێ، ئەوکاتانەش لەناو گەنجەکانی وڵات زیاتر باسی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەکرا، ئەو ڕێکخراوە لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ڕابەرایەتی زۆربەی خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی دەکرد بەخوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، منیش بریارم دا خەبات لەناو ئەو ڕێکخراوە بکەم ئەوە ساڵی ١٩٨١ بوو، ئەوکاتیش هەرکەسێک ویستبای ببێتە ئەندام لە کۆمەڵە، مەرجێکی ئەساسی خۆرۆشنبیرکردن بوو، منیش ئەوکاتی هیچ شارەزاییێکی ئەوتۆم لەگەڵ کاروباری حزبایێتی نەبوو، وردەوردە، کە چوومە ناوی ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەدەبیاتی مارکسی پەیدا کرد، دەستم بەخوێندنەوەی هەندێک نامیلکە و بڵاوکراوە کرد، ئەوکات لەلایەن کۆمەڵەوە دەدرایە ئەوکەسەی دەیویست ببێتە ئەندام، منیش ئەوکات قوتابی بووم، کاریشم دەکرد، زۆریش عەودالی خوێندنەوە بووم، لەوێوە دەستم پێکرد، ڕۆژانە سەردانی بن (قەڵاتێ)و کتێبخانەکانم دەکرد، هەستم دەکرد کتێبخانەی کوردی لەچاو کتێبخانەکانی میللەتانی دونیا زۆر هەژارە، چونکە دەم دیت لەهەر بوارێک کە دەتوویست کتێب دەست بخەی، کتێب نەبوو، زۆر هەستم بەنیگەرانی دەکرد، دەمگوت دەبێ ڕۆژێک ئێمەش بتوانین ئەوهەموو کتێبە جوانانە کە بەزمانەکانی دی هەیە ئێمەش وەکوو کورد ببینە خاوەنی ئەو کتێبانە، چونکە هەرچی دەتویست دەستت نەدەکەوت.

زۆرجار بێزاریش دەبووی دەبایە چەند مانگ بەدوای کتێبێکدا بگەڕێی تا دەستت دەکەوت، ئەوکاتیش مرۆڤ لەتەمەنی لاوی خەون و خەیاڵی زۆرە یەکێ لەخەونەکانی من ئەوەبوو، ئەگەر ڕۆژێک داهاتێک، یان پارەییێکم دەست کەوت لەبواری کتێب وەبەرهێنانی پێ دەکەم، دوای ڕاپەرینی گەلەکەمان و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شارەکان منیش دابڕابووم لەخوێندن، دەستم بەکارکردن کرد، توانیم داهاتێکی باش لەبەنزین کۆبکەمەوە.

ڕووداوکانی شەڕی نەگریسی ناوەخۆ و (٣١ئاب)ی بەدوادا هات، لەهەولێر نیشتەجێ بووم و چوومە ناو جیهانی کتێب، ئەوکات یەکەم کارم ئەوە بوو لەبەر ڕووداوەکانی شەڕی ناوەخۆ لێنەدەگەڕان ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لە سلێمانی دەردەچوون بێنە هەولێر، بەپێچەوانەشەوە، ئەوانەی لەهەولێر دەردەچوون نەدەچوونە سلێمانی، بڕیارم دا دەست پێشخەری بکەم، زۆیش بەوکارەوە ماندی بووم، دواتر کرا و سەریشی گرت، تا دواجار بڕیاری دامەزراندنی ناوەندی ئاوێرم دا و دەستم بەچاپ کردنی کتێب کرد. تائێستە زیاتر لە ١٢٠٠ کتێبمان لە بوارەکانی فەلسفە و کۆمەڵناسی و زمان و ئەدەب و مێژوو چاپ کردووە، بەردەوامیشین، بەردەوامیش دەبین.



# گوڵەڕۆن

**فەرهاد جەمیل**

ئەو گوڵەیە، لە شاخە سەرکەشەکان و کوێستانان بەشێوەی خۆڕسک دەڕوێت، دوای ئەوەی بەهاران، گەرما نەختێک مێرووله دەکات، بەفر بەرەو شلّتاو بوون دەچێت، نەختە نەختە دەتوێتەوە؟ لەشوێنیدا گوڵەڕوون دەست دەکات بەڕووان، گوڵێکی تابلّێی دڵگیرە، بۆ هاوین پێدەگات، هەرچەند خۆشی لە بەفر و ساردی دێت، هەمیشە کزەبایەکی بەهاری لەقەد و بالآی بدا ئەیهەژێنێ و نەشونمای زیاد دەکا.

سەیرەکەی لەوەدایە، لەشوێن بەفر لە دایک دەبێ و لەگەڵ بەفریش ناتوێتەوە، پچراندن و کردنی بە دەسک وشک دەبێ و هەرگیز تێک ناچێت. تاکە گوڵە بەتەڕ و وشکی جوانی لەدەست نادات. نەسیس دەبێ و نەپیر دەبێ، نەدەوەرێت. حەز و ئارەزووی بە هاوسێیەتیە، لەگەڵ گوڵە «مێلاق» و «شلێر»و چەند گوڵێکی دی خۆڕسکی کوێستانی. پێدەچێ تاموبۆ و ڕەنگی جوانی هەنگوینی کوێستان بۆ ئەو گوڵە بگەڕێتەوە. مێش هەنگوینیش عاشقیەتی و لێیان جیا نابێتەوە، جوانترین دیاری کوران و کچانی کوێستانییە. گوڵ گەر بەهەفتە بمێنێتەوە لەسەر مێزێک دایبنێی، یان هەڵیواسی، چەند دڵخۆشمان دەکات! ئەی ئەگەر بەساڵەها وەکوو خۆی بمێنێ، جاران چەپکێک لەو گوڵە بە «مەشکێ»وە دەکرا، لەگەڵیشی دەژا، وابۆی دەچوون کە ڕۆن و نویشک و دۆ زیاد دەکات؟ هەر بۆیە مەشکەژێن و ڕەوەندایەتی ئەو ناوەی (گوڵەڕۆن)یان بە بەردا بڕی. شێوەی ئەو گوڵەی دەیدات زەردەو لەڕۆن دەچێت، قەدیشی سەوزێکی درێژە، ئاخر لەخۆڕا نییە من دەڵێم: هۆ ماڵە گوڵ گوڵەڕۆن، شای گوڵان!

تۆ دیار نەمای؟ پاییز و زستان و بەهار بۆت ئەگەڕێم کێڵگە نەمان شەنی نەکەم، ملم لێنا هەوراز بە هەورازی کورتری دەناردم نە باخم هێشت نە شاخ و داخ کەروێشکە ڕێ بۆت ئەگەڕێم ، هۆبە هۆبە ناو ڕەشماڵان لە درزی چیخ، بزنە ڕێشم یەک یەک کەو کرد چەم و ڕووبار لەلا باسکی سەرەوەی دێ تا بەستی خوار هەمووییم تەواو. سەروبن کرد ماندوو داماو ، لە خانووە قوڕی دامێن لادێ، خۆم کرد بە ماڵێکی هەژاری دێ! بۆ پشووی لەدێمی چاو شیرینیەکەی بۆنی ڕەیحان بۆنرێژ بەتۆ، دەمم پڕ بوو ئاوی تێزا. زانیم لەوێی هەنگوینی ساڵ! دیاریش نەبی من ئالودەی بۆنی تۆمە هۆ گوڵی من لە هەر کوێ بی بۆت ئەگەڕێم پەیدات ئەکەم تازە نارۆم جێت ناهێڵم پیرە خەویش بمباتەوە خۆ لە خەونا بەئاگا بێم لاو دەبمەوە دیاریم پێیە بۆم هێناوی گوڵەڕۆنە شاگوڵی من دوو چەپکە گۆڵ یەکێ لە ماڵ بۆ خەرمانەی درێژی تەمەن ئەوی دیکەش بە مەشکێوە هەڵیواسە دە ڕاژەنە نویشک و ڕۆنت بەزیادی بێت پەریزادە عاشقە گوڵ و گوڵەڕۆنم.

> **سەیرەکەی لەوەدایە، لەشوێن بەفر لە دایک دەبێ و لەگەڵ بەفریش ناتوێتەوە**



# گازینۆ عەنتەر

# یەکێک لە سیمبولەکانی شاری هەولێر

عەلی عەنتەر

لە ڕابردوودا، لە شاری هەولێر، چەندین شوێن هەبووە وەکوو چایخانە و گازینۆ، خەڵکی ئەو سەردەمە کاتەکانیان تیادا بەسەردەبردوە، شوێنێک بوون بۆ کۆبوونەوەی گشت چین و توێژەکانی شاری هەولێر.

یەکێک لەو شوێنانەی کە بووەتە مێژوو و سیمبولێکی شاری هەولێر «گازینۆ عەنتەر»ە. ئەو گازینۆیە بەجۆرێک ناوبانگی دەرکردووە چوارڕیانی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر بە چوارڕیانی گازینۆ عەنتەر ناسراوە.

بەرلەوەی باسی ئەم گازینۆیە بکەین، با تۆزێک لەسەر کەسایێتی حاجی عەنتەری خاوەن ئەم گازینۆیە بدوێین.

حاجی عەنتەر ناوی تەواوی (حاجی پیرداود حەمادی حەسەن)ە لەساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەکی عەرەبان لەدایکبووە، خاوەنی کوڕێک و کچێک بووە. ڕەچەڵەکی باوکوباپیرانی (بەیات)بووە. هەر لە منداڵییەوە باوکی کۆچی دوایی کردووە و ئەویش دەستی بەکارکردن کردووە. لەناو خەڵک نازناوی عەنتەری وەرگرتووە، چونکە لە گەنجیدا پیاوێکی زۆر ئازا و گورج و گۆڵ بووە.

لە منداڵییەوە بەبێ سۆزی باوک ژیانی بەسەربردووە، ئەرکی خێزانێکی گەورەی لەسەر شان بووە. دوای چەندین ساڵ کارکردن توانیوێتی وەکوو وەبەرهێنەر کار بکات و چەندین قوتابخانەی و نەخۆشخانە لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق دروست بکات. لەوانەش قوتابخانەی خانزادی بنەڕەتی و بنکەی تەندروستی تەیراوە لە پارێزگای هەولێر، هەروەها قوتابخانەیێک لە تەلەعفەر و قوتابخانەیێک لە کفری و چەندین کار و پرۆژەی دیکە لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق لەلایەن حاجی عەنتەرەوە دروست کراون.

حاجی عەنتەر لە هەمانکاتدا کاری کشتوکاڵیی بە سەرکەتوویی ئەنجامداوە. بە جۆرێک، لە بەخێوکردنی ئاژەڵی پەلەوەر و چاندنی زەوی ناوبانگی دەرکردووە تا لە کۆتایی ساڵی هەشتاکان خەڵاتی باشترین جوتیاری عێراقی پێبەخشراوە.

### مێژووی دروستکردنی گازینۆ عەنتەر دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

عەنتەر بەسەرپەرشتی خۆی ئەو گازینۆیەی ساڵی ١٩٥٩ لەسەر ڕووبەری ٥٥٠ مەتر دووجا دروستکردووە، پاش ئەوەی کە ئەم گازینۆیەی دروستکرد خەڵک بە لێشاو ڕوویان تێکردووە، هەموو چینەکانی هەولێر سەردانی ئەم گازینۆیەیان دەکرد بەتایبەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و ئەندازیار و هەروەها پیاوە ماقووڵەکان لەم گازینۆیە دادەنیشتن کاتی خۆیان بەسەر دەبرد. لەو کاتەی موشتەریەکانی گازینۆ کۆمەڵ بە کۆمەڵ دادەنیشتن لەسەر باری ڕامیاری عێراق دەدوان بەتایبەتی شوێنێکی یەکجار چالاک بوو بۆ کۆبوونەوە نهێنییەکانی حزبی شیوعی، کە ئەوکات



ژمارەیێکی زۆری لایەنگری هەبوو، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە بە نهێنی کۆدەبوونەوە، بۆیە لەساڵی ١٩٦٣ دووجـار حکومـەت ئەو گازینۆیەی داخست، پاش ماوەیێک ئەم گازینۆیە دەرگای بۆهاووڵاتیان کرایەوە، هەروەکوو جاران گازینۆکە قەرەباڵغ بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ گازینۆی عەنتەر ڕوخێندرا و چەند بینایێکی تازە لەسەر زەویـەکـەی دروستکرا. دواتـر حاجی عەنتەر دەستی بە کاری کشتوکاڵی کرد. لە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٥/١٣ نەخـۆش کـەوت، زۆری نەخایاند کۆچی دوایی کرد و لەگۆڕستانی باوکوباپیرانی لەگۆڕستانی ئیمام محەمەد بەخاک سپێردرا.

گازینـۆ عـەنـتـەر ڕووبـەرەکـەی نزیکـەی ٥٥٠ مـەتـر دوجـا بـوو، لـە دەرگـای سـەرەکـی کە دەچوویتە ژوورەوە باخچەیەکی زۆر جوانی هەبوو بەگوڵوگولزار ڕازاوە بوو. لە ناوەڕاستی حـەوزێـک بـە نـافـورە دروسـت کـرابـوو، لـەلای باشووری گازینۆکە هۆڵێکی گـەورە هـەبوو، خەڵک لە زستانان کەسەردانی گازینۆیان دەکرد لەم هۆڵە دادەنیشتن، بەڵام لەوەرزەکانی دیکە لەناو باخچەکە تەختە و کـورسـی لەفافۆن دروستکراو هەبوو دادەندرا و مێزێکی بازنەییش لـە نـاوەڕاسـتـی کورسییەکان دادەنـدرا، جێی دانیشتنی حاجی عەنتەر لە تەنیشت هۆڵەکە بـوو. چـەند یارییێک هـەبـوو بـەساڵاچـووەکـان دەیانکرد. هـەروەهـا خـواردن و خـواردنـەوەش پێشکەش بە موشتەرییەکان دەکرا، لەوانە چایی گازینۆ عـەنتـەر تام و چێژێکی تایبـەتی خۆی هەبوو، هەروەها زستانان لیمۆ بەسرا و شیری خۆماڵی و هاوینان کۆکا کۆلا، توڕابی، مشن و کندرای پێشکەش بەموشتەرییەکان دەکرا.

هەروەها دوکانێک هەبوو لە گازینۆکە میوەجاتی تیادا دەفرۆشرا، جێگایێکی تایبـەتیش هـەبوو تکە و جـەرگ و سـەندەویجی گۆشتی هـەبوو. نزیکترین برادەرەکانی حاجی عەنتەر کەدەهاتن لـەلای دادەنـیـشـتـن، ئـەم کەسایتیانە بـوون: حاجی خورشید ئیتیان کورەچی، حاجی ڕۆژێ کورەچی، حاجی ئیکرەم عەبدولعەزیز بـەزاز، حاجی نەجمەددین حاجی نوری بەقاڵ، حاجی محەمەد نەداف، وەستا خدر بەننا، وەستا تۆفیق بەننا، سـەید سـەعید دامیـرچی ،مـام کـەریم نانەکەلی.

حاجی عەنتەر تەسجیلێکی بـەکـەرەی لابـوو، گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی نـاوداری میسری ئوم کەلسوم و فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم پێ لێدەدا، لەهەمان کات گۆرانیبێژانی تورکمانی وەکوو محمد ئەحمەد ئەربیللی دەنگیـان بـە گۆرانییە تازەکانیان دەزرینگاوە وەکـو، «یاڵلاشوفێر» و مشکۆش بە گۆرانییەکانی «لەپاش مەرگم» دەزرینگاوە، هەروەها گۆرانییەکانی هونەرمەندان حەیدەر بەقال و حاجی فایق و یونس مەحموود. پاشان کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوک کرایـەوە حاجی عەنتەر تەلەفزیۆنێکی گەورەی کڕی و لە هۆڵی گازینۆکەی دانا بوو.



“ لەساڵی ١٩٦٣ دووجار حکومەت ئەو گازینۆیەی داخست. لە ساڵی ١٩٨٠ گازینۆی عەنتەر ڕوخێندرا و چەند بینایێکی تازە لەسەر زەویەکەی دروستکرا ”



وەستا عەنتەر لەکاتی کارکردندا

# بۆ (پەرێشان)..؟

نازناوو پاشناوی هەر شاعیر و ئەدیب و بیرمەندێک، یان چیرۆکێکی سەربەخۆی خۆی هەیە. یان پەیوەستە بە شوێن و خێڵ و بەرەباب و پێگەی کۆمەڵایەتی، یان ئایینی، یان هزرییە، بەهۆیەوە کەسەکە بەو نازناوە پێناسەی خۆی ڕادەگەیەنێ و پێیەوە دەناسرێ.

لەنێو ئێمەی کورد، زیاتر ناوی عەشیرەت، یان گوند، هەندێجار شار و شارۆچکەش دەبنە نازناو، یان پاشناوی کەسەکان و پێی دەناسرێن، بەتایبەتیش لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بووریدا، کە ژمارەی نووسەران و بیرمەندان لەزیاد بووندا بوون. ئەو دیاردەیە زیاتر پەرەی سەند و هەندێجار کەسە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵگەش نازناوێکیان بۆ خۆیان دادەنا.

لەسەردەمی مێردمنداڵی ئێمەدا کە کەوتینە نێو ئەو چینەوە، نازناومان بە بەشێک لە کەسایەتی و جۆری بیرکردنەوەی خۆمان دەزانی و بەڕاستیش هەروا وابوو، بۆیە ئەوانەی لە بەرەی گەل و نەتەوەی خۆیاندابوون و لەگەڵ خەمە سیاسییەکانی خەڵکدا دەژیان پاڵپشتی ئەوسای کوردایەتی و شۆڕش بوون، نازناوێکی ڕەشبینییان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی لەبەرەی گەلەکەیاندا بن. هەر بۆیە منیش دوای تاووتوێکردنی دەیان نازناوی لەم شێوەیە (پەرێشان)م کردە نازناوی خۆم و وامدەزانی بەو نازناوە هەموو خەڵکی لەوە دەگەن کە بەشێکم لەوان و هەرچی دەینووسم بۆ ئەوانە.




مەسعود پەرێشان
هەولێر - ٢٠٢٢/٢/٢٢


جارانیش شاعیرەکان زووتر دەناسران، بەوەی هەم بڵاوکراوەکان کەمتر بوون و هەمیش ژمارەی نووسەرەکان، بڵاوکراوەکانیش بەخێرایی دەگەیشتنە هەموو کونجێکی کوردستان و بەو هۆکارەشەوە شاعیر و نووسەرە تازەکان دەبوونە ناوی ناسراو و ئەزیش کە لە تەمەنێکی بچووکدا. یەکەم دیوانە شیعری خۆشم بەناوی (هەنگاو کەویت ناکات) بە چاپ گەیاند، زووتر نازناوەکە بووە بەشێکی دانەبڕاو لەناوەکەم و ئێستاش پێیەوە پابەندم و تا گەلەکەشم بەمرازی خۆی نەگات کە سەربەخۆ بوونی کوردستانە هەر (پەرێشان)م.



بۆ (پەرێشان)..؟

نازناوو پاشناوی هەر شاعیرو ئەدیب و بیرمەندێک، یان چیرۆکێکی سەربەخۆی خۆی هەیە. یان پەیوەستە بە شوێن و خێڵ و بەرەباب و پێگەی کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان هزرییەوە بەهۆیەوە کەسەکە بەو نازناوە پێناسەی خۆی ڕادەگەیەنێ و پێیەوە دەناسرێ.

لەنێوی ئێمەی کورد، زیاتر ناوی عەشیرەت، یان گوند، هەندێجار شار و شارۆچکەش دەبنە نازناو یان پاشناوی کەسەکان و پێی دەناسرێن، بەتایبەتیش لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بووریدا، کە ژمارەی نووسەران و بیرمەندان لەزیاد بووندا بوون، ئەو دیاردەیە زیاتر پەرەی سەند و هەندێجار کەسە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵگەش نازناوێکیان بۆ خۆیان دادەنا.

لەسەردەمی مێردمنداڵی ئێمەدا کە کەوتینە نێو ئەو چینەوە، نازناومان بە بەشێک لە کەسایەتی و جۆری بیرکردنەوەی خۆمان دەزانی و بەڕاستیش هەروابوو، بۆیە ئەوانەی لە بەرەی گەل و نەتەوەی خۆیاندابوون و لەگەڵ خەمە سیاسییەکانی خەڵکدا دەژیان و پاڵپشتی ئەوسای کوردایەتی و شۆڕش بوون، نازناوێکی ڕەشبینییان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی لەبەرەی گەلەکەیاندا بن. هەر بۆیە منیش دوای تاووتوێکردنی دەیان نازناوی لەم شێوەیە (پەرێشان)م کردە نازناوی خۆم و وامدەزانی بەو نازناوە هەموو خەڵکی لەوە دەگەن کە بەشێکم لەوان و هەرچی دەینووسم بۆ ئەوانە.

جارانیش شاعیرەکان زووتر دەناسران بەوەی هەم بڵاوکراوەکان کەمتر بوون و هەمیش ژمارەی نووسەرەکان و بڵاوکراوەکانیش بەخێرایی دەگەیشتنە هەموو کونجێکی کوردستان و بەو هۆکارەشەوە شاعیرو نووسەرە تازەکان دەبوونە ناوی ناسراو و ئەزیش کە لە تەمەنێکی بچووکدا، یەکەم دیوانە شیعری خۆشم بەناوی (هەنگاو کەویت ناکات) بە چاپ گەیاند، زووتر نازناوەکە بووە بەشێکی دانەبڕاو لەناوەکەم و ئێستاش پێیەوە پابەندم و تا گەلەکەشم بەمرازی خۆی نەگات کە سەربەخۆ بوونی کوردستانە هەر (پەرێشان)م.

مەسعود پەرێشان
هەولێر ٢٠٢٢/٢/٢٢

# باخچەی دیوان



## شەممە- ٢٠٢٢/٢/٢٦

سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن، کۆڕێکی بەناونیشانی (زمانی کوردی لەپەراوێزی جیهانی زمانی دایک) بۆ نووسەر فەریدون سامان ساز کرد.





## شەممە-٢٠٢٢/٣/٥

سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن، بەئامادەبونی ژمارەیێک لە هونەرمەندان و نوسەران و رۆژنامەنوسان کۆڕێکی بەناونیشانی (شانۆ و مێژووی شانۆ لەکەرکوک) بۆ هونەرمەند عەلی کەریم ساز کرد .




## شەممە- ٢٠٢٢/٣/١٢

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن بەئامادەبونی ژمارەیێک لە نووسەران و رۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران، کۆڕێکی بەناوونیشانی (ڕاپەرین لەدیدی بەشداربوان)دا بۆ جەلال ئیلینجاغی و دکتۆر عەبدلواحید ئیدریس ساز کرد.
لەمیانی کۆڕەکەدا هەردوو کۆڕگێڕ وەک بەشداربووی ڕاپەرین باسیان لەو ڕۆژانە کرد کە ڕاپەرین کرا و هەولێر رزگارکرا.







## شەممە- ٢٠٢٢/٣/١٩

مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (حەمید رەشاش و تولەرێیەکانی کوردایەتی) کە بڵاوکراوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. (ستار محەمەد ئەمین ئامادەی کردووە).


REKLAM
کوردستانی نوێ
DGK
PUKMEDIA
www.pukmedia.com
المرصد
AL-MARSAD
ALMASRA
ئایینده
GK
HAWLER
KIRKUK
دیوان
badinan
بۆ زانینی نوێترین هەواڵ و راپۆرت و زانیاریی دروست، بینەر و بیسەر و خوێنەری کەناڵ و ئێستگە و چاپکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی ی.ن.ک بن و لایک و شێری بابەتەکانمان بکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب ئینستاگرام و تیلیگرام تا هەمیشە لە پەیوەندیدابین لەگەڵتان.


گۆڤاری دیوان
235 subscribers
DIWAN
Telegram
ئێستا گۆڤاری [دیوان] لە کتێبخانەکان دەست دەکەوێت
264 10:02 AM
MUTE

# راپەڕین و بزاڤی ڕۆشنبیریی

هەر کە مانگی ئازار نزیک دەبێتەوە هەموو تاکێکی کورد بیری بۆ ئەوە دەچێ و دەچێتەوە ناو خەیاڵی یادی ڕاپەڕین و جەژنی نەورۆز، بەشێک یادی دەکەنەوە و بەشێک لێی پەشیمانن! بەشێکی حازرخۆریش هەن دەیانەوێ مێژوو بشێوێنن و خۆیان بکەنە پاڵەوان، بۆ ئەم بابەتەیان پێموایە مێژوو شێواندن کارێکی قورس دەبێ، جیاواز لە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژوو، ڕاپەڕین ڕووداوێکە زۆرترین دیکۆمێنتی لەبارەوە هەیە و ئاسان نییە پاڵەوانی کارتۆنی بۆ دروست بکرێت.

ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە ئایا ڕاپەڕین چی لەبزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی گۆڕی و چ ئیزافەیێکی خستە سەر بزاڤەکە؟

بەر لە ڕاپەڕین زوڵم و زۆری بەعس، بەرگری و بوونی پێشمەرگە لە شاخەکان و شۆڕشی چەکداری کورد جۆرێک لە ڕۆحی بەرگری دروست کردبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەدەب و هونەری بەرگری، ڕۆشنبیری یاخی دروست ببێ و کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەش هەبوو، کێ هەیە بیری بچێ یان یادگاری تاڵی نەبێ لەگەڵ وتارێک، شانۆگەرییێک، گۆرانی و سروودێک کە بۆتە هۆکاری سزادانی خەڵک و گەنج و لاوی کورد کەوتوونەتە زیندان و زۆرجار هونەرمەندو ڕۆشنبیرانیش تووشی سزادان بوونە، ئەی ئێستا چۆنە!؟

## لاپەڕە ١٤٤



دوای ٣١ ساڵ بەسەر ڕاپەڕین ئەمڕۆ هونەر و ئەدەب، ڕۆشنبیر و نووسەری کورد لەکوێی ڕووداوەکانن و تا چەند کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە.

شەڕی ناوخۆی ناوەڕاستی نەوەدەکان وەکوو هەموو کایەکانی دی، ڕۆشنبیر و هونەرمەندانیشی دابەشی سەر دوو زۆنەکە کرد، لاتان سەیر نەبێ ئەو شاعیرەی پێش ڕاپەڕین شیعری دژی بەعس دەنووسی لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ شیعرەکانی بۆ لایەنێک دژی لایەنەکەی دی دەنووسی، ئەمە بۆ هونەرمەندو نووسەرانیش ڕاست بوو، لە دواجاردا کاریگەری دروست کردو هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی لە کۆمەڵگا دوورخستەوە!

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لەو سەردەمە بدەینەوە زۆر دەگمەنن ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی نەکەوتنە ناو ئەو شەپۆلەو توانیان بێ لایەن بمێننەوە.

ئەمڕۆ کە ساڵیادی ئەو ڕاپەڕینە دەکەینەوە، بەداخەوە هێشتاش بەشێکی زۆری نووسەر و هونەرمەند، ڕۆشنبیران دابەش بوونە بەسەر حزبەکان و بەرگری لە حزبەکان دەکەن، بەو مانایەی ڕاپەڕین هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندی کورد لە کوردبوونەوە ڕابکێشێ بۆ حزبی بوون، ئاشکرایە کە لەم دۆخەدا جیاوازی لەنێو حزبەکان هەبووەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیاواز بووەو تارادەیەکی زۆر هەوڵیداوە ئەم جیاوازییە بپارێزێت، بەڵام هێشتاش ئەمە وەک پێویست نەبوو، دۆخەکە پاشەکشەی کردو حزبی بوون زیاتر شوێنی کوردبوون و جیاوازبوونی گرتەوە.

بە کورتی ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت بەداخەوە ڕۆشنبیرانی کوردو بزاڤی ڕۆشنبیری لە دۆخێکی چەقبەستوو دایە، یان دەتوانین بڵێین لەم دۆخە ئاڵۆزەدا ڕۆشنبیرو هونەرمەندو نووسەری کورد پەیامی خۆی ون کردووەو نەیتوانیوە لەگەڵ ئەو بابەتانە بڕوات کە کۆمەڵگا پێویستیەتی، ئەمەش دابڕانێکی گەورەی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیران و هونەرمەندان دروست کردووە، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین ئێستا لەژیانی ڕۆژانەو ڕووداوەکانی پەیوەست بەژیانی کۆمەڵگا بێ کاریگەرترین چین هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانن! کە کەمترین کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە.

چارەسەری ئەم پرسەو هەنگاوەکانی نەهێشتنی ئەم جیاوازی و دووریە بابەتێکە دەکرێ سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەی جیاوازی لەبارەوە ئەنجام بدرێت و ڕێگا چارەی دروستی بۆ بدۆزرێتەوە.

ماوەتەوە بڵێم لەدوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان لە چنگی بەعس، ئەو بەعسە خوێنرێژو دڕندەیەی دەستی لە هیچ نەدەپاراست، هەرگیز نەدەبوو حزبی کوردی و دەسەڵاتی کوردی هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیران بەرەو بەحزبی بوون ببات و لە کۆمەڵگا دووریان بخاتەوە، ئەم پرۆسەیە لەکورت مەودا سوودی بۆ حزبەکان هەبوو، بەڵام لەدرێژ مەودادا زیانی زۆر گەورەی لە کورد و بزاڤی ڕۆشنبیری کورد داو دواجار ئەم پرۆسەیەش دواکەوتنی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە.

مەسعودی مەلا هەمزە